## لەم ژمارەیەدا

*کلاورۆژنە.........پەنجایەمین ژمارەی گۆڤاری نما..........٣

### نمای فیکرو فەلسەفە

*هەندێك ئایدیا بۆ تێگەیشتن لە تەکنیكو بەرخۆریی لە...بەختیار عەلی....٦
* مەقامی بەلێ نەخێر ئاماژەکانی دیداری...جەمال حوسێن.............٣٢
*کورد لە گوتاری سیاسەتمەدارانی تورکیا.....د.ئیسماعیل مەحمودی.......٥٨
*زۆڵو ترسنۆکەکانی کولتور........ ئیسماعیل حەمەئەمین..............٨٠
* دۆزینەوەی کارە سەرەتاییەکانی هێگل.... ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل......١٠١
*مارکسو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (٢-٢)..گلبیر ئەلئەشقەر...و: جەمال پیرە..١١٢
*لەماڵ خزاندن.........مێشێل فۆکۆ.....و:ئاوات ئەحمەد سوڵتان.........١٣٢
*چاوپێکەوتنێك لەگەڵ یۆرگن هابرماس..... و: ئیسماعیل کوردە..........١٣٩
*یاخیبوونی کییرکیگارد......پیتەر گۆردن.........و: ئالان عەتوف.......١٤٦
*زمان لەنێوان ململانێی شیعرو فەلسەفەدا.....مەسعود بابایی...........١٦١

### نمای ئەدەبی- نسێی نما

*کەژاڵ، ژنە شاعیرە بوێرەکە...... د.ئەرسەلان بایز.....................١٨٢
*کەرەنتینە........................شیعری: دلشاد عەبدوللا..............١٩٣
* دلشاد عەبدوللا یێ شاعر، د کەرنتینەیێ دا........ئازاد دارتاش.......١٩٧
* دەشتی... تەرزەکێ دی یێ نڤیسینا شعرێ.....ئازاد دارتاش..........٢٠٤
*گومان.............چیرۆکی: جەهانگیر مەحمود وەیسی.................٢٢٠
*حەب.............چیرۆکی: جەهانگیر مەحمود وەیسی.................٢٢٢

*جگە لەکلاوڕۆژنە، نووسینەکانی دیکە ڕاو بۆچوونی نووسەرەکانیان دەردەبڕن.



## کلاوڕۆژنە

# پەنجایەمین ژمارەی گۆڤاری نما

کاتێك یەکەم ژمارەی گۆڤاری "نما" لە ١٥-٣-٢٠٠٠ دەرچوو، چەند مانگێك دوای دامەزراندنی "گروپی رۆشنبیری نما" بوو کە لە ٢١-٩-١٩٩٩ دامەزرا، ئەو کات دەرچوونی گۆڤارێکی لەو شێوەیە لەشاری هەولێر سەرەتایەکی نوێ بوو بۆ کارێکی رۆشنبیری گرنگ کە تا ئەمرۆش بەردەوامی هەیە. دەرکردنی گۆڤارێك‌و دواتر بوونی بە پڕۆژەیەکی فراوان کە گۆڤارەکانی "شیعرو چیرۆکنماو شیعرنماو کۆمەڵاناسی" لەخۆ بگرێت‌و زیاتر لە "٢٠٠"کتێب بەچاپ بگەیەنێت‌و کۆڕو کۆبوونەوەو سمینار بگێرێت، بێگومان کارێکی هەروا ئاسان نەبووەو لەبۆنەی دیکەدا بەدرێژی باسمان لێوە کردووە.

جگە لەهەوڵ‌و شەونخونی‌و ماندووبوونی هەموو ئەو بەرێزانەی کە لەو کاروانی رۆشنبیرییەدا بەشداربوون، پشتیوانی ماددی‌و مەعنەوی هەموو ئەو کەس‌و لایەنانەش گرنگ‌و پڕبایەخ‌و مەزن بوون بۆ پڕۆژەکەو بەردەوامبوونی.

دیارە کارەکە هەورازو نشێوی زۆری بەخۆوە بینیووە، ساڵی واهەبووە "گۆڤاری نما" کە گۆڤارێکی وەرزییە، بەتەواوی دەرکراوەو ساڵیش هەبووە وەستاوەو هەندێ ساڵیش هەر ژمارەیەك یان دوان دەکراون. ئەمەش بەشی هەرە زۆری پەیوەندی بە بارودۆخی هەرێمی کوردستان لە رووی سیاسی‌و ئابوورییەوە هەبووە، کە بێگومان کاریگەری

راستەوخۆشی بەسەر گۆڤارەکەی ئێمەوە هەبوو. بەڵام ئەوەی جێگای دڵخۆشیە بۆ هەموو ئەو هاورێیانەی لەگەڵماندا بەردەوام بوونو ئەوانەشی هیچ نەبێت خۆبەخشانە بەشداری نووسینو وەرگێڕانو دەرچوونی گۆڤارەکە بوون، ئەوەیە کە ئێستا ئێمە بەدەرچوونی "پەنجایەمین" ژمارەی گۆڤارەکەمان بەردەوامبوونو مانەوەی خۆمان رادەگەیەنینەوە. هەر ئەو بەردەوامییەشە بۆتە هۆی سەرکەوتنی پرۆژەکەمان کە تەمەنی گۆڤارەکەی (٢٠) ساڵەو دوپاتیشی دەکەینەوە کە مانەوەو دەرچوونی ئەو گۆڤارە لە ئەرکە هەرە لەپێشەکانی ئێمە بووەو دەبێت.

بۆیە لە یادی دەرچوونی پەنجایەمین ژمارەی "گۆڤاری نما"، کە بەداخەوە بەهۆی پەتای "کۆرونا-Covid-19"وە نەمانتوانی رێورەسمێکی شایستەی بۆ بکەینو سوپاسگوزاری هەموو ئەو رۆشنبیرو نوسەرو روناکبیرانە بین کە لەگەڵمان هاوکار بوون، ئەوا هەوڵدەدەین لەدوای تەواوبوونی ئەو دۆخە ناخۆشەی بەسەر کوردستانو جیهاندا هاتووە، قەرەبووی ئەو یادە بەشێوازی دیکە بکەینەوەو لەسەر بەڵێنی خۆشمان دەبین بۆ بەردەوام بوون.

لێرەوە رێزو پێزانینمان دەگەیەنینە هەموو ئەو هاورێو هەڤاڵانەی رۆژگارێك لە رۆژگارەکان هاوکارومان بوونو دەستیان دەگوشین. ئەوەی ئێمەش دەیکەین بەردەوامیدانە بە بیری ئازادو لێکۆڵینەوەی عەقلانیانە لەبوارەکانی فیکرو فەلسەفەو ئەدەبو رۆشنبیری کوردیو دەمانەوێت ئەو کاروانە بەرز رابگرین. بەرزو پیرۆز بێت یادی دەرچوونی پەنجایەمین ژمارەی "گۆڤاری نما".

گۆڤاری نما ٣٠-٦-٢٠٢٠



# نمای فیکرو فەلسەفە


*هەندێك ئایدیا بۆ تێگەیشتن

لە تەکنیكو بەرخۆریی لە خۆرهەڵات....بەختیار عەلی.......٦

* مەقامی بەڵێ نەخێر ئاماژەکانی دیداری...جەمال حوسێن.....٣٢

*کورد لە گوتاری سیاسەتمەدارانی تورکیا.....د.ئیسماعیل مەحمودی...٥٨

*زۆڵو ترسنۆکەکانی کولتور........ ئیسماعیل حەمەئەمین......٨٠

* دۆزینەوەی کارە سەرەتاییەکانی هێگل.... ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل...١٠١

*مارکسو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (٢-٢)...گلبیر ئەلئەشقەر...و:جەمال پیرە...١١٢

*لەماڵ خزاندن.........مێشێل فۆکۆ.......و:ئاوات ئەحمەد سوڵتان.....١٣٢

*چاوپێکەوتنێك لەگەڵ یۆرگن هابرماس..... و: ئیسماعیل کوردە.......١٣٩

*یاخیبوونی کیێرکیگارد......پیتەر گۆردن.........و: ئالان عەتوف....١٤٦

*زمان لەنێوان ململانێی شیعرو فەلسەفەدا.....مەسعود بابایی......١٦١

# هەندێك ئایدیا
# بۆ تێگەیشتن لە تەكنیك‌و بەرخۆریی
# لە خۆرهەڵات

بەختیار عەلی



## ڕۆحی كەپیتالیزمی خۆرهەڵاتی، وەك ڕۆحێكی دژ بە زانست

جیهانگیریی‌و تەكنۆلۆژیا دوو زاراوەن پەیوەندییەكی نزیكیان بەژیانی هەموومانەوە هەیە. كاریگەریی تەكنۆلۆژیا ئێستا كاریگەرییەكی هەمەلایەن‌و بینراوو ڕاستەوخۆیە. مرۆڤی سەردەمی ئەمڕۆ، بەوە لە مرۆڤی سەردەمەكانی دی جیادەبێتەوە، كە لەناو تۆڕێكی ئاڵۆزی تەكنیكیدا دەژی، ئەم تۆڕە چیتر تەنیا هەندێك كەرەستە بۆ بەكارهێنان دروست ناكات، وەك فڕۆكەیەك سەفەری پێبكەین، یان ئامێرێك لە خەستەخانەكاندا

بەکاریبهێنین، یان کەرەستەیەك بۆ پەیوەندی خێراتر. بەڵکو تۆڕێکە هەموو ژیانی گرتۆتەوە، لە دیاریکردنی جنسی منداڵەوە پێش لە دایکبوونی، تا دەگاتە سەر مەترسی دروستکردنی جنسێکی تر لە مەخلوقات کە دەشێت شتێکی تر بن نەوەك مرۆڤ، دەستی هەیە. ترسناکی تەکنۆلۆژیا لەئێستادا ئەوەیە، خاڵی کۆکردنەوەی زانست، ئابوری، سیاسەتە پێکەوە. لە ڕاستیدا کەمو زۆر مەبەستم نییە بەسەر تیورییە فەلسەفییەکانی ڕەخنەکردنی تەکنۆلۆژیادا بچمەوە، لەو ڕووەوە هایدیگەر، یەکێکە لە بەشدارە هەرە بنەڕەتییەکان، بەڵام کەسانی وەك جۆرج زیمل، ئەدۆرنۆ، مارکۆزە، بۆدریارو چەندانی تر بەشداری بنەڕەتو ڕادیکاڵیان هەیە...بەڵام مەبەستی باسەکەم سوڕاندنەوە نییە لە ناو خوێندنەوەو وەرگێڕانو گواستنەوەی ئەو بۆچوونانەدا. لەم باسەدا یەك مەبەستی سەرەکیم هەیە. ڕوونکردنەوەی ئەو تێزەیە، کە تەکنیکی مۆدێرن لە خۆرهەڵاتدا وەك شتێکی جیاواز لەتازەگەرییو دوژمن بەپرۆژەی ڕۆشنگەریی ئیشدەکات، تەکنۆلۆژیزەکردن بەئاراستەیەکی پێچەوانەی هەر جۆرە پرۆژەیەکی ڕۆشنگەریی خراوەتەگەڕ، وەزیفەیەکی کۆنزەرڤاتیڤو سیستمپارێزی هەیە. تەکنۆلۆژیای هاتوو، تەواو لە خزمەت ستراکتورە نەگۆڕو داخراوەکاندایە. ئەوەی ئامێرەکان بەهێزیدەکەن، ئەو دەسەڵاتە تەقلیدیانەن کە کۆمەڵگا لە قۆناغی پێش لەدایکبوونی عەقڵییەتی زانستیدا ڕادەگرنو لەسەردەمێکی پێش مۆدێرنەدا دەیهێڵنەوە.

بە کورتی بەکارهێنانو وەزیفەی تەکنۆلۆژیا لەخۆرهەڵات یەکێکە لەهۆکارە سەرەکییەکانی «دواکەوتن». مۆدێرنیزەکردنو تەکنیك لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا بە پێچەوانەی مێژووی خۆرئاواوە لەسەر یەك ڕێگا نین دوو کایەی جیاوازی ناو یەك پرۆژە نین، بەڵکو دوو هێزی نەیارن.

چەمکی دواکەوتن لێرەدا تەنیا بە چەمکی دواکەوتنی زانستیو ئابووری کولتووری ناپێوم. ئەو چەمکانە، دەشێت لە هەندێ دۆخدا هەندێ داتاو زانیاریمان دەربارەی دۆخی گشتی کۆمەڵگایەك بەرامبەر کۆمەڵگاکانی تر بخەنە بەردەست، بەڵام هیچ کات لەڕوانگەی عەقڵییەتی ئەکادیمییەوە ناتوانین لە ڕیشە ڕاستەقینەکانی دواکەوتن لەخۆرهەڵات تێبگەین. جەوهەری دواکەوتن، بریتییە لەئیفلیجی مرۆڤەکان لە بەرهەمهێنانی کەرەستەگەلێکی فیکری کە جیهانی خۆیانی پێ بخوێننەوەو جیهانی خۆیانی پێبگۆڕن. دواکەوتن بە هاتنی تەکنیكو زۆربوونی سەروەتو سامانو زیادبوونی دەستکەوتی ساڵانەی فەردەکان ناپێورێت، بەڵکو بە بوون یان نەبوونی کەرەستەی

پێویست کە یارمەتیمان بدات لە خۆمانو جیهان تێبگەن، هەروەها بە تێگەیشتنمانەوە لە خودی دواکەوتن گرێدراوە.

پرسیاری سەرەکی لە دونیای ئێمەدا ئەوەیە: بۆ ناتوانین بیر لە دواکەوتن بکەینەوە؟ دواکەوتن بۆ نابێت بە بابەت؟ بۆ کۆمەڵگا خۆرهەڵاتییەکان بەخۆشییەوە دواکەوتنی خۆیان وەك بەشێك لە شوناسی کولتووریو دینیو ئەخلاقی تەماشادەکەن؟. ئەم ڕاکردنە بەردەوامە لە پرسی دواکەوتن، شوێنی پرسیاری گەورەیە. چۆن میللەتگەلێکی زۆر کە مێژوویەکی دێرینیان هەیە، ئەم پرسە لەبیر خۆیان دەبەنەوە. ئایا هۆکەی تەنیا ئەوەیە کە دواکەوتن جۆرە برینێکی وا قووڵ لە «نەرجسییەت ـ خودئەڤینیی» دەستەجەمعیدا دروستدەکات، ناچارین لێی ڕابکەین؟ یاخود لەمە بترازێت هۆکاری دیکەش هەیە؟.

مرۆڤی خۆرهەڵاتی ناوێرێت دان بەو ڕاستییەدا بنێت کە مرۆڤێکی دواکەوتووە، لێرەوە میکانیزمی هەڵهاتن لە دواکەوتن، لە بیربردنەوەی، داپۆشینی، بەشێکی گرنگو پێکهێنی میکانیزمە سایکۆلۆژییەکانی خۆرهەڵاتە. ئەوەی بەردەوام لەو ڕاستییە هەڵدێین کە ئێمە نەتەوەگەلێکی دواکەوتووینو بەدوای پرۆسەیەکی ئەلتەرناتیڤدا دەگەڕێین کە ئەو برینە نەرجسییە داپۆشێت، بوارێکە لەلایەن نوسەرو ڕۆشنبیرانەوە بە ئەندازەی پێویست بیری لێ نەکراوەتەوە. ئەوەی لە تیۆرە زۆرو زەبەندەکانی دواکەوتندا کەمتر قسەی لەسەر دەکرێت، پرۆسەی درێژەدانە بە دواکەوتن لە ڕێگای لەبیربردنەوەوە.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە لەسەرەتای سەدەی بیستدا، کە کۆمەڵگاکانی ئێمە زۆر توند بەر خۆرئاواو مۆدێلە شارستانییەکەی دەکەون، هەستکردن بە دواکەوتن هەستێکی زۆر زاڵە، هەستێکی سەرەکییە، دیاردەیەکی سەنتراڵە. بەشی هەرە زۆری بیریارانو ڕۆشنفکرانی خۆرهەڵات لەسەر ئەوە ڕێکن کە ئێمە دواکەوتووینو دەبێت لە هۆکانی ئەو دواکەوتنە بزانین. بەڵام لە ناکاو ئەو پرسە وندەبێتو تەواو بیردەچێتەوە، بەجۆرێك ئەو پرسە ئێستا تەواو لە یادکراوە.

مرۆڤ لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا لە زۆر شت دەپرسێت، بەڵام لە ماهییەتو جەوهەری دواکەوتن ناپرسێت. ئەگەر شتێك لەو بارەیەشەوە بڵێت، لە چوارچێوەیەکی هەڵەو بە فۆرمێکی بازاڕیی گوزارشتی لێدەکات. ئەوەی کە ئێستا هەیە، دۆخێکی ناوازەیە، خۆرهەڵات لەو وەهمە قووڵەیدا دەژی کە «دواکەوتوو» نییە. مرۆڤ سەردانی هەر شارێك، هەر زانکۆیەك، هەر کافیتریایەکی گەنجان، هەر مزگەوتێك لە خۆرهەڵات بکات، دەتوانێت هەست بەبوونی جۆرێك لە ئاسوودەیی بکات، مرۆڤەکان لە تەباییەکی

تەواودا لەگەڵ ژینگەی کولتووریو فیکریو ئەخلاقی خۆیاندا دەژین. واتە جیهانەکەیان جیهانێکە خەریکی بەرگریو بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامی ئەو چوارچێوانەیە کە لە ناویدا ڕاوەستاوە، بەشی هەرە زۆری تووڕەییو ناڕازیبوونەکانیش لەوەوە نایەت کە هەستێکیان بە دۆخی دواکەوتن هەیە یان دەیانەوێت لەو چوارچێوانە دەرچن کە لە ناویدا گیریان خواردوە، بە پێچەوانەوە، هەستەکان زۆرجار لەوەدا کورتدەبنەوە کە ئەخلاق لەجێگای خۆی نەماوە، کۆمەڵگا وەك جاران نییە، شانسی بەردەم گەنجان یەکسان دابەش نەکراوە، سیاسییەکان بەرقەرارییو پتەوی کۆمەڵگا ناپارێزن، گەندەڵی دەزگاکانی دەوڵەتی گرتۆتەوە، دین کزبووە، ڕێز کزبووە ... هتد.

بە گشتی هەستکردن بەوەی جیهانی ئێمە شتێکی نوقسانە کە ناوی تێکەیشتنە لە خود، یان شتێکی نوقسانە ناوی پڕۆژەی ڕۆشنگەرییە، هەستێکی ونە.

گەرچی عەقڵییەتی گەنجانی ئەمڕۆ جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ عەقڵییەتی جووتیارەکانی سەدەی نۆزدەدا نییە، بەڵام ئەوەی جلی نوێ لەبەردەکەن، لە زانکۆ دەخوێنن، تەکنۆلۆژیای مۆدێرن بەکاردەهێنن، ئەو وەهمەی لاسەوزکردون کە کێشەی دواکەوتنیان نییە. دەزگایەکی ئایدۆلۆژیی زەبەلاحیش هەیە کە ئاماژە بەو ئاراستەیەدا دەنێرێت کە ئێمە گەلێك سەردەمییانە دەژینو هاوڕۆژو هاوشانی میللەتانی دیکەین. گەنجێك لە شارەکانی لای ئێمە، کە بەحیسابی خۆی لەزانکۆ دەخوێنێت، لاتەمەکیاتۆ دەخواتەوە، ئایفۆنی نوێ بەکاردەهێنێت، سەیری دوا فیلمی هۆلیوّد دەکات، دوا یاریی ئەلەکترۆنی لەسەر لاپتۆپەکەیەتی، ئاسان ئەو وەهمو وەژارەیە دەچێتەسەری کە دواکەوتن کێشەی تایبەتیو شەخسی ئەو نییە. ئەم لێکچوونە ڕوکەشانەی کە لەنێوان ژیانی خۆیو ژیانی گەنجانی دیدا دەیبینێت، تووشی ئەو وەهمەی کردوە کە ئەو دواکەوتوو نییە. ئەم لێکچوونە ڕوکەشانەی ژیانی مۆدێرن دروستیکردون، ئەو ڕاستییەی بیربردۆتەوە کە خۆیو کۆمەڵگاکەی لە چ جوغزێکی تاریکی دواکەوتندا چەقیون.

بە کورتی تەکنۆلۆژیا ئەو ماسکەیە کە دواکەوتن دەیکاتە سەری خۆی، تادەموچاوی ڕاستەقینەی خۆی نەبینێت.

ئەم نمایشە تەنیا خۆخەڵەتاندنێكو غرورێکی هەرزەکارانەی گەنجان نییە، بەڵکو خودی دەوڵەتو دەزگا سیاسییەکانیش لەهەمان دۆخدا دەژین. بەوەدا دەوڵەت کۆمەڵێك دەزگاو وەزارەتو بەڕێوەبەرایەتی مۆدێرنی خولقاندوە، واهەستدەکات کە مەسەلەی دواکەوتن، مەسەلەیەکی فەردییە، ئەوە تاکەکانن کە ناتوانن‌و نایانەوێت گەشەبکەن‌و

پێشبکەون. بەرپرسەکانی دەوڵەت دەڵێن، زانکۆ بە پلەی پێویست هەیە، کتێب بە پلەی پێویست لە بەردەستدایە، ئینتەرنێتو هۆکانی بەدەستهێنانی مەعریفەت لە بەردەستی هەمووانداں، کەوابێت کێشەکە ئەوە نییە کە دەوڵەت کار بۆ بەهێزی ژێرخانی مەعریفی ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوە تاکەکانن کە هێزو تینی ئەوەیان نییە سوود لە دەرفەتەکان ببینن. گوناه لێرەدا گوناهی دەوڵەت نییە، بەڵکو تاکەکان خۆیان سوورن سوود لەو دەرفەتانە نەبینن کە دەوڵەت فەراهەمیکردوە.

ئەمە جۆرە یارییەکی رەسمکراوە کە وادەکات، کێشەی دواکەوتن نە کێشەی دەوڵەت بێتو نە کێشەی نوخبەکان. نە دەوڵەتو دەزگاکانی خۆیان وەك دواکەوتوو دەبینن، نە هیچ تاکێکی کۆمەڵگاش خۆی بە دواکەوتوو دەبینێت.

لە کۆمەڵگایەکدا کە ناتوانێت پرسی پێشکەوتنو دواکەوتن لەگەڵ خۆیدا باسبکات، ئەم جۆرە وەڵامە ڕوکەشو سەتحیانە لە هەموو بوارەکاندا دەبینرێن. لە ڕاستیدا قووڵترین کێشەی ئەم کۆمەڵگایانە ئەوەیە کەرێگایەکیان نییە بتوانن بەهۆیەوە بیر لە پێشکەوتنو دواکەوتن بکەنەوە. ڕۆژانە گوێمان لێدەبێت کە دەگوترێت «پێشکەوتن دوورکەوتنەوە نییە لە دین» «پێشکەوتن سامانو دەوڵەمەندی نییە» «پێشکەوتن بێئەخلاقی نییە» «پێشکەوتن خۆ ڕووتکردنەوە نییە» «پێشکەوتن بە شەهادە نییە» «فەلسەفەلێدان پێشکەوتن نییە» «زانستی بێسوود پێشکەوتن نییە» «زانستێك دژی دابو نەریت بێت، پێشکەوتن نییە»...هتد.

ئەم جۆرە گوزارانە نیشانەیەکی زەقن کە ئێمە نازانین پێشکەوتن چییە، هەمیشە دەتوانین بزانین کە چ شتێك پێشکەوتن نییە. دۆخی نەفیکردنی پێشکەوتن، لادانی، دەرکردنی دەزانین، بەڵام پێشکەوتن خۆی چییە، یان چی بنەمایەك لەپێوانەکردنیدا بەکاردەهێنین، ئەوەیان نادیارو نەزانراوە. ئەم جۆرە ڕستانە لەوەوە نەهاتوون کە گوایە دەزانین پێشکەوتن چییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، لە خواستێکی نەستیو بێئاگاوە هاتووە بۆ ڕەتکردنەوەی پرۆژەی پێشکەوتن. واتە وەك چۆن ئاراستەیەکی سیاسیو کۆمەڵایەتی نمایشکارو جیهاننەبین هەیە کە دەیەوێت شتە بچوكو دیاردە ڕوکەشەکانی مۆدێرنە وەك وەهمی پێشکەوتن بفرۆشێت، لەهەمانکاتدا ڕەتکردنەوەیەکی دەرونیو بێئاگا هەیە کە دەیەوێت ئەم چەمکە لە ئاستی چەپێنراوو دەرەبیردا بمێنێتەوە.

لەکۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستدا کە کێشەی «دواکەوتن»و پرس لە هۆکانی دواکەوتن دێنە مەیدان، خۆرهەڵات هەستدەکات کە نەبۆتە کۆمەڵگایەکی

پیشەسازیی‌و سەنعەتی، ئەوەش خستویەتییە دۆخی لاوازییەوە. کێشەی خۆرهەڵات لەو فۆرمەدا کورتکراوەتەوە: ئێمە لەڕووی زانستیی‌و ئابوورییەوە دواکەوتوین. ئەم دواکەوتنە لایەنی مێژوویی، کولتووری، ئەخلاقی ناگرێتەوە. واتە لە خراپترین دۆخدا خۆرهەڵات ڕازی نییە دان بەو ڕاستییەدا بنێت کە کۆمەڵگاگەلێکی دیکە هەن‌و ڕوانینیان بۆ ئەخلاق کراوەترو نەرمترە، یان هەرگیز ئەوەی بە خەیاڵدا نایەت دان بەوەدا بنێت کە قەیرانێکی کولتوریی هەیە.

کۆی کێشەکە لەنەبوونی «زانست»و «تەکنۆلۆژیا»دا کورتدەکرێتەوە. ئەگەر بتوانین زانستی مۆدێرن بە جۆرێکی کارا بەدەستبخەین‌و ببین بە خاوەنی تەکنیك، بەوە ئەو بۆشاییە مێژووییە پڕدەکەینەوە کە کەوتۆتە نێوان خۆرهەڵات‌و خۆرئاوا، ئەم ئەفسانەیە دەبێت ئەلتەرناتیڤی بیرکردنەوەیەکی ڕادیکاڵ لە پێکهاتی عەقڵییەتی خۆرهەڵاتی. کێشەکە لێرەدا لەوەدا کورتدەکرێتەوە: ئێمە زانیارییەکانمان کەمە، دەستمان بە هەندێك کتێب‌و زانستدا نەگەیشتووە بۆیە پێش نەکەوتووین، گەر ئەو کەلێنە لەسیستمی «زانیاری»و «مەعلومات»دا پڕبکەینەوە، دەتوانین کێشەکە تێپەڕێنین.

ئەم تێڕوانینە ناتوانێت تا ئەو جێگایە بڕوات کە بڵێت کێشەکە کێشەی «بونیادی عەقڵییەت»ـە. ناگاتە ئەو پلەیەی بزانێت کە «زانست» و «عەقڵی زانستی» دوو شتی جیان، مرۆڤ دەتوانێت کیمیا یان فیزیا فێرببێت، بەڵام ببێتە خاوەنی «عەقڵی زانستی» ئەوە شتێکی ترە، مرۆڤ دەتوانێت تێبگات ئەفلاتون‌و کانت چییان نوسیوە، بەڵام «بیرکردنەوەی فەلسەفی» شتێکی ترە. خۆرهەڵات بەردەوام دەیەوێت بیر لەوە نەکاتەوە کە بیرناکاتەوە. گرنگترین ستراتیژ کە لێرەدا دروستدەبێت ئەوەیە: بتوانین هاوچەرخ دەربکەوین بێئەوەی بیربکەینەوە. ئەم خۆدزینەوە هەمیشەییە لە بیرکردنەوە، دەبێت بە هەوێنی عەقڵێك کە هەمیشە لە خۆی هەڵدێت، عەقڵێك هەمیشە بۆ ئەلتەرناتیڤی خۆی دەگەڕێت.

عەقڵی زانستی، عەقڵێکی چاونەترسە، عەقڵێکی لاساییکەرەوە نییە، بەڵکو هەتا کە لەسەر ئایدیا کۆنەکان ئیشدەکات بۆ ئەوەیە بیانکات بە شتێکیتر، یاخود بە جۆرێکیتر بەکاریانبهێنێت کە پێشتر بەکارنەهاتوون. لێرەدا کە باس لە عەقڵی زانستی دەکەم، باس لەو عەقڵە ناکەم کە لە زانستە سروشتییەکاندا ئیشدەکات، مەبەستم عەقڵێکە لەنێوان خۆی‌و دونیادا بێ ناوەندو ڕاستەوخۆ ئیشدەکات، پەیوەندی خۆی‌و دیاردەکان لەسەرەتاوە دادەڕێژێتەوە. کێشەی عەقڵی زانستی تەنیا لەگەڵ دۆگمای

دینیدا نییە، بەڵکو لەگەڵ هەموو دۆگمایەکدایە لەهەر کایەیەکدا بێت. عەقڵی وەرگرتن‌و ڕیزکردن‌و لەبەرکردنی زانیاریی نییە، بەڵکو عەقڵی پێداچوونەوەو تاقیکردنەوەیە، عەقڵێکە چەمك دروستدەکات‌و تاقیاندەکاتەوە، چەمك وەردەگرێت‌و تاقیاندەکاتەوە، فۆرمێك‌و میتۆدێکی پێشوەخت دیاریکراوی نییە، ئیدیالێکی نمونەیی نییە بیکات بەستاندارد، بەڵکو لە لابۆرێکی هەمیشەیی دایە، لەسەر جۆرە کیمیایەك ئیشدەکات کە نیتشە ناوی دەنێت «کیمیای چەمکەکان». عەقڵی زانستی، عەقڵێکە لەگەڵ تەمومژ، نادیار، ناڕووندا دەژی، عەقڵێك نییە بۆ سنووردانان بگەڕێت، خۆی لە هەرێمە تاریك‌و نەدۆزراوەکەی بیرکردنەوەو زانست نادزێتەوە.

پرسیارەکە ئەوەیە: بۆ خۆرهەڵات نایەوێت لەگەڵ ئەم عەقڵە گەڕۆك‌و پرسیارکەرو بەگومانەدا کە عەقڵییەتی زانستی پێدەگووترێت، سەروکاری هەبێت؟. لە ڕاستیدا ئەم سیفەتانەی عەقڵی زانستی پێچەوانەی پێداویستییەکان‌و خواستە ناوەکییەکەی ئەو ساتەیە کە خۆرهەڵات پێیدا دەڕوات. زۆربەی کۆمەڵگا خۆرهەڵاتییەکان لە ئێستادا لە ترسی هەرەس‌و لێکترازاندا دەژین، هەستدەکەن ڕووبەڕووی هەڕەشەی دەرەکی‌و ناوەکی قووڵ دەبنەوە.

لێرەدا خواستێکی گەورە هەیە یەکێتی ناوەکی بپارێزرێت‌و بە ڕێگای سادە فەردەکان بە جەستەی کۆمەڵایەتییەوە ببەسترێنەوە. لەم دۆخەدا هەوڵدەدرێت، بیرکردنەوەی ڕوون‌و سادە جارێکی دی بە چەند تێزو چەمکێکی کەم دونیامان بۆ تەفسیربکاتەوە، بەهەندێ چەمکی بچوك برسێتی بیرکردنەوە تێربکرێت‌و خێرا وێنەیەکی سادەی دونیا بکێشرێتەوە تا سوبێکت نەچێتە دۆخی سەرلێشێوانێکی قووڵەوە. ئەوەی بەلای ئەم عەقڵەوە گرنگە، دەرهاویشتنی چەند تێزو دروشمێکە بۆ مەسرەفکردنی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی، نەوەك بونیادنانی کایەی زانستی‌و فەلسەفی تا لە ڕێگایەوە بیر لە دونیا بکەینەوە.

لەناو مۆدێرنەی ئەوروپی‌و مامەڵەی خۆرئاوادا لەگەڵ خۆرهەڵاتدا، کۆمەڵێك سیفەتی بنەڕەتی هەن کۆمەك بە عەقڵی کۆنزەرڤاتیڤی خۆرهەڵاتی دەکەن لە هەڵهاتنی خۆی بەردەوام بێت. لەو سیفەتە سەرەکییانە من لەسەر هەندێك دیاردە دەوەستم کە سیفاتی بونیادی ناو مۆدێرنەن‌و کۆمەك بە عەقڵی خۆرهەڵاتی دەکەن. بێ بیرکردنەوە لەسەر دۆخی ئێستای بەردەوام بێت.

## مۆدێرنەیەك بۆ فرۆشتن

مۆدێرنەی خۆرئاوایی تەنیا پڕۆژەیەکی فیکری شارستانی گەورە نییە کە پەیوەندییەکی نەپساوی بەدوو پرۆسەی مێژوویی گەورەوە هەیە کە ڕینیسانسو ڕۆشنگەرییە، بەڵکو پێکهاتێکی زەبەلاحە کە لە بێشومار بەرهەمی فیکرییو بەرهەمی پیشەسازی دروستبووە. پرۆسێسی مۆدێرنەی خۆرئاوایی لەسەر بەرهەمهێنان، دروستکردن، دۆزینەوە بەندە. مۆدێرنە هەم سیستمێکی تەکنیکی نوێی ژیانو کاڵا دروستکردنو مەسرەفکردنە، هەم سیستمێکی دیسپلینکراوی بیرکردنەوەو گەشەکردنی فیکریو زانستییە. دەسەڵاتی مۆدێرن لە خۆرئاوادا وەك پەیوەندییەکی ناوەکی نێوان هەموو ڕەگەزەکان لەدایکدەبێت، ئەوەی کۆی ئەم پرۆسەیە دەخاتەکارو دەیجوڵێنێتو دەیهێڵێتەوە، گۆڕینی هەموو شتێکە بۆ کاڵا.

ئەوەی مۆدێرنە دەکات بە پڕۆژەیەکی گرێدراو بە کەپیتالیزمەوە، ئەو خواستە گەورەیەیە بۆ بەکاڵاکردن، هەموو شتێك لە هەناوی ئەم سیستمەدا دەبێتە کاڵا، هیچ شتێك نییە لەوە دەرچێت، جەنگی گەورەش لەسەر ئەوە نییە مرۆڤ نەبێت بە کاڵا، بەڵکو لەسەر ئەوەیە چۆن ببیت بە کاڵایەکی باش. هەموو شتێك نرخی هەیەو بەپێی نرخی ڕەمزی یان ماددی دەفرۆشرێت... ئەمە یاسایەکە، هیچ کەسێك، هیچ شتێك، هیچ ماددەو ڕەگەزێك لێیدەرناچێت. ئەوەی شتێك یان کەسێك هەبێت لەناو سیستمەدا نەبێتە کاڵا، یاخود خۆی لە پرۆسەی کاڵاسازیی بدزێتەوە، وەهمێکی گەورەیە، چونکە هەتا ئاژەڵانیش لەو ساتەدا کە بەر جیهانی مرۆڤ دەکەون دەبن بە کاڵا، هیچ مرۆڤێك نییە نەبێتە کاڵاو نەبێتە مەسرەفکەری کاڵا، بەکاڵابوونو کاڵا مەسرەفکردن، پرۆسێسێکی ڕەهایە کە مرۆڤ لەساتی لە خەو هەستانەوە تا خەوتن پێی هەڵدەستێت.

بەم مانایە، مۆدێرنە هیچ نییە جگە لە پرۆسەیەکی بێسنوورو هەمەلایەنەی نرخدانانو فرۆشتن. گەورەترینو گرنگترین کاڵاش کە قابیلی فرۆشتنە خودی مۆدێرنەیە. مۆدێرنە هیچ نییە جگە لە کاڵایەك کە دەخرێتە بەردەمی هەموو خەڵکانی دونیا بۆئەوەی هەڵیبگرنەوە. پێشنیاری خۆرئاوا ئەوەیە: «پێویست ناکات مۆدێرن بیربکەیتەوە، بەڵام دەتوانێت بەرهەمەکانی بکڕێت» «تۆ بێئەوەی بەقۆناغی مۆدێرنیزە کردندا ڕۆشتبیت، دەتوانیت مۆدێرن بیت» «بێئەوەی مۆدێرن بیت، دەتوانیت چیت لە کاڵاکانی مۆدێرنە بە دڵە مەسرەفیبکەیت». ئەم بانگەوازە ناوەکییەی مۆدێرنە خۆی، قەبوولێکی گەورەو دەنگدانەوەیەکی خێرای لە دونیای دەرەوەی خۆرئاوادا دەبێت. ئەوەی

بکرێت هەموو بەرهەمە گرنگەکانی مۆدێرنمان هەبێت، بێ ئەوەی پێویست بکات دەستکاری جیهانبینیو مەنزومەی تێگەیشتنی خۆمان لە مرۆڤ و لە خوداو لە دونیا بکەین، پێشنیارێکە لای خۆرئاواوە دەخرێتە بەردەمانو بە خێرایی قەبووڵدەکرێت.

لەم دۆخەدا ئیشی دەسەڵات لە خۆرهەڵات دەبێت بەوەی کۆمەڵگایەك دروستبکات کە هەم بازاڕێکی گەورەی کاڵاو مەسرەفکردنی کاڵای دەرەکییە، هەم هەوڵیشدەدات دەزگاکانی خۆی بە جۆرێك دروستبکات، مرۆڤەکان هەست نەکەن لە کۆمەڵگایەکی زۆر دێرینو نامۆدێرندا دەژین. لەم دۆخەدا جۆرێك لە «مۆدێرنەی خۆرهەڵاتی» سەرهەڵدەدات کە زۆر جیاوازە لە مۆدێرنەی خۆرئاوایی، مۆدێرنەیەکی کاریکاتێری، بەبێ «عەقڵییەتی زانستی»و بەبێ «ئازایەتی بیرکردنەوە». ئەم جۆرە لە مۆدێرنە تەنیا دەبێتە سیستمێك بۆ نوێکردنەوەی دەسەڵات بۆ کەرەستەکانی خۆیو کایەیەکیش بۆ فراوانکردنی بازاڕی کەپیتالیستی جیهانی.

پرۆسەی گۆڕینی «مۆدێرنە» لە پرۆسێسێکی شۆڕشگێڕانەی ڕادیکالەوە بەرەو پرۆسەیەکی خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجە گەردونییەکاندا ناودەنێم «لۆکالیزەکردنی مۆدێرنە». پرۆسەی لۆکالیزەکردنی مۆدێرنە لە وڵاتێك بۆ وڵاتێكو لە سیستمێك بۆ سیستمێك دەگۆڕێت، بەڵام بەجەوهەردا لەسەر ئەوە وەستاوە کە فیلتەرێکی گەورە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مۆدێرنەدا دادەنرێت کە لەسەر ڕێپێدانو قەدەغەکردن، هێنانو لادان دامەزراوە. لە هەناوی کۆمەڵگا خۆرهەڵاتییەکاندا شێوازێکی مامەڵەکردن لەگەڵ مۆدێرنەدا دروستدەبێت، ماشێنێك دروستدەبێت کە شتەکان کۆدەکات، کۆی پرۆسەی مۆدێرنەو بەرهەمەکانی بەناو سانسۆرێکی قووڵدا دەبات. واتە جیاکردنەوەیەکی زەبەلاحو وردی بەرهەمەکانی مۆدێرنە لە هەناوی ئەم کۆمەڵگایانەدا دەست پێدەکات، بەجۆرێك کارکردی ئەو بەرهەمانە، بوونو مەسرەفکردنیان نەچێتە پەیوەندییەوە لەگەڵ پرۆسەیەکی ڕۆشنگەرییو ڕەخنەو تێکشکاندنی لۆکاڵەوە. هەموو کاڵایەك بەر لە مەسرەف کۆنترۆڵدەکرێت، بۆئەوەی بزانین دەستدەدات بەکاربێت یاخود نا، ئەم کۆنترۆڵە تەنیا کۆنترۆڵی چۆنایەتی نییە، بەڵکو کۆنترۆڵێکی سیاسیو دینیو ئەخلاقیو کولتووریشە. دەوڵەتی مۆدێرن لە خۆرهەڵاتدا کە هەمیشە لە فۆرمێکی فاشیستیدا کۆتاییدێت، یەکێك لە وەزیفە سەرەکییەکانی داڕشتنی شێوازی مامەڵەیە لەگەڵ مۆدێرنەدا. ئیشی سەرەکی دەوڵەتو غایەتی سەرەکی لە بوونی دەوڵەت، گۆڕینی فۆرمی دەسەڵاتو دیسپلینە بۆ فۆرمێکی مۆدێرن، بێئەوەی گۆڕانکارییەکی قووڵ

بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بێت. لۆکالیزەکردنی مۆدێرنە، واتە کڕین «خواستن یان قەرزکردن»ی مۆدێرنە، بۆ پاراستنی ئەو بونیادە باڵادەستانەی کەهەن. لۆکالیزەکردن واتە دانانی مەرج بۆ چالاکییە زانستییەکان، بەجۆرێك وەك کەرەستەیەکی تازە بۆ بەرهەمهێنانەوەی کۆن ئیشبکەن.

ئەو بنەمایانەی پرۆسەی مۆدێرنیزەکردن لە خۆرهەڵات دەبێت بیانپارێزێتو دەستیان بۆ نەبات ئەمانەن:

١. زانست نەچێتە جەنگەوە لەگەڵ دیندا. ئەکادیمیا شوێنی بەرەنگاربوونەوە نییە لەگەڵ مزگەوتدا، بەڵکو تەواوکاریەتی.

٢. سیستمی بەرهەمهێنانی موقەدەس دەستکاری ناکرێتو دەبێت موقەدەسی دینیو سیاسی نەخرێنە ژێر پرسیارەوە. لە ئاستی سیاسیو دینیو ئەخلاقیدا هەمیشە هێڵی سوور هەیە کە نابڕدرێت. واتە ئەو ماشێنو سەرچاوانەی بەرپرسی پاراستنو بەرهەمهێنانەوەی موقەدەسن، ناخرێنە ژێر هیچ دادگایەکی قانونیو فیکری وەهاوە چاوەدێریانبکات یاخود پەکیانبخات.

٣. پراکسیس مەرج نییە پەیوەندی بە تیۆرەوە هەبێت. سیاسییەکان ئیشی خۆیان دەکەنو ئەوانەی سیاسەت لە زانکۆکاندا دەخوێنن ئیشی خۆیان دەکەنو کاریان بە سیاسەتەوە نابێت، ئەم دوو جیهانە شتێك کۆیان ناکاتەوە. فیتەرەکان ئیشی خۆیان دەکەنو ئەوانەی میکانیك لەزانکۆو پەیمانگاکاندا دەخوێنن ئیشی تیۆریی خۆیان دەکەنو پەیوەندییەکیان پێکەوە نابێت، بازرگانەکان ئیشی خۆیان دەکەنو ئەوانەی بازرگانی دەخوێنن کارێکیان بە ئیشی ڕاستەقینەی بازرگانییەوە نابێت، هونەرمەندەکان لەدەرەوە خۆیان فێری هونەر دەکەنو ئەکادیمیاکانی هونەر تەنیا مامۆستای نیمچە نەخوێندەوار بۆ قوتابخانەکان بەرهەمدەهێنن...هتد. لە مۆدێرنەی خۆرهەڵاتیدا پراکسیسو تیۆر هەمیشە لەیەکترازاو دەمێننەوە. لەم هاوکێشەیەدا کارکردن «پراکتیك» گرنگترە لە بیرکردنەوە. خەبات گرنگترە لە تیۆریزەکردن. هەڵوێست گرنگترە لە بەرهەمی فیکریو داهێنان. قارەمان شوێنێکی باڵاتری هەیە لە داهێنەر. جەنگاوەر فیگەری سەرەکی ئەم کۆمەڵگایانەیە نەوەك زاناکان. هیچ پرۆسێسێکی مۆدێرنە نابێت ئەم دوو ئاستە تێکەڵبکات.

٤. تەنیا ئەو پیشەسازییانە چالاکدەکرێن کەپەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە سەقامگیریی دەوڵەتو دەسەڵاتەوە هەیە، یان پشتگیریی کەپیتالی جیهانی بۆ کەپیتالیزمی ناوخۆ

مسۆگەردەکەن. پرۆسەی بە پیشەسازیکردن پرۆسەیەك نییە، ژێرخانێکی ئابووری بەهێز بۆ مۆدێرنەیەکی کۆمەڵایەتی درێژخایەن فەراهەمبکات. بۆ نموونە لە عێراقی سەدام حوسەیندا تەنیا پیشەسازی سەربازیی گەشەی پێدەدرا، لە حکومەتی هەرێمدا لە کوردستان تەنیا پیشەسازیی دەرهێنانی نەوت. بەپێی هەمان پرەنسیپ هەموو گەشەیەکی کەپیتالیزمی لۆکال دەبێت لە ژێر چاودێری دوو هێزی گەورەدا بێت. یەکەم هێزی دەوڵەتی ناوخۆ، دووەم: چاودێری‌و ڕێپێدانی کەپیتالیزمی جیهانی.

واتە پرەنسیپی سەرەکی لە مۆدێرنەی خۆرهەڵاتیدا ئەوەیە کە دەبێت مۆدێرنەیەك بێت، هیچ جۆرە ڕەگەزێکی ڕۆشنگەرو ڕادیکاڵی هەڵنەگرتبێت. پارادایمی مۆدێرنەی ڕۆژهەڵاتی لەسەدەی بیستدا: دوورکەوتنەوەی بەردەوامە لە نوێکردنەوەی جیهانبینی‌و لە لەقکردنی بونیادە کۆمەڵایەتییەکان.

لە ڕاستیدا ئەم پرۆسەی کۆدکردن‌و لە فلتەردان‌و دیسپلینە لەگەڵ لەدایکبوونی ئینتەرنێت‌و دیجیتالیزەبووندا شتێك لە سروشتی خۆی دەگۆڕێت، بەڵام لە کارناکەوێت.

## زانستی هەلاهەلا

ڕوانین‌و تێگەیشتن لە چارەنوسی زانست لە خۆرهەڵات، یەکێکە لەو کێشەو پرسە فیکرییە گرنگانەی کە بەبێ وردبوونەوەی قووڵ‌و ڕاوەستانی درێژ لە بەرابەریدا ناکرێت لە هیچ دیاردەیەکی فیکری‌و سیاسی دونیای ئەمرۆمان تێبگەین. چارەنوسی زانست تەنیا ئاوێنەی چارەنوسی سوبێکتی بیرکەرەوە نییە لە خۆرهەڵات، بەڵکو ئاوێنەی چارەنوسی پڕۆژەی ڕۆشنگەرییە. مرۆڤ کە سەیری ئەو دۆخە دەکات کە لەسەدەی بیستدا باڵ بەسەر خۆرهەڵاتدا دەکێشێت، بە ڕوکەش گلەییەکی نامێنێت‌و هەموو شت دروست‌و ئاسایی دەردەکەوێت. خۆرهەڵات پڕدەبێت لە قوتابخانەی نوێ، مەکتەبە کۆنەکان لە نێودەچن، کچان‌و کوڕان پێکەوە ڕوو لە خوێندنگاکان دەکەن، سەدان زانکۆ دەکرێنەوە، هەزاران قوتابی لە خۆرهەڵاتەوە ڕوودەکەنە خۆرئاوا، لە هەموو کایەکانی زانست‌و مەعریفەدا پسپۆڕ پەیدا دەبێت. واتە بە ڕووکەش هیچ شتێك وادەرناکەوێت وەك ئەوەی پشێویی‌و ڕێگرییەکی ناوەکی قووڵ هەبێت کە ئەم سیستمە لە ناوەوە وەك دژە زانست نیشانبدات. بەڵام ئەمە تەنیا نیوەی وێنەکەیە، دیوی ئەودیوی وێنەکە شتێکی دیمان پیشاندەدات. کۆمەڵگایەك هێشتا نوقمی خورافەتە، کۆمەڵگایەك دواکەوتووترین

پیاوانی دینو سەلەفیترین عەقڵو پوچترین خورافەت تا ئێستا لەناویدا دەژین. کۆمەڵگایەك قوتابییەکانی زانکۆ لە پلە باڵاکانی زانستدا دەبنە سەلەفیو تیرۆریستو دینداری توندڕەوو پێشەنگی نەوەیەکی تازە لە خورافەت پەروەران. لەم کۆمەڵگایەدا لۆژیكو عەقڵو بیرکردنەوەی ئەبستراکتی زانستی ناتوانێتو نەیتوانیوە بە گژ ئەفسانەو خورافاتدا بچێتەوەو بنەماکانی هەڵبتەکێنێت. پرسیارەکە ئەوەیە بۆ زانست بوونێکی وەها ناچالاكو ناکاریگەریی هەیە؟. بۆچی لەگەڵ ئەوەدا کە ئێمە دەستمان بە زۆربەی سەرچاوە زانستییەکان دەگات، بەڵام ناکرێت سوودێکی وەهای لێببینینو ببین بە کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێن؟. بۆ ئەوەی لەم خاڵە تێبگەین دەبێت لە ماهییەتی زانست وردببینەوە.

ڕاستە زانست لە چەندەها لقی جیاجیا دروستبووە، بەڵام زانست پێکڕا ئامێرێکی یەکانگیرە، هەموو لکەکان بەجۆرێکی ئۆرگانی بە یەکەوە بەستراونەتەوە، بەڵام جگە لەم وابەستبوونە ئۆرگانییەی نێوان کایە زانستییەکان لەگەڵ یەکدا، زانست بە چەند کەناڵێکی گەورە بە کایەی ئابووریو کایەی ئەخلاقیو بیری فەلسەفیشەوە گرێدراوە. بە مانایەکی دی، زانست لەیەك کاتدا لەگەڵ چەند جەمسەرێکی تردا ئیشدەکات. جەمسەرێکی پراکتیکی کە ڕاستەوخۆ زانستەکان دەخاتە سەر فۆرمی پراکتیکیو لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا بەکاریاندەهێنێت، جەمسەرێکی ئەخلاقی کە کار لە تێڕوانینو تێگەیشتنی مرۆڤ دەکات بەرامبەر سروشتو مرۆڤەکانی تر، جەمسەرێکی فەلسەفیش کە بەردەوام بەسەر ماناو وەزیفەو سنوورو ماهییەتی زانستدا دەچێتەوە. واتە زانست ڕاستە لە چەند کەرتێك دروستبووە کە هەر کەرتەو ژمارەیەك پسپۆڕ بەرهەمدەهێنێت کە تایبەتن بەو بوارە، بەڵام ئەم کەرتە بچووکانە تەنیا لەناو پەیوەندییەکی سیستماتیکدا بەکۆی کایەکانی ترەوە مانای خۆیان وەردەگرنو دەتوانن کاریگەرییەك لەسەر جیهانبینی بەجێبهێڵن. نرخی هەموو دۆزینەوەیەکی زانستی، لەسنووری کایەکەی خۆیدا نامێنێتەوە، بەڵکو نرخی ڕاستەقینەی لەوەدا دەردەکەوێت، چ کاریگەرییەك لەسەر شێوەی ژیان، شێوەی ڕوانینو بیرکردنەوە بەجێدەهێڵێت. بە کورتی جەوهەری زانست لە پسپۆڕیدا نییە، پسپۆڕ دەکرێت پسپۆڕبێتو گەمژەش بێت، جەوهەری زانست لەو پرۆسە ئەخلاقیو فیکرییانەدا بەدیار دەکەوێت کە بەهۆی بیرکردنەوەی زانستیو دەرەنجامەکانییەوە دەکەونەکار. ئەوەی بنەڕەتییە درێژکراوەکانی زانستە بۆ ناو بوارەکانی ئابووریو ئەخلاقو سیاسەتو فەلسەفە. زانست بەبێ ئەو

درێژکراوانەی تەنیا کۆمەڵێك زانیاریی بێسوودە کە کاریگەرییەکی لەسەر بوونی کۆمەڵایەتیو سیاسی مرۆڤ نییە.

زانست بۆ خۆرهەڵات شتێکە لە دەرەوە وەریدەگرێت، دەبێت بیخوێنێتو تێیبگات، تەنێکی نامۆیە، بوونەوەرێك نییە زەمینەی هەبێت یان لێرە لەدایکبووبێت، ڕشتەیەك نییە کایەی هەبێت، بکرێت بخرێتە بواری پراکسیسەوە، ژێرخانی ئابووری هەبێت پێشوازی لە دۆزینەوەکانی بکات، عەقڵی سیاسی هەبێت توند بیبەستێتەوە بە گەشەی دەسەڵاتەوە. زانست لێرە تەنیا کۆمەڵێك زانیاری پەرتەوازەیە کە هیچ کات سیستمێك دروست ناکات. ئەمە وادەکات زانست وەك کۆمەڵێك زانیاریی هەلاهەلاو لێکترازاو ئامادەبێت کە کاریگەرییەکی لەسەر جیهانبینی مرۆڤەکان نییە. ئەوەی لە خۆرهەڵات هەیەو دەخوێنرێت هەندێك کتێبە لەسەر کیمیا یان فیزیا یان ئابووری یان ئیدارە، بێئەوەی ئەم زانیارییانە بتوانن گەشەبکەنو ببن بەزانست. زانست لە سنوری زانیارییەوە ناگوازێتەوە بۆ جیهانبینی. زانست بریتییە لە ئیشکردن لەسەر جیهانبینی، لەسەر شێوازی ژیان، لەسەر تێڕوانینی گشتیمان بۆ گەردونو مرۆڤ و کۆمەڵگا. زانست وەك کۆمەڵێك زانیاریی پەرتەوازەو بێ پەیوەندی دێتە خۆرهەڵات کە هیچ وەزیفەیەکی ئۆرگانی گرنگییان نییە. ڕشتەکانی زانکۆ، پەرتەوازەو نایەکانگیرو بێ هیچ پەیوەندییەکن لەگەڵ کایەیەکی گەورەتردا کە ناوی کایەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییە. ئەو زانستانەی دەخوێنرێن نە بەشداری پرۆسەیەکی بەرهەمهێنان دەکەن، نە لە پرۆسەیەکی گۆڕینی جیهانبینیدا بەشدارن، لێرەن بۆ ئەوەی وێنەیەك بۆ دەوڵەت بینابکەن کە نایەوێت تەنیا وەك دەزگایەکی سەربازی ڕووت دەربکەوێت. کۆی ئەو دەزگا زانستیانەی کە هەن «جیاواز لەو وەزیفە ئایدۆلۆژیانەی کە لەکتێبی ئایدۆلۆژیستدا ئاماژەم بە هەندێکیان دا» لێرەن بۆ ئەوەی فراوانبوونو پەل کووتانو گەورەبوونی جەستەی دەوڵەت زامنبکەن. زانست تەنیا بەهانەیەکە بۆ کۆنترۆڵی زیاترو زیاتری دەوڵەت بەسەر کایەکانی ژیاندا، وەك خوێندن، دادگاکان، خەستەخانەکان، سەرچاوەکانی ژیان وەك ئاوو کشتوکاڵو سامانە سروشتییەکان...هتد. لێرەدا زانست بە پێچەوانەی خۆرئاواوە، شتێك نییە ئازادو سەربەخۆ لە خۆیدا کە بە هۆی کەشفو دۆزینەوەکانییەوە، هێزو دەسەڵات وەربگرێت، زانست لەخۆرئاوادا لە پاڵ وەزیفە ئایدۆلۆژییەکەیدا، وەك ئامێرێکی سەربەخۆش ئیشدەکات، هێزی خوێندنەوەی جیهانو کۆمەڵگای هەیە، واتە دەوڵەت هەبێت یان نەبێت مەعریفەی زانستیو بەرهەمو

تێڕامانەکانی دەمێننەوە. بەڵام زانست لە خۆرهەڵات جگە لەو جەستە ئەکادیمییەی بە دەوڵەتەوە بەستراوەو فەرمانبەری ئایدۆلۆژیی بۆ ئەو ڕووبەرە تازانە بەرهەمدەهێنێت کە دەوڵەت دەیانکاتەوە، فەرمانێکی ستراتیژیی دیکەی نییە. لە خۆرهەڵات شتێك نییە ناوی کایەی زانستی سەربەخۆبێت، بەڵکو ئەوەی هەیە فراوانبوونی کایەی سیاسییە کە لەژێر دەمامکی زانستو ئەکادیمییەتدا درێژە بەخۆی دەدات. لێرەدا زانیاریو لێکۆڵینەوەو باسو چۆنایەتی زانستی تەنها ڕەگەزیی نمایشیو سروتئامێزی دەزگاکەنە، ئەوەی نرخی هەیە، بوونی ڕەمزیو نمایشی ئەو دەزگایانەیە نەوەك ناوەڕۆکەکەیان. وەك چۆن مزگەوت ئاماژە بۆ دین دەکات، ئاوهاش زانکۆ ئاماژە بۆ دەوڵەت دەکات. بوونی خوێندنو ئەکادیمیاو بەشە زانستییەکان لە خۆرهەڵاتدا، تەنیا بۆ ئەوەیە ئەو خەیاڵە ناسیونالیستییە بگەیێنێتە پلەی کەماڵ، کە دەوڵەتێکی کامڵو پتەوو بناغەدار دامەزراوە، دەوڵەتێك چۆن دەمامکی شەرعییەتی قانونی دەکاتە سەر، ئاوهاش دەمامکی شەرعییەتی زانستی دەکاتەسەر.

بە کورتیو چڕیی، زانکۆ شوێنی بەرهەمهێنانی نوخبەیەکە لە عەوام جیانەبۆتەوە، پێگە زانستییەکەی هەڵاوێردانی ئەکادیمی نەبۆتە خالێکی دابڕان بۆیان لەگەڵ تێڕوانینی گشتیدا، ئەم هەڵاوێردانە جیهانبینییەكو تێڕوانینێکی دابڕاویان لە ئایدۆلۆژیای زاڵو باوو گشتی نییە، زانکۆ تەنیا شوێنی پەروەردەکردنی ئەو نوخبانەیە کە غروری عەقڵو ڕۆحییەتی عەوام تێردەکەن، یان ڕوونترو وردتر، زانکۆ لانکەی سەرهەڵدانی ئەو نوخبانەیە کە ئیدارەکردنی عەوام دەگرنە ئەستۆ، بێئەوەی تێڕوانینێکی جیاوازیان لە خەڵکانی ئاساییو نەخوێندەوار بۆ کۆمەڵگاو مرۆڤ هەبێت. گەورەترین نیشانەکانی ئەم دیاردەیەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە جیاکردنەوەی کاراکتەری سیاسیو کاراکتەری ئەکادیمی لەم دەزگایانەدا کارێکی سەختە. لەسەردەمی بەعسدا لە عێراق، لە هەموو بەشێکدا ئەو فیگەرانەی کە تەواوی سیستمی بەڕێوەبردنو بڕیاردانیان بەدەستبوو، بەشێك بوون لەدەزگای حیزبی دەسەڵاتدار، ئەم کۆنترۆڵەی سیاسەت بۆ زانکۆ بە خەستی لە ئێرانو تورکیاشدا هەیە. ئەمە هەر دەستتێوەردانێکی سادەی حیزب نییە لە کاروباری زانکۆدا، بەڵکو هەر لە بنەڕەتدا دەزگاکە بۆئەوە لێرەیە کە وەك پارچەیەك لە جەستەی دەسەڵاتو بەشێك لە دەزگای دەوڵەت دەربکەوێت. ئەو دەسەڵاتە لە زانکۆو ئەکادیمییەکاندا هەیە، دەسەڵاتی زانست نییە کە مانای سیاسی وەرگرتووە، وەك لەخۆرئاوادا هەیە، بەڵکو هەر دەسەڵاتی سیاسییەو دەمامکی زانستیی کردۆتە سەر.

بەم پێیە گوزارەی «حیزب» دەست لە زانکۆکان وەردەدات، هیچ نییە جگە لە گوزارەیەکی پێکەنیناوی پوچ کە بۆ لە بیرکردنی ئەو ڕاستییە دەگووترێت کە ئەکادیمیا لە بنەڕەتدا دەسەڵات وەك بەشێك لە جەستەی خۆی، وەك دەزگایەکی ئەمنی و ئیداریی خۆی، وەك بەشێك لە نمایشی هێز بۆ خۆی دروستیکردوە. دەسەڵات دەست لە کاروباری زانکۆ وەرنادات، زانکۆ لە بنەڕەتدا بەشێکە لە جەستەی دەسەڵات، زادەی گەورەبوونو فراوانبووی دەسەڵاتە، شانۆیەکە لە هەرە شانۆ گرنگەکانی خۆنمایشکردنی.

## پەیوەندی ئابووریو زانست لە کۆمەڵگای بێبەرهەمدا وەهمی دەسەڵاتی تەکنۆکرات

یەکێك لەو دیاردانەی کەم قسەی لەسەر دەکرێت، سروشتی سیستمی ئابووری خۆرهەڵاتییە. ئەم بابەتە یەکێکە لە بابەتە فەرامۆشکراوەکان. ڕەنگە هۆکەی ئەوە بێت کەپیتالیستەکان خۆیان نایانەوێت شتێك لەسەر سیستمی ئابووری ئاشکرابکەنو مارکسیستەکانیش هەر لەخەیاڵپڵاویەکانی سەدەی نۆزدەدا نوقمبوونو توانای دەرچوونیان نییە لەو فەرهەنگە کلاسیکییەو بەتەمان تا قیامەت وەك توتی ئەو زاراوەو چەمکانە دووبارەبکەنەوە، کە شتێکی گرنگمان دەربارەی ئابووری ئێستای خۆرهەڵات بۆ ئاشکراناکەن، بێئەوەی لەو ڕاستییە تێبگەن کە تێگەیشتنی چەپانە لەدنیا لە گەشەدانو فراوانکردنو گۆڕینی چەمکەکاندایە، نەوەك لە دووبارەکردنەوەی زاراوەو مانا کۆنەکانو سەپاندنی بەسەر هەموو دەمو زەمانێکدا. بۆ نمونە، پرسیاری موڵکییەت کە پرسیاری بنەڕەتی کایەی ئابوورییە هێشتا لە فۆرمە کلاسیکییە کۆنەکەدا نیشاندەدرێتەوە. لە فۆرمی خۆرئاواییدا بۆ خوێندنەوەی سیستمی ئابووری «موڵکییەتی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان» شوێنێکی سەنترالّی هەیە. کۆی تەفسیری مارکسی لەسەر ئەو ناکۆکییە دروستبووە کە لەبواری موڵکییەتدا هەیە، واتە ناکۆکی نێوان ئەوانەی خاوەنی کەرەستەکانی بەرهەمهێنانو ئەوانەی ئیش لەسەر کەرەستەکانی بەرهەمهێنان دەکەن. پرسیارەکە ئەوەیە: ئەم ناکۆکییە لە کۆمەڵگا بێبەرهەمەکاندا چۆنە؟. خۆرهەڵات لە ساتی دروستبوونی دەوڵەتە مۆدێرنەکانەوە تا ئەمڕۆ، بە قۆناغێکی ترسناکی بێبەرهەمیدا دەڕوات. کشتوکاڵ لەپاشەکشەیەکی هەمیشەییدا بووە،

پیشەسازی ڕاستەقینە هەمیشە پیشەسازییەکی بچوك‌و سنووردار بووە، بەشی هەرە زۆری کاڵاکان لە دەرەوە هاوردەکراون. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەو ڕاستییە بەرچاوو هەستپێکراوەیە کە خۆرهەڵات سیستمێکی بەرهەمهێنانی پەرەسەندووی تێدا نەبووە تا خاوەنانی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان چینێکی سەربەخۆو کامڵ‌و کاریگەر دروستبکەن. لێرەدا جیاوازیی چینایەتی لەسەر موڵکییەتی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان بونیادنەنراوە، بەڵکو لەسەر دزینی سامانی کانزایی، مۆنۆپۆڵکردنی بازرگانی، دەستگرتن بەسەر عەقاراتدا، گەورەکردنی نائاسایی کەرتی خزمەتگوزاریی دروستبووە، کە هیچیان کەرەستەی بەرهەمهێنان نین. لەم جۆرە سەرمایەدارییەدا بەرهەمهێنان‌و قازانجی پیشەسازیی‌و زێدەبایی ڕۆڵێکی بچوك‌و پەراوێزییان هەیە. کەڵەکەبوونی سەرمایەو سووڕی کارکردنی پەیوەندییەکیان بە کاری عەقڵیی‌و کاری جەستەیی مرۆڤەوە نییە. سیستمی کەپیتالیزمی خۆرهەڵاتی بەپێچەوانەی سیستمی کەپیتالیزمی خۆرئاوایی پێویستی بە عەقلانیکردنی دونیا نییە.

لەجۆرە مۆدێلێکی وەهادا کە بەرهەمهێنان ڕۆڵێکی گرنگ نابینێت، هوشیاریی چینایەتی بەو مانایەی چینێك مۆدێلێکی دیکەی ئابووری پێبێت دروست نابێت، هەر لێرەوە هیچ چینێکی کۆمەڵایەتی لە خۆرهەڵات بوونی نییە، پڕۆژەی دروستکردنی دونیایەکی جیاوازتری لەم دونیایەی ئێستا هەڵگرتبێت. لێرەدا دەبینین گەرچی کۆی سیستمی ئابووری لەسەر نایەکسانی دروستبووە، بەڵام ئەم نایەکسانییە لە پەیوەندی «کار»و «سەرمایە»وە نەهاتۆتە دەرێ، بەڵکو لە سەرهەڵدانی فۆرمێکی نوێی کەپیتالیزمەوە سەرچاوەی گرتووە کە کارکردن‌و بەرهەمهێنانی تێدا نییە. لەشوێنێکی وەك عێراق یان کوردستاندا، سەرچاوەی دەسەڵاتی کەپیتالیزم کاری مرۆڤەکان نییە، بەڵکو گۆڕینی سیستماتیکی مرۆڤە بۆ بوونەوەرێکی بێبەرهەم‌و بێهوشیاریی. لەم کۆمەڵگایانەدا دوولانەی «دەسەڵات» «خەڵك» جێگای دابەشبوونی چینایەتی تەقلیدیی دەگرنەوە. لە کۆمەڵگای بێبەرهەمدا کەپیتالیزم لە دەسەڵاتەوە دێتە دەرێ، لە دەستگرتن بەسەر سامانە سروشتییەکانەوە سەرچاوەدەگرێت، لە مۆنۆپۆڵکردنی بازرگانی‌و یاریکردن بە نرخەوە گەورەدەبێت، کاری جەستەیی‌و بەرهەمی کاری جەستەیی لێرەدا ئێجگار بچوك‌و پەراوێزییە. لێرەوە ئەو دروشمە لیبرالییە کە داوای دوورخستنەوەی حیزب دەکات لە بازاڕ، جگە لە نوکتەیەکی پڕوپوچ‌و بێتام زیاتر هیچی تر نییە، چونکە لە جەوهەردا لێرەدا کەپیتاڵ لە دەسەڵاتی سیاسی جیاناکرێتەوە، بازاڕ

هیچ نییه جگه لەو شوێنەی کە ڕۆحی دەسەڵاتی تێدا دەردەکەوێتەوە. داواکاری دوورخستنەوەی دەسەڵات لەبازاڕ یان لە کایەی ئابووری، لێرەدا هەمان قورسایی سەندنەوەی موڵکییەتی سەرمایەدارانی لەناو سیستمی کەپیتالدا هەیە. بەرزکردنەوەی ئەم دروشمە لە یەککاتدا مانای هەیە کە فۆرمێکی دەسەڵاتی سۆسیالیستی ئەلتەرناتیڤ لە مەیداندا بێت. ئەم وەهمەی کە پێیوایە گوایە دەکرێت لەدەرەوەی دەسەڵات جۆرە ئابورییەك دروست ببێت کە پەیوەندی بەدەسەڵاتەوە نەبێت، لەدەرەوەی حیزب بازاڕێك دروستببێت دەسەڵات دەستی تێنەخات، تێزێکی کاڵفامانەیە کە هێشتا لەو ڕاستییە تێنەگەیشتووە کە تەنیا فۆرمی کەپیتال لە خۆرهەڵاتدا، ئەو کەپیتالەیە کە دەسەڵات بەجۆرێکی سەنترال ئیدارەی دەدات.

زاراوەی بازاڕی ئازاد، زاراوەیەکی ناو سیستمی کەپیتالیستی خۆرئاوایەو پیادەکردنی لە خۆرهەڵات مەحاڵە، چونکە کەپیتال جیا لەدەسەڵات بوونی نییە. ئەوەی کە پێیدەگووترێت گەندەڵی «دەست بەسەراگرتنی بازاڕ لەلایەن سیاسییەکانەوە» خودی کەپیتالیزمی خۆرهەڵاتییە بە دەموچاوە ڕاستەقینەکەی، وەك کەپیتالیزمێك کە لە دەستبەسەراگرتنی سامانە سروشتییەکان دروستبووەو پێویستی بە کەرەستەی تری بەرهەمهێنان نییە. ئەوەی گەندەڵی کراوە بە کێشەیەکی ئەخلاقی کە دەشێت لە ڕێگای پەروەردەیەکی سیاسی نوێوە ڕیفۆرمبکرێت، نیشانەی ئەو دەمامکە ئایدۆلۆژییەیە کە لیبراڵەکانی ئێمە دەیخەنە سەر دەموچاوی سیستمو ئەو وەهمە سەوزدەکەن کە گوایە دەشێت کەپیتالیزمی خۆرهەڵاتی بە هەمان فۆرمی کەپیتالیزمی خۆرئاوایی ئیشبکاتو هەمان سیستم بونیاد بنێت. ئەم نمایشە کە گوایە سیستمی سیاسیو ئابووری خۆرهەڵات دەشێت بخرێتە سەر سیستمی سیاسیو ئابووری خۆرئاوا، ئایدۆلۆژیترین درۆیەکە سیستم لە ڕێگایەوە درێژە بە بوونی خۆی دەداتو ڕێگا لە گەڕان بۆ چارەسەریو خوێندنەوەی نوێ دەگرێت. بۆ نموونە کێشەی سەرەکی عەقڵی پەرلەمانتاریستی لای ئێمە ئەوەیە کە پێیوایە کێشەکە کێشەی ئەخلاقی هەندێك خەڵکی دزەو سیستمێکی باشی ڕیفۆرم هەموو شت دەخاتەوە سەر ڕێگای ڕاست. ئەوەی ڕۆشنبیرە حیزبییەکانیش بانگەشەیان بۆ کردوە هەر ئەوە بووە، ڕۆشنبیرانی حیزب سەر بە یەکێتی و پارتی بووبن یان سەر بە ئۆپۆزسیۆن، هەر یەك مۆراڵ و یەك عەقڵ بوون، کە دروشمیان سنووره سەرەتاییو سادەکانی عەقڵییەتی «ڕیفۆرمیستی» تێنەپەڕاندوە. لێرەدا دەبێت پێ لەسەر ئەوە دابگرم کە زاراوەی گەندەڵی کە زۆرجار لە خۆرهەڵات وەك

چەکێکی شۆڕشگێڕانە بەکاردەهێنرێت، هیچ نییە جگە لە زاراوەیەکی ئایدۆلۆژیی دەمامکئاسا کە جەوهەری ئیشکردنی کەپیتالیزمی خۆرهەڵاتی دادەپۆشێتو کێشەکانی دەگۆڕێت بۆ کێشەی ئەخلاقی گروپێك لە کەسانی دیاریکراو کە ئەگەر ئەوان گەندەڵ نەبن ئەوا عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەرقەراردەبێت. بزوتنەوەی گۆڕانو هەندێك لە ڕۆشنبیران لە کوردستان شادەستی بڵاوکردنەوەی ئەم بۆچوونە هەڵەیەن. نیشاندانی کێشەکە وەك گرفتێکی ئەخلاقی بۆ ئەوەیە کە سروشتە ستراکتورییەکەی ونبکرێت. گەندەڵی وشەیەکی خەڵەتێنەرو نائەخلاقییە بۆ شاردنەوەی ئەو بنەما نامرۆڤانەو دڵڕەقانەی کە کەپیتالیزمی خۆرهەڵاتی لەسەر ڕاوەستاوە. واتە بە لاڕێدا بردنی ڕەخنەیە لە ڕەخنەوە لە کەپیتالیزمو فاشیزمی خۆرهەڵاتییەوە بەرەو نیشاندانی کێشەکە وەك کێشەیەکی ئەخلاقیو ئیداریی لای هەندێك فەرمانڕەوا.

ئەوەی لێرەدا زۆر گرنگە ئاگاداری بینو پێی لەسەر دادەگرم، ئەو ڕاستییەیە کە عەقلانییەت ڕەگەزێکی دەرکراوو نامۆو نائاساییە لە ناو سیستمی ئابووریی خۆرهەڵاتیداو نە مانای هەیەو نە پێگەو نە وەزیفە. جیاوازی نێوان فاشیزمی ئەورووپیو فاشیزمی خۆرهەڵاتی لەوەدایە کە فاشیزمی ئەورووپی لە هەناوی بە عەقلانیکردنەوە هاتۆتەدەرێ، تێزەکانی باومان لە خوێندنەوەی پەیوەندی نێوان عەقلانییەتو فاشییەت لای هەمووان ناسراون، بەڵام ئابووری لە خۆرهەڵاتدا بەگشتی لەسەر مۆنۆپۆلکردن، تاڵانکردن، دەستبەسەراگرتن، فراوانخوازیی، بەسەرداسەپاندن، داگیرکردنی زەویوزار، ڕووتاندنەوە، فەرهود، زەوتکردنی سامانی سروشتیی دروستبووە، واتە ئەوەی پێیدەڵێن گەندەڵی دیاردەیەکی لاوەکی نییە، بەڵکو جەوهەری سیستمی ئابوورییە.

کەپیتالیزمی خۆرهەڵاتی لەبەشێکیدا لەسەر داگیرکردنی موڵکییەتی گشتی بونیادنراوە، گێڕانەوەی ئەم موڵکییەتە گشتییە بۆ دەستی دەوڵەت، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە دواجار هەر وەك سەرمایەی شەخسی نوخبەی دەسەڵاتدار دەمێنێتەوە، چونکە دەوڵەت لەخۆرهەڵاتدا خۆی دەزگایەکی مۆنۆپۆلکراوو خێزانیو نوخبەوییە. لە خۆرهەڵاتدا تەواو پێچەوانەی خۆرئاوا، دەسەڵاتی ئابووریو یاساکانی بازاڕ کارێکیان بە پرۆسەی عەقلانیکردنەوە نییە. بە کورتی لە جیهانی ئێمەدا ماکس فێبەر وەزیفەیەکی ئەوتۆ گرنگی نییە، سەرمایە وەك ئەوەی کە کارێکی بە خاوەندارێتی کەرەستەکانی بەرهەمهێنانەوە نییە، کارێکیشی بە سیستمی بیرۆکراتیو ئیداریو عەقلانییەتی دابەشکردنو ڕێکخستنەوە نییە. کایەی ئابووری دەیەوێت وەك کایەیەکی ناڕێك،

بێچاودێر، بێسیستەم، بێیاسا بمێنێتەوە، لەبەرئەوەی بونیادی کایەکە لەسەر نەبوونی سیستەمو چاودێری ئیشدەکات. لەڕاستیشدا هیچ هێزێك نییە بتوانێت چاوەدێربێت بەسەر دەسەڵاتەوەو لەخودی دەسەڵاتەوە نەهاتبێت. لە بەرئەوە دژایەتی سیستم لەدژایەتی کەپیتالیزم جیانابێتەوە.

عەقڵانییەت بەو فۆرمەی کە لای لیبراڵو ڕیفۆرمیستەکانی خۆرهەڵات دەیبینین، هەمیشە لەجۆرێك مەحکومکردنو وەعزی ئەخلاقیدا کۆتایی دێت، ڕیفۆرمیستو پەرلەمانتاریستەکان جگە لەوەی کە خەونی خۆش بە چینەکانی خوارەوە دەفرۆشنو هیوای درۆیان بۆ دروستدەکەن، دەستەیەك نین بتوانن جۆرێك لە عەقلانییەت بهێننە ناوەوە. لێرەدا خوێنەر دەبێت ئاگاداربێت کە من وشەی لیبرال بە مانا ئەوروپییە باوەکەی بەکارناهێنم، لیبرالی خۆرهەڵاتی، فیکرو پرۆژەی نییە، تەنیا ئامێری دروستکردنی وەهمی ئایدۆلۆژییە. بەردەوام بەفرۆشتنی خەونی خۆش دەستپێدەکەنو بەتواندنەوەی تەواو لەناو ناعەقلانییەتی ڕەهای سیستمدا کۆتاییان دێت.

ئەم جۆرە سیستمو تێڕوانینە کە لەسەر تێنەگەیشتن لە ماهییەتو سروشتی ئابووریی سیستمەکە دامەزراوە، لە پچڕانی تەواوەتی عەقڵانییەتو ئابووری تێنەگەیشتوە، تەنیا جۆرێك لە «بەرگری ئەخلاقی»و «ئۆپۆزسیۆنی ئەخلاقی» دروستدەکات کە زۆر ئاسان دەتوانرێت بخرێتە لاوەو بکرێت بە نوکتەو فۆرمی ئۆپۆزسیۆنێکی کۆمیدیی وەربگرێت. ڕیفۆرمیستەکان هەموو هێلکەی خۆیان دەخەنە سەبەتەی ئەخلاقەوە، ڕۆشنبیرەکانیان دواجار تەنیا ڕۆڵی جۆرێك واعیزی ئەخلاقی دەبینن، سیاسەتی ئابووریشیان ئەوەیە کە کایەی ئابووری لە دەستی کەسانی حیزبی دەربهێنرێتو بخرێتەوە دەست کەپیتالیستە ئاساییەکان، بخرێتەوە ژێر ڕکێفی ڕاستەوخۆی دەوڵەت، بێئەوەی لەو ڕاستییە بچوکە گەیشتبن کە کەپیتالیستی حیزبی، کەپیتالیستی ئاسایی، کەپیتالیستی دەوڵەتی لە بنەڕەتدا لە یەك جیاناکرێنەوەو ئەگەر جیاش بکرێنەوە هیچ گۆڕانکارییەکی بچوك یان گەورە لە دۆخی دیموکراسیو مافی ئینسانەکاندا ڕوونادات. ئەوەی داوای فۆرمێك لە کەپیتالیزمی دەوڵەتی بکەیت تا جۆرێك لە دادپەروەری بۆ سیستمی ئابووری بگێڕێتەوە، مانای سوڕاندنەوە لە بازنەیەکی بۆشو خورافیدا. چارەسەری لێبرالەکان بۆ کێشەکانی خۆرهەڵات لە جەوهەردا زۆر لە دین دوور نەکەوتۆتەوە، شەڕکردن لەگەڵ گەندەڵیدا لەڕێگای دادگای دانانی ئەخلاقییەوە پرۆسەیەکی دینییە. هەر بۆیە یەکانگیرییەك دەبینین لە نێوان وەعزی دینیو ئەخلاقی لیبرالیدا، لای خۆمان چەندەها

ڕۆشنبیرمان هەیە کە لەسەر نزیککردنەوەی ئەخلاقی دینیو ئەخلاقی لیبرالی لە بواری دەسەڵاتدا ئیشدەکەن. دینو لیبرالییەت لە خۆرهەڵاتدا دوو دیوی یەك دراونو پێکەوە یەك مەکینە دەخەنەکار، ماشێنی دروستکردنی خەونی خۆش، لەمەشدا کێبڕکێ لەگەڵ مارکسیستو نەتەوەگەراکاندا دەکەن.

کایەی ئابووری لەفۆرمی ئێستایدا، وەك کایەیەك کە عەقلانییەت ناتوانێت کارێکی تێبکاتو یاسا ناوخۆکانی بشکێنێت، ئەخلاق تەنیا وەك دەرمانێکی هێورکەرەوەیە کە ناتوانێت دەستکاری جەوهەری سیستمە ئابوورییەکە بکات، بۆیە ئەخلاق تەنیا وەك چەکێکی پۆپۆلیستی دەردەکەوێت کە وەزیفەیەتی ئومێدی درۆو خەونی خۆش بەرهەمبهێنێت. ئەم دۆخە وادەکات قسەکردن لەدەسەڵاتی نوخبەی ئەکادیمیو حکومەتی تەکنۆکرات، قسەگەلێکی کۆمیدییو پوچ بن. ئەم خەونە تەنیا خەونێکی ئەخلاقییەو ڕێگا بۆ جۆرە سیاسەتێکیش خۆشدەکات کە دروشمی ئەخلاقی بە کۆمەڵگا بفرۆشێتەوە. ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە تیۆروانینی چەپو بە ناومارکسی بکەوێتە ناو هەمان هەڵەوە. لە تێگەیشتنی مارکسیزمدا سۆسیالیزم چارەیەکی ئەخلاقی نییە، کە پێویستی بەمۆراڵێکی بەرز هەبێت بەڵکو یاسایەکی پەرەسەندنی مێژووە، واتە لە ڕۆحی دیالەکتیکەوە دێتەدەرێ. کە سوسیالیزم وەك چارەیەکی مێژوو نوشوستی دەهێنێت، ئیتر وەعزی ئەخلاقی دەبێتە تەنیا چەك بۆ گەیشتن بەدادپەروەریی، کە بێگومان چەکێکی تەواو نەگونجاوو نالەبارە.

بەگشتی بیرۆکەی بە عەقلانیکردنی سیستمی کەپیتالیزمی خۆرهەڵاتو بە هێنانە ناوەوەی زانست، هیچ نییە جگە لەخورافەتێکی ئایدۆلۆژیی کە ئەکادیمیستەکانی سیستم بانگەشەی بۆدەکەن. ئەو خورافەتەی کە گوایە کەسانی پسپۆڕ یان تەکنۆکرات دەسەڵات بگرنە دەست دەتوانن سیستم چاکبکەن، تەنیا وەهمێکی ئایدۆلۆژییە بۆ ئەوەی جارجار هیوای چارەسەرێکی خورافی پیشانی بێهیواکان بدرێتو بهێنرێنەوە ناو سیاسەت، ئەمە لە کاتێکی کایەی ئابووریو عەقڵی زانستی لە لێکترازانێکی قووڵو بێچارەدان.

## سەرهەڵدانی دڕندە بەرخۆرەکان

تەکنۆلۆژیا ئەو هێزەیە کە دەتوانین بێ بیرکردنەوە دەستمان بکەوێت. ناکۆکی قووڵی تەکنۆلۆژیا لەو پارادۆکسە قووڵەدایە کە لەنێوان بەرهەمهێنی تەکنۆلۆژیاو بەکارهێنی

تەکنۆلۆژیادا دروستدەبێت. بەکارهێنی تەکنۆلۆژیا دەتوانێت ببێت بە خاوەنی زۆر لە هێزی تەکنۆلۆژیا بێئەوەی خاوەنی هیچ لەزانست یان عەقڵی پشت تەکنۆلۆژیا بێت. پارادۆکسی قووڵی تەکنۆلۆژیا ئەوەیە کە دەتوانێت ببێت بە کەرەستەو ئامێری بەردەستی عەقڵێکی زۆر سەرەتاییش. لەدۆخی لەم جۆرەدا ئامێر دەبێتە بەشێك لە عەقڵی سەرەتایی، عەقڵی سەرەتاییش دەبێتە بەشێك لە ماشێن، بەجۆرێك وای لێدێت ماشێن دەبێت بەردەوام لەگەڵ عەقڵی سەرەتاییدا بگونجێت، هەر لە بنەڕەتەوە خەیاڵو فەنتازیاو پێداویستییەکانی ئەم عەقڵە بخاتەناو بەرنامەو پروگرامەوە. بەوجۆرە تەکنۆلۆژیا دەبێتە ئەو پنتەی کە لەوێدا عەقڵی سەرەتایی خۆی لە عەقڵی زانستی موتوربەدەکات. دڕندەییو زانست لە باوەشی تەکنۆلۆژیادا بەیەکدەگەن. لەم پرۆسەیەدا کە عەقڵی سەرەتاییو ئامێر کۆدەبنەوە چی ڕوودەدات؟. کاتێك ئامێر ناتوانێت یارمەتیمانبدات بیرکردنەوەمان بگۆڕین، جۆرە سروشتێکی غەیبانیو خورافی وەردەگرێت، ئامێر چیتر تەنیا ئامێر نییە، بەڵکو جۆرە هێزێکی خورافی دیکەیە. لەگەڵ تەکنۆلۆژیادا غەیبانیەت دەگاتە ترۆپکی خۆی. ئەگەر پێشتر ئەویدی بەس لەبواری تیۆرییدا بیری بۆ دەکردینەوە، ئەگەر غەیبانییەت تەنیا گواستنەوەی فیکری خۆرئاوایی بوو، بۆئەوەی ببێتە جێگرەوەی بیرکردنەوەی خۆمان. لەگەڵ تەکنۆلۆژیادا دونیای ئێمە لەوە دەکەوێت کە تەنیا ئەوانی دی بیری بۆبکەنەوە، ئیدی ئەوانیدی بە تەواوەتی سروشتی ژیانو ئارەزوو و ئامانجەکانی بۆ دیاریدەکەن. لێرەوە بەدوا ئارەزووەکانیشمان دەبێت بە ئارەزووی ئەویدی.

هاتنی تەکنۆلۆژیا لە بنەڕەتدا بەئیفلیجی سەرتاسەریی کۆتایی دێت. مرۆڤی خۆرهەڵاتی دەبێتە مەسرەفکەری ڕەها، دەبێت بە بوونەوەرێك کە تەنیا مەسرەفکردنو بەرخۆری مانا بە بوونو بە ژیانی دەدەن. مرۆڤی خۆرهەڵاتی دەبێتە کەسێك کە نەك عەقڵو بیرکردنەوەی دەبنە دوو شتی پەراوێزییو لاوەکی، بەڵکو دەستو قاچیشی دەبن بەشتی زیادو دیکۆرئاسا. هەموو ئۆرگانەکانی لەش دەبن بەئۆرگانی مەسرەفکردن، بێئەوەی هیچ ئۆرگانێك بەوەزیفەی ئیشکردنو بەرهەمهێنان هەستێت. مەسرەفکردن دەبێت بە تەنیا ئەکتو سەرەکیترین ئەکت، ئەوەی کە سەرهەڵدەدات مۆراڵو عەقڵو جیهانبینی بوونەوەرێکی بەرخۆرە. بوونەوەری بەرخۆر، جۆرە بوونەوەرێکە تەنیا هێزە غەریزەکانی دەبجولێنێت. کەسانێك کە هەم بەرهەمدەهێنێنو هەم بەرخۆریدەکەن، وەك تاکی خۆرئاوایی، جیاوازن لەبوونەوەرێك کەتەنیا بەرخۆری دەکات. سروشتی

ڕاستەقینەی مرۆڤ لەسەرەتای مێژووەوە لەسەر ئەکتی پێکەوەنوساوی «بەرهەمهێنان ـ بەرخۆریی» دروستبووە، بەڵام لەسایەی ئابووری نەوتو لەسایەی حوکمی فاشیزمی خۆرهەڵاتییدا لە نیوسەدەی ڕابورووددا، بە هاوکاری دابەشکردنێکی ترسناکی کار لەسەر ئاستی کەپیتالیزمی جیهانیدا، ئەم دوولایەنە ئۆرگانیو بنەڕەتییە تێکشکاوە. خۆرهەڵات لە پەنجا ساڵی ڕابوردوودا بەگشتی شوێنی سەرهەڵدانی بە کاوەخۆی مرۆڤێکە کە تەنیا بەرخۆرە. سیستمی سەدام حوسەینو دوای ئەویش دەسەڵاتی کوردی، دوو نمونەی زەقی جۆرە سیستمێکن کە مرۆڤ لەوە دەخەن بوونەوەرێکی بەرهەمهێن بێتو دەیگۆڕن بۆ مەخلوقێکی بەرخۆری ڕەها. مرۆڤی خۆرهەڵاتی لەسەردەمی ئێستادا بە توندی لە ئیشکردنو بەرهەمهێنانی ڕاستەقینە دووردەخرێتەوە، مەیلی ناوەکی کۆی سیستمە سیاسیو ئابورییەکان ئەوەیە کە بەشی هەرە زۆری پێداویستییەکان لە دەرەوە بهێنرێت. ئەو شتە کەمانەی لە ناوەوە بەرهەمدێن، ئەو شتانەن کە نە هێزێکی کاری زەبەلاحیان دەوێتو نە بەجۆرێکی تەواو نوێو مۆدێرن بەرهەمدێن. دیارە وڵاتانی وەك تورکیاو ئێران لەم ڕووەوە لە عێراقو وڵاتانی عەرەب باشترن، بەڵام ئەوانیش لە پلەیەکدا نین وەك کۆمەڵگای پیشەسازیو تەکنیکی باڵا تەماشابکرێن. سیاسەتی کەپیتالیزمی ناوخۆو کەپیتالیزمی جیهانی لەمڕووەوە ئاشکرایە کە مرۆڤی خۆرهەڵاتی دەکرێت بە بوونەوەرێکی بەرخۆرو بە کڕیارێکی کوێر.

مرۆڤی بەرخۆر لە بواری گشتی ژیاندا هاووتای مرۆڤی غەیبانییە لە بواری فیکردا، مرۆڤی غەیبانی خۆی ناتوانێت لە فیکردا هیچ بەرهەمبهێنێت، بەردەوام بەدوای مەسرەفکردنی چەمكو بیرکردنەوەو تێڕوانینی ئەوانی ترە، هێزی خۆی لەوەدا دەبینێت یەکێکی دیکە بدۆزێتەوە بیری بۆ بکاتەوە. مرۆڤی بەرخۆریش هەمان مۆدێلە کە ئەو شتانە مەسرەفدەکات کە چێژو ئارەزووی ئەوانیدی دروستیانکردوە. ئەم مرۆڤە بەگشتی دوو غەریزەی بەجۆرێکی ترسناك ئەکتیڤو چالاك دەبن «غەریزەی موڵکداریی» لەگەڵ «غەریزەی تێکشکاندن». مرۆڤی بەرخۆر خۆی توانای بەرهەمهێنانی نییە، لێرەوە کاراکتەری خۆی نابەستێتەوە بە کاری بەرهەمدارەوە، پەیوەندی خۆی بە سروشتو بەعەقڵەوە "کە دوو کەرەستەی کاریگەری بەرهەمهێنانن" دەپچڕێنێت، نە بایەخ بە سروشت دەداتو نە بایەخ بە عەقڵ. کێشەی هەرە گەورەی ئەم جۆرە بوونەوەرە ئەوەیە کە هەموو شتێك وەك مەتریاڵێك بۆ مەسرەفکردن سەیردەکات. بەرخۆریی چیتر تەنیا خواردن، کڕین، بەکارهێنان، فڕێدان، شکاندنی شتە ئاساییەکان نییە، بەڵکو دەبێتە

غەریزەیەك مرۆڤەكانی دیش وەك بابەتی مەسرەفكردن دەبینێت. بەرخۆریی ڕەها بەرەڵاكردنی تەواوەتی غەریزەی تێكشكاندنە لە مرۆڤدا، ئاڕاستەكردنی وزە لیبیدیۆییەكانە بەرەو قۆزتنەوەو دەستبەسەرداگرتنی هەموو ئۆبێكتێك. شتەكان لای مرۆڤی بەرخۆر بۆیە لێرەن تابن بەموڵكی ئەو. بەرخۆر بەرامبەر هەر شتێك دەوەستێت دەیەوێت بیكات بەموڵكی خۆی. غەریزەی موڵكداری بەجۆرێكی دڕندانە گەشەدەكات، بەشێوەیەك بەختەوەری دەرونیو پلەی كۆمەڵایەتیو چێژی سێكسواڵی هەموو گرێدەدرێنەوە بە غەریزەی موڵكدارییەوە.

ئەم پەیوەندییە بەهەمان سروشتی پەیوەندی بەرخۆرانەی مرۆڤی خۆرئاوایی نییە لەگەڵ شتەكاندا بەوجۆرەی كە «فرۆم» یان «ماركۆزە» باسیدەكەن، واتە جیاوازییەكە وەك ئەو جیاوازییە نییە كە لەنێوان «بوون»و «هەبوون»دا هەیە بە مانا فرۆمییەكەی. ئەم غەریزەیە لای مرۆڤی خۆرهەڵاتی بەهیچ جۆرە كەناڵێكی عەقڵانیبووندا نەڕۆیشتووە، زادەی عەقڵانییەتی پیشەسازیی نییە، بەڵكو بەخشینی وزەو تینێكی نوێیە بەعەقڵی تاڵانكاری خێڵەكی، لێكدانی ڕۆحی خێڵی سەرەتاییە بە ڕۆحی كەپیتالیزمی مۆدێرن، كۆكردنەوەی فۆرمێكی دڕندەیی دێرینە لەگەڵ فۆرمێكی تازەی وێرانكارییو تەوەحوشدا. لە سیستمی خۆرئاوایدا، مەسرەفكردنو مەسرەفكردنی زیاد لەچوارچێوەی ڕێكخستنێكی عەقڵانیدا دەمێننەوەو مەسرەفكردن بەشێوەیەك لە شێوەكان بە یاساو بە خواستی زەخیرەخستنو زیادەڕەوی نەكردنەوە گرێدەدرێت. واتە شارستانییەتی خۆرئاوا هیچ نەبێت لە حەفتاو پێنج ساڵی ڕابوردوودا لەهەوڵی جیاكردنەوەی پرۆسەی مەسرەفكردندایە لە تێكشكاندن، لەهەوڵی ڕێگرتندایە لە تێكەڵكردنی تەواوەتی غەریزەی موڵكداری بە غەریزەی مەرگ. لە كاتێكدا مرۆڤی بەرخۆری خۆرهەڵاتی هێشتا تێكشكاندن بەجۆرێك لەشێوەكانی بەرخۆریی تەماشا دەكات. بەرخۆریی لێرەدا تەنیا مەسرەفكردنی بەرهەمە تەكنۆلۆژییەكان ناگرێتەوە، بەڵكو دەبێتە جۆرە پرۆسەیەكی ڕەمزیو ڕاستەقینە بۆ مەسرەفكردنی ژیانی ئەوانی تریش، بۆ توندوتیژییەكی پێشوەخت پرۆگرامكراو دژ بە هەندێك جۆر لە مرۆڤ و هەندێك شوناس. مەسرەفكردن لێرەدا تەنیا مەسرەفی كەرەستەو كاڵاو ئامێر نییە. مەسرەفكردن تەنیا بەكارهێنان نییە، تەنیا نزیكبوونەوەو لەزەتبینینو سوود بینین لە ئامێرەكان نییە، بەڵكو مەسرەفكردنی ئەویدیشە تا سەر ئێسقان، واتە بە ئوبێكتكردنی ڕەهای ئەویدییەو لێسەندنەوەی هەموو مافێكی ئینسانییە.

له کەپیتالیزمی خۆرئاواییدا مرۆڤ بەوە دەکرێتە کۆیلە کە وەك مەتریاڵی بەرهەمهێنانو هێزی بەرهەمهێنان بەکاردێت، لە کەپیتالیزمی خۆرهەڵاتیدا مرۆڤ بەوە دەبێتە کۆیلە کە وەك بابەتێکی بەرخۆریی‌و مەسرەفکردن سەیردەکرێت. عەقڵی بەرخۆریی خۆرهەڵاتی ناگاتە ترۆپکی لەزەتی خۆی تا نەگاتە ترۆپکی مەسرەفکردنی ئینسانەکان. واتە سیستمی کەپیتالیستی، فاشیستی خۆرهەڵاتی لە ڕاستیدا سیستمێکە ئاڕاستەکەی بەرزکردنەوەی پلەی بەرخۆرییە، بۆ گەیشتن بە بەرهەمهێنانی جۆرە مرۆڤێك کە "کەسانێکن بۆ مەسرەفکردن". لێرەشدا خاڵی سەنتراڵی جیاوازی نێوان کەپیتالیزمی خۆرهەڵاتی‌و خۆرئاوایی دەبینین، کەپیتالیزمی خۆرئاوایی ئاڕاستەی بەردەوام بەرەو ئەوەیە کە مرۆڤ بگۆڕێت بۆ مرۆڤێکی ئیشکەری بەرهەمهێن، کەپیتالیستی خۆرهەڵاتی ئاڕاستەی ئەوەیە کە مرۆڤ بگۆڕێتە سەر مرۆڤێکی مەسرەفکەرو مرۆڤێکی مەسرەفکراو. شێوەکانی ئەمجۆرە مەسرەفکردنە زۆر زۆرن، شێوەیەکی ئەم مەسرەفکردنە تێکشکاندنی تەواوی مرۆڤەکانو جینۆسایدکردنو لە ناوبردنی دەستەجەمعییانەیە کە بەردەوام لە خۆرهەڵات دووبارەدەبێتەوە. لە شەڕی عێراق ـ ئێراندا بینیمان کە سوپای ئێران سەدان هەزار گەنجی بۆ پاکردنەوەی کێڵگە مینەکان بەکاردەهێنا، ئەو گەنجانە فۆرمێکی زەقی ئەو شێوە مرۆڤە بوون کە تەنیا بۆ مەسرەفکردن بە کاردەهێنرێن، بە کوشتدانی ئەو گەنجانە هیچ کات پێداویستییەکی سەربازیی نەبوو، بەڵکو نیشاندانی توانای سیستمەکە بوو لەسەر مەسرەفکردنێکی دەستەجەمعی مرۆڤەکان. پرۆسەی ئەنفال لە عێراقدا شێوەیەکی تری «مەسرەفکردنی ئینسان» بوو کە بەعس لەسەری دەڕۆیشت، ئەنفال لە یەکدانێکی ترسناکی خواستی موڵکداریی بوو بەخواستی مەسرەفکردنو تێکشکاندن.

لە تەواوی خۆرهەڵات، قوربانی بە مانا گشتییەکەی پتر لەوەی فۆرمی کرێکاری هەبێت، فۆرمی دوژمن یان سەربازیی هەیە. گۆڕینی مرۆڤ بۆ مەخلوقێکی مەسرەفکراو، هەم فۆرمی دوژمن، هەم فۆرمی سەرباز وەردەگرێت. فاشیزمی خۆرهەڵاتی تەنیا جینۆسایدکردنی نەتەوەو دینەکانی تر نییە، بەڵکو جینۆسایدێکی ناوەکییشە بۆ نەتەوەو دینی خۆی، سەرباز ئەو ئامێرەیە کە مەسرەفکەر و مەسرەفکراو لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، هەم بکوژەو هەم کوژراو، بە هەردوو دیوەکەشدا ئەو سیستمە دەچەسپێنێت‌و دووبارەیدەکاتەوە کە سیستمی مەسرەفکردنی ئینسانە. تیرۆریستە خۆکوژەکان زەقترین بەرەنجامی سیستمی بەرخۆریی نوێن کە لە مەسرەفکردنی ئینساندا

گەیشتۆتە ترۆپکی خۆی، مەخلوقێك کە هەم خۆی وەك «مرۆڤێك بۆ مەسرەفکردن» سەیردەکات و هەم ئەوانیتر وەك مەخلوقاتی تایبەت بۆ «مەسرەفکردن» دەبینێت، کە خۆی دەتەقێنێتەوە لە یەك ئەکتدا ماهییەتی خۆیو ئەوانی دیش ئاشکرادەکات کە هەموو بوونەوەرن بۆ مەسرەفکردن. سیستمی کەپیتالیزمی خۆرهەڵاتی لەژێرخاندا کولتووری بەرخۆریی بەرهەم دەهێنێت، لەسەرخانیشدا سیستمێکی جینۆسایدی دینیو ناسیونالیستی کە شەرعییەت دەدەنە مەسرەفکردنی بوونەوەرە ئینسانییەکان. وەزیفەی ئایدۆلۆژیا لێرەدا ڕوونە: ئەو پرۆسێسە بشارێتەوە کە مەسرەفکردن لە مەسرەفکردنی کاڵاوە دەگوازێتەوە بۆ سەر مەسرەفکردنی ئینسان. واتە ئەگەر لە قووڵاییدا بڕوانین گەیشتنی فاشیزمی دینیو ناسیونالیستی لەخۆرهەڵات بە ترۆپکی کردەی وێرانکاریی خۆیان، بەبێ ڕۆحێکی بەرخۆر کە ئینسانیش تەنیا وەك مادەیەکی مەسرەفکردن دەبینێت «نەوەك هێزێکی بەرهەمهێنان» کارێکی نەکردەبوو. لێرەدا دەبێت وریابین، مەسرەفکردنی ئەویدی یان سەیرکردنی مرۆڤ وەك بابەتێك بۆ مەسرەفکردن، تەنیا بە مانای کوشتنو لەناوبردنی نایەت لە جەنگەکاندا، بەڵکو گۆڕینی ڕەهای «ئەویدی» یە، بۆ ئۆبێکتی ئارەزووەکانی من. ئەوەی بەرامبەر وەك مەخلوقێکی بێماف تەماشابکەین، ئەوەی وەك یەکێك ببینین بێ هیچ ئازارێکی ویژدان سوکایەتی پێبکەین، ئەوەی تەنیا وەك ئۆبێکتی شەهوەتی خۆمان ببینین، وەك کەرەستەیەکی ڕووت بۆ خواستەکانی خۆمان لێی بڕوانین، بەشێکی گرنگی وەرگەڕانی مرۆڤی خۆرهەڵاتییە بۆ بوونەوەرێکی مەسرەفکراو. هەتا ئەو شەڕانگێزییەی لە جیهانی دیجیتالدا دەیبینین، ئەوەی ئەویدی هەمیشە بابەتێکی بەچێژە بۆ پەلاماردانو سووکایەتی، بۆ دەرخستنی دەسەڵات، بۆ تاقیکردنەوەی هێزی خود لەسەر تێکشکاندن، هیچ نییە جگە لە نیشانەی لەدایکبوونی کولتووری ڕوانین لە مرۆڤ، وەك مەخلوقێك «بۆ بەکارهێنان»، «بۆ مەسرەفکردن». ئەم جۆرە لە بەرخۆریی زادەی سەدەی بیستەمە، زادەی سەرهەڵدانی ئەو کۆمەڵگایانەیە کە مرۆڤ وەك بەرهەمهێن دەچێتە دواوەو وەك بەرخۆرو مەسرەفکەر دەبێتە مۆدێلی سەرەکی. لێرەدا دەبێت زۆر کورت جەخت لەسەر خاڵێکی گرنگ بکەمەوە. مەسرەف هیچ کات بەتەنیا دیاردەیەکی فەردی نییە، دیاردەیەك نییە بە تەنیا تایبەت بە تاکەکان، وەك چۆن هەریەك لەئێمە وەك تاك خواستی موڵکداریو بەرخۆریو دەستبەسەراگرتنمان تێدایە، ئەم ڕۆحە لەڕەفتاری دەستەجەمعیو لە ئایدۆلۆژیای گشتیشدا ڕەنگدەداتەوە. ڕۆحی ئەم جۆرە مەسرەفکردنە لەسەر فۆرمێکی سادە، بەڵام

ترسناك دروستبووە، ئەویش ئەوەیە «ئەویتر موڵكی منە» یان «ئەویتر هی منە». فاشیزمی ئیسلامی  ترۆپكی بەرجەستەكردنی ئەم تێزەیەیە. ئەویدی لای ئیسلامییەكان هەمیشە ئەویدییەكی كافرە، لێرەوە هەموو شتێكی حەڵاڵە. وشەی حەڵاڵ وشەیەكە توند بە جیهانی بەرخۆریی‌و مەسرەفكردنەوە گرێدراوە، حەڵاڵە یاخود حەرام؟ مانای ئەوەی مەسرەفی بكەم یان نەیكەم. لای ئیماندارەكان "ئەویدی كافر" هەموو شتێكی حەڵاڵە، موڵكەكانی، ژیانی، خێزانەكەی، ژنەكانیان، سەرزەمین‌و خاكیان، لێرەوە شتێكی سەیر نییە كە ئەم چەمكە لە سی ساڵی ڕابوردوودا شوێنێكی سەنتراڵی لەعەقڵی ئیسلامییەكان داگیركردوە بەجۆرێكی سەیر زیندووبۆتەوە. هەڵاوسانی ئەم ڕەهەندە ترسناكە لە جیهانی مۆدێرندا، تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ ناوەڕۆكی دینی دێرین، بەڵكو دەگەڕێتەوە بۆ زاڵبوونی ئەو كولتووری مەسرەفكردنە مۆدێرنە كە هێزو وزەیەكی بەتین دەدات بەوەی كە «ئەویدی» وەك كاڵا بۆ مەسرەف سەیربكەین. وشەی حەڵاڵ لە ئیسلامدا هیچ نییە جگە لە كۆدێك بۆ شەرعییەت بەخشین بە مەسرەفكردن. توركەكان هەمان شێوە مرۆڤی كورد وەك ئەو مەخلوقاتە زیادانە سەیردەكەن كە تەنیا ئەوان سنووری ژیان‌و مافیان دیاریدەكەن، واتە لە فەنتازیای فاشیزمی توركیدا مرۆڤی كورد بابەتێكە بۆ تێكشكاندن، مەسرەفكردن‌و توڕدان. ئەم ڕەهەندەی دین‌و ناسیونالیزم كە ئەویدی وەك «كاڵایەك بۆ من» سەیردەكات، تەواو جووت دێتەوە لەگەڵ ئەو ڕەهەندە ترسناكەی كەپیتالیزمدا كە ملیۆنان مرۆڤی كۆلۆنییەكان‌و ملیۆنان ڕەشپێستیان بۆ سەدان ساڵ وەك كاڵای ئینسانی بۆ مەسرەفكردن سەیردەكرد. دروشمی «ئەویتر موڵكی منە». ئەو پنتەیە كە فاشیزمی خۆرهەڵاتی، تێیدا كولتووری دێرینی خۆی لە كولتووری كۆمەڵگای تەكنۆلۆژی مۆدێرن موتربەدەكات. ڕۆحی فاشیزمی خۆرهەڵاتی لەو پنتەدا دەگاتەوە بە ڕۆحی وێرانكاریی كەپیتالیزمی كلاسیك.

# مەقامی بەڵێ نەخێر

## ئاماژەکانی دیداری ئیبن عەرەبی سۆفی و ئیبن روشدی فەیلەسوف

**جەمال حسێن**



وتەکەی نیکڵسون (تەسەوف نە فەلسەفەیەو نە لاهوت) زۆرجار بەهەڵە وەرگیراوە. کەسانێك هەن بەپشت بەستن بەم وتەیە پشتیوانی ئەو بۆچونەیان کردوە کە تەسەوف ئەفسانەو خەیاڵاتە. بەڵام مەبەستی راستەقینەی نیکڵسون ئەوەبوە تەسەوف هیچ یەکێك لەلاهوت‌و فەلسەفە نیە بەتەنیا، بەڵکو هەردووکیانە. هەم روحانیەت‌و فۆڕمێك لە سلوکی زاهیدانەیە، هەم تێڕامان‌و بیرکردنەوەیەکی میتافیزیکی قوڵترە لە ئاستە باوەکەی. بێ بوونی ئەو مەیلە روحانیەو لێکدانەوەی فەلسەفیش لەمێژوودا، مرۆڤایەتی رووبەڕوی تەسەوف نەدەبووەوە. لەقۆناغەکانی بەر لەدەرکەوتنی ئاینە ئاسمانیەکان‌و بەتایبەت لەیۆنانی کۆندا، بەئەندازەی گەشەکردنی فەلسەفە تەسەوفیش گەشەی کردبوو.

مەبەستیشمان لە تەسەوف ئەو فۆرمە روحانیو گۆشەگیریو زاهیدانەیە کە تەفسیری دنیای لەسەر وەستاوە. تەسەوفێك کە هێشتا بەئاینی نەبوەو لەهیچ ئاینیدکدا نەبۆتە خاوەنی زمانی تایبەت بەخۆی، ئەمەش تەسەوفە لەدەرەوەی بیروباوەڕی ئاینی. ئەوەی "ویلتر ستیس" لەبەرهەمە بەناوبانگەکەی (تەسەوفو فەلسەفە) ناوی ناوە (تەسەوفی نامونتەمی)، وەکو ئەفلۆتین. کە تەسەوفیێکە ئەوەندەی بیروباوەڕو رامانو لێکدانەوەی روحانیە، سلوك نیە. سەرزەمینی یەکەمی ئەم فۆڕمەش لە فەلسەفەی سۆفیانە یۆنانەو بەتایبەت ئەفلاتون. چونکە "ئەفلاتون بەقولّی کەوتۆتە ژێرکاریگەری فکری سۆفیانە، لەناو نوسراوەکانیدا چەندین برگە بونیان هەیە کەخودی خۆی سۆفی بووە."[1] بەم هۆیەوە ئەم لەناو قوتابخانەی یۆنانی چەند وەکو فەیلەسوفێك دەرکەوتوە، زۆرجار فەلسەفەکەشی وەکو فۆڕمێکی سۆفیانە پێناسەکراوە. بگرە لەروی کردارەکیو ئەخلاقیەوە ئامانجی فەلسەفە لانی کەم لەئەفلاتونەوە کە بریتی بووە لە (هەولّی مرۆڤ بەپێی توانا بۆ خۆ چواندن بەخواوەند)، دیدێکی سۆفیانەیە. بالآترین ئاستیش کەمرۆڤ بتوانێ پێی بگات، لە فەزیلەتو ئەخلاقی ئەوپەڕی نزیك بونەوەیە لە خواوەند. ئەمەش ئەوە دەخوازێ کە مرۆڤی فەیلەسوف لەرەوشتە ناشیرنەکانو خواستە دەرونیەکانو شەهوەتە قێزەونەکان دوربکەوێتەوە، باری قورسی سەر جەستەی خۆی سوکبکات تابتوانێ بەرزبێتەوە بۆ ئاستە ئاسمانیەکە. ژێرخانی تیۆری ئەم تەفسیرەش ئەوەبو کەئەو بڕوای بەوەبوو نەفسەکان سەرەتا لەدنیای نمونەییدا لەخۆشیو ئاشتیدا دەژیان، بەهۆی تاوانێکەوە کە ئەنجامی داوە نێردراوەتە ناو جەستەیەك کە بەپێچەوانەی نەفسەوە ئەبەدی نیەو کاتیە، بۆیە ئەو جەستەیە بوە بەزیندانێکی ناخۆشو پڕلەئازار بۆ نەفسەکە وەکو سزایەك. تائەو نەفسە خراپەکاربێتو دوربکەوێتەوە لەپاکیزەیی مەحکوم دەبێ بەمانەوە، هەتا ئەگەر جەستەکەش کۆتایی بێت ئەو دەخرێتە جەستەیەکی ترەوە (دۆنادۆن)، کەی ئەو نەفسە توانی خۆی پاکبکاتەوە لەرێی فەلسەفە، ئەوکاتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەسلّەکەی خۆیو بۆ دنیای خۆشیو ئاسودەیی. ئەوەش رونادات ئەگەر ئەو نەفسە بەمەعریفە خۆی تێرنەکات. نەفسەکان بەر لەوەی بێنە ناو جەستەوە ژیانێکی مەعریفیان هەبوە لەدنیای نمونە جەوهەرییەکان، بەلأم کاتێك دێنەناو جەستەوە ئەو سروشتە ون دەکەن، تەنها بەدروکەوتنەوە لەجەستەو نزیکبونەوەی زیاتر لەدنیای نمونەکان لەرێی مەعریفەوە

---

[1]– التصوف والفسلفة، ولتر ستيس، ترجمة وتقديم، امام عبدالفتاح امام، استاذ ورئيس قسم الفلسفة، جامعة كويت، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٩، ل ٥٤.

دەتوانن بگەنەوە بە سەردەمی خۆشی هەتاهەتایی. بەم شێوەیە لای ئەفلاتون نەفسەکان سێ جۆرن، ئاقڵو ئازاو شەهوانی، وەکو چۆن لەکۆمارەکەیدا کە دەڵێ کاتێك دادپەروەرو فەزیلەتی دەبێ، کە هەرسێك لە چینەکە ئیشی خۆیان بکەنو هاوسەنگو تەریب بن بەیەکتری (فەرمانڕەوا، سەربازەکان، بازرگانەکان). بەهەمان شێوەش مرۆڤ کاتێك دادپەروەرو فازڵ دەبێ ئەگەر هەرسێك بەشی نەفسەکەی بەهەماهەنگیو هاوسەنگی کاربکەن. نەفسی ئاقڵ فرمان دەردەکاو دەزانێ چی باشەو چیش خراپە. شوێنی ئەوەش سەرە، بەرزیو بچوکی بەبەراورد بەجەستە، وەکو پاشای کۆمارەکە. نەفسی ئازاش وەکو سەربازەکانی ناو کۆمارەکە توانای پەلامارو کۆنترۆڵ و سنوردانانی هەیەو گوێڕایەڵەو دەکەوێتە سنگەوە، شوێنی هێزییو ماسولکە. نەفسی شەوهوانیش بەدوای چێژەوەیە شوێنی ئەوەش ورگە، وەکو بازرگانەکان. لەم سێ رەگەزەی نەفس تەنها نەفسی ئاقڵ سروشتێکی خواییو نەمری هەیە، بۆیە ئەو بەدوای مەعریفەوەیەو تەنها بەمەعریفەش دەتوانێ خۆیو جەستەکەش بپارێزێ، وەکو چۆن فەرمانڕەواش بەو مەعریفەیە دەتوانێ کۆمارەکەی بپارێزێ. لای ئەفلاتون جەستە زیندانی نەفسە، پەیوەندی ئەم دوانە بەیەکەوە پەیوەندیەکی ناکۆکە. بۆئەوەی ئەم ناکۆکیەش نەمێنێ دەبێ جەستە لەسەر پەروەردەکردنی نەفس رابهێنرێ. لەوکاتەی جەستە بەباشی نەفس پەروەردەبکات، ئەوکاتە دەتوانێ ئەم نەفسە زانستو مەعریفەکەی بیربێتەوە کەپێشتر زانیویەتی. بەم جۆرە لەناو ناخی مرۆڤدا بەریەککەوتنو ناکۆکی هەیە لەنێوان دوو هێزی چاکەکارو خراپەکار، یەکەمیان ویستی مل کەچبونی هەیە بۆ ئەقڵو ئەویتر بۆ شەهوەتو ئارەزوو. کاتێك مرۆڤ زاڵدەبێ بەسەر ئارەزووەکانی، ئەوکاتە ئەقڵ دەسەڵاتداردەبێو نەفسیش بەمەعریفەو جوانی یەکەم دەگاتەوە کەلێوەی هاتوە، بۆیە فێربون لای ئەفلاتون هیچ نیە جگە لەکردەی بیرهاتنەوە. "هەموتوانای ئێمە بۆ ناسینی حەقیقەت بریتیە لەبیرهاتنەوەی یادەوەریەکی کۆن، ئەو رۆژەی لەگەڵ خواوەندەکان دەژیاین، کە تیایدا خاوەنی بینێکی راستەوخۆو ڕاستەوخۆ بویین بۆ ئایدیاکان."[٢] ئەم بۆ چونانەش کاتێك لەرێی ئەفلۆتینەوە دەگوازرێنەوە بۆ جیهانی ئیسلامی، دەبنە بەردی بناغەی فەلسەفەی عیرفانیو تەسەوفی ئیسلامی. خاڵی زەقی هاوبەشی نێوان ئەم دوو جیهانەش (فەلسەفەو تەسەوف)، گەیشتنە بەمەعریفەیەکی یەقینی لەرێی بینینەوە، نەك مەعریفەیەکی

---

٢- موسوعة لالاند الفلسفية، معجم مصطلحات الفلسفية النقدية والتقنية، انريه لالاند، تعريب، خليل احمد خليل، عويدات للنشر والطباعة، بيروت، لبنان، ٢٠٠٨، ب:٣، ل ١٢٠٧.

بورهانی لەڕێی زانینەوە. لەژینگەی فکری ئیسلامیدا، بەهۆی ئەوەی لەدەستی دووەمەوە کە قوتابخانەی ئەفلۆتینە ئاشنایەتی لەگەڵ فەلسەفەی یۆنانی پەیداکردوە، بۆیە هەر لەسەرەتای دەرکەوتنی فەلسەفەوە لەناو ئەم ژینگەیە تا کەوتنو پاشەکشەی بەگورزی شەرعناسو موفتیو دەسەڵاتدارەکان، فەلسەفەیەك بوە تەواو روحانیو سۆفیانە. کەسانی وەك فارابیو ئیبن سیناو نامەکانیو ئیخوانی سەفا، بەو ئەندازەی فەلسەفین، سۆفیانەشن. بگرە بەشێك لەلێکۆڵیاران پێیان وایە ئەمانەو بەرهەمەکانیان ئەوەندەی سەر بەقوتابخانەی عیرفانن، سەر بەقوتابخانەی فەلسەفەو بورهان نین. لەوانە جابری کە لەپرۆژەو تیۆرە گەورەکەی بۆ خوێندنەوەی فکری عەرەبی ئیسلامی ئەم وتەزایە بڕبڕەی پشتی وتراوەکانیەتی. لەکۆتایشدا کاتێك فەلسەفە لەسەرزەمینی دیارو ئاشکرای شانۆی گفتوگۆی ناو کۆمەڵگای ئیسلامی یاساغدەکرێ، دوای ئەوەی بەزەبری فەتوای فەقهیەکانو شمشێری دەسەڵاتداران فەلسەفەو کەلامی ئیسلامیو رەوتی ئەقلانی بەگشتی دەربەدەردەکرێ، ئەوکاتە تەسەوف دەبێتە دوایین مەنزڵو پەناگەی پاراستنی میراتی فەلسەفی. لەم بارەیەوە (ابراهیم مدکور) پسپۆڕو ئەکادیمی لەفکری فەلسەیی ئیسلامیو گەشەکردنو وەستانی، وتویەتی سێ ژینگە هەیە کەکەلتوری فەلسەفی ئیسلامی گەشەی تێداکردوە. یەکەمیان ژینگەی ئەهلی کەلامی شیعەو سونەیە، وەکو موعتەزیلەو زەیدیەکان. دووەمیان ژینگەی فەلسەفی روتە، سێیەمیش ژینگەی تەسەوفە. " کە ئەم ژینگەیە توانی فەلسەفە بپارێزێ دوای ئەوەی خەڵك پشتیان تێکرد بەهۆی پەلاماری توندی دوژمنەکانی، بەم هۆیە سەردەمانێك فەلسەفە لەباوەشی تەسەوفدا ژیاوە، وەکو چۆن سەردەمێکیش لەباوەشی زانستی کەلامدا بوە."[٣] بەواتایەکیتر تەسەوفی ئیسلامی دوا مەنزڵی خۆحەشاردانی فەلسەفەیە (بەتایبەت لەسەدەی شەشو حەوتەوە)، وەکو چۆن کەلامی ئیسلامی (لەسەدەی یەكو دوو) دەست پێکی زەمینەسازی وەرگرتنی فەلسەفەیە. بەهۆی ئەو ئاشنایەتیو تێکەڵبونو ئاوێتەبونەی تەسەوفی ئیسلامیەوە بە فەلسەفە هەرلەسەرەتای دەرکەوتنی، هەروەها خەست بونەوەی ئەم پەیوەندیە قۆناغ بەقۆناغ، جاری وایە بەشێك لەکەسایەتیە سۆفیە گەورەکانی وەك ئیبن عەرەبی بەفەیلەسوف دەناسێنرێن تاعارف. لەوانە دکتۆر نەشار کە پێیوایە ئیبن عەرەبی بەهیچ شێوەیەك سۆفیەکی ئیسلامی نیە، بەڵکو فەیلەسوفە وەکو

---

٣ – في الفلسفة الاسلامية منهج وتطبيقه، الدكتور ابراهيم مدكور، دار المعارف بمصر، الطبعة الثالثة، ١٩٧٦، بەرگی یەکەم، ل٨/ ٩.

ئیبن سیناو هیچی تر.[٤] هەر بەم هۆیەشەوە هەبوە تەسەوفی ئیسلامی بەئاراستیەکی فەلسەفی بینیوە، لەوانە تەها حوسێن کە لەسەرەتای سەدەی رابردوو دەیوت" تەسەوفی ئیسلامی فۆرمێکی فەلسەفی ئیسلامیە."[٥] بەوپێیەی لەبەرگی دووەمی پرۆژەی خوێندنەوەی فکری تەسەوفی ئیسلامیدا (ئاین خۆشەویستی)و بەتایبەت لەبەشی (تەسەوفو فەلسەفە) بەدرێژی لەسەر ئەم پرسە وەستاوین، لێرەدا ئاوڕ لەرووداوێکی فکری گەورەی ئەم بوارە دەدەینەوە کە لەوێدا تەنها ئاماژەمان بۆکردوە. ئەویش دیداری سەرنج راکێش نێوان لوتکەی عیرفانو فەلسەفەی ئیسلامیە لەسەدەی حەوتی کۆچی، دیداری ئیبن عەرەبیو ئیبن روشد. کەدەشێ بەگەورەترین بەیەکگەشتنو دیالۆگی تەسەوفو فەلسەفە ئەژماربکرێ، بەوپێیە یەکیان لەو سەردەمە ژیاوە کە لوتکەی ئەبستمۆلۆژیای فەلسەفی یۆنانیو ئەرستۆیی لەناو کەلتوری ئیسلامیدا لە لوتکەدا بووە کە (ئیبن روشدە)و ئەویتریشیان کەمتر لەپەنجاساڵ دوای ئەم دیدارە بوە دوایین خاڵ کە لەتوانای سۆفیەکی موسڵماندابێ پێی بگات لەڕوی فکریەوە کە بێگومان ئەویش (ئیبن عەرەبیە). تاکە سەرچاوەیەك کە لەبەردەستدابێ لەڕوی مێژوییەوە کە بەیەکگەشتنی ئەم دوو کەسایەتیە گەورە بگێڕێتەوە، ئیبن عەرەبیو کتێبە هەرە گەورەکەیەتی، واتە (الفتوحات المکیە). بەپێی ئەم سەرچاوەیە ئیبن عەرەبی لەرۆژئاوای ئیسلامی، سێجار بەدیداری ئیبن روشد گەشتووە، جاری چوارەمیش (بێ ئەوەی ئەو ناوی ئیبن روشد بێنێ)، پێدەچێت هەر مەبەستی ئیبن روشد بوبێ. لەم چەند جارەشدا، کە لەڕوی رەمزیەوە بەیەکگەشتنی لوتکەی ئەو پەڕی عیرفانو فەلەسەفە لەناو کەلتوری فکری ئیسلامیدا، چەندین هێماو ئاماژەی گرنگی تێدایە کەدەشێ بکرێنە سەرچاوەیەکی سەرەکی تێگەشتنی سروشتی پەیوەندی فەلسەفەو تەسەوف لەژینگە ئیسلامی.

ئیبن عەرەبی کە دیداری جاری یەکەم دەگێڕێتەوە، هێشتا تەمەنی پانزەساڵانەیەو ئیبن روشدیش لەسەرو پەنجا ساڵەوەیە. هۆی ئەم یەکەم دیدارەش بریتیە لەبڵاوبونەوەی ناوبانگی ئیبن عەرەبی لەئەندەلوسو رۆژئاوای ئیسلامی بەزانستە ئیسلامیەکانو بەتایبەت تەئویلی قورئان. بۆیە (وەکو ئیبن عەرەبی دەگێڕێتەوە) ئیبن روشد داوای لەباوکی ئیبن عەرەبی کردبوو کە کوڕەکەی بنێرێتە لای تا گفتوگۆی لەگەڵدا بکاتو لێی

---

٤ – نشأة الفكر الفلسفي في الاسلام، الدكتور علي سامي النشار، دارالمعارف، القاهرة، چاپی نۆیەم، بەرگی سێ ، ل ٣٢.

٥ – ذكرى ابي علاء، الدكتور طه حسين، الطبعة الثانية، مكتبة الهلال، مصر، ١٩١٥، ل٨٩.

تێبگات. تابزانێ ئەو چۆن لەخەلوەت‌و تەنهایی ئەو زانستانە فێربوە، کە ئەم بەخوێندن‌و خوێندنەوەی زۆر پێی گەشتوە. کە پێدەچێت مەبەستی ئیبن روشد بەو زانستانە بریتی بوبێ لەتەئویل‌و لێکدانەوەی تایبەتی دەقە قورئانیەکان کە ئیبن عەرەبی لەهەرەتی لاوێتیدا پێی ناسرابوو. چونکە لەبیروباوەڕی ئاینی‌و فکری ئەو سەردەمانەدا هەمیشە راستیەکان لەناو بۆتەی دەقی پیرۆزدابوون، ئیشی یەکەمی گەڕۆکەکانی حەقیقەت ئەوە بووە بەڕێگای تەئویل‌و ڕامان‌و بیرکردنەوە لەدەقی پیرۆزدا پێیان بگەن. جیا لەوەش ئیبن روشد بایەخی زۆری بەتەئویلی قورئان داوەو تەئویلیش بۆخی رەگ‌و ریشەکانی تەئویلیش بەقوڵی دەچێتەوە سەر زانستی کەلام‌و فەلسەفەی ئیسلامی، راستەوخۆش پەیوەندی هەیە بەدنیابینی کەسی فەیلەسوف‌و روانگەی بۆ پەیوەندی فەلسەفەو ئاینەوە. ئیبن عەرەبی دەگێڕێتەوەو دەڵێ کاتێك گەیشتم بەئیبن روشد "پێی وتم: بەڵێ، منیش وتم: بەڵێ." ئەمە بوە هۆی ئەوەی ئیبن روشد دڵی خۆش بێت کە ئیبن عەرەبی تەنها بەیەك وشە لەمەبەستی گەیشتوەو هاوڕایەتی، بۆیە ئیبن عەرەبی دەڵێ "دوای ئەوە وتم نەخێر." بەوهۆیەشەوە ئیبن روشد دڵگران بوو، کە زانی من هاوڕای تەواوی ئەونیم. لە (بەڵێ)ی یەکەم ئیبن عەرەبی واتای ئەوەی پێ بەخشیوە کە بەڵێ ئێمەی سۆفیش وەکو ئێوە عەودالی حەقیقەت‌و راستیەکانین، بەڵێ کاری ئێمە فەلسەفەکاریی‌و وردبونەوەو تەئویلکردنی دەقی پیرۆزو بوونە. ئێمەش بڕوامان وایە حەقیقەت پێچاوپێچەو گەوهەری راستیەکان لەناو ئەشکەوتی تاریکدا شاردراونەتەوە، ئەوانە دەستیان پێی دەگات کە دەتوانن تەلیسمی کردنەوەی دەرگاکان بەراستی بخوێننەوەو بەسەر مارەکانی پارێزگاری لەو نهێنیانەدا زاڵ بن. (نەخێر)یش لەم پەرەگرافە یەکجار کورتەدا، کە هێشتا ئیبن روشد هیچی نەوتوە، واتە نەخێر ئێمە فەلسەفەکاریش بکەین، بەڵام فەیلەسوف نین. ئەقڵ تائەو شوێنە بەکاردێنین کەدەمانباتە رێگاکە، دوای ئەوە خۆمان رادەستی ڕێگاکە دەکەین‌و رۆڵی ئەقڵیش کۆتایی دێت. چونکە ئەقڵ کە بزوێنەری فەلسەفەو روحەکەیەتی، ئەوەندە ئیشمان پێیەتی تادەمانگەیەنێ، کە گەیشتین لێی دوور دەکەوینەوە. وەکو پەیژەیەك کە تەنها بۆ چونەسەرو بەرزای بەکاربهێنرێ، برینی پلکانەیەك پێویستە بۆ بەرزبونەوە، بەڵام بۆئەوەی ببیڕی‌و بەرزببیەوە دەبێ جێی بێڵی. هەروەکو خۆی لەفتوحاتداو لەبۆنەیەکی تردا وتویەتی "ئەقڵ روناکیەکی هەیە (بەهۆیەوە) شتی تایبەتی پێ دەزانرێ."[٦] واتە تا ئەقڵ لەبواری خۆیدا بەکاربهێنرێ

٦- الفتوحات المكية، تحقيق وتقديم ، د. عثمان يحى، المجلس الاعلى للثقافة بالتعاون مع معهد الدراسات العليا

روناكیه، بەپێچەوانەوە كاتێك سنوری خۆی دەبەزێنێ، لەبری روناككردنەوە، تاریكایی زیاددەكات. ئەو بوارە تایبەتەش دنیای بینراوەز بەشە دیارەكەی بوونە. بەڵام كاتێك هەوڵدەدرێ بەئەقڵ بیر لەخواناسی بكرێتەوە، وەكو فەیلەسوفەكان، كاتێك ئەقڵ وەكو چرایەك بۆ كەشفی عالەمی غەیب بەكاردەهێنرێ، ئەوكاتە لەبری وزەی رۆشن كردنەوە خۆی دەبێتە پەردەیەكی تری بەردەم حەقیقەت. چونكە حەقیقەتی حەقیقەتەكان لە ناشوێنە، لەو جێیەیە كە ئەقڵ توانای پێناشكێ‌و پێی ناگات. ئەوەش ئەو بوارەیە كە سۆفیەكان بەگشتی‌و غەزالی‌و پێش ئەویش عەینی قوزاتی هەمەدانی زۆر بەكاریان دێناو پشتیان پێ دەبەست، واتە (قۆناغی دوای قۆناغی ئەقڵ، یان سەرو ئەقڵ). قۆناغێك كەئەقڵ لەوەدەكەوێ بتوانێ شتەكان روناك بكاتەوە، لەوێدا ئەقڵ خۆی لەبكەرەوە دەبێتە بەركار، لەبری ئەوەی پەیژەی گەشتنی تەواوەتی بێ بەحەقیقەتی شتەكان، دەبێتە پلكانەو پلەیەك بۆ بەرزبونەوە لەناو كۆی پەیژەكەدا. بەگەڕانەوە بۆ دیداری ئیبن عەرەبی بە ئیبن روشد، باشتر ئەم پەیوەندیە لەنێوان ئەقڵ‌و روحانیەت، فەلسەفەو تەسەوف دەبینینەوە. دوای ئەم دەربڕینەی ئیبن عەرەبی، ئیبن روشدی فەیلەسوف دەكەوێتە قسەكردن. ئیبن روشد رووی پرسیاری كردە ئیبن عەرەبی‌و پرسیاری ئەوەی لێكرد كە ئایا میتۆدی ئێوە كە كەشف‌و زەوقە دەتان گەیەنێت بەهەمان نەتیجەی مەعریفی ئێمە كە رامان‌و بیركردنەوەیە؟ لەوەڵامدا بەپێی گێڕانەوەكەی ئیبن عەرەبی ئەو وەڵامی داوەتەوە "بەڵێ نەخێر، لەنێوان بەڵێ‌و نەخێریش روحەكان لەشوێنەكانیان دەفڕن‌و گەردنەكانیش لەجەستەكانیان جیادەبنەوە." مەبەستیش بەم دەربڕینەی دوایی، ئەوەیە بڵێ كە بۆشایی نێوان بەڵێ‌و نەخێری نزیكی‌و دووری میتۆدی عیرفان‌و فەلسەفە، بەئەندازەی بۆشایی نێوان مردن‌و ژیانە، سەرباری ئەوەش ئەم میتۆدە نەبەڵێیەو نەنەخێر، هەردووكیانە! دوای ئەم دیدارە بەماوەیەك بۆ جاری دووەم ئیبن عەرەبی هەوڵ دەدات ئیبن روشد ببینێتەوە، بەڵام ئەمجارەیان وەكو ئیبن عەرەبی خۆی دەڵێ بەهۆی ئەوەی ئیبن روشد لەناخی خۆیدا نەیدەویست ئەو ببینێ، بۆیە پەردەیەك لەدنیای غەیبەوە كەوتە نێوانیان. سەرەنجام ئیبن روشد ئەمی نەبینی‌و سەرقاڵی كارەكانی خۆی بوو، لەكاتێكدا ئیبن عەرەبی سەیری ئەوی دەكردو بەرامبەری وەستابوو!! ئەم گێڕانەوەیەی دیداری دووەم لەسەر زمانی ئیبن عەرەبی، بەڕونی دەرخەری نیگەرانی ئیبن روشدە تائەوەی نەیویستووە ببینێ، بەپێچەوانەی جاری یەكەمەوە كە لەسەر داوای

---

بالسوربون، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٥، ، بةرطي يةك، ل ٢٠٣.

خۆی بینیویەتی. بەواتایەکی تر ئاسودەنەبونی ئیبن روشد بەدیداری یەکەم، وایکردوە پەردەیەك بکەوێتەنێوانیان. چونکە سروشتی ئەقلانی فەلسەفەی ئیبن روشد وابوە کە هەموو شتێك بخاتەژێر رکێفی زانستی خۆیەوە. بەپێچەوانەوە دیدگاو میتۆدو روانگەیەك نەکەوتبا ژێر ئەو لۆژیکەوە، ئەوا بەنادیدگاو نامیتۆدو ناروانگە وێنای کردوە، وەکو ئەوەی هەرنەبن. بەم هۆیەوە سەرباری بەیەکگەشتنی ئیبن عەرەبی بە ئیبن روشد بۆ جاری دووەم، بەڵام بەهۆی زانینی ئەم هەستە لەلایەن ئیبن عەرەبییەوە لەرێگای کەشفو روحانیەتەوە، ئیتر ئەویش نەیویستووە خۆی نیشانبدات. جاری سێیەمو کۆتا جاریش ساڵی ٥٩٥ی کۆچی بوە لەمەراکیش، ئەوکاتەی ئیبن روشد لەناو تابوتێکەوە بوو بەسەر وڵاخێکەوە بەرەو گۆڕەکەی دەبرا لەقورتوبە، کە نیوەی بارەکە لاشەکەی ئیبن روشد بوو نیوەکەی تری باری کتێبەکانی بوو. لەوکاتەدا ئیبن عەرەبی دەڵێ دوو هاوڕێی خۆم لەگەڵ بوون، یەکیان وتی "سەیری بارە هاوسەنگەکەی ئیمام ئیبن روشد بکەن بەسەر وڵاخەکەوە، ئەمە ئیمامەکەیەو ئەوەش کتێبەکانی". ئەوجار هاورێکەی تری وەڵامی دایەوەو ئەویش وتی "دەم خۆشو راست دەکەی، مەرگی ئەو بۆمن ئامۆژگاریو بیرهاتنەوەیە." ئیبن عەرەبی دەڵێ، خوا لەهەرسێکیان خۆش بێت (واتە ئیبن روشدو دوو هاورێکەی) لەوان کەس نەماوەتەوە ئێستا من نەبێ،(چونکە نزیکەی سی ساڵ دوای ئەم رِوداوە ئەوجار نوسیویەتیەوە). دوای ئەوە دەڵێ منیش بەشیعر لەوکاتە وتم "ئەوە ئیمامو ئەوەش کارەکانی/خۆزگە دەمزانی ئایا گەشت بەهیواکانی."[٧] لەم گێرانەوە دراماتیکیو سەرنج راکێشە بۆدیداری ئەم دوو کەسایەتیە گەورەی فکری ئیسلامی، کەیەکیان لەلوتکەی ئەقلانیەتو میتۆدی ئەرستۆییو بەڵگاندنی ئەقلانیەو ئەویتریان لە لوتکەی مەعریفە عیرفانیو روحانیەتو کەشفیە، چەندین دەلالەتو ئامازەو پەیامی گەورەی تێدایە. کە لەکۆی گشتیاندا بریتین لەخاڵەکانی بەیەکگەشتنو جیابونەوەی میتۆدی عیرفانیو فەلسەفی. بەڵام بەیەك گەشتنی ئەم دوو ئاراستەیە لای ئیبن عەرەبی، بەیەك شێوەو یەك دیودا نییە، بەڵکو خۆی وتەنی (بەڵێ نەخێر)ە. بۆیە روانگەی عیرفانی ئیبن عەرەبی هەم فەلسەفیە، هەم ئەنتی فەلسەفە، هەم عیرفانیەو هەمیش مەنتقی، هەم ئەقلانیەو هەمیش روحانیو غەیبی. بەپێچەوانەی غەزالییەوە (نمونە گەورەکەی تەسەوف پێش ئیبن عەرەبی)، کە ئەنتی فەلسەفی بونی گەشتبوە ئاستی تەکفیری فەیلەسوفانی ئیسلامی. وەکو چۆن لێکدانەوەکانی ئەوپەڕی ناوەکیو

٧ - الفتوحات المکیە: بەرگی دووەم: ل ٣٧٢ بۆ ل ٣٧٤.

گنوسیزمە، بەدیوەکەی تریشیاندا لەئاستی ئەرگۆمێنتو بەڵگاندندا فەلسەفیو بورهانیە. لەم گێڕانەوەیەشدا بەڕونی خولیای فکری ئیبن عەرەبی بەعیرفانو فەلسەفەش دەبینینەوە، کە لەمنداڵیەوە خولیای بڕێکی زۆر لەپرسیاری گەورەو قوڵی فکریو فەلسەفیو ئاینی بوەو تێکەڵ بووە بەم جیهانە فکریە. بۆیە دیداری ئیبن عەرەبیو ئیبن روشد لەگەڵ خۆیدا کۆی ئەو ئاماژانەی هەڵگرتوە کە دواتر دەبێتە هۆی دورکەوتنەوە لەزێدی خۆیو دەستکردنی بەگەڕان بەدوای مەعریفەو پرسیارو وەڵامە قوڵەکانی خواناسیو عیرفانی.

جگە لەم سێ جارەی ئیبن عەرەبی باسی کردوە لەدیداری بەئیبن روشد، لەشوێنێکی تردا ئاماژەی بۆ دیداری ئیبن روشد کردۆتەوە، یان راستر وایە دەشێ مەبەستی ئیبن روشد بێت کاتێك باسی دیداری فەیلەسوفێکی خواناس دەکات. بەڵام لەبەر گرنگی ئەم گێڕانەوەو پەیوەندی راستەوخۆی بەپرسی (فەیلەسوف یان عارف)، واپێویست دەکات بەدرێژی گوێ لەئیبن عەرەبی لەکتێبی فتوحات، بەرگی پێنج، بەشی شەستو شەش بگرین. لەوێداو لەسەرەتادا باسی ئەوەدەکات کە دەرکەوتنی فەلسەفە لەبنچینەدا بەهۆی نەبونی پێغەمبەرانو وەلیەکانەوە بووە، لەئەنجامدا مرۆڤەکان لەڕێی ئەقڵەوە ویستویانە خۆیانو دنیا بناسن، ئەم هەوڵەش بردونی بەرەو ناسینی نەفس. چونکە وەك خۆی دەڵێ مردن مرۆڤەکانی فێری ئەوە کردوە کەجەستە گرنگ نیەو مردنیش بەڵگەی بونی بزوێنەرێکی جەستەیە، بۆیە نەفسیان لەڕێی ئەقڵەوە دۆزیوەتەوە. ئەوەش وایلێکردون بەدوای سەرچاوەی نەفسدا بگەڕێن، تاگەشتون بەبڕوابون بەخوا، کەبزوێنەری یەکەمەو بون بۆ ئەو دەگەڕێنەوە، تاكو تەنهایەو هاوشێوەی نییە. بەم هۆیەشەوە ئەوانە (واتە فەیلەسوفەکان) لەڕێی ئەقڵەوە گەیشتن بەجۆرێك لەیەکتایی (توحید)، کەئەو ناوی دەنێ بە "یەکتایی بوون: توحید وجود"[8] واتە گەشتن بەبوونی یەك خوا کە سەرچاوەی بوونو بەردەوامیەتی. ئەوجار لەناو ئەمانە کەسێك کەپێشتر بەزانستی ئەقڵو بەو رۆشنیرییە نەناسرابوو، دەرکەوتو وتی من پێغەمبەرم، ئەوانیش لەڕێی ئەقڵەوە باوەڕیان بەوەکرد کەدەشێ ئەو خوایەی پێشتر بەئەقڵ دۆزیبویانەوە، زانستو مەعریفەی راستەقینە لەڕێی کەسێکەوە بنێرێ، بۆیە وتیان کوا بەڵگەکانت لەسەر ئەوەی تۆ پێغەمبەری ئەو خوایەی کە ئێمە پێشتر لەڕێی ئەقڵەوە بڕوامان بەبوونی کردبوو. ئەویش بەڵگەکانی خۆی نیشاندانو بۆی سەلماندنن کە ئەو راستگۆیە. بەم هۆیەوە ئەوانە بڕوایان

٨ - الفتوحات المكیه، بەرگی پێنجەم، ل ١٠٠.

بەو کەسەکرد کەئەو خاوەنی مەعریفەیەکەو سەرچاوەکەی فەیزی خواییە کە بۆ "ئەو دیو(سەرو) ئەقڵ" دەگەڕێتەوە، بۆیە بڕوایان پێیکردو شوێنی کەوتن. چونکە ئەقڵی ئەوان سنورێکی هەیە، بۆ بڕینی ئەم سنورەو گەشتن بەدەریای بێ کۆتایی مەعریفە، پێویستیان بەئیمانە. بەواتایەکیتر ئەقڵ دەتگەیەنێتە بڕوابوون بەخوا، بەڵام لەڕێی ئەقڵەوە ناتوانی بگەی بەچیەتیو سیفەتو ناوەکانی خوا، ئەقڵ ڕێگایەك نیە بۆ کەشفکردنی دنیای نادیارو تێگەیشتن لەراستی راستیەکان، دۆزینەوەی نهێینەکانو گەیشتن بەزانستی خوایی. بەئەقڵ بەهەشتو دۆزەخ، نهێینەکانی روحو ئاسمانەکان نادۆزیەوە. سەرچاوەی ئەمانە خوایە لەڕێی پێغەمبەرانیەوە. ئەوە لەسەر بڕوابوون وەستاوە، کەواتە بڕوا گەرچی بنچینەیەکی ئەقڵی هەیە، بەڵام لەدرێژبونەوەی خۆیدا ئەقلانی نییە. بۆیە هاتنی پێغەمبەران لەبنچینەدا بۆ دوو شت بوو ( وەك خۆی دەڵێ) یەکیان "چاکەی دنیاو زانینی ئەوەی لەبارەی خواوە نەزانراوبووە". واتە ئەو بەشەی لەخواناسی کە ئەقڵ لەڕێی فکرەوە قبوڵی ناکات، واتە ئەقڵ لەڕێی نەزەرەوە پێی ناگات. ئەوەش ئەو زانستەیە کە پێغەمبەران هێناویانەو کتێبە ئاسمانیەکانیش وتویانە. سەرەنجام "ئاقڵەکان زانیان کە کەموکوڕی زانستی ئەوان بەخوا شتێکە، پێغەمبەران تەکمیلەیان کرد".[9] دوای ئەوە دەڵێ "مەبەستم بەئاقڵەکان موتەکەلیمەکانی ئەمڕۆنیە کە قسە لەحیکمە (فەلسەفە)دا دەکەن، بەڵکو مەبەستم بەئاقڵەکان ئەوانەن کە لەسەر ڕێبازی ئەوان بوون، واتە ڕێگای پێغەمبەران." ئەوانەی سەرقاڵی وەرزشی روحانیو گۆشەگیریو خۆپاکردنەوەو جڵەوکردنی نەفسی خۆیانن، ئەوانەی دڵیان پاکدەکەنەوە تا لەئاسمانەوە زانستی خواییان بۆ بێت. ئەوەش بەپێچەوانەی ئەهلی کەلامی ئێستاوە، کە لەبڕی سەرقاڵبون بەخۆیان، سەرقاڵی جەدەلو موناقەشەن. ئەمانەی ئێستا زاراوەو وشەکانی ئەوانەی پێشوو بەکاردێنن، بەڵام بەڕێگایەکی هەڵەو پێچەوانە. ئەوجار ئیبن عەرەبی باسی ئەوەدەکات کەئەو لەژیانی خۆیدا کەسانێکی بینیوە لەشوێنکەوتوی فەیلەسوفەکانی پێشین بووە، ئەوانەی سەرباری سەرقاڵبونیان بەکاروباری ئەقڵیو بڕوابونیان بەتواناکانی ئەقڵ، بەڵام بڕوای پتەویان بەپێغەمبەران هەبوەو شوێن کەوتوی شەریعەت بوون. هەروەها ئەوانە بڕوایان بەزانستی شوێنکەوتوانی راستەقینەی پێغەمبەران هەبوە کە وەلیەکانن. بڕوایان بەو زانستە هەبووە کە وەلیەکان هەیانە کە "ناسینی خوایە لەڕێی فەیزی خوایی تایبەتەوە، کە لەدەرەوەی فێربونی باوەوەیە، لەوانە

٩- هەمان سەرچاوەو بەرگ، ل ١٠٣.

خوێندنو هەوڵدان، کە ئەقڵ لەڕێی فکرەوە پێی ناگات".[١٠] ئەوجار چیرۆکێك دەگێڕێتەوە لەبارەی یەکێك لەو کەسانەوە کەپێدەچێ مەبەستی ئیبن روشد بێ‌و دەڵێ " گوێم لەیەکێك لەگەورەکانیان بوو (واتە گەورەی شوێن کەوتوانی فەیلەسوفە ئاقڵەکان)، دوای ئەوەی زانی کەخوای گەورە چ زانستێکی لەبارەی خۆیەوە پێ بەخشیوم، بەبێ بیرکردنەوەو بێ خوێندنەوە، بەڵکو لەڕێگای خەلوەیەکەوە کە لەگەڵ خوا خەڵوەتم کردبوو، (ئەوکەسە دوای ئەوەی زانی) وتی: سوپاس بۆ ئەوخوایەی کەمن لەسەردەمێکدا دەژیم کەسێکم تێداب ینی (من اتاه رحمه من عنده وعلمه من لدنه علما)".[١١]

وتمان تاکە سەرچاوەی گێڕانەوەی ئەم دیدارە، ئیبن عەرەبیە. هەرچی ئیبن روشدە لەهیچ شوێنێکدا باسی ئەو دیدارەو بگرە ئیبن عەرەبیشی نەکردوە، بەڵام ئیبن روشد هەڵوێستی سلبی لەبەرامبەر مەعریفەی سۆفیانە نەبووە کەکەشفی‌و زانستی نهێنیە لەدونیا. واتە مەعریفەیەکە ناوەکی‌و پشت بەوزەی روحانی دەبەستێ‌و سەرچاوەکەی دڵێکی پاکە. نەك مەعریفەیەك کە سەرچاوەکەی ئەقڵ‌و رامانی ئەقلانی‌و لۆژیك بێ. ئەم سەرباری ئەوەی لوتکەی فەلسەفەی ئەقلانی عەرەبی‌و ئەرستۆیی بووە، بەڵام بڕواشی بەوە بووەکە دەشێ مرۆڤ لەڕێی کەشفەوە بەمەعریفەو یەقین بگاتو بڕوای بەمەعریفەی سۆفیانە هەبووە. ڕەخنەیەك کە ئەو هەیەتی لەو ڕێبازە پەیوەندی بەماهیەتو سروشتو راستی مەعریفەکەیەوە نییە، بەڵکو تەنها لەو ڕوەوە تێبینی لەسەر مەعریفەی سۆفیانە هەیە، کە زانستێکە تایبەتە بەکەسانی تایبەتو هەموو کەسێك بەحوکمی مرۆڤ بونی پێی ناگات. بەپێچەوانەی فەلسەفەوە کە لەسەر ئەقڵ وەستاوەو ئەقڵیش سیفەتێکی گشتیە. ئیبن روشد لەچوارچێوەی خستنەڕویی ڕەخنەکانی لەبارەی میتۆدی مەعریفی گروپە ئیسلامیەکان، بەتایبەت ئەبستمۆلۆژیای ئەشعەری‌و موعتەزیلی، باسی مەعریفەی سۆفیەکانیش دەکاتو بەپەرەگرافێکی کورت، لەم بارەیەوە دەڵێ" هەرچی سۆفیەکانن، ئەوا ڕێبازەکانی ئەوان لەبارەی فکرەوە ڕێبازێکی فکری نییە، مەبەستم ئەوەیە (ڕێبازی ئەوان پێك نایە) لەپێشەکی‌و گونجاویی (یەکێتی بابەتو تەبایی‌و گونجاوی ناوەکی: انیسیە). بەڵکو ئەمانە بانگەشەی ئەوەدەکەن کەمەعریفە بەخواو

١٠ - هەمان سەرچاوەو بەرگ، ل ١٠٥.

١١- هەمان سەرچاوەو لاپەڕە. ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئایەتی ژمارە شەست و پێنجی سورەتی (الکهف)، لەکاتی گێڕانەوەی چیرۆکی خدری زیندەو موسا، وەك ئەوەی ئەم فەیلەسوفە (کەگومان دەکرێ ئیبن روشد بێت) زانای زانستی ئاشکراو روکەش بوە، ئیبن عەرەبیش زانای ناوەکی و لەدونی و نهێنی بوە، بۆیە ئیبن روشد سوپاسی خواوەندی کردوە کەئەم لەسەردەمێکدا ژیاوە کەکەسێکی شوێن کەوتوی خدری زیندەی تێدایە.

بەغەیری ئەویش لە هەبووەکان، شتێکە دەکەوێتە دڵەوە لەکاتی دابڕینی لەخواستە شەهوانیەکانو روکردنی بەفکر بۆلای داواکراو (واتە خوا)، ئێمەش دەڵێین: ئەو ڕێبازە (واتە ڕێبازی کەشف) سەرباری ئەوەی کە دان بەبونی دادەنێین، بەڵام گشتی نیە بۆ هەموو مرۆڤێك، بەو پێیەی مرۆڤە".[١٢] چونکە بونی ئەو زانستە تایبەتە تەنها بەکەسانی تایبەت ( وەلیەکان)، ڕێبازێك کە گشتیە هی ئەهلی نەزەرو فکرە، چونکە پشت بەئەقڵ دەبەستێ کە گشتیەو هەمووان هەیانە. بەگەڕانەوە بۆ هەڵوێستی سلبی ئیبن عەرەبی لەفەلسەفە، دەتوانین بڵێین ئەم هەڵوێستە یەکسان نیە بەتەکفیرکردنی فەلسەفەو فەیلەسوفەکان وەك غەزالی. بەپێچەوانەوە زۆرجار دەشێ دەربڕینو زمانی ئەم دوو گروپە بەیەك بگەنو بگەنە یەك ئەنجام سەرباری جیاوازی قوڵی میتۆدەکانیش. بۆیە لەبەشی یەکەمی کتێبی فتوحات، ئامۆژگاری ئەوکەسانەدەکات کە لەزانستی تەسەوف دەکۆڵنەوە، کاتێك قسەیەکی وەلیەك دەدۆزنەوە کە هاوشێوەی فەیلەسوفێکە، وابزانن ئەوکەسە سۆفی نییەو فەیلەسوفە. چونکە قسەکەیان بەیەکدەچێ "لەبەر ئەوەی فەیلەسوفێك باسی ئەو شتەی کردوەو رایگەیاندوەو بڕوای پێی بوەو ئەویش (واتە سۆفیەکە) لەوانی گواستۆتەوەو بۆیە ئەو (واتە سۆفیەکە) ئاینی نییە، چونکە فەیلەسوفەکە وتویەتیو ئەویش ئاینی نییە".[١٣] ئەوە "قسەی کەسێکە کەهیچ نەزانێ، چونکە فەیلەسوف هەموو کارەکەی هەڵەنیە. دەشێ ئەو پرسەی کەلایەتی لەخواوە بێ. بەتایبەت کەزانیمان پیغەمبەریش وای وتووە. بەتایبەت لەوحیکمەتانەی دایانناوەو خۆبەدرووگرتن لەشەهوەتو فرتو فێڵەکانی نەفس، بۆیە ئەگەر راستیەکانمان نەزانی، ئەوا پێویستە قسەی فەیلەسوفەکە وەکو راستیەك بسەلمێنین (بڕوای پێ بکەین) لەو پرسە تایبەتە". لەوەڵامی ئەو گومانەش کەگوایە بەهۆی ئەوەی فەیلەسوفەکان ئاینیان نیە، بۆیە نابێ قسەیان وەربگیرێ، دەڵێ " ئەوەی کە ئاینی نیە بەڵگە نییە هەرچی لایەتی هەڵەیە. ئەوەش بەئەقڵێکی سەرەتایی دەزانرێ، لای هەرکەسێك کەئەقڵی هەبێ".[١٤] لەکۆی گشتی ئەم بۆچونانەشدا، بەڕونی دیارە کە هەڵوێستی ئیبن عەرەبی کەدواجار رەنگدانەوەشی هەبووە لەسەر فکرو بیروباوەڕەکانی، هەڵوێستێکی تێکەڵە لە بەڵێو نەخێر. بەڕووێکدا لاهوتیەو پشت کردنە فەلسەفەیە، بەڕووێکی تردا فەلسەفیەو

١٢- مناهج الادلة في عقائد الملة، ابن رشد، تحقيق و تقديم، دكتور محمود قاسم، مكتبة انجلو المصرية، ١٩٦٤، الطبعة الثانية، ١٤٩.
١٣ - فتوحات، بەرگی یەك، ل ١٤٥.
١٤ - هەمان سەرچاوەو بەرگ، ل ١٤٦.

شیكردنەوەی فەلسەفیە. رێك ئەوەیە كە نیكڵسۆن لەبارەی تەسەوفەوە دەیوت (نە لاهوتەو نە فەلسەفە)، بەڵكو هەردووكیانە. بۆیە ئیبن عەرەبی وەكو چۆن لوتكەی ئەبستمۆلۆژیای عیرفانیە، لەهەمانكاتدا لوتكەی ئاوێتەبونی فەلسەفەو عیرفانیشە. ئەوپەڕی تێكەڵبونی ئەم دووانەیە تائاستی ئەوەی كە هەیە ئیبن عەرەبی بەفەیلەسوف ناساندوەو زۆرینەش بەعارف. رەنگە جوانترینو راسترین دەربڕین لەبارەی ئیبن عەرەبی، فەیلەسوف بووە یان سۆفی ئەوەبێ كە "عەفیفەدینی تەلمسانی" قوتابی خۆی وتویەتی. تەلمسانی كە بۆ ماوەی چەند ساڵێك قوتابیو موریدی راستەوخۆی ئیبن عەرەبی بووە، دوای مەرگیشی بووە قوتابی سەدرەدینی قۆنەوی، كە ئەویش گەورەترین قوتابیو شاریحی ئیبن عەرەبیو نزیكترین كەسو كوڕی روحانی ئەو بووە. تەلمسانی لەكاتی بەراوردكردنی هەردووك مامۆستاو شێخە كۆنو تازەكەی (واتە ئیبن عەرەبیو قۆنەوی) وتویەتی " شێخە كۆنەكەم (ئیبن عەرەبی) وەرزشەوانێكی فەیلەسوف بوو، ئەوەی تریان (واتە قۆنەویە) فەیلەسوفێكی وەرزشەوان بوو."[(١٥)] هەردووكیشیان لوتكەی گەشەكردنی تەسەوفی فەلسەفی بوون لەناو شارستانیەتی ئیسلامیدا. وەرزشەوانیش لەم سیاقە، بێگومان مەبەستی وەرزشی روحیو خەڵوەتو بڕینی مەقامەكانو راهێنانی نەفسە لەسەر تەریقەتی خواپەرستیو كەشف.

## ئەقڵ یان دڵ

بۆ تێگەیشتنی زیاتری هەڵوێستی راستەقینەی ئیبن عەرەبی لەفەیلەسوفەكانو فەلسەفە، دەبێ لەروانگەی ئەمەوە بۆ ئەقڵ دەست پێبكەین. ئەقڵ لای ئەهلی ئەقڵ (فەیلەسوف بوو بێ یان ئەهلی كەلام)، بەگشتی ئەو چرایەیە كە بەهۆیەوە دەتوانین راستیەكانی پێ ببینین، چ راستیەكانی بوونو سروشت (فەیلەسوف)، یان راستیەكانی ناو دەقی پیرۆز (ئەهلی كەلام). ئەقڵ هێزێكی یەكلاكەرەوەو كۆتاییە، ئەوەی ئەو پەسەندی بكات پەسەندەو ئەوەشی پەسەندی نەكات هەتا ئەگەر دەقی قورئانیش بێ، دەبێ تەئیویل بكرێو واتاكەی بەباڵای ئەقڵ بگونجێنرێ. لەم روانگەیەوە ئەقڵ خاوەنی دواقسەیە. لەكتێبی یەكەم (فەلسەفەی ئیسلامی دەركەوتن تا كەوتن) بەدرێژی لەسەر پێگەو دەركەوتنو گەشەكردنی رەوتی ئەقلانیەت لەناو شارستانیەتو كەلتوری

---

١٥- شرح فصوص الحكم، للشيخ الاكبر محي الدين ابن عربي، عفيف الدين سليمان بن علي التلمساني، ل ٨.

ئیسلامی بەتایبەت لەسەدەی سێو چواری کۆچیەوە وەستاین، تادواجار پوکانەوەو کۆتایی پێهێنانی بەدەستی فەتواکانی تەکفیری فەقیهەکانو لەژێرزەبری دەسەڵاتداران لەسەدەی پێنجەوە بۆ سەدەی هەشت بخۆیەوە بینی. ئەوەی لێرە دەمانەوێ بەکورتی لەسەری بوەستین، بریتیە لەروانگەی ئیبن عەرەبی بۆ رۆڵی ئەقڵو پێگەی ئەقڵ لەدنیابینی ئەودا. چونکە وەکو وتمان تێگەشتن لەم راستیە دەروازەیەکی گرنگە بۆ تێگەشتن لەکۆی دنیابینی ئەم کەسایەتیە. یەکەمین راستیش ئەوەیە کە ئیبن عەرەبی (وەکو بینیشمان) سەرباری ئەوەی وەك هەر سۆفیەكو عارفێك هەڵوێستێکی سلبی لەبەرامبەر تواناو هێزی ئەقڵدا هەیە بۆ تێگەیشتن لەراستیەکان، بەڵام هیچ کات ئەم هەڵوێستە فیقهی نیە. لەگۆشەنیگای تەکفیرو تەحریمی فەلسەفەوە نیە وەکو چۆن غەزالی هاورەوتی سۆفیانەی هەیبووە. بەپێچەوانەوە ئەم بەجۆرێك لەرێزو پێزانینەوەو وەکو باڵاترین چالاکی ئەقڵ لەو سەردەمەدا سەیری فەلسەفەکاری کردووە. خاڵی سەرەکی لەناکۆکی ئەو لەگەڵ فەلسەفە پەیوەندی بەئەركو رۆڵی ئەقڵەوە هەیە لە دۆزینەوەی راستیەکان. ئەوەش لانیکەم لەدوو گۆشەنیگاوە: یەکەمیان ئەوەیە ئەو پێیوایە ئەقڵ تائەو شوێنە راستەو توانای هەیە کە دەمانباتە سەر رێگای عیرفان. چرایەکە بەهۆیەوە دەتوانین لەناو سەدان رێگاو رێچکەی تاریکی تردا رێگا روناکەکەی پێبدۆزینەوە. کە گەیشتیشین بەرێگا رۆشنەکە، چرایەکە دەبێتە بار بەسەرمانەوە. بۆیە کاروانچیەك بیەوێ بەم رێگایەدا بەباشی گوزەربکات، دەبێ باری خۆی سوکبکاو ئەقڵ جێبێڵێ. دووەمیش ئەوەیە کە ئاینو بیروباوەڕی ئاینی پەیوەندی بەدنیای غەیبەوە هەیە، شتێکە دەکەوێتە ئەودیو سنوری توانای ئەقڵەوە. بۆیە بۆ تێگەشتن لەراستە نادیارەکان، پێویستمان بەتێپەڕاندنی ئەقڵ هەیە. چونکە لەو شوێنە ئەقڵ لەبری ئەوەی چرایەك بێت بۆ رۆشن کردنەوە، خۆی دەبێتە پەردەیەکیتر بەڕووی راستیدا. کەواتە بۆ ئەوەی ئیمانداری راستەقینەبی بەدنیای غەیبو روحانیەتو ناو سیفەتەکانی خوا، دەبێ یەکەمین شت کە گەیشتی بەدەروازەی ئەم شوێنە دەست بەرداری ئەقڵ ببیو خۆت رادەستی دڵت بکەی. نزیك لەم واتایە ئەو وتویەتی "ئەقڵ نورێکی هەیە بەهۆیەوە شتی تایبەتی پێ دەرك دەکەی، ئیمانیش نورێکی هەیە بەهۆیەوە هەمو شتێك دەرك دەکەی، ئەگەر رێگریەك بونی نەبێ. بەنوری ئەقڵ دەگەی بە مەعریفەی خوایی (المعرفە الالوهیە)و چیش بۆی واجبەو موستەحیلە، چیش دەکرێ بۆیو موستەحیل نیە. بەنوری ئیمانیش ئەقڵ ئیدراکی مەعریفەی زات دەکا، ئەوە سیفەتانەش کە خواوەند خستویەتە

پاڵ خۆی".[١٦] یان وتویەتی "ئەقڵ نورێکی هەیەو ئیمانیش نورێکی هەیە، نوری ئەقڵ دەگاتە ناسینی بونی خوای گەورە، هەروەها ئەوەش کە بەتوانایە، بیسەرەو زانایەو هەموو ئەوانەی تریش کەپێداویستی خوایەتین‌و دەشێ هەبن‌و نابێ هەبن (واتە هەموو ئەو سیفەتانەیتر، کە دەبێ لەخوایەتی خوادا بونیان هەبێ‌و ئەوانەشی کە لەخوایەتی خوا ناوەشێنەوە، واتە سیفەتە ئیجابیەکان وەکو تەکەبورو سیفەتە سلیبەکان وەکو بەخیلی)، بەنوری ئیمانیش خودی زاتی خوا دەناسرێ. ئەو سیفەتانەشی کەخۆی پێناساندوە ئەوانەی کە سەردەکێشن بۆ تەشبیە و تەنزیە (وەکو دەست‌و چاو)، ئەوانە (واتە ئەو سیفەتانە) بەبینین وەردەگرێ. ئەوەش پلەی پێغەمبەران‌و وەلیەکانە".[١٧] کە قۆناغی دوای ئەقڵە. ئەم نورەی ئەقڵ بەشێکی بۆماوەییەو پەیوەندی بە مرۆڤ بونی مرۆڤەوە هەیە، سروشتیەو هەمو کەسێك هەیەتی، کەدەشێ مرۆڤ لەرێی فێربونەوە گەورەی بکات‌و برەوی پێبدات. وەکو چۆن لەنامەیەکی ترو لەشوێنێکی تردا وتویەتی "ئەقڵی غەریزی وەك چرا وایەو هی موکتەسەبیش وەك رۆن، کۆمەکی دەکات".[١٨] بەم هۆیەوە "ئەقڵەکان تەنها دەتوانن دەرەکی هەندێك لەماهیەتی بونەوەرەکان بکەن"[١٩] ئەم توانایەش، بەشێکی پەیوەندی بەخودی ئەقڵ خۆیەوە هەیە، بەوپێیەی ئەقڵەو غەریزیە. بەشەکەی تریشی پەیوەندی بەقۆناغەکانی ئەقڵەوە هەیە، بەگەشەکردن‌و گەورەبوون‌و دواجار پوکانەوەشی. "خواوەند ئەقڵی لەپلە (منزلە)ی مانگ داناوە، لەفەلەکی ئاسمان دەدرەوشێتەوە جاری وایە زیاددەکاو جاری واشە کەم دەکات (واتە درەوشانەوەی)، سەرەتاکەی بچوکە کە هیلالە، وەکو دەستپێکردنی ئەقڵی منداڵ بە بچووکی، ئەوجار زیاددەکات وەکو گەورەبونی مانگ شەوی تەواوبونی (لیلە تمامە)، ئەوجار دەست دەکاتەوە بەکەمبونەوە (بچوکبونەوە)"[٢٠] ئەوەش بەگەیشتنە تەمەنی چل ساڵی‌و تا

---

١٦ - فتوحات، بەرگی یەك، ل ٢٠٣ .

١٧- كتاب المسائل، رسائل ابن عربي، الشيخ الاكبر محي الدين محمد بن علي بن محمد بن احمد ابن عربي الحاتمي الطائي، وضع حواشيه، محمد عبدالكريم النمري، دار الكتب العلمية، بيروت ، لبنان، الطبعة الاولى، ٢٠٠١، ل ٣١٩.

١٨- شجون المسجون و فنون المفتون، الرسالة الوجودية في معنى قولة من عرف نفسة عرف ربة، محي الدين محمد بن علي بن محمد ابن عربي، اعتنى بة، الشيخ الدكتور عاصم ابراهيم الكتاني الحسيني الشاذلي الزرقاوي، دارالكتب العلمية، بيروت، لبنان، الطبعة الاولى، ٢٠٠٤، ل ١٠٣ .

١٩- كتاب المنزل القطب ومقاله وحاله، محي الدين ابي عبدالله محمد بن علي ابن العربي،حيدر آباد الدكن، الطبعة الاولى، ١٩٤٨، ل ٣.

٢٠ - شجرة الكون، ويليها حكاية ابليس، محي الدين ابن العربي، شركة مكتبة و مطبعة مصطفى البابي الحلبي واولاده بمصر، بدون تاريخ: ل ١١.

بەتەواوی کاڵ دەبێتەوە. بەڵام راستی شتەکان، راستی رەهاو ئەوەی هەمیشە راستەو مایەی گۆڕین نیە، ئەوانە لەتوانای ئەقڵدانین دەرکیان بکاتو بیاندۆزێتەوە. بەڵکو ئەوە هێزێکە خواوەند دەیبەخشێ بەو کەسانەی کە بەکردەوەو بڕواکانیان وایانکردوە شایەنی ئەو نورە خواییەبن لەناخی خۆیاندا. "حەقیقەتەکان تەنها بەکەشفی خوایی دەردەکەون، بەو بەڵگانەی کە بەدەستی ئەهلی نەزەرەوەیە تەنها کەمێکی کەمو ئەندازەیەك دەبەخشێ کەجێی متمانە نییە. ئەقڵ سنورێکی هەیە لێی دەوەستێو تێی ناپەڕێنێو ئەو شتانەش لەودیو سنوری ئەقڵەوەیە". [٢١] کەپشت بەئیمانو تەسلیم بوون دەبەستێ.

ئەوەش لەبنچینەدا بەهۆی لاوازی ئەقڵەوەیە، چونکە ئەقڵ ناتوانێ بگاتە ئاستی تێگەیشتنو شیکردنەوەو پەسەندکردنی دنیای غەیب، هەرچەندە ئەقڵ دەتوانێ بڕوا بەم دنیا غەیبیە بکات، بێ ئەوەی تێی بگات. کورت هێنانی ئەقڵ لەوەی بتوانێ کاروانی زانین تا دوا مەنزڵ ببا، پەیوەندی بەسروشتی ئەقڵ خۆیەوە هەیە. ئەو دەشێ سەرەتایەکی بەهێزو باش بێت، بەڵام ناتوانێ تاکۆتایی بڕوات. چونکە ئەقڵ پشت بەفکر دەبەستێ، بەفکر شتەکان هەڵدەسەنگێنێو جیادەکاتەوە لەیەکتریو بڕوایان پێدەکات. ئەقڵ پێویستی بەهێزی بیستنە، بۆ ئەوەی دەنگەکان لەیەکتری جیابکاتەوە، وەکو دەنگی مرۆڤو ئاژەڵەکان، دەنگی پیتو شتەکانی تر، دەنگی نەتەوەکانو هەمو دەنگەکانی تر. لەکاتێکدا "لەهێزی ئەقڵدا، لەخودی خۆیدا، توانای ئیدراکی هیچ لەو شتانەی نیە ئەگەر بیستن پێی نەگەیەنێ". [٢٢] بەهەمان شێوە هێزی بینین "خوا وایکردوە ئەقڵ پێویستی پێی بێ بۆ ئەو شتانەی ئەو پێی دەگەیەنێ". [٢٣] بەم هێزەوە ئەقڵ جیاکاری دەکات لەنێوان رەنگەکان. ئەوەش " بەهەمان شێوە راستە بۆ هەموو هێزەکانی تر کە بە هەستەکان ناسراون." کەواتە ئەقڵ خۆی هەژارەو توانای زانینی شتەکانی نیە لەخودی خۆیدا. بەهەمان شێوە خەیاڵو یادەوەری پێویستیان بەهەستەکانە تابتوانن بنو کاربکەن، بەم هۆیەوە ئەقڵ جێگای متمانە نییە، چونکە " ئەقڵ هیچ شتێك لەوانەی باسمانکرد نازانێ تەنها بە ناوەندگیری ئەو هێزانە نەبێ، کە ئەوانیش چەندین کەموکوڕیان تێدایە. شتێك کە لەتوانای ئەقڵدابێ پەسەندکردنە. بۆیە یان دەبێ

---

٢١ – رسائل ابن عربي، الشيخ الاكبر محي الدين محمد بن علي بن محمد بن احمد ابن عربي الحاتمي الطائي، وضع حواشيه، محمد عبدالكريم النمري، دار الكتب العلمية، بيروت ، لبنان، الطبعة الاولى، ٢٠٠١، ل ٥٧

٢٢- فتوحات، بەرگی شەش، ل ٣١٨.

٢٣- هەمان لاپەڕەو سەرچاوە.

ئەوە پەسەندبکات کە ئەو هێزانە پێی دەبەخشن، کە پڕیەتی لەکەموکوڕی، یان ئەوە قبوڵبکات کەخواوەند بۆی ناردوە، کەپڕیەتی لەراستی. ئەو کەسانەش کە بڕوایان بەو زانستەیە، کە دەکەوێتە ئەودیو ئەقڵەوە، دوای ئەوەی بڕوایان بەپەیامی خواو پێغەمبەرانو وەلیەکانی هێناو دوای ئەوەی سنوری زانستی ئەقڵیان بۆ دەرکەوت، ئەوجار بۆ گەشتن بەو زانستەی دەکەوێتە ئەودیو ئەقڵەوە، دوای ئەوەی "بۆیان دەرکەوت کەزانستێکی تر بەخواوەند هەیە کە بە فیکر پێی ناگات، دەستیان کرد بەبەکارهێنانی وەرزشو خۆداربڕین لە هەموو شتێکو تەنیاییو دانیشتن لەگەڵ خوا بەدڵێکی سافو دوور لەپەڵەی فکرەکان".(٢٤) ئەوەش ڕێبازی پێغەمبەرانو وەلیەکانە. لەم روکردنە خوایەش " خواوەند لەنوری خۆی زانستێکی خوایی بەسەریدا دەبارێنێ".(٢٥) شوێنی ئەو زانستەش ئەقڵ نیە، بەڵکو دڵە.

## ویلیام چیتیك و رایەکی تر

بەگەڕانەوە بۆ ئیبن عەرەبی خۆی، ئەو نەخۆی بەفەیلەسوف ناساندوەو نەنازناوی سۆفیشی بۆخۆی بەکارهێناوە. ئەو لەبری ئەو نازناوە باوانەی لەناو کەلتوری ئیسلامیدا بەکاربراون بۆ خۆناساندن، زاراوەی (محقق)ی بەکارهێناوە. شوێنکەوتوانیشی لە قونەویەوە بەڕێبازی فیکریو میتۆدی بیرکردنەوەی ئەویان وتوە (مشرب التحقيق)، واتە مەزهەبو ڕێبازو ڕێچکەی تەحقیق. ئەوەش ئەو راستیەیە کەلێکۆڵەرو کەسایەتیەکی گەورەی بواری ئیبن عەرەبی ناسی پێداگری لەسەر کردوە کەویلیام چیتیکە. ئەو لەیەکێك لەکتێبە نایابەکانی وتویەتی "ناکرێ ئیبن عەرەبی بەهیچ لەو نازناوانە وەسفبکرێ کە دەبەخشرێ بەزانایانی موسڵمان، وەکو سۆفی و فەیلەسوف. ئەگەر پێداگری بکەین لەسەر بەخشینی نازناوێك پێی، ئەوا نازناوێك کەزۆرتر گونجاوە بۆی ئەوەیە پێی بوترێت (موحەقیق)، بەرەچاوکردنی ئەوەی کەخۆیو شوێنکەوتوانی وشەی (تەحقیق) بەکاردێنن بەتایبەتی بۆ ئاماژەکردن بۆ ئاراستە فکریەکەیان".(٢٦) بەڵام مەبەست

---

٢٤- هەمان سەرچاوەو بەرگ، ل ٣٢١.

٢٥- هەمان سەرچاوەو بەرگ، ل ٣٢٢.

٢٦- محي الدين ابن عربي وارث الأنبياء، وليم تشيتيك، ترجمة: ناصر ضميرية ، دار النينوى، سورية، دمشق، الطبعة الاولى، ٢٠١٥، ل ١١١ .

به (تەحقیق)و (موحەقیق) چیە لای ئیبن عەرەبیو چیش جیای دەکاتەوە لەفەیلەسوفو عارف؟

بۆئەوەی لەم نازناوەو دواجار میتۆدەش بگەین، دەبێ لەدوو ئاستدا هەوڵبدەین لەوەڵامی ئەو پرسیارانە نزیك بینەوە. یەکەمیان ئاستی زمانەوانیەکەیەتی کەتوند پەیوەندی بەئاستە زاراوەییەکەشیەوە هەیە، دووەمیش ئاستە زاراوەییەکە لە کەلتوری ئیسلامیو لای خودی ئیبن عەرەبی خۆی. لەیەکەمیاندا بەڕونی روبەروی ئەم راستیە دەبینەوە کەڕیشەی زمانەوانی ئەم وشانە دەچنەوە سەریەكو پەیوەندی ریشەییان بەیەکتریەوە هەیە. سەرباری جیاوازی زۆر لەواتای ئەم وشەیە بەپێی سیاقو دەربڕینەکان. ئەوەش سروشتێکە زمان بەو وشەیەی بەخشیوە. لەفەرهەنگەکانی زمانەوانی زمانی عەرەبیدا بەردەوام ئەوە دووبارەیە کە پیتەکانی (ح ، ق)، یەك بنچینەیان هەیە، کە بەیەکەوە بەواتای راستی، راستگۆیی، جێگیری، واقعی، مافو هاوشێوەکانیانە. پێچەوانەکەشی ناراستیو ناواقعیو هەڵەیە ( الباطل). لەناو زانستی رەوانبێژیشدا حەقیقەتی وشە بەواتای واتای راستەقینەو راستی وشەکەدێت لەواقعدا، پێچەوانەکەی مەجازە. کەبریتیە لەئاماژەکردنی وشەکە بۆ واتایەك کەحەقیقی نیە، بەڵکو زمانەوانیەو پەیوەندی بەوشیاریو ئەقڵو کەلتورەوە هەیە. بەهەمان شێوە لەقورئانیشدا (حەق) بەچەندین واتا بەکارهاتوە، یەکەمیانو گرنگترینیان بەواتای زاتی ئیلاهی خۆی (ذالك بأن الله هو الحق وان مایدعون من دون الله هو الباطل)، بەواتای شەرعو شەریعەتی پێغەمبەر (انا ارسلناك بالحق مبشرا و نذیرا)، راستگۆییو بەدیهاتن (فاصبر ان وعد الله حق)، بەواتای دادپەروەری (یاداود انا جعلناك خلیفة في الارض فاحكم بين الناس بالحق)، بەواتای بەشو ماف لەسەروەتو سامات (والذين في اموالهم حق معلوم)، بەواتای بەخشینی مافی تەواو بەشتێك (وجاهدوا فی الله حق جهاده).[٢٧] جگە لەو واتایانەی دکتۆرە سوعاد بۆ وشەی حەق لەقورئان دیاریکردوە، بەو پێیەی وەکو خۆی وتویەتی "ئێمە بەشێك لەڕوەکانی بەکارهێنانی وشەی حەقمان لەقورئاندا خستۆتەڕو، چونکە خستنەڕوی کۆی بەکارهێنانەکانی سنوری فەرهەنگەکەی ئێمە تێدەپەڕێنێ." بۆیە ئێمەش لێرەدا چەند بەکارهێنانێکی تری بۆ زیاد دەکەین. چونکە ئەم وشەیە لەقورئاندا سەدو سیو حەوت جار بەکارهاتوە، سیو چوار جار وشەی (حق)و

---

٢٧- المعجم الصوفي (الحكمة في حدود الكلمة)، الدكتورة سعاد الحكيم، دندرة للطباعة والنشر، بيروت لبنان، الطبعة الاولى، ١٩٨١، ، ل ٣٣٧ .

سەدو سێ جاریش وشەی (الحق) پێچەوانەکەشی کە وشەی (الباطل)ە نۆ جار. بۆنمونە بەواتای قورئان (حتی جائهم الحق ورسول مبین)(زخرف، ئایەتی ٢٩). بەواتای راست و دروستی (کیف یهدي الله قوما کفروا بعد ایمانهم وشهدوا ان الرسول حق)(ئال عمران، ئایەتی ٨٦). بەواتای شایەنبون (وکثیرا حق علیه العذاب)(حج، ئایەتی ١٨). بگرە سورەتێکی قورئان کەناوی (الحاقە)یەو مەبەست پێی رۆژی قیامەتە، بەشێکە لەدرێژبونەوەی وشەی حەق بەواتای راستیو واقعی. لەو روەوە کە قیامەت بەپێی بیروباوەڕی قورئانی روداوێکە راستەقینەو واقعی کەجێی گومان نیە. لەسەرەتای ئەم سورەتەش ئایەتەکانی یەكو دوو و سێ بەم شێوەیە هاتوە( الحاقە ١ مالحاقە ٢ وما ادراك مالحاقە٣). ئەوەش واتای ئەوەیە پەیوەندی ئەم وشەیە بەواقعەوە، مەرج نیە پەیوەندیەك بێت لەئانو ساتی ئێستا، بەڵکو دەشێ بۆ واقعی داهاتوبێت. کەواتە دەلالەتی سەرەکی حەق لەو سیاقە بۆ شتێکە کە واقعیو راست بێت، لەهەرکاتێکدا بێت. بەم هۆیەوە بەردەوام وشەی حەق، وەکو هاو واتاو یەکسان بەواقعو راستیو راستەقینە دانراوە. لەم بارەیەوە "جورجانی" لەفەرهەنگە کۆنەکەی بۆ پێناسەکردنی وشەی (الحق) وتویەتی: (الحق) ناوێکە لەناوەکانی خوای گەورە، واتە چەسپاو بەراستی، بۆ راستگۆییو راستیش بەکاردێ، دەوترێ قسەیەکی حەقو راست. حەق لەزمانیشدا ئەو (شتە) چەسپاوەیە کەناکرێ ئینکاری بکرێ. لەزاراوەی ئەهلی واتاکانیشدا: "حوکمێکە کەکۆکە لەگەڵ واقیع، بەراوبۆچونو بیروباوەرو ئاینو مەزهەبەکان دەوترێت".[٢٨] هەر لەهەمان فەرهەنگدا جورجانی جیاکاریەکی گرنگی ناو مەعریفەی عیرفانی دەست نیشانو پێناسەکردوە لەنێوان خاوەنی ئەقل لەخاوەنی چاوو لەگەڵ خاوەنی هەردووکیان. (ذو عقل و ذو عین و ذو عقل وعین). ئەوجار دەڵێ یەکەمیان: "ئەوەیە خەلق بەدیاری (ظاهرا) دەبینێو حەقیش بەناوەرۆك (باطنا)، بەوەش حەق لای دەبێتە ئاوێنەی خەلق، بەهۆی ئەوەی ئاوێنەکە بەوێنە دیارەکە دەشاردرێتەوە. خاوەن چاویش ئەوەیە حەق بەدیاری دەبینێو خەلقیش بەناوەرۆك، لای ئەو خەلق دەبێتە ئاوێنەی حەق، بەهۆی ئەوەی حەق لای دەرکەوتوەو خەلقیش تێیدا شاردراوەتەوە، دیارنەبونی ئاوێنە بەهۆی وێنەکەوە. خاوەن ئەقڵو چاو: ئەوەیە کەحەق لەخەلقدا دەبینێ، ئەوەش نزیکی سونەتەکانە، خەلقیش لەحەقدا دەبینێ،

---

٢٨ – كتاب التعريفات، علي بن محمد بن علي الزين الشريف الجرجاني (المتوفى: ٨١٦هـ) المحقق، ضبطه وصححه جماعة من العلماء بإشراف الناشر: الناشر، دار الكتب العلمية بيروت –لبنان الطبعة، الأولى ١٩٨٣، ل ٨٩.

ئەوەش نزیکی فەرزەکانە. هیچیان بە ئەوەیتر خۆی نەشاردۆتەوە. بەڵکو یەك بون لەرویەکەوە بەچاوەکانی وەکو حەق دەبینیّ، لەرویەکی تریشەوە وەکو خەلق دەبیینیّ". [٢٩] ئەوجار شیعرێکی ئیبن عەرەبی دێنێتەوە:

لەخەلقدا خودی حەق هەیە ئەگەر خاوەن چاو بی

لەحەقیشدا خودی حەق ئەگەر خاوەن ئەقڵ بی

ئەگەر خاوەنی ئەقڵ و چاویش بی لەوەی دەبیینی

جگە لە خودی شتەکە یەکە بەشکل.

کەواتە حەقیقەتی حەقبینی، بینینی راستی شتەکان ئەوەیە هەموو بوون وەکو یەك بوون‌و یەك دیو ببینی وایە. چونکە دیوی نادیاری دیار، خواییەو نادیاری خواش، دیوە دیارەکەی بوونە. بیّ بوونی دنیای دیارو بوونی دیار، خوا نەدەزانراو نەدەبینرا، بیّ بوونی خواش کەنادیارە بوون دیار نەدەبوو دەرنەدەکەوت. بوون بۆ بوونی پێویستی بەخوایە، خواش بەبیّ بوون خوایەتی (الالهیة)ی دەرنەدەکەوت، کەواتە سیفەتەکانی خوا لەبووندا بەدیوێکدا دیارن، بەدیوێکدا نادیار. بیّ بوونی بوون، سیفەتی (الخالق)ی خوا نەدەزانراو نەدەبینرا، بەهەمان شێوە بیّ بوونی سیفەتی بینین‌و بیستن، سیفەتی (البصیر السمیع)ی خوا ئاشکرا نەدەبوو. بۆیە خواوەند لەسەرێکەوە بەهیچ ناچیّ‌و هیچیش لێی ناچیّ، کەسەری زاتی ئیلاهیە، لەسەرێکی ترەوە دەچێتەوە سەر مرۆڤ‌و مرۆڤی لەشێوەی خۆی دروست کردوە وەکو لەفەرمودە راستەکاندا هاتوە، کەسەری ناوو سیفەتەکانیەتی. هەمان ئایەتی قورئان کەباسی ئەوەی کردوە خوا هاوشێوەی نییە (لیس کمثله شيء) وتوشیەتی (وهو السمیع العلیم). ئەوەش گفتوگۆیەکە توند پەیوەندی بە یەکێتی بوونەوە هەیە بۆیە لەشوێنی خۆی بۆی دەگەڕێینەوە. ئەوەی لێرە دەمانەویّ بیلێین ئەوەیە (محقق) یان (مشرب التحقیق) بریتیە لەبینینی راستی شتەکان، نەك روکەش‌و بەشە دیارەکەیان. رازی نەبونە بەوەی راستیەکان تەنها ئەوانەن کە دەیانبینی. بۆیە کاتێك ئیبن عەرەبی دەڵیّ (ئەهلی تەحقیق) کە زاراوەیەکەو زۆرجار دووبارەی دەکاتەوە بۆ ناساندنی ڕێبازەکەی خۆی، مەبەستی ئەوانەیە کە ئەو راستیانە دەبینن کە خەڵکیتر نایان بینیّ. زانینێکیان هەیە، خاوەنی مەعریفەیەکن کەیەکجار قوڵترو فراوانترە لەئاستە روکەشیەکەی ئەوانیتر. کە لەناوەرۆکدا بینینی راستی شتەکانە، بەزانستی کەشف‌و فەزڵی خوایی‌و نوری ئیلاهی. راستە ئەم زاراوەیە پێشتر لەئەدەبیاتی عیرفانی ئیسلامی بەکارهاتوە، بۆنمونە لای قوشەیری‌و بەتایبەت لەتەفسیرە سۆفیەکەی (لطائف الاشارات)،

٢٩ - هەمان سەرچاوە، ل ١٠٨.

کەلەویدا چەندین جار بۆ تەفسیری هێماو ئاماژە پەنهان و نادیارەکانی ئایەتو وشەو پیتەکانی قورئان دەڵێ (لای ئەهلی تەحقیق هێماو ئاماژەی ئەو ئایەتە ئەوەیە) راستیشە لەناو کۆی کەلتوری فکری ئیسلامیدا، ئەهلی تەحقیق زاراوەیەکە زۆر پێش ئیبن عەرەبی بەواتای ئەهلی لێکۆڵینەوەو ئەوانەی راستیەکانیان لایەو دەیزانن جا لەبواری فقهو شەریعەت بێ یان بواری زمانەوانی یان بواری فەرمودەناسی یان هەر بوارێکی تر. بەڵام لای ئیبن عەرەبی ئەم زاراوەیە واتایەکی قوڵترو تایبەت وەردەگرێ. کە تێکەڵەیەکە لەکۆی زانستە ئەقڵیو نەقڵیەکانی ناو کەلتوری ئیسلامی. ئیبن عەرەبی لەبەشی سەدو شەست و پێنجی کتێبی فتوحات، کە (لەبارەی ناسینی مەقامی تەحقیقو موحەقیقەکان)ە، تەحقیقی بەوە ناساندوە "ناسینی حەق هەمو شتێکە".[٣٠] واتە راستی شتەکان. ئەوەش بەپێی فەرمودەی پێغەمبەر لەدوعاکردنیدا داوای لەخواوەند کردوە توانای ئەوەی پێ ببەخشێ (حەق)ی بە(حەق) نیشان بداو بیکاتە شوێن کەوتویی، (باطل)یشی بە (باطل) نیشان بداو دوری بخاتەوە لێی. یان لەفەرمودەیەکی تردا کە لە ئەدەبیاتی ئیبن عەرەبیدا بونی زۆری هەیە کە پێغەمبەر دوعای کردوەو وتویەتی (خوایە شتەکانمان بەو شێوە نیشان بدە کە هەیە)، واتە بینینی راستی شتەکان، نەك لە روکەشو بەو شێوەی کەدەبینرێ. ئەوەش جیاکاریە لەنێوان شتەکان بەو شێوەی کەدیارن لەگەڵ راستی شتەکان بەو شێوەی کەنادیارن، بۆ ئەوەی ئەو توانایەشت ببێ کەراستی شتەکان ببینێ، پێویستت بەوەیە خواوەند هاوکارت بێ، بەنوری ئەو بە پشتیوانی ئەوو بەهاوکاری ئەو نەبێ مرۆڤ هەتا ئەگەر پێغەمبەریش بێ، ناتوانی بگاتە مەقامی تەحقیق، کە مەقامی بینی راستیە رەهاو پەنهانەکانە، مەقامی تێپەڕاندنی پەردەکانو بینینی بوونە وەك خۆی. نابێ ئەوەشمان بیربچێ، کە لەم فەرمودەیەدا هەم (شت)و هەم (بینین) دوو واتای فراوانیان هەیە، لانی کەم لەسیاقی فکری ئیبن عەرەبیدا. چونکە شت ئەوانە نین کەهەنو دیارن (وەکو ئەشعەریەکانو سەلەفیەکان دەیان وت)، بەڵکو ئەوانەش دەگرێتەوە کە هەنو دیارنین. نەك تا ئاستی ئەوەی نەبوون (العدم)یش شت بێت وەکو موعتەزیلەکان بڕوایان وابو، بەڵکو تائاستی ئەوەی کە بوون بەرلەوەی بێتەبونو بەرلەوەی دەربکەوێ، لەزانستی خواییدا بوونیان هەبووە لەشێوەی خودی جێگیر (الاعیان الثابتة). کە ئەوەش زاراوەیەکی تری فکری ئیبن عەرەبیەو بناغەیەکی سەرەکی بیروباوەڕە میتافیزیکیەکانیەتی. (بینین)یش لەهەمان دەقدا، بەواتای بینینی چاو نایەت بەتەنیا، بەڵکو بەگشتی بەواتای زانینو درك پێکردنو بۆ ئاشکرابون دێت.

٣٠ - الفتوحات، بەرگی دوو، دار الصادر، ل ٢٦٧.

بۆیە لەبری ئەوەی لەسەر هێزی چاو (البصر) وەستابێ، پێویستی بەهێزی بەرچاو رونیە (البصیرە). کەواتە سەرچاوەی زانین دەرەوەنیە، ناوەوەییە، هێزی ناوەکیو روحانییە. بەپێی پێدراوی فەرمودەکە حەق، دیوە راستەقینەو راستی شتەکانە، بینین و زانینی ئەودیوەش، بەخششێکی خواییەو دەخرێتە دڵەوە. ئەم پێناسەیە گەرچی لەناو کەلتوری ئیسلامی و سۆفیانە بەتایبەتی وەکو فەرمودەیەك پێشکەش دەکرێ، بەڵام لەناوەرۆکدا روویەکی فەلسەفیو ئەقلانی هەیە. بەو پێیەی بەردەوام فەلسەفە لەناو کەلتوری ئەقلانی ئیسلامیدا بەوە پێناسەکراوە کە بریتیە لەبینینی راستی شتەکان. بەم شێوەیە راستی (حەقیقەت)ی شتەکان، دیوێکی فەلسەفیو ئەقلانی هەیە، کە هەر بەپێی زاراوە عیرفانیەکان زۆربەی جار بەحیکمەت ناوبراوە، دیوێکی ئاینیو میتافیزیکیشی هەیە. بەم واتایە بڵێین مەقامی تەحقیق لای ئیبن عەرەبی شوێنی کۆککردنەوەی ئەم دوو دیوەی راستیانەیە. بەگەڕانەوە بۆ بەشەکەی فتوحاتی ئیبن عەرەبی، ئەوا ئەو پێیوایە کە مرۆڤ کاتێك دەگاتە ئەو مەقامە، ئیتر ئەو کەسە حەق لەهەموو شتێکدا دەبینێ، بە هەڵەشەوە. ئەوەش بەپێی فەرمودەی کە هەموو موجتەهیدێك لای خوا پاداشتی هەیە، هەتا ئەگەر هەڵەش بێ. چونکە هەڵەی موجتەهید پەیوەندی بەبەڵگەکەوە هەیە کاتێك بەراورد دەکرێ بەبەڵگەی موجتەهیدێکی تر، بەڵام لای خوا کۆی پرۆسەکە دەبینێ، کە بریتیە لەنیەتی گەشتن بەحوکمێكو بەوەڵامی پرسیارێك لای خواناسێك بەپێی توانای خۆیو هەوڵو جدیەتی لەم پرۆسەیە. خواش ئەوەندە داخوازی لەمرۆڤ هەیە، کە دڵسۆزانە هەوڵبدات، با دەرەنجامەکەشی هەڵەبێت. واتە خواوەند دیوە پەنهانو نادیارەکەی هەڵەی موجتەهیدەکە دەبینێ، بەڵام مرۆڤی ئاسایی تەنها توانای بەسەر ئەو بەشەدا دەشکێ، کە دیارەو هەڵەیە. لەو ئاستەشیاندا کەئاستی شەریعەتە، دەبێ بەهەڵە بڵێی هەڵەو راستیشت قبوڵبێ. بەڵام کاتێك مرۆڤ دەگاتە ئاستی مرۆڤی کامل، کە ئامانجی ئاینە لای ئیبن عەرەبیو لەوێوە مرۆڤ توانای بینینی راستی شتەکانی هەیە، چونکە "لایەنی گرنگو سەرەکی لەوە کەماڵە مەعریفەیە دای".[٣١] بۆیە ئەوکاتە ئەو بەهێزی بینینی خوا شتەکان دەبینێ، بۆیە ئەویش بەسەرنجدان لەهەموو هەڵەیەکدا جۆرێك لەراستیو دیوێکی راستی دەبینێ کە مرۆڤی ئاسایی نایبینێ. بۆ ئەوەی مرۆڤیش بگاتە ئەو ئاستە لەبینینی حەق لەهەموو شتێکدا، کە ئەوە سیفەتێکی خواییە، دەبێ لەهەستە تەقلیدیەکانی فانی ببێو دەست بەرداری هێزی بینینو بیستنو زانینی ئاسایی ببێ. تائەوەی خوا ببێتە چاو دەستو هەمو هێزی هەستەکانی تری، بۆ

---

٣١ - ابن عربي وارث الانبياء، ل ٤٤ .

ئەوەی بگاتە ئەو ئاستەش (وەك خۆی دەڵێ) دەبێ بگاتە مەقامی خۆشەویستی، ناشبێتە خۆشەویستی خوا تا نزیك نەبێتە لەخوا، نزیکیش نابێتەوە تا سونەتەکان ئەنجام نەدا. سونەتیش رەمزی زیادە پەرستی و هەوڵی زیاترە لەنزیك بونەوە لەخوا. چونکە پێغەمبەر وتویەتی خوا وتویەتی (بەردەوام بەندەکانم بەسونەتەکان لێم نزیك دەبنەوە تا خۆشم دەوێن. کەخۆشیشم ویستن ئەوا دەبمە ئەو بیسەرەی کەپێی دەبیستن، ئەو چاوەی کەپێی دەبینن، ئەو دەستەی کەپێی لێ دەدەن، ئەو پێیانەی کەپێی دەڕۆن).(٣٢) ئەوەش دواین مەقامە مرۆڤ بتوانێ لەسەر زەوی پێی بگات، کەمەقامی مرۆڤی کامل‌و بەرجەستەکردنی راستیە خواییەکانە، لەوێشەوە بەنوری خوایی دەتوانێ راستی شتەکان ببینێ، شتەکانی دنیای نادیارو پەنهان‌و غەیب‌و دنیای دیارو ئاشکرا. لوتکەی ئەو مەعریفەیەش ئەوەیە مرۆڤ بگاتە مەقامی تحقیق، کە مەقامی بینینی شتەکانە وەکو خۆی، بەشێوە راست‌و راستیەکەی. مەبەستیش بەشت هەمو شتێکە، خوا، مرۆڤ، بونی دیارو نادیار. زۆر جار لەکتێبی دووەم بەتایبەتی ئەوەمان وتوە کەرێگای گەیشتن بەلوتکەی مەعریفەی خوایی، ئەوەیە مرۆڤ بەجۆرێك لەخوا نزیك بێتەوەو بپەرستێ تا خواوەند دڵ‌و روحی بەرووی نوری مەعریفەی خوایی دەکاتەوە. لەنیشانەکانی ئەو کەسانەی گەیشتون بەم مەقامە ئەوەیە "لای ئەو هەمو ئەوەی ناو نراوە بەهەڵە لەبووندا روویەکی هەیە بۆ لای حەق. لەنیشانەکانی ئەوەیە خوا لەهەمو بیروباوەرێك‌و هەمو خود (عین)و وێنەیەکدا دەبینێ، ئەوەش تەنها بۆ خاوەنی ئەو مەقامەیە".(٣٣) بۆیە ئەو بەپێچەوانەی کەسانی ترەوە، هەمیشە راستیەك لەناراستیدا دەبینێ. بەتایبەت لەبیروباوەرو شەریعەتە جیاوازو ناکۆکەکاندا. ئەوەش ژێرخانی ئەوەیە کە ئیبن عەرەبی لەفصوصدا پێی وایە هەموو جۆرەکانی پەرستن کە زۆرینەیان لەرووکەشدا لوتکەی شیرکن وەکو بت پەرستی، لەناوەرۆکدا راستی خواپەرستیان تێدایە. چونکە حەق "لەهەموو پەرستراوێکدا روویەکی هەیە، دەیزانێ ئەوەی دەیزانێ‌و نایزانێ ئەوەش کەنایزانێ".(٣٤) ئەوە واتای ئەوەنیە کە ستایشی ناراستی بکاو پەسەندی بکات، بەڵام

---

٣٢- لەکتێبی دووەم و سێیەم زۆر لەسەر واتاو ئاماژەکانی ئەم فەرمودەیە وەستاین لای تەسەوف، بۆیە خوێنەرێك بودوای شیکردنەوەی زیاترەوەبێ دەتوانێ بۆیان بگەڕێتەوە.

٣٣- الفتوحات، بەرگی دوو، ل ٢٦٨.

٣٤- **فصوص الحكم، محي الدين ابن عربي، تحقيق ، ابو علاء عفيفي، دار الكتاب العربي، بيروت، لبنان**، ل ٧٢. هەرلەهەمان شوێن بەشیعر دەڵێ (**عقد الخلائق في الإلة عقائداً / وأنا اعتقدت جميع ما عقدوه**) واتە : مرۆڤەکان لەبارەی خواوە چەندین بیروباوەریان هەڵبەستوە، منیش بڕوام بەهەمو ئەوبڕوایانەکردوە. بەهەمان شێوە شیعری (دين الحب) بەڕونی رەنگدانەوەی ئەو بڕوایەیە لای ئەو کە راستیە خواییەکان لەوە گەورەترین لەتەنها یەك شوێن بن و لەشوێنی تر نەبن، لەیەك ئاین یان مەزهەب یان تەریقەتدا کورت بکرێنەوە. هەمو ئەو بۆچونانەو شیکردنەوەو وەستان لەسەریان، کارێکە لەبەشەکانی تردا بۆی

واتای ئەوەیە ئەو کەسەی کە موحەقیقە، توانای بینینی حەقیقەتی شتەکانی هەیە. بەواتایەکی ترو ئەگەر لەروانگەی فەرمودەیەکەوە بۆ ئەو بۆچونەی ئیبن عەرەبی بگەڕێینەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین بەپێی ئەو فەرمودەیە مرۆڤی خواناسو بڕوادار بەسەر سێ پلەدا دابەش دەکات، یەکەمیان ئاستی ئیسلامە، دووەم ئاستی ئیمانە، سێیەم ئاستی ئیحسانە. لەئاستی یەکەم مرۆڤ دەچێتە ناوشەریعەتەوە، واتە حوکمەکانو چی پەسەندەو چیش ناپەسەند. لێرەدا ئەو کەسێکە بەپێی شەریعەت جیاکاری دەکات لەنێوان شتەکانو بیروباوەڕەکان. لەئاستی دووەمدا، کە ئاستێکی بەرزترە ئەو بڕوا بەدنیای غەیب دەکاو سنوری ئەقڵ تێدەپەڕێنێو دەبێتە کەسێك کە لەسەرو ئەقڵەوە بڕوای بەشت گەلێك هێناوە کەحەقن، بەس دیارنینو بەهەستە سروشتیەکانی هەستیان پێناکات. ئاستی سێیەمو کۆتاییش، ئەوەیە کەدەگاتە قۆناغی بینین، وەکو فەمودەکە وتویەتی (ئیحسان ئەوەیە خوا وا بپەرستی وەکو ئەوەی بیبینی، خۆ ئەگەر تۆ ئەو نابینی، ئەوا ئەو تۆ دەبینێ.) ئەم ئاستەش تێپەڕاندنی دوو ئاستەکەی ترە، ئاستێك نە جەستەییو دیارە، نەبڕواو دڵیە، بەڵکو ئاستێکی روحیو غەیبیە. لەبری ئەوەی بڕوای پێبکەی، ئەزمونی دەکەی. کەواتە موحەقیق لەدوو ئاستدا دەردەکەوێ، ئاستی مەعریفی کە بریتییە لەئاشکرابوونی نهێنیەکانو بینینی نەبینراوەکان بەنوری خوایی، دووەمیش ئاستە کرداریەکەی ئەو مەقامەیە. کە بریتیە لە بەرجەستەکردنی شەریعەتو دەرکەوتنی ئەو مەعریفەیە لەسلوکیدا. بگرە بۆ ئەوەی بگەیە ئاستە مەعریفیەکەی، دەبێ سەرەتا لەئاستە کرداریەکەی بەرجەستەکەری شەریعەتو تەریقەتی خواناسی ببێ، واتە ئیسلام. بۆیە واتایەکی (تەحقیق)، بەرجەستەکردنو رەنگدانەوەی مەعریفەیە لەواقیعدا، یان لوتکەی بەرجەستەکردنی ئیسلامو ئیمانە. وەك چۆن وشەی حەق بەواتای خوا دێت، حەقیقەتی خواناسیش ئەزمونکردنی ئەو راستیەیە. بەم هۆیەشەوە کەسی موحەقیق مافی تەواو بە هەموو شتەکان دەبەخشێ، چ مافی مەعریفی بێت لەبینینی راستی شتەکان، چ مافی کردارەکی بێت لەبەخشینی مافی تەواو بەشتەکان. شتیش وەکو وتمان هەموو بونە، هەرشتێك بوونی هەبێ شتە، چ بوونێکی دیاربێ وەکو دنیا، چ بوونێکی نادیار بێت وەکو بوون لەزانستی خوایی بەر لە بوونو بوونی فریشتەو روحو نەفس، یان بوونێك بێت لەداهاتوو وەکو رۆژی دوایی. هەر بۆیە بەشێك لەعارفەکان لەکۆنداو پێش ئیبن عەرەبی وتویانە (حەقیقەتی ئیمان بڕواکردنە، ئەوجار تەحقیقە) ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە لێرەدا کە پەیوەندی بە ناسینی ئیبن عەرەبیەوە هەیە، فەیلەسوفە

---

دەگەڕێینەوە. گرنگ ئەوەیە لێرە بڵێین لێبودرەیی و قبولکردنی جیاوازی ئاینی و مەزهەبی لای ئیبن عەرەبی بنەمایەکی قوڵتری هەیە لەو ئاستەی زۆرجار باس دەکرێ.

یان سۆفیه. لای چیتیك ئەم نەسۆفیەو نە فەیلەسوف، بەڵكو موحەقیقە بەو واتایەی باسمان كرد. بەڵام بەبڕوای من مەقامی تەحقیقو موحەقیق بوونی ئیبن عەرەبی، هیچ لەو راستیە كەم ناكاتەوە كە ئەو بەدیوێكدا فەیلەسوفە، بەدیوەكەی تری عارف. لەو روانگەیەی كە ئەو شیكردنەوەو لێكدانەوەیەكی تازەی بۆ بوونو دنیای دیارو نادیارو پەیوەندی ئەو دوانەكردووە، فەیلەسوفە. بەڵام لە ئامانجو مەبەستیدا كەقوڵكردنەوەی بڕوا بوونە بەخواو دنیای غەیبو پێشكەش كردنی روانگەیەكی ئاینییە، بێ ئەنداز عارفو سۆفیە. وەك چۆن بینیمان ئەو هەڵوێستی لەبەرامبەر ئەقڵ وەك سەرچاوەی یەكەمی مەعریفە دوو سەرەیە. بەدیوێكدا ستایشی ئەقڵ دەكاو فەیلەسوفان وەك پلەیەكی باڵای زانینی راستیەكانو دۆزینەوەیان دادەنێ، لەسەردەمی نەبونی نوری خواییو شوێنێك كەهێشتا پێغەمبەران مەعریفەی خۆیان تێیدا نەخستۆتەڕوو. لەسەرێكی ترەوە دوای دەركەوتنی حەق لەسەر دەستی پێغەمبەران، ئەركی ئەقڵ كۆتایی دێتو قۆناغی سەرو یان ئەودیو ئەقڵ دەست پێدەكات، كە سەردەمی بڕوا بوون بەغەیبو ناوو سیفەتەكانی خوایە. نمونەی بەرجەستەی ئەوەش رەنگە ژیاننامەی فكری ئیمامی غەزالی بێت، ئەو سەرەتا فەقیهو شەرعناس بووە (ئیسلام)، بەڵام لەقۆناغی دووەمدا بووە موتەكەلیمو شوێن كەوتوی ئەقڵو بڕوا (ئیمان)، قۆناغی سێیەمیشی سەردەمی عارف بوونو سۆفی بوونی یەكجاریەتی (ئیحسان). كە سەردەمی نوسینی (المنتقذ من الضلال)و چەندین بەرهەمی تری عیرفانی ئیسلامیە. لەدوا قۆناغی فیكریدا، لەبری ئەوەی لەڕێی نەقڵو ئەقڵەوە پرسیارو گومانەكانی بڕەوێنێتەوە، پەنادەباتە بەر دنیای كەشفو یەقین. ئەوەندەی پێویستی بەنەقڵە وەكو رێگاو تەریقەتێك بۆ گەیشتن بەحەقیقەت، ئەوەندەش لەسەر ئەقڵ دەوەستێ تا هاوكاری دەكات بۆ رێكخستنو دەرهێنانی واتا روحانیەكان لەدەقو لەدنیا، دوای ئەوە (كەقۆناغی دوای ئەقڵیشە) خۆی رادەستی دڵو دەرونی خۆی دەكات. بۆیە قۆناغی دوای ئەقڵ لای سۆفیەكان بەگشتیو ئیبن عەرەبی بەتایبەتی، سەردەمی وەستانەوەی یەكجاری نیە بەڕووی ئەقڵ، رەتكردنەوەی هەموو راستیە ئەقلانیەكان نییە، بەڵكو راستر وایە بڵێین تێپەڕاندنی ئەقڵ. سەیركردنی ئەقڵە وەك پلەیەك پێش گەیشتن بەدوا پلەی مەعریفە، كە لای ئیبن عەرەبی پلەی تەحقیقە. ئەوەش گەورەترین میراتی پێغەمبەرایەتیو لوتكەی شوێنكەوتنی حەقیقەتی پێغەمبەرایەتیە. یەكێك لەكەسایەتیە سۆفیەكانی سەدەی سێنزە، كەشوێن كەوتویەتی ئیبن عەرەبیە لەیەكێك لەنامەكانی بەناوی (الروض الأنيق في وصول الطالبين الى مقام التحقيق)، هەر لەسەرەتادا باسی ئەوە دەكات كەمیراتی پێغەمبەرایەتی سێ شتە: قسەكانی، كردەوەكانی، حالەكانی. واتە حاڵەتە ناوەكیو

دەرونیەکانی. "قسەکانی شەریعەتە، کردەوەکانی تەریقەتە، حالەکانیشی حەقیقەتە".[٣٥] ئەوجار دەڵێ شەرع (واتە ئیسلام) دەرگایە، حەقیقەتیش ماڵەکەیە.. شەرعیش رەگەو تەریقەتیش لقو پۆپەو حەقیقەتیش بەرهەمە. وەکو چۆن بایەخی یەکەمی هەمو دارێكو ناوو بەهاکەی لەبەرهەمەکەیەوەیەتی، بەڵام هیچ بەرهەمێکیش بەبێ لقو رەگ بوونی نییە. وەك چۆن مەقامی تەحقیق لەڕوی ئاینیەوە درێژوبنەوەی مەقامەکانی ترە، بەهەمان شێوە لەڕوی مەعریفیشەوە دژایەتی کردنی پلەکانی تری مەعریفە نییە، بەڵکو تێپەڕاندنیانە. بەواتایەکی نزیك لەم واتایە، ئیبن تەیمیە دوای ئەوەی لایەنگرانی یەکێتی بوون بەدوایین سۆفیەکانی فەیلەسوف ناودەبات، کە وەك خۆی دەڵێ ئەمانە خۆیان بەئەهلی تەحقیق ناودەبەن. (وەکو ئیبن عەرەبیو قونەوی ئیبن سەبعین) ئەوجار دەڵێ "ئەمانە خەڵکی بەسەر چەند پلەیەکدا دابەشدەکەن، خوارترینیان فەقیهە ئەوجار موتەکەلیم ئەوجار فەیلەسوف ئەوجار سۆفی واتە سۆفی فەیلەسوفەکانو ئەوجار مەحەقیق".[٣٦]

---

٣٥ – رسائل صوفية مخطوطة، الروض الانيق في وصول الطالبين الى مقام التحقيق، تحقيق وتقديم سعيد عبدالغفار، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، الطبعة الاولى، ٢٠٠٧، رسالة ، ل ١٦.

٣٦ – الرد على المنطقيين، محمد ابن تيمية الحراني الحنبلي الدمشقي (المتوفى: ٧٢٨هـ)، الناشر، دار المعرفة، بيروت، لبنان. ٥٢٢.هەمان شتیش بەکەمێك جیاوازیەوە جارێکی تر دوو بارەدەکاتەوە ، الصفدية، ابن تيمية الحراني الحنبلي الدمشقي ، المحقق، محمد رشاد سالم، الناشر، مكتية ابن تيمية، مصر، الطبعة، الثانية، ١٤٠٦هـ. بەرگی یەك، ل ٢٧١.

زمانیو نەتەوەییەکان بوو بە ئەولەویەتی سیاسەتی هەندێ دەوڵەت-نەتەوەی تازە سەرهەڵداوو لە سەرووی ئەمانەوەش دەوڵەتی نوێی تورکیا.

سیاسەتمەدارانی تورکیای نوێ بە بیانووی دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەیەکی یەکدەست لە لایەکەوەو مەترسی لە دەستدانی پاشماوەی خاکی عوسمانیی لە لایەکی دیکەوە، سیاسەتی یەکدەستکردنی زۆرملێیانەیان گرتەبەرو بەرهەمی ئەم سیاسەتە، بڵاوکردنەوەی توندوتیژی نەتەوەییو دەرئجام سڕینەوەی فیزیکی بوو کە پێدەچێ ئەم سیاسەتە هێشتا بەشێك بێ لە گوتاری زاڵی دەوڵەتی تورکیا.

ئەنجامی ئەم توێژینەوە پێشانی دەدات پاش روخانی ئیمپراتۆری عوسمانیی، گوتاری سیاسەتمەدارانی تورکیای نوێ هۆکاری سەرەکی بڵاوکردنەوەی توندوتیژی نەتەوەییە. ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت پاش ئاماژەدان بەگوتارە شوناسیەکانی عوسمانیی، رۆڵی سیاسەتمەدارانو دەسەڵاتدارانی عوسمانیو تورکیای نوێ لە سەرهەڵدانو بڵاوکردنەوەی توندوتیژی نەتەوەییو هەروەها هەبوونی وەك بەشێك لە بنەمای کۆماری تورکیا بخاتە بەرباسو بە واتایەك روونی بکاتەوە کە چۆن گوتاری سیاسەتمەدارانو دەسەڵاتدارانو تەنانەت رۆشنبیرانی ئەم وڵاتە لە بەرهەمهێنانو بەرهەمێنانەوەی توندوتیژی نەتەوەییو زمانی لە ئاست کورد کاریگەربووە:

**وشە سەرەکییەکان:**

**تورکیا، سیاسەتمەداران و دەسەڵاتداران، بڵاوکردنەوەی توندوتیژی نەتەوەیی، کورد.**

## پێشەکی:

لەساڵی ١٨٠٣ "حاڵەت ئەفندی" نوێنەری عوسمانیی، گەیشتە پاریسو پاریسیەکان بە ناوی نوێنەری تورکەوە پێشوازییان لێکرد، بەم هۆیەوە ئەفەندی زۆر تورە بوو لە بەر ئەوەی لە ئەدەبیاتی سیاسی ئەو وڵاتەدا عوسمانیی وەك «دارولئیسلام»، «مەمالیکی مەحرووسە» و «وڵاتی سوننەی عوسمانیی» دەناسراو وشەی «تورك» لە گوتاری سیاسی ئیمپراتۆر بەمانای شوانو گوندیو تەنانەت وەك سوکایەتی بەکار دەهێنرا.(انتخابی، ١٣٩٠ : ٥٩)و زۆر جاریش وەك گاڵتە بۆ کەسێکی گەمژەو گەوج بەکار دەهات»)بهوتلب، ١٣٥١: ١٦(.

دەستەواژەی وەك «خەلافەتی ئیسلامی»، «زمانی عوسمانیی»و «میللەتی ئیسلام»و «مەمەلەکەتی سوننەی عوسمانیی» لە تایبەتمەندییەکانی ناسنامەی ئیمپراتۆری عوسمانیی بوو کە لەئاست ئەویتری «سەفەویی»و «فەرەنگ» خۆیان پێناسە دەکرد.

ئیمپراتۆریەت هەڵگری ژمارەیەکی بەرچاو لە نەتەوە، زمانو مەزهەبو ئاینی جیاواز بوو، لەوەش گرنگتر لەو وڵاتەدا کەمترین زانیاری سەبارەت بە زمانو رەچەڵەکی تورکی هەبووەو ئەگەریش هەبوویێت کرێارو لایەنگری نەبوو بۆ نموونە «وامبری» گەڕیدەو رۆژهەڵاتناسی بەناوبانگی هەنگاریو لە یەکەم دەسپێکەرانی گوتاری تورکگەراییو ناسیۆنالیزمی تورکی لەکۆتایی سەدەی نۆزدە لەمبارەوە دەنووسێت: «وشەی «تورك لۆك» کە بە مانای تورکایەتیە، چل ساڵ لەوەو پێش بە مانای سوکایەتیو جنێوبوو، هەرکات لەگەڵ چینی خوێنەواری عوسمانیی سەبارەت بە بایەخو گرنگی تورکو فرەیییو گەورەیی تورك لە لێواری چەمی «لینا» بۆ زەریای «ئادێریاتیك» باسم دەکرد وڵامیان ئەوە بوو تۆ خەریکی چیت؟ دیارە دەتەوێت ئێمەو قرقیزیو بیابان نیشینەکانی تاتار وەك یەك پێناسە بکەیت؟ من ئەو کاتەی خەریکی توێژینەوە سەبارەت بە زاراوەکانی رۆژهەڵات بووم...بێجگە لەچەند ئەفەندیەك کە شارەزای فەرهەنگی مەعنەوی تورك بوون، ئیتر لە بازنەی جیاجیا خوێنەوارانی ئەستەمبوڵ کەسێکم نەدۆزییەوە کە شارەزای نەتەوەی تورك بێتو سۆزی بۆ تورك هەبێ (انتخابی، ١٣٩٠ : ٦٠).

چەندین دەیە پاش گوزارشتی وامبریو چەندین گەڕیدەی دیکەی رۆژئاوایی سەبارەت بەنەبوونی سۆزو شارەزایی بۆ زمانو رەچەڵەكو نەتەوەی تورك لەنێوان دەسەڵاتدارانو سیاسەتمەدارانی عوسمانیی، تەنانەت سوکایەتی بەرچاو بە وشەی تورك، تورکایەتیو ژیانەوەی سیمبۆلە تورکییەکان بوون بە گوتاری زاڵی سیاسەتمەدارانو چینی تازە سەرهەڵداوی مونەوەرولفیکرانی عوسمانی. بە واتاییەك لەکۆتایی سەدەی نۆزدە شایەتی وەرچەخانی سەیر لە گۆڕانی شوناسو ناسانامەی عوسمانی بۆ تورکیو تورانی دەبین.

لەم گوتارەدا ئیتر تورکو توران دەبێ بە کەڵکەڵەی سەرەکی چینی تازە سەرهەڵداوی مونەوەرولفیکرو تەنانەت دەسەڵاتداران. هەر لەم ئاراستەیەوە لە یەکەم دەستووری سەردەمی مەشروتییەت ١٨٧٦ بەڕاشکاوی لەخاڵی ٦٨ پەسەندیان کرد «ئەو کەسانەی شارەزای زمانی تورکی نەبن لەمافی نوێنەراییەتی بێبەش دەکرێن».(انتخابی، ١٣٩٠: ٦٠) ئەمە لە حاڵێکدابوو کە زۆربەی خەڵكو تەنانەت خەڵکی ئاسایی لە وشەی تورك سڵیان

ئەم گوتارە ڕەگەزپەرستانە گەیشتە ئەو ڕادەیەی لەنێوان ساڵەکانی ١٩٨١-١٩٨٤ لە گرتووخانەکانی دیاربەکر چل کەس کە ئامادەنەبوون بڵێن من شانازی دەکەم لەبەر ئەوەی تورکم‌و لەسەر شوناسی خۆیان جەختیان دەکردەوە، لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لە دەستدا.(بیشکچی،١٣٧٨: ١٢٠).

بە ڕەچاوکردن‌و سەرنجدانی مێژووی تورکیا دەکرێت بانگەشەی ئەوە بکەین پرسی توندوتیژی‌و بڵاوکردنەوەی توندوتیژی‌و ئاسیمیلەکردنی زۆرەملێیانە، بوەتە بەشێك لە میراتی جیانەکراوەی ڕەگەزپەرست‌و پان تورکیزم‌و پان تورانیزمەکانی کۆماری تورکیا.

پێدەچێ قەیرانی ناسنامە، ناکارامەیی لە بەڕێوەبردنی وڵات، گرێی ڕوخانی ئیمپراتۆریەت‌و دابەشبوونی، وانەکانی ڕۆژهەڵاتناسان‌و مەترسی دابەشکردنی فرەتری پاشماوەی عوسمانیی لە سەرهەڵدان‌و بەهێزکردن گوتاری توندوتیژی نەتەوەیی سیاسەتمەداران‌و دەسەڵاتدارانی تورکیا ڕۆڵی سەرەکییان هەبێت.

## وەرچەرخانی گوتار و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی ڕادیکاڵ:

**ئێمە پیاوێکی لە ڕادەبەر نەخۆشمان لە بەر دەستدایە، ڕاشکاوانە بڵێم نەهامەتیەکی گەورەیە ئەگەر ئەم نەخۆشە پێش ئەوەی چارەسەری بکەین لە کیس بچێ».**

نیکولای یەکەم بۆ سێر هیملتۆن (انتخابی، ١٣٩٠: ٩٠).

یەکەم عەشیرەتی گەورەی تورك بە نێوی «سەلجووقییەکان»ی سەر بە تورکانی ئوغوز، بە بیانووی دۆزینەوەی لەوەڕگاو سەغڵەتی باری ژیانیان، ڕوویان لە خوراسان کرد. ئەرسەلان جازب فەرماندەی سوپای غەزنەوی پێشنیازیکرد، پاشای غەزنەوی سەرجەم سەلجووقییەکان قەڵاچۆ بکات یان قامکیان ببڕێ تا چیتر توانای تیرهاوێشتنیان نەمێنێ.(نیشابووری، ١٣٣٢: ١١) مەحموود غەزنەوی، ئەرسەلان جازبی بە دڵڕەقی تاوانبار کردو ڕێگەی بە نیشتەجێبوونی سەلجووقیەکان لە چەند شارو ناوچەی خوراساندا و لە سەردەمی مەسعوودی کوڕی مەحمود کەوتنە شەڕو ئاژاوەگێڕی‌و لەئەنجامدا توانیان لە شەڕی چارەنووسسازی دەندانقان لەساڵی ١٩٤٠ شکست بەغەزنەوییەکان بهێنن.(بیهقی،١٣٨٧: ٦٤٣-٦٠٩ )و لە «نیشابوور»ی سەر بە خوراسان، یەکەم حکومەتی بە ڕەچەڵەك تورکی سەلجووقی لە سەر دەستی «تۆغرۆل» دامەزرێنن. ئەمە

سەرەتای بە تورککردنی ناوچە فارسنشینو کوردنشینەکانی وڵاتی ئێرانو دامەزراندنی دەسەڵاتی تورکو تەنانەت دەسەڵاتگرتن بەسەر بەغدا لەساڵی ١٠٥٥ وەك ناوەندی دەسەڵاتی خەلیفەبوو. (بنداری اصفهانی، ٢٥٣٦ : ٥٠-٤٦)

تورکمەنە سەلجووقییەکان شارەزای بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی حکومەتداری نەبوون، بۆیە دەسەڵاتی سیاسیو بە واتایەك بەشی قەڵەم ڕادەستی خوراسانییەکانو لە سەرووی هەموویانەوە «نیزامولمولك» کرا.

خواجە نیزامولمولك لە هاتنی بە لێشاوو پەیتا پەیتای تورکەکانی سەر بە عەشیرەتی ئوغوز هەستی بە مەترسیکردو بە ناچاری بەشێکیانی هاندا ڕوو لە ئەنادۆڵ واتە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆری ڕۆم بکەنو لە ئاکامدا لەشەڕی چارەنووسسازی مەلازگرت لە ساڵی ١٠٧١ شکستیان بە ڕۆمی مەسیحی هێنا.

مەلازگرت سەرەتای بە تورککردنی ئەنادۆڵ، واتە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆری مەسیحی بوو. لە ئەنادۆڵی یەکەم حکومەتی تورکی سەر بە عەشرەتی سەلجووقی بە نێوی سەلجووقییەکانی ڕۆم دامەزرا ١٠٧٧و تا سەردەمی هاتنی مەغۆلەکان درێژەی کێشاو بە هاتنی مەغۆلەکان، دەسەڵاتی سەلجووقییەکان لە ئەنادۆڵی کۆتایی پێهات. (اقسرایی، ١٣٦٢ : ٤٨-١٢٨)

پاش مەغۆلەکان چەندین تایفەی سەر بە عەشیرەتی ئوغوز لە ناوچەی ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ، چەندین دەسەڵاتی خۆجێییان دامەزراندو لە ڕیزی ئەمانە دەسەڵاتی عوسمانیی یان «عوسمانلی» بوو کە لە سەردەستی «غازی عوسمان»و دواتر «ئورخانی کوڕی غازی عوسمان» لەساڵی ١٢٨٠ دامەزراو بەرە بەرە توانی بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵی جووڵە بکاتو لە سەردەمی سوڵتان محەمەدی فاتیح بە گرتنی «کوستانیتن شار» واتە ناوەندی دووەمی دەسەڵاتی جیهانی مەسیحی لە ساڵی ١٤٥٣ یەکێك لە مەزنترین ڕووداوەکانی مێژووی جیهان خولقێندراو بوار بۆ بە ئیمپراتۆرکردنی دەسەڵاتی عوسمانیییەکان سازکرا. (استانفورد جی، ١٣٧٠ :١/١١٠)

بەگشتی دەسەڵاتی عوسمانیی لە نێوان ساڵانی١٢٨٠-١٤٥١ لە سەردەستی عوسمانی غازی، ئورخان، مورادی یەکەم، بایزی یەکەم، محەمەدی یەکەمو سوڵتان مورادی دووهەم دامەزراو سەقامی گرتو لەنێوان ساڵانی ١٥٦٦-١٤٥٣ واتە لە گرتنی ئیستەنبوڵەوە بۆ گرتنی بەشێك لە ئەورووپاو سەرجەم وڵاتە عەرەبیەکان لە سەردەستی سوڵتان محەمەدی فاتیح "١٤٨١-١٤٥١". سوڵتان بایزی دووەم "١٥١٢-١٤٨١"

سوڵتان سەلیمی یەکەم"١٥٢٠-١٥١٢"و سـوڵتان سـلێمانی یەکـەم "١٥٦٦-١٥٢٠" دەسەڵاتی عوسمانیی بوو بە یـەکێك لـە بـەهێزترینو بـەربڵاوترین ئیمپراتۆرییەتـەکانی جیهان لە سەدەی شانزەهەمدا.(حضرتي،١٣٨٩ :١٠٢)

سەرهەڵدانی ئەورووپای مودێڕنو شکستهێنانی عوسمانیی لە چـەندین شـەڕی گـرنگ لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەنیوەی دووهەمی سەدەی شانزەو سەرەتای سەدەی حەڤـدەوە، کە بە چەکی مودێڕنو نوێ بەهێزکرابوون سەرەتای هەرەسهێنانی ئیمپراتۆری عوسمانییو مەترسی ڕووخانی دەسەڵاتی خەلیفە وەك ناوەندی سەرەکی جیهـانی ئیسـلامی سـوننە بوو.

بەگشتی شکستی سەربازی لە ئاست نەمساو روسیاو قبـووڵکردنی سـێ گرێبەسـتی «کارۆلووتێس» ١٦٩٩، «پاسارووێتس» ١٧١٨و «کوچۆك کینارچـە» ١٧٦٨، کۆتـایی سەردەمی زێڕینی «فتوحات»و داگیرکەری ئیمپراتۆریەت بوو، بە واتاییەك سەپاندنی ئەم سێ گرێبەستە لە لایەکەوە سەرەتای قبوولکردنی هەژموونی ڕۆژئاوای مـودێرن لەلایـەن دەزگای خەلافەتەوە بوو.(حضرتي،١٣٨٩:٢٠٤) لەلایەکی دیکەوە سەرەتای دەستتێوردانی ڕۆژئاواو قەیرانی بەڕێوەبردنی وڵاتو هەروەها قەیرانی شوناس بـوو بـۆ پێشـگرتن بـەم مەترسیە واتـە مەترسـی لـە دەسـتدانی ئیمپراتۆریـەت، جیـا لـە چاکسـازیی هـەوڵی گوتارسازییو وەرچەرخانی چوارگوتاری سەرەکی بوو کە لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکرێت.

### گوتاری عوسمانییخوازی:

جیا لە شکستی قورسی عوسمانیی لە ڕۆژئاوا، کێشەی بەڕێوەبردنی وڵـات هاوکـات لەگەڵ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لەنێوان نەتەوەکانی نێو ئیمپراتۆریـەت وەك یۆنانیـەکان لەساڵی ١٨٢٥و سربەکان لە سـاڵی١٨٣٤و دواتـر بولگاریـاو ئەرمەنیـەکان، پرسـیاری سەرەکی «چۆن دەکرێت لەم دوخەدا ئەم ئیمپراتۆریەتە رزگار بکەین؟». (انتخـابی،١٣٩٠: ٦١)

وەك تارمایی مێشکی سیاسەتمەدارانو دەسەڵاتدارانی عوسمانیی تەنییـەوە. وڵـامی ئەم پرسیارە لـەپێناو پاراسـتنو رزگـارکردنی ئیمپراتۆریـەت، خـەونی بەرجەسـتەکردنو گشـتگیری گوتـاری عوسمانییگـەرایی بـوو. دەسـەڵاتدارانو بەرپرسـانی ئیمپراتـۆر بـۆ پێشگرتن لـە جیابوونـەوەی کەمایـیەتیـە ئاینیـەکانی وڵـات، ئەولەویـەتیان بـەگوتاری

(Berkes,1988:144-5)و بە واتایەك چەمكی هاوولاتی سەپێندراو شێوازی یاسایی بە خۆیەوە گرت. (Karpat,1982 :163)

مەبەست لە زاڵكردنی گوتاری عوسمانیخوازی، هەروەها كە پێشتر ئاماژەمان پێدا لە ئەساسدا بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانی چۆنیەتی رزگاركردنی ئەم ولاتە لە دابەشبوونو بە واتاییەك قەیرانی شوناس بوو. ئەم گوتارە لەبەر دەستێوردانی دەرەكی، بلاوبوونەوەی شەپۆلی ناسیۆنالیزم لە نێوان نەتەوەكانی ئیمپراتۆریەتو ویست بۆ دەربازبوون لەژێر دەسەلاتی خەلیفەو گرنگتر لە هەمووی نەبوونی ئیرادەی چارەسەركردنی قەیرانی بەرێوەبردنی ولات، نەیتوانی ببێتە گوتاری زاڵی سەرجەم ئیمپراتۆریەتو كەوتەژێر هەژموونی گوتاری ئیسلامخوازییەوە.

## گوتاری پان ئیسلامیزم:

چەندین دەیە پاش هەوڵی لایەنگرانو تیۆردارێژەرانی گوتاری عوسمانییگەراییو ناكارامەبوونی ئەم گوتارە، سولتانو دەسەلاتدارانی ناچار بە وەرچەرخان لە گوتاری عوسمانییخوازی بۆ پان ئیسلامیزم لەپێناو پاراستنی پاشماوەی ئیمپراتۆریەت كرد.

پاش جیابوونەوەی یۆنانو بولگاریاو سربیاو بە واتاییەك بەشی هەر زۆری مەسیحیەكانی ئێمپراتۆریەت، ئامانجی سەرەكی ئەم گوتارە پاراستنی عەرەبو خاكی عەرەب لە چوارچێوەی دەسەلاتی سولتاندا بوو. لێرەوە دەستەواژەی وەك «سەڵتەنەتی سوننەی عوسمانی»و «خەلافەتی مەزنی ئیسلامی» جێگەی خالی «یەكسانی دانیشتووانی عوسمانی» لە دستووری عوسمانی "١٨٧٦" گرتەوەو سەرەتای دەسەلاتی سولتان عەبدولعەزیز دەكرێت وەك سەرەتای گوتاری ئیسلامخوازی پێناسە بكرێت.(انتخابی، ١٣٩٠ :٦٥ )

ئاماژەكردن بە دوو دەستەواژەی «سەڵتەنەتی سوننەی عوسمانی»و «خەلافەتی مەزنی ئیسلامی» لە دەستووری عوسمانیی پێشاندەری وەرچەرخانی گوتارییو سەرهەلدانی گوتارێكی نوێ لە ئیمپراتۆریەتدا بوو. هەڵبەت ئەم وەرچەرخانە گوتارییە لەبەر هۆكاری وەك جیابوونەوەی كەمایەتییە مەسیحەكان لە بازنەی دەوڵەتی عوسمانیو هەروەها سەرهەلدانی دەنگۆی ناسیۆنالیزمی عەرەبیو گشتگیریو بەرجەستەبوونی ویست بۆ جیابوونەوە، رێگەی بۆ دەربازبوون لەگوتاری پان عوسمانیی خوازی خۆشكرد. لە سەردەمی سولتان عەبدولەجیدی دووەم "١٩٠٩-١٨٧٦" پاش جیابوونەوەی یۆنانو

سربیستانو بولگاریاو هەروەها هەولّی بێوچانی ئینگلیزو مونەوەرانی عەرەب بۆ جیابوونەوەو مەترسی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، هەولّ بۆ زالّکردنی گوتاری پان ئیسلامیزم بوو بە ئەولەویەتی سیاسەتی ئیستەنبولّ.

سولّتان عەبدولمەجیدی دووەم بە باشی ئاگاداری دۆخی ئیمپراتۆریەت بوو. بۆیە لەوپەڕی مەترسیو نیگەرانیو ناتوانایی ئیعترافی کرد: «نەهامەتیو چارەڕەشی ئیمە لەوەدایە ئیمپراتۆریەتەکەمان یەکدەست نیە. (F.Georfen,2003;320). ئەم نیگەرانیەی سولّتان جیا لەوەی ئاگاداری خەساری سەرەکی ئیمپراتۆریەت بوو، تەنیا هەولّ بۆ رزگارکردنی ولّات لەرێی گوتاری ئیسلامخوازی بوو کە دەکرا سەرجەم دانیشتوانی بە تورکو عەرەبو کوردەوە رازی بکات. سەرەڕای هەولّ بۆ پاراستنی خەلافەت لە پێناو کۆکردنەوەی سەرجەم دانیشتووانی ئیمپراتۆریەت لەرێی بەهێزکردنی گوتاری ئیسلامخوازی، سەرەتای دەیەی "١٨٨٠" هاوکات بوو لەگەلّ هەولّی رژدی مونەوەرانی عەرەب بۆ دەربازبوون لەژێر دەسەلّاتی عوسمانیی لەژێر ئایدیولۆژیای ناسیۆنالیزمی عەرەبی بە یارمەتیو هاندانی ئینگلیزەکان. رەوتی رووداوەکان پیشانیدا گوتاری یەکریزی ئیسلامیو گوتاری پان ئیسلامیزمی سولّتان لە ئاست ناسیۆنالیزمی عەرەب لەو کاتەدا پرە لە سۆز بۆ ژیانەوەی شوناسو سەرهەلّدانی ویست بۆ سازکردنی دەولّەت-نەتەوە کەم هێزتربوو.

لێرەوە دەتوانین بلّێین یەکدەست نەبوونی ئیمپراتۆریەت، بلّاوبوونەوەی شەپولی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، هەولّی ولّاتانی رۆژئاوایی بۆ لاوازکردنی دەسەلّاتی عوسمانییو هەروەها سەرهەلّدانی ناسیۆنالیزمی تورانی هۆکاری سەرەکی ناکارامەکردنی گوتاری پان ئیسلامیزمو زالّبوونی گوتاری پان تورانیزم لەباتی گوتاری ئیسلامخوازی سولّتان بوو.

## گوتاری پان تورانیزم:

هەر ئەو شتەی شێوەی تورکی هەیە جوان و سەرنجڕاکێشەو هەر شتێ وا رەنگی عوسمانیی هەیە خوێنتالّو ناحەزە.(طوكالب، ١٣٥١ :١٥). نیشتمانی تورکەکان، تورکیا نییە/تورکستانیش نییە/زۆر بەربلّاوترە/ ناوچەیەکی بەربلّاوو ئەبەدییە بەناوی توران.(انتخابی، ١٣٩٠ :٦٣ )

ئەم قسەیەی توتالب لە تیۆردارێـژەرانی گوتـاری تـورانیزمو تـورکیزم، جیـا لـەوەی پیشاندەری ئەو راستیە بوو کـە لـەنێوان مونـەوەرانی عوسـمانیی، ویسـتو خولیـا بـۆ دەربازبوون لەگوتاری عوسمانییخوازیو ئیسلامگەرایی روو لەزیادبوونو بەهێزبوون بووە، ئاماژەیەکی سەرەکی بۆ سەرهەڵدانی کێشەی بنەمایی لەبەرێوەبـەردنی ئیمپراتۆریـەتو ناتوانایی گوتاری ئیسلامخوازیو عوسمانیگەرایی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی شوناس بوو.

شکستی یەك لـە دوای یـەکی عوسـمـانیی لـەبواری سـەربازیی، قـەیرانی شـوناس، قەیرانی بنـەمایی بـەرێوەبردنی وڵـات، بۆچـوونی رۆژهەڵاتناسـانەی تورانیخوازەکـان، شۆڕشی تورکە لاوەکان لەساڵی ١٩٠٨ گرێی لەدەستدانی بەشێکی خاکی ئیمپراتۆریەت، ئامادەبوونی رۆشنبیرانی ئاسیای ناوەنـدیو بـە واتاییـەك ناوچـەی تـورانی مێـژوویی‌و هەروەها نوسـتالیژیای پەیوەسـتکردنی نیشـتمانی تـوران بـە عوسمانییـەوە، لـە ریـزی سەرەکیترین هۆکارەکانی سـەرهەڵدانی بۆچـوونی تورانیخـوازیو دەرئەنجـام گوتـاری پـان تورانیزم بوو. لێرەوە دەکرێت بڵێین پان تـورانیزم لەلایەکـەوە بەرهـەمی وەهمـی تـوران خوازکان بۆ دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی بەربڵاوترو لەلایەکی دیکەوە ئـەنجامی گرێـی دابەشبوونو لاوازی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی بوو.

بڵاوبوونەوە بەرهەمی رۆژهەڵاتناسانی وەك "ئـارتور لاملـی-١٨٣٢"، "وامـبری-١٩١٣"و "بورژکی لێهەستانی"و هەروەها چەندین کەسـی دیکـە لەسـەرەتای سـەدەی بیستەم، رێگەیان خۆشکرد بۆ ئەوەی مونـەوەرانی عوسـمانیی کـە لـە ئیسـلامگەرایی‌و عوسمانییخوازی نائومێدبوو بـوون، روو لـە تـوران بکەنـەوەو بـە رژدی دەسـتبکەن بـە خوێندنەوەو بیرکردنەوە لەسەر زمانو فەرهەنگی تورکیو تورانی. تەنانەت بگەنە ئاستی توران پەرستی، هەر لەم ئاراستەیە "بورژکی" کـە بـە قسـەی خـۆی شوناسـی تـورکی قبوڵکردبـــوو بەراشـــکاوانە دەیگـــوت: «نەتـــەوەی تـــورك نەتەوەیـــەکی ئاســـایی نییە».(Kushner,1977:44)). بە شوێنکەتوویی لەم چەشنە دروشمانە، دروشمی «ئیمـە تورانین‌و زمانیشمان تورانیە» بۆ ماوەیەك بوو بەدروشمی زۆربەی مونەوەرانی عوسمانیی، هەروەها کەسانی وەك یوسف ئاقچوورا، ئەحمەد ئوغلۆو ئیمساعیل کاسپرێنسـیکی کـە هاوکات لەگەڵ شۆڕشی تورکەلاوەکان لەساڵی ١٠٩٨ لە ئاسیای ناوەندییەوە روویان لـە ئیستەنبوڵ کرد، چەندین ئەنجومەنی تورانیخوازی وەك نیشـتمانی تـورك ١٩٠٨و ژووری تورکیان "١٩١٢" دامەزراند.

ئەم قسانە بەمانای کۆتایی گوتاری پانتورانیزمو پێویستی تێپەربوون لەو گوتارە بووەو خاڵی گرنگترو مەترسیدارتر ئەوە بوو لەگوتاری نوێ واتە گوتاری پان تورکیزم، کوردستان وەك نیشتمانی سەرەکیو شەرعی تورك پێناسەکرا. شیاوی وەبیرهێنانەوەیە پاش جەنگی جیهانی یەکەمو شکستی عوسمانیی، دەوڵەتە رۆژئاواییەکان بەپێی پەیمانی سایکس-پیکۆ لەساڵی ١٩١٨ بریاری دابەشکردنی ئیمپراتۆری عوسمانییانداو هاوکات پلانی چواردە خاڵی «ودرۆ ویڵسن»، سەرۆك کۆماری ئەو کاتەی ئەمریکا، بۆ دابەشکردنی ئیمپراتۆریەت لەسەر بنەمای مافی دامەزرانی دەوڵەت بۆ نەتەوەکانی عوسمانییو گرێبەستی لۆزانو ئامادەبوونی یۆنانیەکان لەئانادۆڵی رۆژهەڵات، پاشماوەی عوسمانیی خستە مەترسیەوەو ئەگەری دابەشکردنی دووبارە، ناسیۆنالیستەکانی تەواو ئازاردا. ئەم رووداوانە رێگەیان بۆ سەرهەڵدانی مستەفا کەمال ئەتاتورك وەك ئەفسەرێکی ناسیۆنالیزم سازکرد. مستەفا کەمال ئاگاداری ئەم راستییە بوو کە ئەگەری دووبارەی بەدەستهێنانەوەی وڵاتانی عەرەبی نییەو تەنانەت ئەگەری دابەشبوونی زۆرتری هەیە، لەم ڕووەوە دوو کاری گرتەبەر یەکەم وەدەرنانی یۆنانیەکان بە یارمەتی کوردو دووەم بەتاڵکردنی دەزگای خەلافەتو دامەزرانی دەوڵەت-نەتەوەی تورك لەسەر ئەساسو بنەمای یەکدەستسازیی. ئەتاتورك پاش شکستهێنان بە یۆنانیەکان لە ئەزمیرو وەدەرنانیان. خۆی وەك پاڵەوانێك نیشانداو هێدی هێدی هەنگاوی سەرەکی بۆ بەتاڵکردنی خەلافەت هەڵگرتو دەرئەنجام لەرۆژی ٢٩ ئۆکتۆبەری ١٩٢٣ بوو بەسەرۆك کۆمارو لە مارسی ١٩٢٤ خەلافەتی وەك تەنیا سەرچەشنی برایەتی تورکو کورد بەتاڵکردەوە. لەپێناو یەکدەستکردنی وڵاتو هەروەها بە رۆژئاواییکردنی تورکیای نوێ هەنگاوی سەرەکی هەڵگرتو ناسیۆنالیزمی تورکی وەك ئایدیولۆژیای دەوڵەتی نوێ هەڵبژاردو لەپێناو شوناسسازی دەستی بە ساختەکاریو سڕینەوە کرد.

پان تورکیزم مستەفا کەمالی پێشوو و ئاتاتورکی سەرۆك کۆماری تورکیای نوێ، رازی سەرکەوتنی تورکیای نوێ بە یەکدەستکردنی وڵات دەزانیو لەم پێناوەدا بۆ تورکیای مستەفا کەمال، کورد کێشەی سەرەکی بوو کە ئەتاتورك لەوپەری بێشەرمی وەك «بلۆقو بەربەستی بەختەوەری تورك» پێناسەی دەکردو لەم رووەوەو بەئەوپەری توندوتیژی کەوتە پەلاماردانی کورد. سڕینەوەیو قەدەغەکردنی سیمبوڵو ناوی کوردیو ناوی شارەکانی کوردستان، هەروەها قەدەغەکردنی زمانی کوردیو پەلاماری توندی ئەوکەسانەی کەمترین بەرگریان دەکرد لەریزی یەکەم هەنگاوەکانی سیاسەتی

یەکدەستسازیو بڵاوکردنەوەی توندوتیژی نەتەوەی تورکیای نوێ ئەتاتورک لە ئاست کورددا بوو، بڵاوکردنەوەی گوتاری توندوتیژی نەتەوەیی سیاسەتمەدارانو دەسەڵاتدارانی تورک: پرسی کورد زۆرتر لەوەی ئیمە بۆی دەچین لێرە گرنگی هەیە، نە وەك ئەرمەن، دەتوانن کورد بسڕنەوە نە وەك یۆنانی کۆچیان پێ بکەن...کورد جەماوەری زۆری هەیەو ریگەچارەی نییە..(فروغی بیات، ١٣٧٤: ٨٥ )

کورد بەپێی ڕێکەوتنی سیڤەرو پلانی چواردە ئەسڵی وێڵسن، مافی سەربەخۆییو جیابوونەوەی لە تورك بەدەستهێنابوو. بۆیە مستەفا کەمال بە قسەی باقو بریق قسەی خەڵەتینەری وەکو: «ئێمە لە دێرزەمانەوە لە ئەمەگی کورد بەئاگاین. کورد هەمیشە بۆ تورك هاوڕێو پر بایەخ بوونەو دەکرێت بڵێین کوردو تورك یەك نەتەوەن» (مك داول، ١٣٨٠: ٣٢٩) کوردی فریوداو هاودەنگی خۆی کردو تەنانەت لەسەر پێشنیازی ئەو، پارلەمان بریاریدا ناوچەکوردنیشینەکان خودموختاریان پێ ببخشرێت.( مك داول، ١٣٨٠:٣٢٩)

کورد بێجگە لە قسەی خەڵەتێنەر، هەر لە سەرەتاوە فریوی مستەفا کەمالی خوارد کە کوردستانی وەك بەشێك لە «ژینگەی شەرعی» تورك پێناسە کردبوو، هەروەها لە خاڵێکی وردی قسەکانی بیریان نەکردوە کە بە ڕاشکاوی سیاسەتی یەکدەستکردنی رایگەیاندبوو: «نێوان ئێمەو کورد جیاوازییەك بوونی نییە، ئێمە پیکەوە وڵاتێك رێبەری دەکەین بەناوی تورکیا، تورکیا وڵاتی سەرجەم ئەو کەسانەیە کە خۆیان بە تورك دەزانن».(مك داول، ١٣٨٠: ١٢٦)، بەم شێوازە، مستەفا کەمال لە هەنگاوی یەکەم سیاسەتی هاودەنگی لەگەڵ کوردی بۆ لەناوبردنی ئەرمەنیو یۆنانیو تەنانەت ئیتالی هەڵبژاردو لەهەنگاوی دووەم سیاسیەتی توانەوەو سڕینەوەی کوردی بۆ یەکدەسکردنی دەوڵەت-نەتەوەکەی دەسپێکرد.

مستەفا کەمال پاش گەیشتن بە ئامانجی سەرەکیو سەرەتایی خۆی واتە وەدەرنانی یۆنانییەکان لە ڕێگەی کوردەوە، بە کەنسەڵکردنی بریارنامەی سیڤەرو سەپاندنی ڕێکەوتنامەی لۆزانو دەرئجام راگەیاندنی کۆماری تورکیاو بەتاڵکردنی خەلافەت.

سەرجەم بەڵێنەکانی لەگەڵ کورد پێشێلکردو سیاسەتی یەکدەستسازیی دەسپێکردو یەك ساڵ پاش راگەیاندنی کۆماری تورکیای نوێ، زمانی کوردی قەدەغە کردو کوردی وەك «بلۆقو بەربەستی بەختەوەری پێناسە کرد».(انتخابی، ١٣٩٢ :١٠٢ )و بە ڕاشکاوانە کوردستانی وەك نیشتمانی هەتاهەتایی تورك دەستنیشانکردو گرینگتر ئەوەی بەوپەڕی

بێشەرمی لە کورد، ویستی خۆی وەك تورك پێناسە بکاتو بە واتایەك ویستی وەك "زیا توتالب" ئەو سوکایەتیە قبولّ بکاتو بلّێت: «من تەنانەت ئەگەریش بۆم روون ببێتەوە کە باووباپیرم لە ناوچەی کوردو عەرەبەوە هاتوون دیسانەوە لە تورکبوونی خۆم کەمترین گومان ناکەم». (راندل، ١٣٨٠:٣٤٦)

سیاسەتی هاوتاسازیو یەکدەستکردنی توندوتیژانەی دەسەلّاتدارانی تورکیا گەیشتە ئەو ئاستەی کە لەسالّی ١٩٢٤بەفەرمی رایانگەیاند:«تەنیا نەتەوەی تورك لەم ولّاتە مافی نەتەوەیی‌و نەتەوەی هەیەو هیچ کەسی دیکە خاوەن ئەو مافە نییە»(رندل، ١٣٨٠: ٣٣٧). ولّامی کورد لەو کاتەدا، سەرهەلّدانی سێ شۆڕشی شێخ سەعید"١٩٢٥"، ئارارات "١٩٣٠"و راپەرینی دێرسیم لەنێوان سالّەکان "١٩٣٦-١٩٣٨" بوو کە لەوپەری دڕندایەتی‌و خوێنمژی سەرکوتکراو بە وتەی رۆژنامەکان «دێرسیم لە گەلّ خاك یەکسان کرا» (راندل، ١٣٨٠ : ٣٣٧)و بەشانازییەوە نووسیان: «لەو جێگەیە سەرەنیزەی تورك هەبێ پرسی کورد نییە». (مك داول، ١٣٨٠: ٣٤٨). سەیرتر ئەوەی «سەبیحە گوگجەن» ئەو کچەی کە ئەتاتورك وەك کچی خۆی قبولّی کردبوو، پەنجا سالّ پاش ئەو کارەساتە نووسی: «ئەم کارە بۆ پێشتیوانی لە زیندوومانەوەی کۆماری لاوی تورکیا پێویست بوو» (رندل، ١٣٨٠ : ٣٣٧). ئەم شۆڕشانە بیانوویەك بۆ توندوتیژی زۆرترو بەربلّاوترو هەروەها کۆچدانی زۆرەملێیانە بوونو ونکردنی ژنانی گەنجو کوشتار لەو ئاستەی کە کارەساتی ئەرمەنییەکانی زیندوو دەکردەوە. (مك داول، ١٣٨٠ : ٣٢٩)

هاوکات لەگەلّ سیاسەتی سەربازی کۆماری تورکیا، سیاسەتمەدارو چاپەمەنی‌و میدیاکانیش دەستیانکرد بە پاساوی ئەم کارە نەشیاوو قیزەونانەو هەر لەم پێناوەدا، تەوفیق روشدی سیراج ئوغلو لەپێناو پاساوی سیاسەتی لەنێوبردنی کورد نووسی: «ئاستی فەرهەنگی کورد تا رادەیەك نزمەو مێشکیان تارادەیەك دواکەوتووە کە ناتوانن لەکۆمەلّگەی تورکیا جێگەیان ببێتەوە..ئەمانە دەمردن..لەبەر ئەوەی لە بواری ئابووری‌و لە رەکابەریەتی لەگەلّ تورکی خاوەن فەرهەنگو شارستانیەت توانایان نییە.. ئەو بەشەیان وا بۆیان دەکرێت با کۆچ بکەن بۆ عێراقو ئێرانو ئەوانی دیکەیان کە شیاوی ژیان نین لێرە با لە نێوبچن». (مك داول، ١٣٨٠ : ٣٨٤)

پاش سێ شۆڕشی کورد، سیاسەتی یەکدەستیکردنی زۆرەملێیانە بەشێوازی بەربلاّو لەلایەن سیاسەتمەدارو ئەرتەشەوە کەوتە بواری جێبەجێکردنو پاش قەدەغەکردنی سەرجەم نیشانەکانی کوردبوونو کۆچپێدانی کورد بەرەو رۆژهەلّاتی تورکیا. سیاسەتی

بـەتورکی کردنـی کوردسـتان لەسـاڵی"١٩٣٠" لـە ئاسـتێکی بـەربڵاوو توندوتیژانـە دەستپێکرد. "بۆزکۆت"ی وەزیری داد لەباتی پاراستنی مافی کورد نووسی: « دۆسـتو دوژمن دەبێت بزانن ئاغەی ئەم وڵاتە تەنیا تورکە..ئەو کەسانەی خوێنی پیرۆزو خاوێنی تـورك لـە گیانیانـدا بـوونی نیـە تـەنیا یـەك ڕێگـەیان هەیـە ئـەویش نۆکـەریو کویلایەتیە».(کندال، ١٣٧٩: ١١٣)و هاوکات دروشمی «یەك تورك بایەخی هەموو دونیای هەیە»و «چ شەرەفو سەربەرزییەکی مەزنە کەسێك بتوانێت خۆی بە تـورك بزانێـت». (کندال، ١٣٧٩: ١١٧) بوو بە بەشێك لەگوتاری دەزگای زۆرەملێیانەی مسـتەفا کـەمالو لایەنگرانی کۆماری تورکیا بۆ مسـۆگەرکردنی دەوڵـەت-نەتەوەکـەیان لەسـەر بنـەمای بڵاوکردنـەوەی توندوتیـژی. شـیاوی وەبیرهێنانەوەیـە هاوکـات لەگـەڵ سیاسـەتی زۆرەملێیانەی یەکدەستکردنی کۆماری تورکیا. دەزگای ئایـدیۆلۆژیای پـان تـورکیزمی مستەفا کـەمال لـەپێناو شوناسسـازی دەسـتی بـە دامـەزرانـدنی کۆمیتـەو کـونگرەی مێژوویيو زمانی کرد. دامەزرانی «یانەی تورك» ، بەڕێوەبردنی شەش کونگرە لە نێوان سـاڵەکانی"١٩٣٢-١٩٣٦" دامــەزرانی کۆمیتــەی توێژینــەوەی مێــژووی تــورك، بـەڕێوەبردنی یەکـەم کـونگرەی مێـژووی تـورك لەسـاڵی "١٩٣٢"و بـەڕێوەبردنی دوو کۆنگرەی زمانی تورك لـە سـاڵەکانی "١٩٣٢-١٩٣٤". (بیشکچی،١٣٨١: ١٩ -١١١)
وەزیری بەرچاوترین ساختەکارییەکانی مەکینەی ئایدیولۆژیای پان تـورکیزمی رادیکـاڵ بـوو کـە بەرهـەمی بـە گەورەنیشـاندانو گەورەنوانـدنو بـەتورکی کردنـی سـەرجەم دەسـکەوتەکانی کۆمـەڵگای ئینسـانی لـەپێناو شوناسسـازی بـوو بـۆ نموونـە لێـرەدا ئاماژەدەکەین بە هەندێ ساختەکاری ئەم دەزگایانە لەپێناو شوناس سازی.
گرینگترین باسو دەرکەوتەکانی یانەی تورك: تـورك شارسـتانییەتە.تورك مێـژووە. یەکەم نەتەوەی خاوەن شارستانیەتی دنیا تورکن کە وڵاتی سەرەتاییان ئاڵتـایو ئاسـیای ناوەندیە، یەکەم نیشتەجێو خاوەن ئانادۆڵ ئەو تورکانەن کە رەگـەزیان دەگەرێتـەوە بـۆ هیتیەکان.(بیشکچی،١٣٨١: ٦) تایبەتمەندیو توانایی تورك، ریشەی قووڵی رەگەزی هەیە، تورك هاوتا لەگەڵ بەشێك لە میژووی مرۆڤ پێوەندی بە رەگەزی ئێمەوە هەیە..رەگـەزی تورك بەدیهێنـەری مـەزنترین هێـزی کۆمەڵایەتیـە. مـەزنترین ڕووداوی مێـژوو تـورك خوڵقاندوویەتی. (بیشکچی،١٣٨١: ٤-١٣)
گرنگترین باسو دەرکەوتەکانی کۆنگرەی کۆمیتەی توێژینەوە مێژووی تـورك: ئـەم راستییە سەلمێنراوە ئەوانەی خوێنی تورکی لە رەگیاندایە گەوهەریان تاكو بێ هاوتایـەو

پاڵەوانیەتیو جەنگاوەری بەڵکوو لە ئەندیشەو شارستانییەت، شەرافەتی مرۆڤایەتییت. تۆ شیاوی سەرکردایەتی سەرجەم شارستانییەتی جهیانی».(بیشکچی، ١٣٨١: ١٥) بەم وەسفەوە ئاساییە کە لایەنگرانو تیۆردارێژەرانی ساختەکردنی شوناسی تورکی بگەنە ئەو قەناعەتەی: هەموو کەسێك تورکەو هەموو بە تورك بوونی خۆی شانازی دەکاتو نەتەوەیەك بە نێوی کوردو زمانێك بە نێوی کورد بوونی نیە. (بیشکچی، ١٣٨١: ١٢٢)و بە واتاییەك ئاسایی بوو کە گوتاری توندوتیژی نەتەوەیی سیاسەتمەدارانو دەسەڵاتدارانو رۆشنبیرانی تورك زاڵو گشتگیربکرێت. گوتاری دژەکوردو سیاسەتی یەکدەستکردنی زۆرەملێیانەو پر لەتوندوتیژی مەکینەی ساختەکاری دەزگای ئایدیولۆژیای کەمالیزم، شێوازی فەرمی بەخۆیەوە گرتو بۆ نموونە «جەمال گورسێل» لەساڵی "١٩٦٠" واتە سێ دەیە پاش قسەکانی ئاتاتورك لەشاری دیاربکر"ئامەد"ی کوردان رایگەیاند: «من کورد نابینم ئەگەر چاوتان بەکوردی کەوت تف بکەنە نێوچاوانی»و هەروەها لە درێژەی قسەکانی گووتی: «ئەگەر ئەو تورکە کەژیانە هێوەر نەبنەوە ئەرتەش لە بۆمبارانی گوندو شارەکانیان سڵ ناکاتو لەگەڵ خاك یەکسانیان دەکاتو حەمامی خوێن رێدەخات بەشێوەیەك خۆیانو خاکیان نوقمی خوێن بن».(کندال، ١٣٧٩: ١٢٨)

هاوکات لەگەڵ سیاسەتمەداران، رۆشنبیرانو رۆژنامەنووسانیش لەژێرکاریگەری ئەم گوتارە کەوتنە بڵاوکردنەوە توندوتیژی، «نەهال ئەتسز» لە پان تورکەکانی بازنەی ئەرگەنەکۆن لە رۆژنامە رادیکاڵی «ئەتورکن» نووسی: «ئەگەر کورد دەیەوێت بە زمانی سەرەتاییو وەحشیانەی خۆی قسەبکات کە سەرجەم وشەکانی ناگاتە چوار پێنج هەزار وشە ئەگەر دەیانەوێت وڵاتی خۆیان دامەزرێننو دەیانەوێت شتانێ بڵاو بکەنەوە دەی با بچن لەشوێنی دیکە ئەو کارە بکەن، ئێمەی تورك بۆ ئەم خاکە خوێنمان داوە گورجیو ئەرمنو یۆنانیمان لە نێوبردوە بۆ کوێ دەچن با بچن.(کندال، ١٣٧٩: ١٤٤)

چواردە ساڵ پاش قسە بێشەرمەکانی گورسێل، «سلێمان دەمیرەڵ» پاش گەیشتن بە سەرۆك کۆماری، بە ڕاشکاوانە باسی لە بەتورکی کردنی ناوچە هاوبەشەکان کرد.(مك داول، ١٣٨٠: ٦٦٦)و لە شاری ماردین وەك سەرۆکەکانی پێشوو هەڕەشەی کرد:« ئەو کەسەی هەستی تورکی نیەو هەست ناکات تورکەو هەست بە بەختەوەریی ناکات ئازادە ئەم وڵاتە جێ بهێڵێتو سنوورەکانی ئیمە کراوەیە».(کندال، ١٣٧٩: ١٥٥)و ئەویش ئەمەی سەلماند هیچ سیاسەتمەدارێکی تورك نایەوێت بەهیمنی لەگەڵ کورد بجۆڵێت. ( مك داول، ١٣٨٠: ٦٧٠) ئەم سیاسەتە دژەکوردو گرژیخوازانەی سیاسەتمەدارانی تورکیا،

زەمینەی بۆ زبریو توندو تیژی رووتی سەرکردە سەربازییەکان لە ئاست کورد ئامادەکرد. سەربازەکانی ئەرتەش بە کاریگەری لەگوتاری توندوتیژی سیاسەتمەدارەکان، دەستیان بە توندوتیژی زۆر بێشرمانەو نامرۆییانە کرد بۆ نموونە لە کوردستان «گوریسیان ئەبەستە ئەندامی زاوزێی پیاوەکانو ژنانیان هان ئەدا ئەو گوریسە بگرنە دەستو بە شەقامەکاندا پیاوەکانیان بە رووتی بگەرێنن.(کندال، ١٣٧٩: ١٤٧) زۆر جاریش کەسانی بێ تاوانیان ناچار دەکرد ئیعتراف بکەن کە سەدان کەسیان کوشتووە لەبەر ئەوەی ژنو خوشکەکانیان دەهێناو لە بەرچاویان رووتیان دەکردنەوەو دەستدرێژیان دەکردە سەریان. ( مك داول، ١٣٨٠ : ٦٦٦ (

ئەم سیاسەتە ئەوندە گشتگیر بوو تەنانەت ئەو کوردانەی کەوا لەبەر هێرشی سەدام "١٩٨٩" پەنایان بە براوخوشکانیان لە کوردستانی تورکیا بردبوو ئەوانیشی گرتەوە. بۆ نموونە رۆژنامەکان بە شوێنکەوتوویی سیاسەتمەدارەکان نووسیان: «ئەوانەی لە عێراق گەیشتوونەتە ئێرە بونەتە مایەی ئازارو پێویستە بە زوترین کات بگەرێندرێنەوە». (بیشکچی، ١٣٨١: ١٢٤)و لەوپەڕی دڕندایەتی لە کەمپی «کیزیل تەپە» نانی ژەهراویاندا بە "٥٠٠" ئاوارەی کورد.(بیشکچی، ١٣٨١: ١٣٥) ئەمە لە حاڵێکدابوو لە بەرامبەردا ئەو تورکانەی وا لە وڵاتی بولغارستان وەدەرکرابوون رۆژنامەکان نووسیان: «تەنانەت یەك ملیۆن ئینسانی هاورەگەزی خۆمان دەپارێزینو پەنا دەدەین..تورکیا وڵاتێکی گەورەو دەوڵەمەندە».(بیشکچی، ١٣٨١: ١٢٥). ئەم چەشنە توندوتیژیو دڕندایەتیە ئەوندە بەربڵاو و بە سیستەمی کرابوو کە بێشکچی، نووسەری بەرەگەز تورکو لایەنگری مافی کوردی ناچار بە هاوارو ئیعترافی ئاوەهاکرد:« رەهەندەکانی ستەمو پێشلکاری لە کوردستان گەیشتوتە ئاسمان. ئەو کاتەی گوندەکان بۆمباران دەکرێن، لاوو پیرەپیاوان دەدەنە پاڵ دیوارو لەلایەکی دیکەوە ژنانو منداڵان ریز ئەکەنو لەبەر چاوی منداڵان باوكو باپیریان رووتی رووت دەکەنەوەو سوکایەتیو ئەشکەنجەی لە رادە بەدەریان پێ دەکەن .منداڵەکان دەترسن، هاوار دەکەنو دەگرین.. سەربازەکان بە قۆناخە تفەنگ بێ دەنگیان دەکەنو بە ژنان دەڵێن حەرامزادەکانیان بێ دەنگ بکەنو بە قژەوە لەسەر زەوی رایاندەکێشنو لە بەرچاوی پیاوەکانیان دەستو پێیان دەبەستنەوەو ئەشکەنجەیان دەکەن، هەمووی ئەمانە بەشێکن لە سیاسەتی رژێم. (بیشکچی، ١٣٨١: ٤٩)

ئەم چەشنە توندوتیژیە کە بە سیستەمی کراوە بەرهەمی بۆچوونو سیاسەتی یەکدەستسازیو ئاسیملەکردنی گوتاری پان تورکیزمە کە لەو بڕوایەدایە: «هەرکەس

بیەویت بلێت من کوردم تووشی تاوان بووەو ئـەم تاوانـە ئەونـدە قیزەونـە کـە شـیاوی ئەشکەنجەو مەرگە». (کندال، ١٣٧٩: ١٣٩) دەکرێت بلێین هـەر بـەو شـیوازەی قوربـانی یەکەمی گوتاری پان ئیسلامیزم ئەرمەنییەکان بـوون، قوربـانی یەکـەمی گوتـاری پـان تورکیزمیش پاش دەرکردنو کۆچ پێدانی یۆنانییەکان، کورد واتە خەڵکی خـۆجێیی ئـەو وڵاتە بوون. گوتاری بڵاوکردنەوەی توندوتیژی نەتەوەیی سیاسەتمەدارانی تورکیـا ئەونـدە بەربڵاوو گشتگیر بوو کە کۆمەڵگە ئیتر بەراستی قبووڵی کردبوو «یەك تـورك بـە رادەی هەموو جیهان بایەخی هەیە»و دیارە ئەم گوتارە ناتوانێت هیچ ئەویترێ قبـووڵ بکـاتو دژایەتی ئەویتر، زورەملێیانە بوو بە بەشێکی جیانەکراوە لە گوتاری ئـەو کۆمەڵگەیـەو ئەو گوتارەی کەوا بەرهەمی ٣١٠٠٠٠ قوربانی لـەنێوان سـاڵەکانی "١٩٨٤-١٩٩٩"و هەروەها تێچووی قورسی ماددی نزیکی ١٦٠ ملیار دۆلاربوو. ئەم گوتـارەی نـە تـەنیا نەبووە هۆی یەکدەستکردنی وڵات بەڵکوو بووە بە هۆی قوڵکردنی کینەو بوغزو دژایەتی لە رادەبەدەری دوو نەتەوەی سەرەکی ئەو وڵاتە واتە کوردو تـورك لـە ئاسـت یـەکتریو دوور نیە لە درێژخایەنو جەختکردن لەسەر ئەم گوتارە شایەتی دابەشـبوونی پاشمـاوەی عوسمانیی لەنزیك یان دووردا ببین.

## ئەنجام:

**ئانکارا رەنگە بتوانێت زەریا وشك بکات، بەڵام ناتوانێ ماسی بگرێت.**

یاشار کەمال(رندل، ١٣٨٠:٣٢٥)

لە سەرەتای سەدەی بیستەم وشەی تورك کە سووکایەتی بوو بۆ پێناسـەی ئینسـانی بێ ئەدەبو گەمژە بەکار دەهێنراو نوێنەری عوسمانیی لـە بـەر ئـەوەی وەك «نوێنـەری تورك» پێناسەیان کردبوو تـورە بووبـوو، بـەڵام پـاش یـەك سـەدە تـورك وەك بنـەمای شارستانییەتو زمانی خۆرو دامەزرێنەری سەرجەم دەستکەوتەکانی کۆمەڵگەی مرۆیـی پێناسەکراو ئاوەها نیشاندرا کە یەك تـورك بـە رادەی هـەموو جیهـان بایـەخی هەیـەو وەرچەرخانی ئەم گوتارە شوناسخوازانە بەرهەمی قەیرانی قووڵ لـە ئیمپراتۆریـەتو بـە واتایەك وەڵامێك بۆ ئەم دوو پرسیارە سەرەکییە بوو. چۆن ئەکرێت ئەم دەسەڵاتە رزگـار بکرێت؟ چۆن دەکرێت ئەم ئیمپراتۆرییەتە یەکدەست بکرێت؟

دوو گوتاری عوسمانی گەرایی‌و ئیسلام خوازی لەپێناو پاراستنی سەرجەم نەتەوەکانی ئیمپرتۆریەت بوو، گوتاری پان تورانیزمیش وەهمی پەیوەستکردنی تورکی قەفقازو قەرەبووی جیابوونەوەی مەسیحەکان بوو کە هیچکامیان نەیتوانی ئیمپراتۆریەت نە یەکدەست بکەن‌و نە بیپارێزن. گوتاری پان تورکیزم وەك دوایین گوتار. دامەزرانی دەوڵەت- نەتەوەی تورك بەرهەمی بوو، بەس لەڕوانگەی دامەزرێنەرانی دەوڵەت- نەتەوەی تورکیا، کورد واتە «بلۆق‌و بەربەستی بەختەوەری» کێشەی سەرەکی بوو. لێرەوە لە پاڵ ساختەکاری‌و مێژووساختەکردن لەپێناو نەتەوەسازی تورکی، سیاسەتی یەکدەست کردنی نەرم‌و زۆرەملێیانەش بوو بە ئەولەویەتی ناسیۆنالیزمی تورکی‌و هەروەها بەتورکی کردنی کورد بوو بە بەشی سەرەکی سیاسەتی فەرهەنگی‌و سیاسی دەسەڵاتداران‌و سیاسەتمەداران‌و رۆشنبیرانی تورکیای نوێ.

گوتاری دامەزرێنەرانی تورکیای نوێ هاوتەریب بوو لەگەڵ سوکایەتی، توانەوەو سڕینەوەی کوردو هەڵبەت ئەنجامی بەرهەمهێنان‌و بەرهەمێهنانەوەی توندوتیژی نەتەوەیی‌و بە گوتارکردنی لە ئاست تورکیای نوێ.

پێدەچیت هەر بەو جۆرەی کەوا گوتارەکانی پێشوو لە ئاست بیرۆکەی رزگاری‌و یەکدەست سازی ئیمپراتۆریەت سەرکەوتوونەبوون گوتاری پان تورکیزمیش کە لەسەر بنەمای بڵاوکردنەوەی توندوتیژی‌و سڕینەوەی نەتەوەیی‌و زمانی دامەزراوە، وەڵام ناداتەوەو پێداگری‌و جەختکردنەوە لە سەری دوور نیە لەدەرئەنجامدا شەڕیکی تەواو بەربڵاوو تەنانەت جیابوونەوەی کورد لە تورکیا ئەنجامی بێت.

تورك دەبێت ئەمە قبوڵ بکات دروشمی «تورك شارستانیەتە»، «یەك تورك بە رادەی هەموو جیهان بایەخی هەیە»و «کورد بلۆق‌و بەربەستی بەختەوەریە» وەهەم‌و ئەوپەڕی سوکایەتی‌و بەرهەمی جگە روخانی ئیمپراتۆریەت‌و ئیستاش ئەگەری بەرەو شەڕ بردنی ئەو وڵاتە هیچ ئاکامی دیکەی نەبووە.

قسەی کۆتایی ئەم توێژینەوە ئەوەیە، بەرهەم‌و ئەنجامی گوتاری سیاسەتمەدارانی کۆماری تازەدامەزراوی تورکیا، بڵاوکردنەوەی توندو تیژی نەتەوەیی‌و بە سیستەمکردنی دژایەتی‌و جەنگی نەتەوەیی بوو کە تێچووی رادەبەدەرو ئەستەمی ماددی‌و ئینسانی بۆ هەردوولا بەرهەم هێناوەو تێپەربوون لەم دوخە پر لە مەترسیە وازهێنان لە بۆچوون‌و بیرۆکە دژەئینسانی وەك سڕینەوە، یەکدەستکردن، بە پەراوێزخستن، سوکایەتی‌و بڵاوکردنەوەی توندوتیژی کەمالیزمانەیە.

## سەرچاوەکان:

فارسی:
احمد یاقی، اسماعیل(۱۳۸۸) دولت عیمانی، ترجمه رسول جعفریان، تهران: پژوهشگاه حوزه و دانشگاه.
اقسرایی، محمود(۱۳٦۲)تاریخ سلاجقه، تصحیح ع. توران،تهران: اساطیر.
انتخابی،نادر(۱۳۹۰)ناسیونالیسم و تجدد در ایران و ترکیه، تهران: نطاره آفتاب.
انتخابی، نادر(۱۳۹۲)دین،دولت و تجدد در ترکیه، تهران:هرمس
بنداری اصفهانی(۲۵۳٦ )تاریخ سلسله سلجوقي: زبده النصر و نخبه العصر، ترجمه م.جليلي،تهران: بنیاد فرهنگ ایران.
بروین سن، مارتین(۱۳۷۹)جامعه شناسی مردم کرد، ترجمه ابراهیم یونسی، تهران: پانیژ
بیهقی، ابوالفضل(۱۳۷۸)تاریخ بیهقي، بە تصحیح علی اکبر فیاض،تهران:هرمس.
ساریخان، علی (۱۳۹۳ ) شناخت مساله کرد در ترکیه، ترجمه آزاد حاجی آقایي، تهران: پانیژ
شکریاوغلو،هانی(۱۳۹۵)سقوط امپراتوری و تولد جمهوری،ترجمه رچا جوادی، تهران:لوح فکر.
لوئیس، برنارد(۱۳۸٦)خاورمیانه،ترجمه حسن کامشاد، تهران:ني.نیشابوری،
ظهیرالدین (۱۳۳۲) سلجوقنامه، تهران:کلاله خاور.
کوردی:
چهم، مونزور (۲۰۱۳) ئەمە لە دەرسێم روویدا، وەرگێرانی: ئەحمەد مەحەمەد ئیسماعیل، هەولێر" خانەی موکریانی.

لاتین:
Bernard,Lewis,(1961 ) The Emergence of Modern Turkey.londan.Oxford University press. Niyazi Berkes (1988),The Development of Secularism in Turkey,New York:Routelged.
D.Kushner(1977) The Rise of Turkish Nationalism. 1876-1908, Londan,Frank Cass.



# زۆڵ و ترسنۆکەکانی کولتور

**ئیسماعیل حەمەئەمین**

## ترسنۆك و باستاردە كولتورییەكان

تێڕامانمان لەفیگوری (دۆنكیخۆتە)و (سانچۆپانزا)ی ڕۆمانی (دۆنكیخۆتە)ی ڕۆماننوسی ڕێنیسانس ( میگوێل سێرڤانیس) ئێمەی خستە بەردەم دووجۆر فیگور، دوو جۆر بیركردنەوە لەكولتورەكان، یەكەمیان ئەوانەن كە بە (نیوفۆبیا-نوێترسەكان) پێناسەمان كردن‌و دووهەمیان (نیوفیلیا-نوێوەرگرەكان) كە بەها نوێیەكان لەسەرخۆ لەتەنیشت پاراستنی بەها دێرینەكانی كولتور (نەتەوە، ئایین، ئیتیك، نەریتەكان، پیرۆزییەكان، ڕەمزەسیاسی‌و كۆمەڵایەتی‌و ئایینییەكان...هتد) بەهای نوێی قبوڵدەكەن‌و لەسەرخۆ بەموتوربەكراوی دەیكەنە ناو كولتوری دێرینەوە.

بەڵام دیسانەوە بۆ زیاتر ڕوونكردنەوەو یادهێنانەوەی خوێنەر لە بەشێكی دیكەی نوسینێكمدا لەژێر ناوی (قۆشمەو ساختەچیەكانی كولتور)دا ئاماژەمان بەوە داوە كە: "كولتورەكان بۆ بەرگری لەخۆیان تووشی نوێفۆبیا (نیوفۆبیا neophobia ) دەبنەوە كە ترس‌و گومانە لەهەموو شتێكی نوێ. لەبەرامبەر ئەم (نیوفۆبیا)دا فیگورێكی تر دروستدەبێت كە بە (نیوفیلیا) Neophilia دەناسرێت، ئەویش ئەو فیگورو كەس‌و بیركردنەوانەن كە توانای لەخۆگرتن‌و لەئامێزنانی نوێیان هەیەو بابڵێین" نوێوەرگرەكانن. لێرەوە تێزەكەم دەستپێدەكات" ئەگەر هاتنی فیگورە نوێیەكان (قۆڵبڕەكان، جادووگەرەكان، قۆشمەو گەمژەكان‌و فەیلەسوف‌و ئاڤانگاردەكان وەك (باستاردی كولتوری-زۆڵی كولتوری) سیفەتی (بێگانە نوێیەكە) وەربگرن، ئەوا نیوفۆبیا دەبێتە كاردانەوەی پارێزەرانی كولتورو قۆشمەكانی. هەر لەناو جومگەی دەسەڵاتە ئاینی‌و كولتوریەكاندا فیگورێكی دیكە پەیدا دەبێت كە (نیوفیلین) ئەمانەش پابەندن بەو ژینگە نوێیەی كە قۆشمەیەكی دیكە لەتەنیشت (گەمژەی یەكەم)و قۆشمەی یەكەمی كولتوری لەدایكدەبێت. ئەم گەمژەی دووهەمە لەسەرخۆ خۆی پەروەردە دەكات‌و ئەم فیگورە نیوفیلییە هۆكارە بۆ موتوربەكردنی كولتوری (بێگانە نوێیەكە) بۆ ناو كولتوری هەبووی دێرین. بەمجۆرە لەدیمەنی كولتوریدا (گەمژەی دووهەم) لەسەرخۆ بەها تازەكان لەخۆدەگرێت‌و كولتور نوێدەكاتەوە. لەم وەرەقەیەمدا گریمانەی (قۆشمە كولتوری) دەكەم كە لەنێوان نیوفۆبیاو نیوفیلیدا گەمەدەكات، تاوێك پارێزەری كولتورە وەك قۆشمەی یەكەم لە ئاستێكی دیكەشدا نیوفیلیە یان بابڵێین" نوێوەرگر(نوێ- وەرگر)ە، لێرەوە ئێمە گریمانەكەی خۆمان لەسەر ئەم ئەم دووجۆرە لەقۆشمە تێزبەندی دەكەین...".

لەم خاڵەوە دەستپێبکەین، دەبینین کە گەمەی نیوفیلیو نیوفۆبی گەمەیەکی داینامیکی کولتورەکانە، گەمەیەکە پێموایە لەسەر حسابی فیگوری (زۆڵ- باستارد) لەناو هەناوی کولتورەکاندا دەستپێدەکات. من هەنگاوێکی دیکە دەنێم بە ئاڕاستەیەکی دیکە لە چەمکی (باستارد- زۆڵ)ی سلۆتەردایك دووردەکەمەوەو لەو بڕوایەدام" تاوەکو زۆڵ نەکوژرێت لەکولتوردا، گەمەی نیوفیلیو نیوفۆبیەکان لەناو هەناوی کولتوردا دەستپێناکات. بەڵام ئەمە چۆن ڕوودەدات؟! ئەز لەو بڕوایەدام کە ئاهەنگی سەرکەوتن دوای کوژرانی زۆڵەکان چ جەستەیی بن یان مەعنەویی یان تێکشکاندیان بێت بۆ گەڕانەوەیان بۆ ماڵە گەورەکەی باوکە کولتورییەکان، هەمیشە ئاهەنگێکی کورتخایەنە، چونکە لەکوێدا زۆڵ کوژرا لەوێدا بنەتۆویی کولتورێکی نوێی خستۆتەناو پەرستگاو دیکۆریۆمی جڤاتو نەتەوەو کایە کولتورییەکان. بۆ نموونە" جەنگی جیهانی یەکەم، جەنگی نێوان نەتەوەو کولتورەکانیان بوو لەدژی یەکتر، جەنگی نەتەوە زەبەلاحەکان بوو کە تازە لەهێلکەی سەدەی نۆزدە، هێلکەی مۆدێرنە سەریان دەرهێنا بوو. یئەمەش بەهەڵکشانی مارشی پاراستنی قەوارە کولتورییەکانی نەتەوە دەستپێکرد، ڕۆحی میلتاریستی، کەدوایی دێینەسەر قسەکردن لەمەڕ (سینیزمی میلتاریستی) یان دەتوانین بە(ئەقڵی گاڵتەجاری میلیتاریستی) پێناسەی بکەین. ئەو ئەقڵە میلیتاریستیەی لەسەدەی نۆزدەداو لەگەڵ سەرەتاکانی مۆدێرنەدا لەهەمموو شوێنێکدا ئامادەگی هەبوو، لەهەمموو شوێنێکدا ئایدیالزمی کۆمەڵایەتی ئەو مارشە نەتەوەییە عەسکەرتاریەتەی ئەڵمانیای پرۆسیو فەڕەنسیەکانو ئۆستێرایخیو ڕووسو ئینگلیزەکان کەشێك بوو هەموو نەتەوەکانی خۆرئاوای ڕاپێچی جەنگێکی بێ ئامان کرد ملیۆنەها مرۆڤ باجی ئەو کەرنەڤاڵە کولتورییەیدا. بەڵام لێرەدا، لەم دەلاقەیەی نێوان ئاشتیو جەنگداو قۆناغی پێش جەنگدا هێشتا ئەم جەنگە بەرپا نەبوو کە داداییەکان وەك ڕێبازێکی هونەریو شانۆییو شیعری، کینیزمانە کەوتنە گاڵتەجاڕیکردنی ئەم کەرنەڤالە میلتاریستیە نەتەوەییە، کە هاواری بۆ ئایدیالیزەکردنی کولتوریی دەکرد. کولتورێکی ڕژد یان هەندوەرگریی (ڕژد-جدی—Seriousness-Seriosität) کەشوهەوای سیاسی کۆمەڵایەتی ئەوروپای داگیرکردبوو، جۆرێك لە نەریتو مۆدێلی جلو ستایلی ژیانی فرێدابووە کایە کۆمەڵایەتیەکەوە، بەوەی کە دەبێت مرۆڤی قات لەبەری شەپقە لەسەری بە حورمەتو خانمی داپۆشراوی ناسکی دەنگ نزمو شەرمن هەڵگری بەها گەورەکانی کولتوری نەتەوەبن، پیاوەکان ئامادەی گیان فیدایی بن بۆ شکۆمەندی دەوڵەتو پاشاو نەتەوە.

گەنجان ململانێ بکەن بۆ لەبەرکردنی جلی سەربازیو هەڵگری نیشتمان بن لەسەر شانەکانیان. لەناو کەرنەڤاڵی بە ئایدیالیزەکردنی (کولتوریی ڕژدیو هەندوەرگرییەدا- SeriositätKultur) دادایزم ئەو دەنگە زۆڵانەو باستاردییە بوو، کە لەناو نەرەی کولتوریی (ڕژدییە ماسکولنیزم) پیاوانەیەدا (خاڵی سفری مێژوو) دەبینی.



لێرەوە (کەوتن بۆ پێشەوە-بە پێشداکەوتن) نەك بۆ دواوە کەوتن، خاڵی سفری وەرچەرخانی کولتوریی بوو لە مۆدێرنەدا، بەوەی چەندە پێشدەکەوین لە تەکنەلۆژیاو زانستدا ئەوەندەش لەخاڵێکی سفربوونەوەدا بەپێشدادەکەوین. لێرەدا بە (پێشداکەوتن) دەچێتە جیاتی (پێشکەوتن) وەك کەوتنی ئەو باڵاخانە کۆنانە وەهایە لەکاتی تەقینەوەیدا، بەرەو پێشەوە دەکەوتن. بەم میکانیزمە کولتورەکان دەگەنە خاڵێك کە تێدا سفردەبنەوە، وەك چۆن دەوڵەتی نەتەوەیی لە جەنگی جیهانی یەکەمدا چووە خاڵی سفربوونەوەو کۆی ئەوروپا خۆی لەبەردەم وێرانیەکدا بینیەوە، ئاوەها ئەکتەرەکانی فاشیزمو نازیزم جارێکیتر بە (کولتوریی ڕژدییو هەندوەرگریی ڕەگەزپەرستی)و ناسیونالیزمی ئەوروپا دەخەنەوە بەردەم خاڵێکی دیکەی سفر، سفری دەکەنەوە لە مانا گەورەکانی پێشووی.

ئیدی ئەوروپای ڕۆشنگەر، ئەوروپای مۆدێرن، کولتورە باڵاکانی موزیكو فەلسەفەو زانست لەخاڵی سفریی مێژوودا لەناو گوتاریی سیاسی (ڕژدیی- هەندوەرگرییدا) گوتارو ئەکتەرە ناسیونالیزمو فاشیەکانی خۆی هێنایەسەر شانۆ. پێشئەوەی ئەم دوو جەنگە ڕوودات، منداڵە زۆڵەکانی مۆدێرنە دادابیەکان لەپێش هەموویانەوە، پووچیو بێمانایی




دادایزم- ڕاول هاوسمان - ڕەخنەی هونەریی - ١٩١٩-١٩٢٠

Raoul Hausmann، The Art Critic، 1919–20.

ئەم گوتارەیان دەبینی. دەیانبینی لەپشت ئەم (کولتورە هەندوەرگرییە) بێتامەوە (سفربوونەوەی مێژوو) وەستاوە، ئەوان ئەو دەلاقەیان (دەلاقە- هیاتوس-Hiatus) ئەم هیاتوسەیان دەبینی کە کولتوری خۆرئاوا بەرەوپێشدا تێیدەکەوێتو سفردەبێتەوە. ئەم سفربوونەوەیە لەجەنگی جیهانی یەکەمو پاشان لەجەنگی جیهانی دووهەمدا، سەرەتای دەستپێکردنی زنجیرە سفربووەنەوەکانی مۆدێرنە بوون کە تاوەکو ئێستاش هەر جارەو لەوڵاتو شوێنێکدا مرۆڤایەتی لە پێشکەوتندا بە پێشدادەکەوێت.

## دۆنکیخۆتە وەك بۆرژوازیی بچوك

لەم گریمانەی سەرەوە پێموایە، دۆنکیخۆتە دالامانجا هیچیتر نییە، جگە لە پاڵەوانێکی نیوفۆبیك، نوێترسێك، کە هیاتوسێك‌و دەلاقەیەکی کولتوریی گەورە لەنێوان ڕێنیسانس‌و بەهاکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەبێنێت. دەلاقەیەکی فەوتاندنی زەمەنی شەرەف‌و کەرامەت‌و ئازایەتی‌و بڕواو ئیمانداری‌و شکۆمەندیی‌و هەوڵدەدات لە کتێبەکانەوە، لەخەیاڵەوە زەویەکانی دنیای ڕاستەقینە داگیربکات. لێرەوە دەچێتە ڕۆڵی باستارەدەکانی وەك (فرانسیسکایەکانی سەدەی سیانزە) کە لەپێناو باوکی گەورە کە خوایە، خۆیان لە باوکە دەوڵەمەندەکانیان بێبەری دەکەن. لەپڕێکدا دۆنکیخۆتە سەرسامە بە پاڵەوانبازی باستارەدەکانی سەدەکانی ناوەڕاست کە دژی شەڕانگێزی‌و میراتی باوکایەتی خەباتیان کردووەو کوژراون. قەشمەرییەکەی دۆنکیخۆتە لەوەدایە، لەلایەك دەیەوێت ڕۆڵی سوارچاکەکانی باوکە کولتورییەکان ببینێت، لەلایەکی دیکەش دەیەوێت باستارد بێت. لەلایەکیش دەیەوێت پارێزەری سیستێم بێت‌و لەلایەکی دیکە ڕۆڵی شۆڕشگێڕ ببینێت.

ئەم فیگورە بەڕای من بنەتوۆیی ئەو فیگورەیە کە لە سەرەتاکانی شۆڕشی پیشەسازی‌و سەدەی بیستدا وەك (بۆرژوازی بچوك) لەشەڕی نێوان چینی کرێکارانی پیشەسازی‌و بۆرژوازیدا لەدایك دەبن. ئەمانە هەم پاڵەوانەکەی نێو کرێکاران‌و شۆڕشەکانیان‌و شۆڕشیان بۆ بەڕێوەدەبەن (مارکس، ئەنجلس، بلیخانەف، لینین، ترۆتسکی....هتد)و لەکاتی سەرکەوتنی شۆڕشدا لەسەرشانی کرێکاران دەبنە دەسەڵاتدارو لەکاتی شکستیدا دەبنە پارتی چەپ‌و سۆسیال دیموکرات‌و سەندیکاچی‌و ئەکتیڤیستەکان.

بەمجۆرە فیگوری دۆنکیخۆتە جۆرێك لە (شێوازی ژیان) پێکدێنێت کە بەناو سەدەکاندا خۆی درێژدەکاتەوە. ستایلی بۆرژوازی بچوکی گەمەکار لەنێوان شۆڕش‌و گەندەڵیداو بە ڕۆمانیتیزەکردنی گەندەڵی دەبێتە سەرەتای ئەو زانکۆو سەندیکاو میدیاکارو یاساناس‌و ڕێکخراوانەی بەناوی نۆستالۆژیای شۆڕشگێڕی هاوتەریبی کاپیتالیزم داهێنان‌و هزری ڕەخنەیی‌و بزواتە کۆمەڵایەتی‌و داواکارییە کرێکارییەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئاڕاستەخواز دەکەن. تاوێك نیوفۆبیك بڵاودەکەنەوەو تاوێکیش بەناوی

نیوفیلی‌و وەرگرتنی بەهاكانەوە ڕێگەكانی ناوەڕاستو دەدۆزنەوەو میدۆكرێسیانە (هیچگەرا Mediocracy) لەناو (سیستمێكی پووچگەرا) ڕامدەكەن‌و هەموو ماناكانی پێكدادانی چینەكان‌و دژە گەندەڵی‌و سەرمایەداری وەحشی لەمانا جەوهەرییەكانیان پووچدەكەنەوەو جارێكیتر شۆڕشت بەشێوەیەكی دیكە پێ دەفرۆشنەوە، پێكدادانی نێوان درۆو هەقیقەت لەناو كۆنفراسەكاندا بۆ قەتیسدەكەن، (ئێن جی ئۆ)و سەنتەری لێكۆڵینەوەی ئامار دروستدەكەن بۆ ڕۆمانسیكردن‌و نەرمكردنەوەی ژانی كۆمەڵایەتی‌و گەندەڵی دەوڵەتو كۆمپانیاكان لەڕێگەی ژمارەو داتای پووچ‌و سادەكردنەوەی لەناو ماتماتیك‌و لۆگاریتم‌و دیاگرامی سەر پاوەر پۆینتەكان‌و پێشنیازكردنی چارەسەرەكان لەپرۆژە پڕ فەندەكان. ئەو پرۆژانەی كەتەنها بۆرژوازی بچوك تێدا سوودمەندە، ئەكادیمییەكان، چالاكەوانان، یاساناساكان‌و ئەوانەی بەناوی پسپۆڕەوە دێنەناو مەیدانەكەوە. ئیدی لەڕێگەی میكانزمی هیچگەراییكردن‌و هیچسازیكردن ململانێیەكانی نێوان دەسەڵاتو میللەت، نێوان كرێكاران، هەژارن‌و خاوەن كۆمپانیاكان، نێوان بێكاران‌و دەزگاكانی دەوڵەتو نێوان ژنانی چەوساوەو دەسەڵاتی پیاوسالار بەرەو ئاراستەیەكی دیكە دەبەن. لێرەوە ئەم دەبڵ مۆراڵیەی بۆرژوازی بچوك، ئەم دوو دەموچاوییە، كە یەكێكی پاڵەوانەو ئەویتر قۆشمەی دەسەڵاتە، لەڕێگەی ساختەكاری‌و كۆپیكردن‌و تەنككردنەوەی دیاردەكان‌و بە هیچكردنیان كاری خۆی دەكات.

سێرڤانێتس لەم ڕۆمانەیدا لەناو هیاتوسی ڕێنسانس‌و بەرەو مۆدێرنە چوونەدا ئەو ئەكتەرە كۆمەڵایەتی‌و سیاسییە دەدۆزێتەوە كە سەدەكانی دوایی كارەساتی گەورە بەسەر دۆزی هەقیقەتدا دەهێنن، ئەو فیگورە دەبڵ مۆراڵە نیوفۆبی‌و نیوفلیی‌و گەمژەپاڵەوانە دۆنكیخۆتە دالامانجایە. دۆنكیخۆتەیەك قاچێكی لێرەیەو قاچێكی لەولایە، قاچێكی لەناو سەدەی ناوەڕاستەو قاچێكی تریشی لەناو ڕێنیسانسەو دەعوەتی خاوەن یانەو ئەرستۆكراتەكانە. لەلایەك سوارچاكە لەپڕ وەئاگا دێتەوە كە بەبێ (خزمەتكار) ناتوانێت خەبات بكات، هەربۆیە وەك هەموو بۆرژوازییەكی بچوك پەنا دەباتەبەر هەژارێكی خاوەن چەند منداڵێك‌و ژنێكی هیلاكە بەدەست ماڵداری‌و هەژارییەوە. دۆنكیخۆتە دێت‌و مێردەكەی لێ دەستێنێت‌و دەیكاتە خزمەتكاری شۆڕشەكەی خۆی. ئاوەها لەنێوان نیوفۆبی‌و نیوفیلی‌و لەنێوان پاڵەوان‌و ترسنۆك، لەنێوان هەقیقەتو درۆدا ئەم گەمەی خۆی دەكاتو سواری شانی ئەویتر دەبێت.

## گەمژە پاڵەوانە دژە نوێیەکان

دۆنکیخۆتە گەمژەی یەکەمەو گەمژەی دووهەم سانجۆی خزمەتکارێتی. گەمژەی یەکەم کە دەتوانین وەك نیوفۆبییەك دەستنیشانی بکەین کەترس لە ڕێنیسانسو نوێبوونەوە وەهای لێکرد، هێزێکی نۆستالژیی هەبێت بۆ گەڕانەوە بۆ زەمەنی سوارچاکانی کریستومیو بۆ ئەدەبیاتی پاڵەوانبازییو زەمەنی شەڕی پیاوە ئازادەکان کە بۆ دڵداری پاك خۆیان بۆ مەعشوقەکانیان بەکوشت دەدا، زەمەنی شەڕکردن لەگەڵ شەیتانو دێو درنجو هەژدیهاکان. بەڵام مەخابن بۆ باستاردە هەڵەکەمان، چونکە تازە ڕێینسانس لەسەدەی حەڤدە هاتبوو، کولتورەکانیتر خۆیان کردبووە ناو کولتوریی خۆرئاوایی سەدەی ناوەڕاستو زەمەنی سوارچاکەکانی مەسیحیەت دەمێك بوو بەسەرچوو بوو. لێرەوە بەڕای من دۆنکیخۆتە هیچیتر نەبوو جگە لە (باستاردێکی هەڵە)و زۆڵێکی کولتوری هەڵە لە مێژوویەکی هاوچەرخی هەڵەدا، کە مێژووی خەیاڵاتی ناو سەری نییە، بەڵکو مێژووی ڕێنیسانسە.

دۆنکیخۆتە بەدیوێکی تردا ڕەنگدانەوەی نوسەرەکەیەتی (میگێل سێرڤانتس) زۆری ناڵاندووە بەدەست تورکو بێگانەوە، بەجۆرێك کە سێرڤانتس لەکۆتایی سەدەی شازدەداو لەشەڕێك لەدژی عوسمانیەکان وەك سەربازێك چوار فیشەکی بەردەکەوێتو قۆڵی ڕاستی لەدەست دەدات. کە ڕۆمانی (دۆنکیخۆتە) دەنوسێت دەڵێت: من جوڵەی قۆڵی چەپم لەدەستدا بۆ شکۆی دەستی ڕاستم. لێرەوە سێرڤانتس پاڵەوانی ڕۆمانەکەی (دۆنکیخۆتە) دەخولقێنێتو دەیکاتە گوزارشی ئەو ترسەی خۆی کە لەڕێینساس هەیبوو، چونکە ڕێنیسانس کە بەدووبارە لەدایکبوونەوەی کولتوری خۆرئاوایی پێناسەدەکرێت، ئەو تەوژمە بوو داوای کرانەوەی کولتوریی دەکرد بەسەر کولتورەکانی دیکە، کرانەوە بەسەر ڕۆشنبیری ئیسلامیو ئیبن خەلدونو ماتماتیكو زمانەکانی دەرەوەی بازنەی سەدە داخراوەکانی ناوەڕاست. سێرڤانتسو پاڵەوانەکەی (دۆنکیخۆتە دالامانجا) بەرجەستە بوونی نویێ ترسێکن (نۆیفۆبی) کە ترسە لەکرانەوەی کولتورەکان بەسەر کولتوری بێگانەدا، ترس لەوەی مەکینەی کۆپیکردنەوەی بەهاو نەریتەکان لەنەوەیەکەوە بۆ ئەویتر ڕیزبەندی بۆماوەیی تێکبچێت. ئەمە نیگەرانیەکی کولتوریی گەورە لەهەناوی کولتوردا دروستدەکاتو پاڵەوانە نوێترسەکان دەهێنێتە گۆو دەیانباتە ناو گۆڕەپانی جەنگی پاراستنی کولتورەوە تا ڕادەی بە قەشمەربوون!

ئەم پرۆسێسەی ململانێیە لەهەناوی کولتورداو لەڕووی مێژووی کولتوری خۆرائاواییەوە لە ڕێنیسانسدا ئاڕاستەیەکی دیکە وەردەگرێت، کە هاوتەریبی فەوتاندنی کولتورو دووبارە کۆپیکردنەوەی نۆرمو بەها کۆنەکانی ئەنتیکاو ڕۆمو مەسیحیەت بوو، بەهاکانی وەك" سوارچاکی، دڵداری پاك، خانەدانی، پاڵەوانبازی...ئەم ترسە، ترسێك بوو دۆنکیخۆتەی لە کتێبخانەکەیەوە دەرپەڕاند بۆ دۆزینەوەی (شەیتانە بێگانەکە)و بێگانە نوێیەکان. گەشتی دۆنکیخۆتە گەشتی پاڵەوانە، بەڵام پاڵەوانێك کە دەیەوێت کولتوری کۆن نەفەوتێت، هەر بۆیە وەك هەموو زۆڵێکی کولتوری دیکە ناکوژرێتو لەناو نابرێت، بەڵکو وازی لێدێنن بە پانوپۆڕی مەملەکەتدا سەرکێشیەکانی خۆی بکاتو بوونی ئەو وەك بنەتوۆیی (ساختەچی) لەخزمەتی دەسەڵاتو کلتوورەکەی دایە.




کاریکاتێر ١٨٨٤"
پارێزەرو سیاسی
بەناوبانگی ئەمریکی
ڕۆسکۆ کۆنکلین،
وەك قەشمەرێکی دەسەڵات.

ڕاستە لەدواجاردا دەیکەنە قەشمەرو گاڵتەی پێدەکەن، بەڵام لەهەمانکاتیشدا چ لەخانەکانی سەرە ڕێگاو چ لەکۆشکەکاندا پێشوازی لێدەکرێت. لێرەوە باستاردە ساختەکە بەرەو قۆشمەبوون دەڕوات. کەم نین ئەوانەی لەمێژوودا لەزۆڵی کولتوریی‌و سیاسی‌و ئاینییەوە بوون بە قەشمەرو قۆشمەی پلەی یەك. مێژووی میللەتان‌و مێژووی کورد پڕێتی لەو فیگۆرانەی وەك باستارد هاتنە سەر شانۆ و وەك قەشمەر مردن.

بەڵام، کۆی ئەم مردنانە لەدواجاردا مردنی پاڵەوانن کە بەمردنیان بەهایەکی نوێ دەخولقێنن یاخود جەخت لەسەر بەها دێرینەکانی کولتور دەکەنەوە کە نابێت لەبیربکرێن. دۆنکیخۆتە لەدواجاردا ئەو پاڵەوانەیە کە بەسەر ڕاستی ئەوەدا دەکەوێت کە سەدەی سوارچاکی‌و دڵداری پاك‌و پیاوەتی‌و چاکەکاری ئیمانداران کۆتایی هاتووە. بەسەر ئەو شۆکەدا دەکەوێت کە چیتر ئەو بەهایانە جێگەی سەرنج نین‌و جێگەی ئاوڕدانەوە نین. مردنی دۆنکیخۆتە، لەم گۆشەنیگایەوە مردنی پاڵەوانێکە کە بەمردنی هۆشمەندی کولتوری باڵای ئەورووپی ڕادەچڵەکێنێت بەوەی" کۆن هێشتا لەناو نوێی ڕێنیساندا سوارچاکی خۆی دەکات، ئۆرگینال هێشتا توانای دروستکردنی پاڵەوانەکانی هەیەو کولتوری باڵا هەمیشە خۆی کۆپی دەکاتەوەو جەنگاوەرە کۆپیکارەکانی خۆی دەنێرێتە ناو کولتوری نوێوە کەوەك (بێگانەی نوێ) لەناو هەناوی کۆندا لەدایکبوون.

## پارێزەرانی کولتور لە هەناوی ئەقڵی گاڵتەجاڕی میلیتاریستی

بەجۆرە میلیتاریزمی دۆنکیخۆتە جگە لەئاشکراکردنی ئەقڵی گاڵتەجاڕی میلتاریزم لەهەناوی کولتوردا هیچتر نییە، میلیتاریزمێك کە بە تووڕەییەکەی قەوارە بۆ میللەتان دروستدەکات‌و لەخێڵەوە دەیانکاتە دەوڵەت. خێڵ چەکدار دەکات‌و لەسوپا گەورەکانداو قەوارە ناسیونالیستەکان ڕێکیان دەخاتەوەو بەخوێنی خۆی دەوڵەت دادەمەزرێنێت. بەڵام ئەوەی من لەم وەرەقەیەمدا دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە بڵێم ترسنۆکەکانن کە کولتور دەپارێزن، ترسنۆکەکانن دەبنە پایەی کولتورەکان‌و بەناو سەدەکاندا ڕایدەکێشن.

لێرەوە ئەگەر پاڵەوانەکان دامەزرێنەرو ڕاچڵەکێنی کولتوری نوێ یان نوێبوونەوەی کولتوری دێرین بن، ئەوا ترسنۆکەکان ئەو پێچکە بچوکانەن کە بەردەوامی دەدەن بە کولتورو بەهای کۆمەڵگەکان. لەم گۆشەنیگایەوە فیگوری (سانچۆ)ی خزمەتکاری

ترسنۆك‌و سڵكەرەوە...گەر لە پاڵەوانەوە دەستپێبكەین ئەوە ئاشكرایە كە پاڵەوانەكانن شكۆو مۆڕاڵی سوارچاكی‌و خۆبەختكردن دەخەنە پێش ژیانەوە، پاڵەوان بەڕای پیتەر سلۆتەردایك ئەوەیە:(كە خەونە كۆلییێكتڤەكان بەدیدەهێنێت‌و شكۆمەندی نیمچە خواوەندیی لەخۆیدا بەرجەستە دەكات‌و بەهیچ شێوەیەك بۆ تەنها جارێكیش بێت بیر لە دۆڕاندن ناكاتەوە..). بڕوانە"پیتەر سلۆتەردایك" ڕەخنەی عەقڵی گاڵتەجاڕی، دەزگای سوركامپی ئەڵمانی، چاپی ١٩٨٣ ، ل ٤٠٦.)



دیواربەندی مێژوویی

"گەڕانەوەی پاڵەوانی ڕۆم تیتۆس و ئاهەنگی شكۆداریی "

A reconstructed relief panel from the original on the Arch of Titus, Rome, c. 81 CE. The scene, showing the triumph of Titus, (Los Angeles County Museum of Art, L.A.)

لەهەمان بەشی هەمان كتێبدا سلۆتەردایك ئاماژە بە ڕۆم دەداو لە ڕۆمانی كۆندا میهرەجانی پاڵەوانەكان بەمجۆرە بوو: كاتێك پاڵەوانەكان لەجەنگەكان بەسەركەوتوویی دەگەڕانەوەو خەڵك پێشوازیان لێدەكردن‌و وەك خواوەندێك هاواریان بۆدەكردن، كۆیلەیەك لەهەمان گالیسكەی شكۆداریدا یاخود لەگەڵیاندا ڕێی دەكرد، لەكاتێكدا پاڵەوانان سڵاویان لە میللەت دەكرد، كۆیلەكە جارجارە هاواری دەكرد" مردنت لەبیر بێت، تۆ فانیت‌و مردن لەبەریی...بەمجۆرە كولتوری باڵای ڕۆم، (مردن‌و پاڵەوانبازیان) پێكەوە گرێدەدا. ئازایەتی‌و شكۆ تەنها یەك نرخی هەبوو كە ئەویش مردنە. بەڵام

ترسنۆكی یەك نرخی هەبوو، كە مانەوەو چەپەخۆریی بەرماوەی پاڵەوانە مردووەكانە. ئەگەر لەم كۆنتێكستەوە سەیری ئەزموونی سیاسی كۆمەڵگەی كوردیی باشوور بكەین، ئاشكرایە كە ژیانی ترسنۆكەكان لەسەر پاڵەوانە مردووەكان خۆی بیناكردووەو مافی ترسنۆك بوون نەك هەر بۆتە كولتور، بەڵكو بۆتە كاركتەری سیاسیو كۆی جومگەكانی دەسەڵات لەسەر جەستەی باوكو براو خزمە مردووەكانیان دەژین. لێرەوە سنووری ئەم دوو كولتورە" ئازایەتیو پاڵەوانبازی، سنووری نێوان ئەكتەرەكانی شۆڕشو بەرماوەكانی دوای شۆڕشە.

هەرچەندە پاڵەوان لەجەنگە گەورەكانی نەتەوەو بۆ پاراستن لەقەوارە كولتورییە باوەكان دەكوژرێت، بەڵام لەژێر سایەی شێرەكەی ڕۆحیدا بەهایەكی دیكەی ئازادی لەدایك دەبێت، دەچێتە پاڵ بەهاكانی دیكەو لەناو كولتورە باڵاكاندا دەبێتە نۆرمو یاسا، ئەمە گوزارشتی زاری نیتچەیە لە كتێبی زەردەشت وەهای گووت:

(براكەم تۆ چ پێویستیەكەت بە شێرێك هەیە لە ڕۆحی خۆتدا؟ بەس نییە ئەوە بزانیت كە شێر چەندە ترسناكو قورسە لەسەر ڕۆحت؟. بێگومان بۆ خوڵقاندنی بەها نوێیەكانە، ئەمە شتێكە شێر ناتوانێت بیكات، بەڵام ئەوە دەسەڵاتی شێرەكانە كە ئازادی دەخوڵقێنێتو نوێبیدەكاتەوە). **بڕوانە بە ئەڵمانی" نیتچە، كارەتەواوەكان" زەردەشت وەهای گوت، چاپی دەزگای دووهەزار و یەك، ١٩٩٩، ل ٥٦٠.**

بەڵام لێرەدا فیگورێكی ترمان هەیە لەناو ئەقڵی گاڵتەجاڕی میلیتاریستیدا، كە ئەوەیش نیمچە پاڵەوانەكان یان بابڵێین (سلكەرەوەكان)و ئەوانەن دەسڵمێنەوەو یەكسەر خۆیان فڕێنادەنە ناو جەنگەكانەوە. سلكەوەرەكان پاڵەوانبازی دەخەنە چوارچێوەی نەخشەیەكەوە، دەچنە ناو پرۆژەی سەربازییەوەو نایەڵن پاڵەوانبازی لەسنووری خۆی دەربچێت. لێرەوە سلكەرەوە خۆپارێزەكان نێوەندێكی عەقڵانین، پلاندانەرنو خۆیان لە سەربازو ژەنەراڵەكاندا بەرجەستەدەكەن كە بە پیشە دەچنە شەڕەكانەوەو بەپیشەش دەبنە پاڵەوان. سلكەرەوەكان لەشەڕی ئەرستۆكراتەكانی سەدەی ناوەڕاست تاوەكو مۆدێرنە ئەوانەن بۆ شۆڕەسواری بەشداری جەنگەكانی دەوڵەتو میرەكانی ئەوروپا ناكەن، بۆ كەرامەت و پاراستنی بەها باڵاكان شەڕناكەن، بەڵكو وەك وەزیفەو بۆ پارە یان تاڵانی شەڕ دەكەن. ڕاستە سلكەرەوەكان پیشەیان دەستوپەنجە نەرمكردنە لەگەڵ مردنو بەرەو ڕووی مەرگ دەبنەوە، بەڵام بیركردنەوە لە مردن وەك شكۆیەك خۆتی بۆ بەكوشت بدەیت لە پلانی ئەوانەدا نییە. ئەوانە هەم سەركەوتوون وەك پاڵەوانو هەم بیر

لەدۆڕانیش دەکەنەوە، بەڵام هەرگیز ناگەنە ئاستی پاڵەوانبازی، کە باڵاترین وێنەی جەنگەکانەو سمبولی نەتەوەکانە.

لەم خاڵەوە بڕوانینە کولتورەکان ئەوا دۆنکیخۆتەو پاڵەوانەکان دەبینین، بەناو کولتورە باڵاو ئاینەکاندا تێدەپەڕنو لەسەر ئەم زەویە هەرجارەی لە شوێنو زەمانێکدا خۆیان دووبارە دەکەنەوە. لەمێژوویی ئیسلامی سیاسیدا سەید قوتب "١٩٠٦-١٩٦٦" لە ناوەڕاستی سەدەی بیستدا لە کتێبخانەو ڕۆژنامەکەیەوە (ئیخوان موسلمین) هاواری ئەوەی بوو کە ئومەی ئیسلامی بەرەو لەناوچوون دەچێت. وەك دۆنکیخۆتەیەك لەچوار دیواری زینداندا مردو نەیتوانی زەمەن بگەڕێنێتەوە دواوە، بەڵام لەگەڵ لەسێدارەدانی قوتب مەکینەی دێرینی کولتوری ئیسلامی جیهادی هەڵدەبێتەوەو لەو ڕۆژەوە خەریکی کۆپیکردنی جیهادییە بۆ ناو دنیا. لێرەوە ئەقڵی جیهادی کە ئەقڵێکی عەسکەریی مۆدێرنە، بەدەر نییە لەسینیزمی مۆدێرنەوە، بەو سیفەتەی سینیکارە، گاڵتەجاڕەو شتێك دەڵێتو شتێکی تر دەکات، ئاوا لەناو ئەم ئەقڵە جیهادییەدا پاڵەوانو خۆکوژەکان بۆ کولتوری ئیسلامی لەدایك دەبن، ئەو پاڵەوانانە بەرهەمدێن کە گێلانە بێئەوەی بزانن کە بۆ (سوپا)ی ئەمریکیو هەواڵگیرییە ئەورپیو ئەمریکییەکان شەڕدەکەن، لەزیندانەکاندا خۆیان بەکوشت دەدەن. لە شەڕی ئەفغانستانو شەڕەکانی قاعیدە لە عێراقو سوریاو دنیادا خۆیان بە کوشتدەدەن.

ئاوەها لەکوێدا بێگانە نوێیەکە بێت ئەوا پارێزە کلاسیکیەکانی کولتور، نیوفۆبیەکان لەهەموو لایەکەوە لە خەونی قووڵیان وەئاگادێنو پەلاماری ئەو چەکە ژەنگاویانە دەدەن کە لەژێر زەمینەکانی کولتوردا عەمباریان کردووەو جەنگە هەزەلییە دۆنکیخۆتەکانیان هەڵدەگیرسێنن. خەونێکی کۆمیدی لەسەریاندا خوماریان دەکات کە لە ئەفغانو عەرەبو قاعیدەو (داعش)دا بەرجەستەبوو، کە ئەویش دروستکردنی خەلافەتێك بوو کە دوو سەدە زیاتر دەبوو خۆی پیرو پەکەوتەو مردووبوو، ئەوان دەیانویست هەناسەی دەستکرد بکەنە بخەنەوە سییە مردووەکانی پیاوە مردووەکەو زیندووی بکەنەوە. ئیدی دۆنکیخۆتەکان، نیوفیلییەکان، قەشمەرە خەیاڵییەکانیو جیهادییە ڕۆمانسییەکان لەهەموو لایەکی دونیایەوە ڕژانە دەوڵەتەکەی داعشەوە، ئاوەها گەمەی مۆدێرنەو هەواڵگیرییەکانیو گەمەی ئیسلامیو نۆستالژییاکەی ئەو پاڵەوانانەی خولقاند، کە سڵکەرەوەکانو ترسنۆکەکان لەسەری گەورە بوونو حزبی مۆدێرنی ئیسلامییان لەسەر دامەزرا. لێرەوە ئەقڵی گاڵتەجاڕی جیهادیی بەدەر نەبوو لەسینیزمی مۆدێرنە، لەسێ

جۆرە گاڵتەجارەکە (پاڵەوانو سڵکەرەوەو ترسنۆك). لەم تراژیدۆکۆمیدیییەدا پاڵەوانەکان خۆیان دەتەقاندەوەو سڵکارەکان نەخشەیان دەکێشاو لەزۆر جاریشدا ئەوانیش دەکوژرانو لەدوورەوە ترسنۆکەکان لەفیگوری بانگخوازو مەلای جیهادی سەر یوتوبو مژدەبەخشەکانی بەهەشتو کۆمپانیا ئیسلامیەکانی کەنداوو بانکە ئیسلامیەکان لەسەر کەلاکی پاڵەوانە خۆکوژەکان، سڵکەرەوەو ترسنۆکەکانیان بەرهەمدەهێناو تێکەڵی هاوکێشەی نەوتو کۆمپانیای موڵتی نەتەوە ئەمریکیو بەریتانیو ئەورپییەکانیان دەکردن. پاڵەوانەکان مردنو ترسنۆکەکان هێشتا بە ڕیشی درێژو دشداشەو شەرواڵی کورتەوە پارەو سامانو مووچەی پەرلەمانیان پێ فەراهەمکردووە. لێرەوە ئیسلامی سیاسی چەندە لەسەر شانی پاڵەوانەکان دروستبووە، سەد هێندە لەسەر شانی بانگخوازە ساختەچیو سیاسیەکانیان درێژە بەخۆی دەدات. ترسنۆكو سڵکەرەوەکان (نەخشەدانەرەکان- کادیرەکان- میدیاکاران) جۆرێك لەئیسلامی دۆنکیشۆتیان پێکهێناوە کە قاچێکی لەمۆدێرنەو دیموکراسیەتدایەو قاچێکیشی لەناو ئیسلامدایە، بە جۆرێك ئیسلامێکی خولقاندووە لەکاتی دۆڕانە گەورەکانی تەوژمی جیهادیدا خێرا قاتە مۆدێرنەکانیان لەبەردەکەنو وەك نیوفیلییەك، نوێوەرگرێك، ئیسلام لەسەر وەزنی موزیکی پۆپ دەکەن بە پۆپ ئیسلام. ئاوەها خوێنەری ئازیز بۆ کوێ دەڕۆیتو بەر کامە کولتورو ئاینو شۆڕشو نەتەوە دەکەویت، بەر یەك فیگوری دیار دەکەویت کە ئەویش فیگوری نیوفیلی ترسنۆکە، کە بە چەندەها ڕێگە وەك سانچۆی خزمەتکاری دۆنکیخۆتە کاراکتەری ترسنۆکیو مافی ترسنۆکبوونی خۆی پراکتیزە دەکاتو کولتور بەڕێوە دەبات.

بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کاتێك (پاڵەوانەکانو سڵکەرەوەکان) باڵادەستی پەیدا دەکەنو کولتوریی هەردووکیان لەجەنگدا یەکدەگرنەوە، ئەوا (ترسنۆکەکان) تاکە کەس دەبن کە لەجەنگدا بە سەلامەتی بۆی دەردەچن، لێرەوە ترسنۆك دەمێنێتەوە، چونکە وەك دەڵێن" پاڵەوانەکان دەکوژرێنو ئەسپەکانیان دەمێننەوە، یان وەك سەربازێکی پرۆسی گوتوویەتی: پێنج خولەك ترسنۆك بیت، باشترە لەوەی بۆ ئەبەد بمریت.

کاتێك لەهەناوی سینیزمی میلیتاری، عەقڵی گاڵتەجاڕی عەسکەرتاریو شۆڕشە چەکدارەکان، کولتوری ئەکتەرە سڵکەرەوەکان" کادیرەکان، سیاسیەکان، سەرکردەکان، نەخشەکێشە موخابەراتیەکان..هتد، دەچنە ناو خوماریی پاڵەوانبازییو جەنگەکانەوە، ئەوا ڕووبەڕووبوونەوە مێژوویيەکان تیژدەبنەوەو کولتوری پارێزەرانی کەرامەتو شەرەفو

زیندانیکردنە، هاتنە نێوان کرێکارانو کۆمپانیاکانەوە لەسەرێکەوە نوێنەرایەتی کرێکاران دەکەنو لەسەرێکی ترەوە بەشێکی زۆریان ڕاوێژکاری کۆمپانیاکانن.

لێرەوە دەتوانین لەمیکانیزمی بەردەوامی کولتورەکان تێبگەین بەوەی خاوەن ئیرادەیەکن بۆ (دووبارەبوونەوە)و (بازنەییکردنی) نەریتو شوناسو بۆماوە کولتورییو شوناسە دێرنەکانیان. بازنەییکردن بەمانای جوڵانەوەیەکی بازنەییە لەسەرەتاوە دەست پێدەکاتو کۆتاییەکەی کراوە نییە، یان ئاڕاستەیی نییە، بەڵکو دەگەڕێتەوە هەمان خاڵی سەرەتاو هەموو سوڕانەوەیەك دەبێتە هۆی گەورەکردنی ئەم بازنەیە، بەجۆرێك کە بازنەکە توانای قووتدانی نوێگەرەکان پەیدا دەکاتو زەبەلاحترو بەدەسەڵاتتر دەبێتو لەگەڵێشیدا جومگەکانی کولتوریی خۆی زیاتر لەناو دەسەڵاتو جڤاتە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکاندا درێژدەکاتەوە. کولتورە باڵاکان بەگوزارشتی سلۆتەردایك خۆیان لە (بێگانە نوێیەکە) دەپارێزنو بە پرۆسەیەکدا دەیبەن کە دەبێتە بەشێکی بەسوود لەناو کولتورە گەورەکانو بەشەکەی دیکەی فڕێ دەدەنە نێو فەرامۆشکردنەوە. لەم خاڵەوە لە نهێنی هێزە (کۆنزەرڤاتیڤەکان) تێدەگەین بەوەی بەدرێژایی سەدەکان جومگەکانی دەسەڵاتی کولتورییو سیاسیو ئابووری خۆیان نوێدەکەنەوەو بەنێو زەمەندا ڕۆڵی بکەری یەکەم لەژیانی کۆمەڵگەکاندا دەبینینو دەتوانین بڵێین: دنیا بەدەستی کۆنزەرڤاتیڤەوەیە..

لەم گۆشەنیگای مانەوە بەهێزەوە دەتوانین بکەوینەسەر سروشتی کۆنزەرڤاتیزم کە سروشتێکی لاستیکی، ئیلاستی هەیە، سروشتێك بەوەی خۆی لەناو پێشهاتە نوێیەکاندا ڕادەکشێت، بەبێ ئەوەی توخمە سەرەکییەکانی خۆی لەناو ئەم کشانەدا بفەوتێنێت، نەك هەر ئەوەو بەڵکو توخمەکانی دیکەی نامۆ قووت دەداتو بەو ئیسلاتیەتەی خۆی دەیکاتە پێکهاتەیەکی خۆی.

بیر لەوە بکەنەوە توولێکی لاستیکی یان مەتاتیتان بەدەستەوەیە تا چەندە ڕایبکێشێیت دەکشێت، بیر لەوە بکەینەوە کاتێك وەك تەنێکی مەتات دەتوانین هەموو ئەم تەنە لەهەموو شوێنێك دابنێینو دەتوانێت هەموو شێوەو قەبارەیەك وەربگرێت بێئەوەی سروشتی خۆی تێك بدات. بەپێچەوانەشەوە هەموو تەنە ڕەقو سنوودارەکان تەنها لەهەندێك کاتیگۆریو خانەو بۆشاییو شوێندا جێگەیان دەبێتەوەو زیاتر ڕاکێشانیان دەبێتە هۆی فەوتاندنی توخمە پێکهێنەرەکانیان. لێرەوە ئێمە لەگەڵ میکرۆدەسەڵاتەکاندا مامەڵە دەکەین کە سروشتێکی ئیلاستی (مەتاتی)یان هەیەو دەچنە هەموو کونو کەلەبەرێکەوە. ئەمجۆرە کۆنزەرڤاتیزمەی وەك مەتات لە هەموو

شوێنێکدا دەگونجێت بێئەوەی خەسڵەتی مەتاتی خۆی ونبکات، لێرەوە کولتورە باڵاکان بەم میکانیزمە ئیلاستیە پێشوازی لە (بێگانە نوێیەکە) دەکەنو قەوارەی نەتەوەو کولتور دەپارێزێن، بەناو زەمەندا تێدەپەڕنو خۆیان لەگەڵ ڕۆحی سەردەمەکاندا دەگونجێنن، ئەم کۆنزەرڤاتیزمە" کۆنزەرڤاتیزمێکی ئیلاستیە. سروشتی ئیلاستی کۆنزەڤاتیزمی کولتورە باڵاکان بەجۆرێکە کە بەها نوێیەکان وەك (نیوفیلیایەك) لەخۆیدا دایەنگە دەکاتو دەیخاتە خزمەت مەکینە کۆپیکارە گەورەکەی کۆنزەرڤاتیزم، کە نۆرمو بەهاو نەریتو سیاسەتو هێزی کۆنزەرڤاتیزم کۆپیدەکاتەوە.

لێرەوە ئەوەی وەك زۆڵی کولتوری لەسەدەی بیستدا پەیدابوون وەك" سۆسیالستەکان، فێمینستەکان، ئاڤانگاردەکان، تەوژمەکانی شۆڕشی ١٩٦٨ ئەوروپاو بەها نوێیەکانی ئازادی تاکە کەسو سێکسوالیو مافی مرۆڤ و ژینگەپارێزی. هەموو ئەمانە وەك (زۆڵی نوێ) لەناو کولتوردا پەیدابوون، ئەو زۆڵانەی لە جومگەکانی ئەوروپای پیریان دەدا، لە بەهاکانی وەك: ناسیونالیزم، ماسکولینیزم، پاتریارکیەت، باوکسالاری، جیاکاری جێندەری، جیاوازی چینایەتی، پەروەردەی توندوتیژو دامەزراو لەسەر بنەما دێرینەکانی باوکسالاریو کۆنخوازی ئاینیو ڕەگەزپەرستی.. لەناوەڕاستی پەنجاکانەوە زۆڵە نوێیەکان لە ئەمریکاو ئەوروپا پەیدابوونو کەوتنە شەڕ لەدژی (کولتوری پیاوی سپی ئەمریکی، کولتوری پیاوی ئەوروپی، ئیمپریالیزمو کۆلۆنیالیزمو ماسکولینیزم)، زۆڵەکانی وەك (مارتین لوسەر کینگ، مالکۆم ئێکس، موحەمەد عەلی کلای) لە ئەمریکا لەدژی ڕەگەزپەرستی نەژادی بوون لەدژی ڕەشپێستەکان. کۆنزەرڤاتیزمی پیاوی سپی ئەمریکی کەخۆی بەخاوەنی ئەمریکا دەزانیو ڕەشەکانی وەك کۆیلەی ئەفریقی هاوڵاتی سەیر نەدەکرد لەبەرامبەر (باستاردە نوێیەکان) وەستانەوە.

شانبەشانی ئەمە بزوتنەوەی خوێندکارانی ١٩٦٨ لە فەڕەنساو ئەڵمانیا هەموو ئەو تەوژمە نوێیانە بوون کە بەگشتی (کۆنزەڤاتیزمی دنیا)ی خستە بەردەم ڕووبەڕووبوونەوە. باستاردە نوێیەکان کوژران، دەستگیرکران، هەندێکیان لە پەناو پەسێوەکاندا تیرۆرکران، چەندەهاساڵ خرانە بەندیخانەکانەوەو بە هەزارەها چارەنوسیان گرتنو کوشتنو کۆچکردنی بەزۆر بوو. سەیر لەوەدابوو کۆنزەرڤاتیڤ لەکاتێکدا شەڕی لەگەڵ (باستاردە نوێیەکان) دەکرد، لەهەمانکاتیشدا وردە وردە سروشتە ئیلاستیکەی لەناو ئەم زۆرانبازییەدا دەخستەکارو توخمە نوێیەکانی لەنێو خۆیدا دایەنگە دەکرد. چەندە شەڕی دەکرد لەگەڵیان ئەوەندە لەئەوانەوە فێردەبوو، چەندە زیندانی دەکردن، ئەوەندەش لە

مورافعەکاندا لە ئەقڵی باستارەدە نوێیەکە نێزیك دەبوونەوە. کۆنزەرڤاتیزم بەو سروشتە ئیلاستیەی خۆی لە یەك کاتدا هەم شەڕی دەکردو هەم گوێی دەگرت. ئیدی لەکاتێکدا شەڕی باستارەدەکانیان دەکرد، لەتەنیشتەوە شەڕی پلاستیکی خۆیان دەکرد. چەندە شەڕیان لەدژی بەها نوێیەکانی وەك (ئازادی تاکە کەس، مافی ژنانو کاتژمێرەکانی کارو سیستێمی پەروەردەی نوێ...هتد) دەکرد، لەگەڵیشیدا خۆیان بۆ جەولەیەکی دیکە ئامادەکرد بوو، جەولەی موتوربەکردنی بەهاکانی (زۆڵەکان)و دایەنگەکردنی بوو لە ئابریشیەو کڵێساو پارتە سیاسیەکانی خۆیانداو فۆرمکردنەوەیو دووبارە دایەنگەکردنیان بوو بەفۆرمێکی نوێ. هەر بۆیە سەیرنییە دوای چەندەها ساڵ کۆنزەرڤاتیزەکانی ئەوروپا بوون حزبو دەزگاکانیان پڕکرد لە ڕەشپێستو بوونە بەرگریکار لە ڕەشپێستەکان. کۆنزەرڤاتیڤەکان بوون، بوونە بەرگریکار لە سیستێمی (دەوڵەتی کۆمەڵایەتی) کە بیمەی کۆمەلایەتی بۆ خەڵك دابیندەکاتو لەدوا قۆناغیشیدا کۆنزەرڤاتیڤەکانن کە ژمارەی زۆری ژنان لەپارتو جومگەکانیاندا دەسەڵاتیان هەیەو ژمارەی وەزیری بەدەسەڵاتی ژن لە کۆنزەرڤاتیڤی بریتانیو ئەڵمانی زۆرترە وەك لە باستارەدەکانی دوێنێ کە لە بزاوتی چەپو سۆسیال دیموکراتو سەوزەکاندا خۆی بەرجەستە دەکات. بەمجۆرە لەدنیای ئێستادا گەمەکە هەڵگەڕاوەتەوە کۆنزەڤاتیزمی بەریتانی، ئەڵمانیو ئەوروپی لەخۆگرتنی بەها نوێیەکان، لەبزواتە چەپو ڕادیکاڵو سۆسیالستیەکان لەپێشەوەترن، لەوانە بەهاو مافەکانی مرۆڤ وەك: کۆچبەری، مافی مرۆڤ، بیمەی کۆمەڵایەتی، کارو مافی ژنانو هۆشیاری جێندەریو ژینگەپارێزیو ئاژەڵپارێزیو مافی منداڵان..هتد. بەجۆرێك کە چیتر مرۆڤ نەزانێت کێ چەپە بەمانا ڕاستەقینەکەیو کامە موحافزکار، ئایا چەپ کۆنەخوازە یان کۆنەخواز چەپە؟!

ئیلاستی کۆنزەرڤاتیڤ وایکردووە کە چەپەکان بچنە خانەی کۆنزەرڤاتیزمەوەو کۆنزەرڤاتیزمەکان ڕۆڵی ئاڤانگاردو چەپەکان بگێڕن. پارتە چەپەکانی دنیا بوونەتە کۆنەخوازێك کە هەمان گوتاری شۆڕشی ١٩١٧و دنیابینی بلۆکی سۆسیالستی دووبارە دەکەنەوەو لەگوتاری چارەکی یەکەمی سەدەی بیستدا گیریان خواردووە. نەك هەر ئەوە، بەڵکو ئاڵوگۆڕی دەسەڵات تێیدا بە بەراوورد بە حزبە کۆنزەرڤاتیزمەکانی وەك سۆسیال کریستو موحافزکارەکان زۆر لەدواوەوەیەو هێشتا بنەماڵەیی پاتریارکیەت باڵادەستە. چەپی ئەڵمانی وەك نمونە بهێنینەوە، تاوەکو کۆتایی ساڵی ٢٠١٩دا لەژێر دەستی (بنەماڵەی لاڤۆنتین)دا دەیناڵاند، (ساراکنێخت)ی ژنی لاڤۆنتینی کۆنە سۆسیال

دیموکراتو دامەزرێنەری پارتی چەپی ئەڵمانی تاکۆتایی ٢٠١٩ سکرتێری حزب بوو، ڕاستە یەکێکیتر چۆتە جێگەی، بەڵام هەر لەئاڵوگۆڕەکانی نێوان ڤلادێمر پوتینو میدێیڤی سەرۆك وەزیرانی دەچێت، ساراو لاڤۆنتینو بنەماڵەکەیان هێشتا قسەکەری یەکەمن. پارتی کرێکارانی بریتانیا (لەیبەر) بەسەرکردایەتی (جێرمی کۆربن) نەك هەر لەکاتی شکستی هەڵبژاردندا کۆربن نەکشایە دواوە، بەڵکو دژی هەموو ئەو سەکردە ژنانە وەستایەوە کە کاندید بوون بۆ سەرکردایەتی پارتی کرێکاران. تائێستاش، سەرەڕای دۆڕاندنی لەیبەر لە هەڵبژاردنەکانی دێسمبەری ٢٠١٩ (جێرمی کۆربن) سوورە لەسەر مانەوەی وەك سەرکردەیەك کە نە تەمەنیو نە ئەزموونەکەی چیتر ڕەوایەتی ئەو پۆستەی پێ نادات.. بەمەرجێك لەپارتی کریست دیموکراتی ئەڵمانی ژنان بۆ نموونە (ئەنگێلا مێرکل) لەئاستی بڕیاری گەورەدایە، (ڤۆندلاین) بۆ سەرۆکی پەرلەمانی ئەورووپا پشتگیری لێکرا. مێرکل وازیهێنا لە سەرۆکایەتی حزبو ئێستا ژنێکیتر (کارمباوەر) سەرۆکی فەرمی ئەم حزبە کۆنزەرڤاتیڤە ئەڵمانییەیە!

### سەرچاوەکان:


1.Sloterdijk, Peter, die Schreckliche Kinder der Neuzeit, Shurkamp 2014.
2. Alain Deneault, Mediocracy: The Politics of the Extreme Centre, Kindle Edition
3.https://en.wikipedia.org/wiki/Miguel_de_Cervantes#cite_note-22
4. Sloterdijk, Peter, Kritik der zynischen Vernunft, Shurkamp 1983.
5. Fridrich Nietzsche, Werke, Also Sprach Zarathustra, Zweithausendeins 1999.
6.Peter Sloterdijk: Der Heilige und der Hochstapler, von der Krise der Wiederholung in der Moderne, SWR2, Manuskript 25.06.2012.

# دۆزینەوەی کارە سەرەتاییەکانی
# هێـگـل



**ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل**

**(١)**

تا ماوەیەکی زۆریش کارکردن لەسەر بیرکردنەوەو فەلسەفەی هێگل، لـە لایەنـەکانی لاهووتو سیاسەتو فەلسەفەو لۆژیکدا، تەنیا پشتی بەشـرۆڤەکردنو لێکدانـەوەی ئـەو دەقە فەلسەفییانە دەبەستی، کە هێگل لەدوای قۆناغی فرانکفۆرتەوە، بەرهـەمی هێنـا بوون، مەبەستمان قۆناغی ژیانیەتی لەیێناو قۆناغەکانی دواتری ژیـانی تـاوەکو کۆچـی دواییکردنی.

هەمیشە کارەکانی سی ساڵی یەکەمی تەمەنی هێگل بەکاری نا کامڵو هەوڵی فەلسەفیو ئایینی تەماشا دەکران، نەوەکو بەشێك بووبن لەسیستەمی فەلسەفەی هێگلی. لێرەوە گرنگبوو هەندێك لەلێکۆڵەرو بیریارانی هێگلی، بتوانن‌و بێن بەدوای دەستنووسە بەراییەکان‌و دەفتەری یاداشتی ڕۆژانەی سەردەمی قوتابخانەو پەیمانگای لاهووتی لەتوبینگن‌و نامە ئاڵوگۆڕکراوەکانی نێوان خۆیو هاوڕێکانیدا بگەڕێن، تاوەکو بەدوای سەرەداوی سەرەتاو دەسپێکردنی ئەم فەلسەفەیەدا بڕۆن.

لەوەتەی دەستنووسە بەراییەکانی هێگل دۆزراونەتەوە، کۆمەڵێك لەفەلسەفەکاران، وتووێژی زۆریان لەبارەی ئەوە دەسپێکردووە کە ئایا هێگل، هەر لەسەرەتاوە وەکو فەلسەفەکار دەرکەوتووەو کاری کردووە، یا هێگلی لاو ــ der junge Hegel، هێگلێکی لاهووتیزانە؟

ئەوەش هەمیشە بەشێك بووە لەئەدەبیاتی توێژینەوە لەبارەی هێگل، بەپێی ئەوەی بەشی هەرە زۆری دەقەکانی بەرایی هێگل، لەبارەی لاهووتییەتی ئایینی مەسیحین‌و چەند دەقێکی کەمیان کە ڕەنگە بەپەنجەکانی دەست بژمێردرین، لەپرسی سیاسیدا بەشدارن، بەتایبەتیش لێرەدا بایەخی زۆرتر بەدەقی ئەو ڕەشنووسەی دەستووری ئەڵمانیا دەدرێت کە هێگل لەقۆناغی فرانکفۆرتدا بەناوی ڕەخنە لەدەستووری ئەڵمانیا Kritik der Verfassung Deutschlands نووسیویەتی.

بەردەوام کاتێك قسە لەبارەی دەستنووس و دەقە سەرەتاییەکانی هێگل دەکرێت، ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە، تاوەکو نووسەرو توێژەرانی بواری هێگلیزم بتوانن بنەماکانی سەرهەڵدانی هزرو فەلسەفەی هێگلی دیاری بکەن.

بێگومان لێکۆڵینەوە لەم سەرەتایە، لەپێناو دەستنیشانکردنی ئاڕاستەی هێگلە بۆ دامەزراندنی سیستەمی فەلسەفیو شێوازی بیرکردنەوەی لەم قۆناغەی لاوێتیداو، دەستنیشانکردنی وەرچەرخان‌و فاکتەرە کاریگەرەکانە بەسەر ئەم وەرچەرخانەدا، ئەوانەش هەمووی بابەتی گرنگن بۆ لێکۆڵەرانی بواری هێگلناسی.

لەم ڕوانگەیەوە وتووێژی زۆر هاتۆتە ئارا، ڕەنگە تا ئێستاش ئەم وتووێژە هەر درێژەی هەبێت. بەشێك لەم فەلسەفەکارانە، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە گوایە هێگلی لاو، هێگلێکی مەسیحیو لاهووتیزانی مەسیحییە، چونکە لەم قۆناغەدا هێگل ئەوەندەی بایەخی بەئایینی مەسیحیداوە، ئەوەندە بایەخی بەڕەوشی سیاسی نەداوە. سەرەڕای ئەوەی هێگل ڕەخنە لەم ئایینەش دەگرێت کە نەیتوانیوە ببێتە ئایینێکی

میللیو وەکو ئـاینێکی وەزعـی ماوەتـەوە. بەشـێکی تـریش پێیانوایـە هێگـل لـەم تەمەنەدا، زیاتر کاری لەسەر هەردوو ڕەهەندی ئایینی-مێژوویی کردووە.

دێلتای یەکێکە لەم فەلسەفەکارانەو، پێیوایە بونیادی سەرەکی بیرکردنـەوەی هێگـل لە مامەڵەکردنی لەگەڵ ئایینی مەسیحیو مێژووی ئایینی مەسیحیو وەزعانییەتی ئەم ئایینە، زیاتر بونیادێکی ئایینی-مێژووییە.(٣٧) دێلتای لەم بۆچوونەی خۆیدا، پشت بـەو زانیارییانە دەبەستێت کە لەنێو دەفتەری یادەوەری ڕۆژانەی هێگل دۆزیبوویەوەو، تێیـدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەژێر کاریگەری زانستی کـەلامی نێـو پـەیمانگای لاهـووتی توبینگندا بووە، بۆیە جەخت دەکاتە سەر هـەبوونی کۆمـەڵێك بنـەمای سـۆفیگەرییانە لەنێو نووسینە سەرەتاییەکانی هێگلدا.

هەموو ئەم هەولانە، پەیوەندی بەدەستنیشـانکردنی ڕۆڵـی هێگـلو فەلسـەفەکەی، لەنێو چوارچێوەی سیسـتەمی ئایـدیالیزمی ئەڵمانیـدا هەیـە، لەبـەر ئەوەشـە هێگـل بەیەکێك لـە کۆڵەگـە سـەرەکییەکانی ئـەم سیسـتەمە دادەنرێـت. توێـژەران لـەڕێگای گەڕانەوە بۆ ئەم سەرەتایەی هێگل، لەمیانەی دەستنیشانکردنی پەیوەندی هێگل، بەهەر یەك لەهۆلدرلینو شلینگو فیشتەوە، دەیانەوێت ڕێڕەوی پێشکەوتنو دامەزرانـدنی ئـەم سیستەمە ئایدیالییـە دەستنیشـان بکـەن. ئـەوەش هـەمان هـەوڵو کۆششـی ئێمەیـە لەمیانەی توێژینەوەمان لەبارەی ئەم قۆناغە لە بیرکردنەوەی هێگلو کارکردنمـان لەسـەر فەلسەفەی هەریەك لەشلینگو فیشتەو کانتیش لەلایەکی ترەوە، تاوەکو ئێمەش بتوانین بەوردی دەستنیشانی ئەم پێوەندییانە بکەین.(٣٨)

## (٢)

بەگشتی تێبینی ئەوە دەکەین توێژینـەوە لـەبارەی هێگـل، زیـاتر ڕووەو کـارکردنو وەرگێڕانی دەقە گرنگەکانی هێگـل بـووە لـەقۆناغی مامۆسـتایەتیو فەلسـەفەکاریدا، بەشی هەرە زۆری نووسـینەکان لـەبارەی هێگـل، کـارکردنن لەسـەر کـۆی سیسـتەمی فەلسەفی هێگلی، بەبێ گەڕانەوە بۆ دەسپێكو بەراییەکانی ئەم سیستەمە فەلسەفییەو، زۆر کەمیش بایەخ بەم دەستنووسو دەقە بەراییانەی هێگل دراوە.

---

٣٧) هێگلو فەلسەفەی ئایین، ن: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، کتێبخانەی فێربوون، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٨.

٣٨) لەچەند کتێبێکی تری جیاوازدا کارمان لەسەر ئەم پرسانە کردووە کە هێشتا چاپ نەکراون.

ئەم هەوڵەی ئێمەش لێرە لەنێو ئەم توێژینەوەیەدا، یا لەنێو توێژینەوەکەی ترمان لەبارەی (هێگڵو فەلسەفەی ئایین، ئایین لەنێو نووسینە لاهووتییەکانی سەردەمی لاویدا) کە لەساڵی (٢٠١٨)دا بڵاوکراوەتەوە، دیسان هەر دەچێتە نێو ئەم خانەیە، بایەخدان بەقۆناغەکانی سەرەتای سەرهەڵدانو دەسپێکی بیرکردنەوەی هێگڵیو تەواوکەری ئەم کارەو هەندێك کاری داهاتووی ترمانە. بێگومان ئێمە کاری زۆرمان لەسەر بنەماکانی سەرهەڵدانی فەلسەفەی ئایینی هێگڵ کردووە، لێرەشدا هەوڵمان بۆ ئەوەیە بتوانین لەسەر چەند وێستگەیەکی گرنگی کارە سیاسییەکانی هێگڵ لەسەردەمی لاویدا بوەستین.

هەندێك پارچەی بچووکی ئەم دەقانە، لەسەردەمی ژیانی هێگڵ خۆیدا، بەڕەزامەندی خۆی لەسەر دەستی کارل ڕۆزنکراتز- k. Rosenkrazو، ر. هایم- R. Haym بڵاوکراونەتەوە. ئەوەی ڕۆزنکراتز وەکو بەشێك لەکتێبی (ژیانی هێگڵ -Hegel Leben) کە لەساڵی (١٨٤٤)دا لەبەرلین چاپو بڵاوکراوەتەوە، ئەوەی هایمیش وەکو بەشێك لەکتێبی (هێگڵو سەردەمەکەی-Aus Hegels Leben) لەساڵی (١٨٥٩)دا لەلایبزیگ بڵاوکراوەتەوە.[٣٩]

**(٣)**

لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، کاتێك بەشێکی زۆری ئەم دەستنووسانەی هێگڵ، لەنێو عەمبارو کۆگاکانی کتێبخانەی بەرلین هەڵگیرابوونو لەکاتی پێویستدا بەمەبەستی لێکۆڵینەوە دەخرانە بەردەستی توێژەرو لێکۆڵەران، ئەو کاتە، لەلایەن فەلسەفەکاری فەرەنسیو هێگلناسێکی وەکو دیلتای[٤٠] بەشێکیان دۆزرانەوەو بڵاوکرانەوە.

لەم کاتەش بەدواوە، بەهای خۆیان وەرگرتو وەکو بەشێك لەژیانو پێشقەچوونی هزری هێگڵ تەماشاکران. دیلتای کاتێك ئەم هەموو دەستنووسە بڵاونەکراوەیەی بینییەوە کە توێژەرانی پێشووتر پێیان وابوو گەنجانەیەو بەکەڵکی بڵاوکردنەوە نایەن، یا پێیان وابوو بەشێك نین لەکۆی گشتی سیستەمی فەلسەفەی هێگڵ، هات لەساڵی

٣٩) هێگڵو فەلسەفەی ئایین، ن: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، کتێبخانەی فێربوون، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٨.

٤٠) بۆ یەکەمجار، دیلتای ئەم دەستنووسانەی لەماوەی نێوان (١٩٠٣/٣/٢) تاوەکو ڕۆژی (١٩٠٣/٤/٤) خوێندەوە، ئینجا جارێکی تریش لەماوەی نێوان (١٩٠٣/٦/٣٠) تاوەکو ڕۆژی (١٩٠٣/٨/٣) هەموو ئەم دەستنووسانەی خوێندەوە.

(١٩٠٥)دا بەشێکی ئەم دەستنووسانەی لەنێو کتێبێکدا بەناوی (مێژووی گەنجێتی هێگل- die Jugendgeschichte Hegels) بلاوکردەوە.[٤١]

دوای ئەمیش، نول- Nohl کە قوتابی دیلتای بوو، هات دەستنووسەکانی سەردەمی لاوێتی هێگلی لەنێو کتێبێکی تردا بلاوکردەوەو ناوی نا (نووسینە لاهووتییەکانی گەنجێتی هێگل- Hegels theologische Jugendschriften).[٤٢] ئەوەی نول زیاتر مەبەستی بوو، ئەم دەستنووسانە بوون کە مۆرکێکی ئایینییانەیان هەبوو لەلای هێگل، بۆیە ویستی قۆناغی لاوێتی هێگل، بەشێوەیەکی ئایینییانە شرۆڤە بکات، ئەوەش کارێکی ئاسایی بوو، بگرە زۆریش دوا کەوتبوو، بەتایبەتیش دوای ئەوەی نیچە وەکو رەخنەیەك لێی، باسی رۆڵی پەیمانگای خوێندنی لاهووتی توبینگن دەکاتو هێگلیشی وەکو قەشەیەکی پرۆتستانتیو باپیرە گەورەی فەلسەفەی ئەڵمانی ناساندبوو.[٤٣]

هۆفمایستێر- Hoffmeisterیش یەکێکی ترە لەو هزرڤانو نووسەرانەی بایەخی زۆریان بەقۆناغی لاوێتی هێگلداوە، توانیویەتی لەمیانەی (١٥٠) لاپەرەدا کتێبێك لەبارەی ژیانی هێگل لەسەردەمی سەرەتای لاوێتی لەشتوتگارتدا ئامادە بکات.

رۆزنکرانتز- Rosenkranz وەکو شارەزایەك لەهێگل، لەبارەی سەرەتاکانی ژیانی هێگل لەشتوتگارتو سەردەمی کۆتاییهاتنی خوێندنی لەقوتابخانەدا دەنووسێت:" وەکو

---

٤١) هیغل کتابات الشباب، المطران انطون ـ حمید مورانی، دار الطلیعة، بیروت، الطبعة الاولى، ٢٠٠٣، ص٧.

٤٢) هیغل کتابات الشباب، المطران انطون ـ حمید مورانی، دار الطلیعة، بیروت، الطبعة الاولى، ٢٠٠٣، ص٧.

٤٣) نیچە لەبارەی کاریگەری کانت بەسەر فەلسەفەکارە لاوەکانی توبینگن لەنێو کتێبی (ئەودیوی خێرو شەڕ) دا کە ئێمە کردوومانەتە کوردیو ساڵی (٢٠١٧) چاپی یەکەمی بلاوکراوەتەوە، بەم شێوەیە دەنووسێت:" کانت پرسیاری ئەوەی کردبوو:چۆن دەکرێت، بڕیاری لێکدراوی پێشینەیی مومکین بێت؟ بەکورتی، وەڵامەکەشی هەر ئەوەندە بوو لەمیانەی (توانای توانایەکەوە). بەڵام، بەداخەوە کانت نەهات ئاوا وەڵامەکەی لەدوو وشەدا کورت بکاتەوە، بەڵکو هات، گەڕاو سووڕا، زۆر بەشێوەیەکی ئەڵمانییانە چووە قووڵاییو، رۆچووە ناوەوە، ئەوەندە زێدەڕۆییکرد، بەجۆرێك بێبەشیکردین لەم تامو چێژە ئەڵمانییەی، وەڵامێکی لەم شێوەیە بەرهەمیان دێنێت. خەڵکیش ئاهەنگیان بۆ ئەم توانایە گێڕاو خۆشحاڵی خۆیان بۆ دەربڕی، تەنانەت ستایشکردنەکە گەیشتە لووتکە، کاتێك کانت لەنێو مرۆڤدا، توانای ئەخلاقیشی دۆزییەوە، چونکە ئەڵمانییەکان ئەو کات، هێشتا مرۆڤی ئەخلاقی بوونو نەببوونە لایەنگری سیاسەتی واقیعییانە. لێرەدا مانگی هەنگوینی فەلسەفەی ئەڵمانی دەستپێکرد، هەموو لاهووتییە لاوەکانی نێو پەیمانگای توبینگن رۆچوونە نێو ئەم خاکە تازەیەوە، تاوەکو هەر یەکێك بۆ خۆی بەدوای بەشی خۆیدا بگەڕێتو ڕاوی بکات، بێگومان هەموویان بەدوای تواناکاندا دەگەڕان.

پرنسیپێك، لەم قۆناغەدا هێگل خاوەنی کولتوورێکی ڕۆشنگەرییانە بوو، بەڵام لەلایەنی خوێندنەوە، سەر بەکولتووری کلاسیکی کۆن بوو". دیارە ئەوەش بەڕوونی لەمیانەی کارە بەراییەکانی هێگلدا دیارە، کە تێیدا زۆر کار لەسەر کولتووری گریکی و ڕۆمانی دەکات، وەکو ئەوەی لەلایەن لایەنگرانی ڕۆشنگەرییەوە باو بوو.(٤٤)

لەگەڵ ئەوەی هەموو دەقێك لەژیانی فەلسەفەکارێکی وەکو هێگلدا، گرنگیو بایەخی خۆی هەیە، بەلایەنی کەم بۆ دەستنیشانکردنی ڕێڕەوی پێشڤەچوونی هزرو فەلسەفەکەی، لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، بەڵام بەگشتی توێژەران پێیانوایە نووسینەکانی سەردەمی هەرە زووی لاوێتی هێگل لەقۆناغی شتوتگارتدا، ئەم بایەخە گەورەیەیان نییەو، بەشی زۆربەیان ئەوانەی کە هەڵگیراونو کۆکراونەتەوە، دەفتەری قوتابخانەکەیەتی لەگەڵ وتارێك کە بۆ ماڵئاواییکردن لەم قوتابخانەیە نووسیویەتی، ئەوە لەپاڵ دەقی زۆری وەرگێراوو نووسراو لەوتەی ناودارو فەلسەفەکاران کە بەدەستو خەتی هێگل خۆی نووسراونەتەوە، هەر هەموویان پارێزراون و، دەخرێنە بەردەستی توێژەران. یەکێك لەم توێژەرانەش هۆفمایستێرە کە هاتووە لەنێو بەشی یەکەمی کتێبێکدا بەناوی (چەند بەڵگەنامەیەك لەبارەی پێشڤەچوونی هێگل- Dokumente zu Hegels Entwicklung)و لەساڵی (١٩٣٦) لەشتوتگارتی شوێنی لەدایکبوونی هێگلدا بڵاوی کردەوە.(٤٥)

## (٤)

هێگل کاتێك لەدایکبوو، خەریکبوو خۆری سەردەمی ڕۆشنگەری هێدی هێدی کز دەبوو، لەبەرانبەریشدا خۆری ڕەوتی ڕۆمانتیکی هێدی هێدی لەئاسۆدا دەردەکەوتو جێگای پێی خۆی قایم دەکردو لەگەشەدابوو. بۆیە لێرەوە هێگل نەوەی دوو سەردەمی گرنگەو، هەردوو سەردەمیش جێکەوتی گەورەیان بەسەر کۆی بیرکردنەوەو بۆچوونو سیستەمە فەلسەفییەکەیەوە دیارە. لەپاڵ ئەمانەشدا، کولتووری دەوڵەمەندی یۆنانیو ڕۆمانیش، هەر لەسەرەتای تەمەنی لاوێتیدا، پێگەیەکی بەهێزی لەنێو کەسایەتی ئەمدا

---

٤٤) هێگلو فەلسەفەی ئایین، ن: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، کتێبخانەی فێربوون، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٨.

٤٥) هێگلو فەلسەفەی ئایین، ن: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، کتێبخانەی فێربوون، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٨.

دروســتكردووه، بــەجۆرێك زۆر بــەڕوونی لــەنێو هــەموو لایەنــەكانی فەلســەفەكەیدا دەردەكەوێت.

لەقۆناغی لاویدا، هێگل زیـاتر سەرسـام بـووە بەتوێژینـەوەو خوێندنـەوەی كتێبـی ئایینیو مێژوویی. كتێبی ئـایینی، بـەهۆی ئـەوەی لەسـاڵی (١٧٨٨)دا كـە تەمـەنی دەگاتە ١٨ ساڵ، ماوەی پێنج ساڵ، قوتابی بـووە لەپـەیمانگای تـوبینگن بـۆ خوێنـدنی لاهووت. كتێبی مێژوویش، بەهۆی ئەم سەرسامییەی كە هەیبوو بەرانبـەر بـەكولتوورو فەلسەفەی یۆنانیو ڕۆمانی. بۆیە ئێمە دەبینین لەقۆناغی هەرە زووی لاویدا، دێت وەكو ئەركێكی قوتابخانە، باسێك لەبارەی ئایینی سـەردەمی یۆنـانیو ڕۆمـانی دەنووسـێت، بەوەش هەر لەم تەمەنە زووەدا، بەهرەو توانای نووسینی خۆی تاقی دەكاتەوەو كـارێكی جوانیش بەرهەم دێنێت.

ئەم ساڵانەی سەردەمی لاوی هێگل، ساڵانێكی پڕ لەگۆڕانكاریو وەرچـەرخان بـوون لەسەر ئاستی هزریو فەلسەفیو تیۆریو پراكتیكدا، بەشـێوەیەك هێگـل تـوانی خـۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانكارییانە بگونجێنێتو بتوانێت تێگەیشتنو خوێندنـەوەی تایبـەتی خـۆی هەبێت بۆیان. لەساڵی (١٧٨٨)دا، كانت كتێبی (ڕەخنە لەعـەقڵی پـەتی) بڵاوكـردەوە، كتێبێك كە دەكرێت بەشۆڕشێكی تیۆری لەسەر ئاستی گۆڕینو كاریگەری لەسەر هـزرو بیركردنەوەی گشتیدا تەماشا بكرێت.

لەساڵی (١٧٨٩)دا، شۆڕشی فەرەنسی سەری هەڵدا، شۆڕشێك كە بووە هۆی گۆڕینی دیدو بۆچوونی سیاسیو ئـابووریو كۆمەڵایـەتیو دەسـتووری لـەنێو سـەرجەم وڵاتـانی ئەوروپادا، بەجۆرێك فەرەنسای لەسیسـتەمی دەسـەڵاتی پاشـایەتی بنەماڵـەی لویسـی شازدەیەمەوە، بۆ دامەزرانـدنی كۆمـاری فەرەنسـیو دانـانی دەسـتوورێكی كۆمـاری گواستەوە.

لەساڵی (١٧٩٠)دا، كانت كتێبی (ڕەخنە لەتوانای بڕیاردان)ی بڵاوكـردەوە، بـەوەش پڕۆژەی ڕەخنەیی كانـت گەیشـتە لووتكـە، ئـەم پڕۆژەیـەی چـەند سـاڵێك بـوو كانـت دەستپێكردبوو.(٤٦) لەهەمان ساڵیشدا، گۆتە هەردوو تراژیدیای ناوداری خۆی (تاسـۆ-Tasso)و (فاوست)ی بڵاوكردەوە.

---

٤٦) فەلسەفەی ڕەخنەیی كانت وەكو شۆڕشێكی فەلسەفی تەماشا دەكرێت، شۆڕشێك كە سەرجەم بنەماكانی سەردەمی ڕۆشنگەری تێیدا خۆیان نمایش دەكەن، شۆڕشێك بڕوای بەتوانای ڕەهای عەقڵ هەبوو كە بتوانێت بڕیار لەسەر هەمووشتێك بدات، ئەم شۆڕشە ناونراوە (شۆڕشی كۆبەرنیكی).

لەساڵی (١٧٩٢)دا، فیشتە کتێبی (ڕەخنە لەهەموو سرووشێك)ی بڵاوكردەوە،[٤٧] كە بەتوێژینەوەیەكی شۆڕشگێڕانە لەبواری فەلسەفەی لاهووت دادەنرێت.[٤٨] هەر لەم ساڵانەشدا، جگە لەوەی ڕۆسۆ هێشتا لەژیاندا مابوو، نووسینەكانیشی لە ئەڵمانیا جێگای ستایشو ڕێز بوون، كاریگەری زۆریشی كردبووە سەر هزرو بیركردنەوە هێگلی لاو، بەڵام سەرلەنوێ خوێندنەوەو شرۆڤەكردنەوەی سپینۆزاش، وەكو دیاردەیەك تەماشا دەكرا، بۆیە هێگلیش، وەكو فیشتەو شلینگ، كەوتەژێر كاریگەری ئەم ڕەوتە تازەیەی شرۆڤەكردنەوەی سپینۆزا.

(٥)

لەم قۆناغەدا، ڕاستە لەنێو سیستەمی خوێندنی پەیمانگاو لەناوەوەی دەزگا ڕەسمییەكاندا، هێشتا هەر باوی سەردەمی ڕۆشنگەریو سەردەمی عەقڵانییەت بوو، بەڵام لەدەرەوەی سیستەمی فەرمیدا، ڕەوتو خولیای نوێ لەگەشەكردندا بوون، ڕوحێكی نوێ لەمیانەی ڕۆمانتیكییەت خەریكی سەرهەڵدان بوو، ڕوحێكی نوێ لەمیانەی ئایدیالیزمی ترانسندنتالی ئەڵمانی خەریكی درەوشانەوە بوو.

لەنێو قۆناغێكی ئاوادا، دیارە هێگلی لاو دەیویست ئاو لەهەموو ئەم سەرچاوانە بخواتەوەو، تینوێتی خۆی بشكێنێت، ئالێرەوە كانتو فەلسەفەی كانتیزم دەبنە یەكەمو گەورەترین سیستەمو كەرەستەی فەلسەفی هێگلی لاو و لەنێو ئەم سیستەمەدا هەوڵدەدات بەرهەمو نووسینو باسە سەرەتاییەكانی خۆی پەرەپێبدات.

ڕاستە هێگل بەهۆی خوێندنی لەپەیمانگای لاهووتی توبینگن، دەبوایە وەكو ئەكادیمییەك ئامادە بكرێت، وەكو قەشەیەكی ئەكادیمی كە پێویستە لەشتوتگارت لەنێو

---

٤٧) ئەم كتێبەی فیشتە بەهۆی هەڵەیەكی دەزگای چاپو بڵاوكردنەوە، ناوی فیشتەی لەسەر نەبوو، ناوی هیچ نووسەرێكی بەسەرەوە نەبوو، بۆیە خەڵكانێكی زۆر كە چاوەڕوان بوون كانت كتێبی نوێ لەبارەی ڕەخنە لەئایین بڵاوبكاتەوە، واتێگەیشتن ئەم كتێبە لەلایەن كانت نووسراوەو لەژێر فشاری دەسەڵاتدا كانت نەیویستووە ناوی خۆی بخاتەسەر، بۆیە زۆر بەگەرمیو بێوێنەیی پێشوازیی لێكرا، تەنانەت كانت خۆیشی بەچاوی ڕێزەوە تەماشای ئەم كتێبەی كرد. دوای ماوەیەك لەسەر ئەوە، كانت خۆی ڕایگەیاند كە ئەم كتێبە هی ئەم نییەو، هی نووسەرێكی ترە بەناوی فیشتە، بۆیە فیشتە زیاتر ناسراو كتێبەكەشی كاریگەری زۆرتری پەیداكرد.

٤٨) تطور هیجل الروحي، ریشارد كرونر، فریدریك كویلستون، روبرت سولمون، ترجمة: د. اما عبدالفتاح امام، دار التنویر، بیروت، الطبعة الاولى، ٢٠١٠، ص٩.

کلێسادا کاربکات، نووسینەکانیشی ڕەنگدانەوەی ئەم جۆرە خوێندنە بێتو بەجۆرێك ئامادە بکرێت، ببێتە وتاربێژێکی بەتوانا لەپێناو کلێسادا، بەڵام هێگل هەر بەوەندە نەدەوەستاو، چاوی لەوە بوو بتوانێت ڕاستەوخۆ لەدەرەوەی خوێندنی ئەکادیمی، لەدەرەوەی سنووری کاری ئایینیو لاهووتو کلێسا، بتوانێت ببێتە خاوەنی ڕوانینی خۆیو کاری سەربەخۆی خۆی.

دیارە وەکو کارێکی باو، بەشێکی زۆری توێژەرانی هێگلیزم، کاتێك تەماشای فەلسەفەی هێگل دەکەن، زۆر بەخێرایی بەسەر قۆناغی لاویدا دەڕۆن، بەشی هەرە زۆری جارەکانیش، بۆ ئەوەی تاوەکو پرسیارێك بێننە پێشەوە کە ئایا هێگل لەسەرەتادا، بەفەلسەفە دەستیپێکردووە؟ یا بەلاهووتو ئایین؟ ورووژاندنی ئەم پرسیارە، وەکو هەوڵێك لەڕوانگەی دەستنیشانکردنی ڕەگوڕیشەی سیستەمی هێگلییەوە سەرچاوە دەگرێت. ئینجا لەمیانەی ورووژاندنی ئەم پرسیارەوە، هەر یەکێك سەرەتاکانی فەلسەفەی هێگلی بەم شێوەیە ڕاڤە دەکات کە لەگەڵ بیرو بۆچوونو تێگەیشتنی خۆی دەگونجێت.

ئێمە ورووژاندنی ئەم پرسیارە بەکاری خۆمان نازانین، پێمانوایە سیستەمی فەلسەفەی هێگلی لەبنەمادا خاوەنی کۆمەڵێك سەرچاوەو ڕەگوڕیشەی ئاڵۆزە، ئەگەرچی ڕەنگە ئێمە بتوانین بەشێك لەم ڕەگوڕیشەیە دەستنیشان بکەین، بەڵام بێگومان ناتوانین بەشێوەیەکی ڕەها بانگەشەی ئەوە بکەین کە هەموو سەرچاوەکانی فەلسەفەی هێگلیمان کۆنترۆڵکردووە. بۆیە ئێمە ناچینە نێو ئەم وتووێژەوە، ئەوەش بەکاری خۆمان نازانین. ڕەنگە کاری لەم شێوەیە بۆ خوێندنی ئەکادیمیو هەندێك بواریتر کارێکی باش بێت، بەڵام لێرەدا ئێمە کاتێك دێین کۆی گشتی نووسینەکانی سەردەمی لاوی نمایش دەکەین، ئەم دەرفەتە دەدەین بەخوێنەر تاوەکو خۆی بەپێی تێگەیشتنی خۆی، تەماشای ئەم مەسەلەیە بکات.

## (٦)

ئەم فۆرمە لەئیشکردنی ئێمە، لەشەستەکانی سەدەی بیستەمەوە لەنێو توێژینەوە هێگلییەکاندا پێڕەو دەکرێت، واتا تەماشاکردنی کۆی گشتی سەرهەڵدانو پێشڤەچوونی هزرو فەلسەفەی هێگلی، لەچوارچێوەی پێکهاتەی گشتی سیستەمو فەلسەفەی

ئایدیالیزمی ئەڵمانیداو، سەرلەنوێ خوێندنەوەو شـرۆڤەکردنی لایەنـە گرنگـەکانی ئـەم ئایدیالیزمە.[٤٩]

لەدەرەوەی ئەم وتووێژەدا، ئێمە دەزانین کە هێگل لەسەرەتای لاویدا سـەرگەرمی بـۆ شۆڕشی فەرەنسیو فەلسەفەی ڕۆسۆو سـپێنۆزاو کانـت هـەبووە، بـەڵام هێگـل نەبۆتـە پێرەوکاری هیچ یەکێك لەم فەلسەفانە، ڕاستە جێکەوتی کانتیزم زیاتر بەسـەر قۆنـاغی لاوی هێگلدا دیارە، بەڵام بەم شێوەیە نەبووە کە ببێتە دەروێشی کـانتیزم وەکـو ئـەوەی هەندێك لەهاوڕێو مامۆستاکانی ئەو کات دەیانکرد. هزری هێگل هێدی هێدی، بـەڵام ئالۆزو نا ڕۆشن خەریکی گەشەکردن بوو، بەشێوەیەك ئەگـەر تەماشـای بلیمەتییەکـەی بکەینو بەهەردوو هاوڕێی خوێندنی پەیمانگای لاهووتی تـوبینگن: شـلینگو هۆلـدرلین بەراوردی بکەین، ئەوە دەبینین هێگل دواترو چەند ساڵێك پاش ئەوان پێدەگات.

لێرەوە دەتوانین بڵێین هێگل ڕاستەوخۆ لەکاتی پێگەیشتنیدا، خۆی بەهیچ ڕێبـازێکی فەلسـەفی دیـاریکراو نەبەسـتایەوە، ئەگەرچـی بەقورسـی کـەوتبووە ژێـر کاریگـەری فەلسەفەو کولتووری یۆنانی، بەڵام لەگەڵ سـەردەمی خۆیـدا ئەوەنـدە تـەبا نـەبوو بـەم شێوەیە. بۆیە دەبینین لەبارەی کۆمەڵێك شتی جیاواز دەنووسێت، وەکو ئـەوەی بیـەوێت خۆی تاقیبکاتەوەو، ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە.

هێگل لەسەرەتای دەسپێکی فەلسەفی خۆیدا، هـەڵگری هـیچ فەلسـەفەیەك نـەبوو، خاوەنداری هیچ ڕەوتێکی دیاریکراویشی نەدەکردو خۆیشی بە بەشێك لەهیچ یەکێك لـە فەلسەفەکان نەدەزانی، بەڵکو هەوڵیدەدا تەماشا بکاتو ڕابمێنێـتو بیربکاتـەوە، وەکـو ئەوەی هێشتا هیچ بڕیارێکی نەدابێتو نەزانێت بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت.

لەگەڵ ئەوەشـدا، هێگـل هێشـتا هـەر لـەنێو چوارچـێوەی سیسـتەمی فەلسـەفەی ئایدیالیزمی ئەڵمانیدا دەخوولایەوەو، لەم ڕەوتە هزریو ئەدەبییانـە ڕادەمـا کـە لـەنێو هەناوی ئەم فەلسەفەیەدا سەریان هەڵدەداو گەشەیان دەکرد، بەڵام ئـەم خـۆی نـەدەبووە بەشێك لە هیچ فەلسەفەیەکی دیاریکراو. هێگل هەرگیز بەڕاشکاوی ئاماژەی بـۆ ئـەوە

---

٤٩) لێرەدا هەر تەنیا ئەوەندە بەسە کە ئاماژە بۆ ئەوە بکەم ئەم توێژینەوەو کۆمەڵێك توێژینەوەی تر، کە ئێمە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ئەنجامانداوە، لەپاڵ کۆمەڵێك توێژینەوەی تر کە لەپلاندایە ئەنجامیان بدەین، بەشێکە لەپێڕەوکردنی ئەم تێگەیشتنە بۆ سەرلەنوێ خوێندنەوەو شرۆڤەکردنەوەی تێگەیشتنی خۆمان بۆ سیستەمی ئایدالیزمی ترانسندنتالی ئەڵمانی بەگشتی، بەهیوای ئەوەی بتوانین لەچەند ساڵی داهاتوودا لەچەند بەرگێکدا بیانخەینە بەردەست.

نەكردووە كە ئەم پێڕەوكارێكی دڵسۆزی فەلسەفەی ڕەخنەییو كانتیزمـە وەكـو ئـەوەی فیشتە كردی، هەرگیز ئاماژەی بۆ ئەوەی نەكردووە كە پێڕەوكاری فەلسـەفەی فیشـتەیە وەكو ئەوەی لەسەرەتادا شلینگ كـردی. هێگـل خـۆی بـەهیچ ڕووگەیـەكی فەلسـەفی دیاریكراو وابەستەنەكرد، بەڵكو خەریكی تێڕامانو بیركردنەوە بـوو لـە هـەموو ڕووگـە فەلسەفییەكان لەچوارچێوەی ئایدیالیزمی ئەڵمانیدا.

ئەم شێوە لەتێڕامانو بیركردنەوە لەسیستەمو ڕووگە فەلسەفییەكان، بۆتە هۆی ئەوەی هێگل بواری زۆرتری هەبێتو بگەڕێتـەوەو لێكۆڵینـەوە لـەبارەی فەلسـەفەی یۆنـانیو ڕۆمانیدا بكات، تێڕامانی زیاتر لەم فەلسەفەیە وەكو جۆرێك لەخۆ دزینەوەی لـەواقیعی ئەم كات بكات، تاوەكو ناچار نەبێت بچێتە نێو ڕووگەو ڕەوتێكی فەلسەفی دیـاریكراو، ئەوەش یەكێكە لەخاڵە دیارەكانی نێو ژیانی هێگل. ئەم سەر بەهیچ ڕووگـەو ڕەوتێكـی فەلسەفی نەبوو، بەڵكو خۆی بەرهەمهێنەری فەلسەفەیەكی تایبەت بوو.

هێگل خۆیشی لەنێو هەندێك لەنامەكانیدا كە بۆ هاوڕێكانی خـۆی نـاردووە، لـەنێو هەردوو قۆناغی ژیانی لەشاری بێرنو فرانكفۆرتدا، ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە زۆر شـت هەیە سەرقاڵ بەبیركردنەوەی كردووە، زۆر شت هەیە كە هێشتا لەلای ئەم ئاڵۆزەو ڕۆشن نییە، هێشتا نەگەیشتۆتە ئەم ڕادەیـەی بتوانێـت ڕایـەكی ڕاسـتو ڕاشـكاوو دروسـتی لەبارەیانەوە هەبێت. لێرەوە دەبینین وەك شـلینگو هۆلـدەرلین ئـەم سـەرگەرمییەی بـۆ فیشتە نەبوو.

# ماركس‌و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

(٢-٢)



ن: گلبیر ئەلئەشقەر

و. جەمال پیرە

## ئیمپریالیزم و پێشکەوتنی جیاواز

وێڕای هەڵگەڕانەوەی هۆکارئامێزی نێوان هەردوو بواری کـەلتووری‌و کۆمەڵایـەتی-ئابووری، ئەو هەڵگەڕانەوەیەی مارکس‌و ئـەنگلس لـە دیدگاکـە، لەسـەرەوە تـا دواوە، ئاماژەیە بۆ ڕێڕەوێکی بنکۆڵکاریی جیاواز لە ڕەگوڕیشەوە. ئەگەر بونیـادی دەسـەڵاتی

جیهـانی، نـەك تـەنها تایبەتمەندییـەكی كەلتوورییـە، بـەڵكو هۆكـاری سـەرەكییە لـە وەستاندنی گەشەی وڵاتانی وابەستە.

لێرەوە پرسیاری نوێ سەرهەڵدەدات، دەربارەی پەیوەندی نێـوان كـەلتوور و گـۆڕانی سەرمایەداریی، یەكێك لەو پرسیارە بنچینەییە پەیوەندارانە، بریتییە لەوەی چـۆن ئـەوە روونبكەینەوەو راڤەی بكەین كە شێوازی بەرهەمی سەرمایەداری سەرەتا لـە ئـەوروپای رۆژئاوادا سەركەوتو لەگەڵ خۆیدا گۆڕانێكی كـەلتووری هێنـا، بـەبێ بەشـەكەی تـری جیهان؟

لـە دیـدی ماركسـییەكاندا، وەڵامەكـە خـۆی لـە تایبەتمەندییـەكانی شـێوازی بەرهەمهێنانی فیودالّی ئەوروپیو كارلێكی لەگەڵ تایبەتمەندییەكانی كەشـی ئەوروپیـدا دەبینێتەوە، وێڕای پێگە جوگرافیەكەی لە نێوان دەریای ناوەڕاستو زەریای ئەتڵەسـیدا. ئەم پرسە پێشترو تا ئێستایش جێی مشتومڕ بووە[١٩]، بەڵام ئەوەی كە لە دیدی خـودی ماركسدا روونە ئەوەیە، پێشكەوتنی زووتری ئەوروپی تا ئاسـتێكی دوور، پشتبەسـتوو بووە بەو تالاّنی و فەرهودە گەورەیەی دژ بە جیهانی نائەوروپیدا ئەنجامیـداوە. مـاركس بە دەربڕینی بەهێز لە سەرمایەدا، وەسفی ئەو توندوتیژییە دەكـات، كـە لـەدایكبوونی سەرمایەداریی جەختی كردووەتەسەرو نووسیویەتی: " ئەمە راستییەكی مێژوویی روونە كە داگیركارییو بەكۆیلەكردنو تالاّنیو كوشتن، یان بە كورتی، هێز رۆڵـی هـەرە گـەورە دەگێڕێت"[٢٠].

ئەنجامەكە ئەمەیە :"سەرمایەدار، سـەرتاپایو لـە هـەموو كونـەكانی جەسـتەیدا خـوێنو پیسـیی لێدەچـۆڕێت"[٢١]. بەمشـێوەیە "كەڵەكـەبوونی سـەرەتایی" بـۆ ئـەو سەرمایەیەی ئەوروپای رۆژئاوا بەدەستیهێناوە، لە بەربەسـت خسـتنە بـەردەم روودانـی ناوەوەی پرۆسەی هاوشـێوە لـە جیهـانی نائەوروپیـدا یەكلاكـەرەوە بـووە، لـە رێگـەی سەردەستیی سەربازییەوە، بەشی هەرە گەورەی جیهان تالاّنكرا، بونیادێكی قووچەكی بۆ سیستمی جیهانی دروستبوو، كە بوو بە درێژەپێـدەری نایـابوونی مێـژوویی ئـەوروپای رۆژئاواو هاوشێوەكانی لە ئەمریكای باكورو ئوستڕالیا، لەسـەر حسـابی جیهـان، تـەنها ژاپۆن نەبێت، ئەو وڵاتەی بەهۆی ئەوەی دوورگەیە، سوودی لە دوورییەكەی وەرگرت.

ئەو كاتەی سەرمایەداری لە ئەوروپای رۆژئاوادا دەستی بە خۆبونیادنان كرد، زۆربەی خاكی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ژێر دەسـەڵاتی فـەرمانڕەوایی عوسمانییەكانـدا بـوو، لـە سەدەی نۆزدەهەمدا ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی چـووە نـاو قۆنـاغی گەنـدەڵیو داڕمـانی

زیاتر، لەکاتێکدا هێزە ئەوروپییەکان خەریکی بردنی بەشە عەرەبییەکەی بوون، لە کۆتاییدا هەموو ناوچەکە کەوتە ژێر دەستی ئیستیعماری رۆژئاوایی‌و نیمچە ئیستیعماری بەشێوەیەکی وا گۆڕاو بوو بە ملکەچی لایەنی دیکەی زۆر بەهێزتر، سەرتاپای خودی خۆشی گرتەوە، لە دەرەنجامی ئەو دۆخەشدا، پێشکەوتنی سەرمایەداریی ناوخۆیی نەما، یان بەهۆی پێداویستییەکانی پێشکەوتنی سەرمایەداری لە وڵاتانی باڵادەستدا ونبوو. وڵاتی میسر لەم کێشەیەدا نموونەیەکی بەهێزی پێشکەشکرد، لە رێگەی ئەو رۆڵە گەورەیەی کە بەریتانیای ئیمپریالی دەیگێڕا بۆ لەباربردنی پڕۆژە تازەکەی محەمەد عەلی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا[٢٢]. نە سروشتو نە ئایین لەمەدا بەرپرسیار نین، هیچ تێڕوانینێکیش نییە پێچەوانەی پڕوپاگەندەی "رۆژهەڵاتناسیی" لەو شێوەیە بن، وەك ئەوەی تێڕوانین‌و بۆچوونی ماتریالیزمی مێژووی مارکس، دژو پێچەوانەی بووە.

هاوکات پرسیارێك لە تێڕوانینی تیۆرییانەی مارکسەوە سەرهەڵدەدات، پرسیارێکی زۆر گونجاوە دەربارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە بەمشێوەیەیە: بۆچی پێشکەوتنی سەرمایەداریی لەدەرەوە لە سەرجەم ناوچەکانی دەوروبەریدا نەبوون بە هەمان گۆڕانی کەلتووریی؟ چۆن دەکرێت، بەتایبەتی، بەردەوامبوونی هەندێك تایبەتمەندی زۆر کۆن لە هەندێك وڵاتی دەوروبەری سەرمایەدارییدا راڤەبکرێن؟ ئەمەش حاڵەتێکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگاتە ئەوپەڕی ئاستی خۆی، لەگەڵ بەردەوامبوونی هەژموونی تیرەگەریی پاتریارکی زۆر کۆن لە شێخەکانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداودا.

سەرەنجام ئەم شێخانە، بەهۆی دەوڵەمەندییان بە هایدرۆکاربۆنات، گەورەترین پێشکەوتنیان بەخۆیانەوە بینی لە گەشەپێدانی لۆکاڵی ئابوورییە سەرمایەدارەکاندا، بەو هاوشێوەبوون‌و لاسایی بەرفراوانی دیمەنەکانی سەرمایەداریی‌و شارستانی‌و مۆدێرنەشەوە کە زیاد لەپێویست رازێنراونەتەوەو لەگەڵ ئەمەشدا، تایبەتمەندی‌و سیمای کۆمەڵایەتی‌و کەلتووری کۆنیان پاراستووە، وەك بەردی بناغەی سیستمە کۆمەلایەتی‌و سیاسییەکەی.

دیدگای مارکس بۆ تێکەڵکردنی نێوان سیمای مۆدێرن‌و کۆن کە هاوکات رێگادەدات پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان بە پلەی جیاواز پێشبکەون- دیدگایەکە رووسیا بەهۆیەوە ناوبانگی دەرکرد[٢٣]- ئەم دیدگایەی مارکس وێنەیەکی روونتر نادات بەدەستەوە، لەوەی کە لەم شێخە نەوتییانەدا دەیبینین، بەڵام ئەو مۆدێل و شێوازەی پێشکەوتنە تێکەڵو لێکدراوەی کە ئەو شێخانە دەیخەنەڕوو، پەیوەستە بەپێکهاتەو تێکەڵەی سیماو

خاسییەتەكانی سەرمایەداریی مۆدێرنو پێش سەرمایەداریی كۆن، هەروەك لیۆن ترۆتسكی لە كتێبە ناودارەكەیدا بەناوی (مێژووی شۆڕشی رووسیا) ناوی دەنێت "پێشكەوتنی نابەرابەر و تێكەڵ"[٢٤]. ئەمەش زیاتر لەوەی كە پەیوەستە بەو گریمانەیەی ماركس جارێكیان رایگەیاندووە و بەوەی كۆمۆنی لادێی رووسی كۆن، رەنگە بگۆڕێت بۆ مۆدێلێكی سۆسیالیستی.

هەروەها لێرەدا راستییەك هەیە ناشاردرێتەوە، ئەویش ئەوەیە رۆڵی هەژموونو باڵادەستی بیانی لە بەرهەمهێنانی ئەم تێكەڵەیە زۆر چڕوپڕو ئاڵۆزكاوەدا یەكلاكەرەوە بووە. ئەو دژیەكییە ئاشكرایەی نێوان ئەركی "بڵاوكردنەوەی شارستانییەت" كە ئیمپراتۆرییەتی بەریتانی لە زۆربەی بوارە داگیركارییەكانیدا پێی هەڵسا، لە لایەك شێوەی دامەزراوەی كۆپی لە دامەزراوە سیاسییەكانی بەریتانی وەرگرت، هەروەها پرۆسەیەكی نوێبوونەوەی لەسەرەوەڕای بۆ كۆمەڵگا شارستانییەكان ئەنجامدا. هاوكات ئیمپراتۆرییەتی بەریتانی بەمەبەست پارێزگاریی لە كۆنترین سیماو تایبەتمەندییە كۆمەڵایەتییەكان كرد، بگرە ئەم كردارەی لەو ناوچە عەرەبییانەدا چەسپاند كە بە نەوت دەوڵەمەندنو كەوتنە ژێردەستی ئەو، بەریتانیا بەمەبەست لەو ناوچەیەدا هەندێك "وڵاتی" دروستكرد، كە بەتەواوەتی لە بنەما سەرەكییەكانی دەوڵەت دووربوونو لەلایەن شێخە تیرەگەرەكانەوە فەرمانڕەوایەتی دەكرانو دواتر گۆڕانو بوون بە بنەماڵەی فەرمانڕەوای رەها.

بەهەمان شێوە، ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا پارێزگاری لە تایبەتمەندییە كۆمەڵایەتییە هەرە دواكەتووەكەی شانشینی سعودییە كرد، بەمامەڵەكردنی تۆقێنەریشی بەرامبەر بە ژنان و ئەو سیستمە تۆتالیتارییە سیاسیو كەلتوورییەشیەوە. هەرچەندە ئەو شانشینە لە راستیدا دوای جەنگی دووەمی جیهانی لەلایەن ئەمریكاوە دەپارێزرێت، ئەم واقیعەش تەواو ناكۆكە لەگەڵ پڕوپاگەندە ئایدیۆلۆژییەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكان لە سەركردایەتیكردنی "جیهانێكی ئازاد" وەك چرای دیموكراسیو مافەكانی مرۆڤ.

لەراستیدا ئەمریكا بۆ ماوەی چەندین دەیە پارێزگاری لەچەندین شوێنی داگیركراوی تایبەت بەخۆی دەكرد لە ناوچەكانی ئەو شانشینە پڕ لە نەوتەدا، بۆ رەتاندنو دەستبەسەرداگرتنی دەرامەتە سروشتییە زۆرو زەوەندەكانی ئەو وڵاتە، لەگەڵ تەواو رێگریكردن لە هەوڵەكانی نوێكردنەوەی شانشینی سعودییە لە رووی كۆمەڵایەتیو

سیاسیو رۆشنبیرییەوە، لە ترسی ئـەوەی ولاتەکـە روبـەڕووی ناسـەقامگیریی سیاسـی ببێتەوە، لەو ژینگە جیۆسیاسییەی کـە بـەوە جیادەکرایـەوە شـەڕی رەوتـە چـەپە دژە ئیمپرالییەکانی تێدا هەبوو.

بەمشێوەیە، لەگەڵ رەتکردنەوەی راڤەی کەلتووریدا، بەوپێیەی دارستانێکی چڕوپڕەو ئاو بە ئاو راڤە دەکات، پێویسـتدەکات بەدواداچـوونی ماتـەریالی بـۆ بـەردەوامبوونی تایبەتمەندییـە کۆمەڵایـەتیو سیاسـیو کەلتوورییـە کۆنـەکانی شـێخەکانی کەنـداوی عەرەب، بنەما مێژووییە کردارەکییەکانی ئەو سیستمانە تاووتوێبکات.

دواتریش، پێویستە لەسەر ئەو بەدواداچوونە، ئاماژە بە رۆڵی ئیمپرالیزمی رۆژئاوایی بدات، لە پارێزگاریکردنی کۆنترین تایبەتمەندییەکانی ئەو شێخانە، بـە روبەڕوبوونـەوەی شالاوی بەگوڕی ئاراستەکانی سەرهەڵدانەوەی دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم لە ژینگەکەیدا. لەراستیشدا هیچ ڤیتۆیـەکی بـەهێزتر لـە "رۆژهەڵاتناسـی"دا نییـە دەریبخـات هێـزە رۆژئاواییەکان، چۆن پارێزگارییـان لـەم سـیماو تایبەتمەندییـە کەلتوورییـە راگەیـەنراوو چەسپاوەی "رۆژهەڵاتی" کردووە کە هـەمان ئـەو سـیماو تایبەتمەندییانـەن تێـڕوانینی "رۆژهەڵاتناسـی" وەك بەڵگـەی سـەرەکی تایبەتمەندییـە ئـابووریو سیاسـییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دادەنێت.

## بەشی دووەم

### پۆنا پارتیزم

بەپشتبەسـتن بـەو دانپێدانانـەی کـە دەڵێـت بەشـدارییەکانی مـارکس لـە زانسـتە کۆمەڵایەتییەکان بەشـێوەیەکی سـەرەکی جەختیانکردووەتـە سـەر ئـەوروپای رۆژئـاوا، هەروەك لە سەرەتای ئەم بابەتـەدا هـاتووە، رەنگـە هەنـدێك کـەس بڵـێن شـیکردنەوە مێژووییە ماتەریالییەکانی مارکس، لەگـەڵ ئـەو بەشـەی جیهانـدا نـەبێت، نـاگونجێن، هەرچەندە میتۆدەکەی لە زانستی مێـژوودا، بانگەشـەی ئـەوە دەکـات لەگـەڵ تـەواوی جیهاندا دەگونجێت. بەڵام ناکرێت رای لەو شێوەیە وەربگیرێـت، مەگـەر بـەتێڕوانینێکی جەوهەرییانەی قـووڵ تێیـبڕوانین، بـوونی نـاوازەیی و نـامۆیی رەهـا دەسـەپێنێت، کـە شـوێنی- کـەلتووریی سەرتاسـەری جیهـان جیادەکاتـەوە، هـەولێکی دیکـەش لـە

نەکەین.  ئەو گرژییە لە سەدەی نۆزدەدا لە فەرەنساو ئەڵمانیا هاتەئاراوە، بووە هۆی تێکەڵی نێوان لاوازی چینی سەرمایەداریی کە تا ئێستا لە فراژووبووندایە، لەگەڵ ئەو لاوازییە خوودیی‌و ناوەکییەی چینی کرێکار، کە تازەپێدەگات‌و هێزی بەردەوامی چینی خاوەن موڵك کە لە بنچینەی بەر لە سەرمایەدارییدا هەڵقوڵاوە. ئەم گرژییە بووەتە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکاری دەوڵەت رۆڵی بنچینەیی باڵادەست بگێڕێت. بەم شێوەیە رۆڵی لویس پۆناپارت لە فەرەنسا، یان رۆڵی ئۆتۆ ڤۆن بسمارك لە پرۆسیا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا، هاومانایيەکی زۆری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، زیاتر لەوەی لە ئەورووپای سەدەی بیستەمدا هەبووە.

ئەو گوتەزا پۆناپارتیەی کە مارکس لە نووسینە نایابەکەیدا دەربارەی شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی- مێژوویی برۆمێری هەژدەیەمی لویس ناپلیۆن پۆناپارت روونیکردووەتەوە، دواتریش بوو بە کلیلێکی سەرەکی بۆ تێگەیشتن لە سیماو تایبەتمەندی سەرەکی مێژووی تورکیاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدەی بیستەمدا. راستە ئەو گوتەو دیکتەمە بەشێوەیەکی تەواو لە نووسینەکانی مارکس دانەڕێژراوە: ئەو لە هیچ کام لە نووسینەکانیدا پێناسەیەکی میتۆدی بۆ چەمکی پۆناپارتیزم پێشکەش نەکردووە، بەپێچەوانەی گوتە ئابوورییە جیاوازییەکانی کە لە سەرمایەدا پێناسەی کردوون.

ماکسیمیلیان رۆبل، دوای بەدواداچوونی بۆ کۆمێنتەکانی مارکسی تایبەت بە پۆناپارتی یەکەم و دووەم (ناپلیۆنی سێیەم)و لە کۆی نووسینەکانی نووسەری سەرمایەدا، پوختەی قسەکەی بەو شێوەیە بوو کە دەڵێ"هیچ تیۆرییەکی دەربارەی پۆناپارتیزم ، بەتەواوی واتاو گوزارشتی تیۆرییەکە نەبینیوە"[١]، بەڵام هەر خودی رۆبل چەندین رەگەزی جیاوازی تیۆری لەو شێوەیەی جیاکردووەتەوە: کە پێویستی بە کۆکردنەوەیان هەیە لە بونیادنانێکی تیۆرییانەی یەکانگیردا، بە پەنابردنە بەر هەندێك لە راڤەکردنەکان، بە ئامانجی گەرەنتیکردنی یەکانگیری‌و سازانی تەواوی تیۆرییەکە. ئەمەش ئەوەیە کە هۆڵ دریپەر هەوڵی بۆداوە، لەو بەرگانەی کە تایبەتی کردبوون بە کۆکردنەوەی راوبۆچوونە کۆمەڵایەتی- سیاسییەکانی مارکس، بەشێوەیەکی میتۆدییانە.[٢]

با لێرەوە لە هەڵسەنگاندنی مارکس بۆ پۆناپارتیزم دەستپێبکەین کە لە کتێبی شەڕی ناوخۆ لە فەرەنساو لەو ویستگەیەی تێیدا رێڕەوی ئەو مۆدێلە فەرەنسییە بەکۆتاگەیشت باسکراوە، کە ناپلیۆنی سێیەم بەرجەستەی کردبوو، دوایش ئەوەی

"بۆگەنبوونەکەی ئاشکرابوو، هەروەها ئەو کۆمەڵگایەشی کە سەرکردایەتی دەکرد، بەهۆی سەرەنێزەکەی پرۆسیاوە بۆگەن بوو"[٣]، واتا دوای شکستی پۆناپارت لە جەنگی ساڵی ١٨٧٠ی نێوان فەڕەنساو پرۆسیا. پوختەکەی هەڵسەنگاندنی ناوبراو بەو رستەیە کورتدەکاتەوە، وشەی "ئیمپریالیزم" هێمایە بۆ دوو ئیمپراتۆریەتی هەردوو پۆناپارتەکە:

ئیمپریالیزم، لەیەککاتدا، بریتییە لە شێوەی هەرە باڵاو زۆرترین هێز بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت، کە کۆمەڵگای بۆرژوازیی تازەپێگەیشتوو، وەك ئامرازێکی ئازادکردنی خوودیی لە فیودالێزم دەستی بەدارشتنی کردووەو دواتر کۆمەڵگای بۆرژوازی پێشکەوتووی بەتەواوەتی بۆ ئامرازێکی بەدەستهێنانی سەرمایە لە کرێکاران گۆڕی.[٤]

بەو شێوەیە، پۆناپارتیزم لە دیدی مارکسدا، دواجار ئامرازێکە، بۆرژوازییەت بۆ روبەڕوبوونەوەی چینی ئەو خاوەن زەوییانە بەکاردەهێنێت، کە پێشتر لە دەسەڵاتدا بوون، هەروەك لە روبەڕوبوونەوەی ئەو چینەی کرێکارە دەیکات، کە تەحەدای دەسەڵاتە نوێیەکەی دەکات، لە دۆخی یەکەمدا، کە ناپلیۆنی یەکەم بۆ یەکەمجار بەرجەستەی کردووە، دەکرێ رۆڵی مێژوویی پۆناپارتیزم بە پێشکەوتوو هەڵسەنگێنرێت، بەڵام هەڵسەنگاندنی لەو شێوەیە لە دۆخی دووەمدا سەختتر دەبێت. "بە گوێرەی لێکدانەوەی مارکس"کاتێك بۆرژوازییەت توانای فەرمانڕەوایەتی نەتەوە لەدەست دەدات، چینی کرێکار هێشتا ئەو توانایەی بەدەست نەهێنا بوو"[٥]. لەگەڵ ئەمەشدا دانی نا بەو بازدانی پێشکەوتنە، کە لەسایەی ئیمپراتۆرییەتی دووەمدا روویدا، لەگەڵ ئەو "بۆگەنبوونەی" کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە..

لە سایەی کۆنترۆڵی ئەودا، کۆمەڵگای بۆرژوازی لە ترسە سیاسییەکان رزگاری بوو، پێشکەوتنێکی وای بەخۆیەوە بینیبوو، پێشتر خۆیشی پێشبینی نەدەکرد. بواری پیشەسازیو بازرگانییەکەی تاڕاددەیەکی زۆر گەشەیانکرد، خەڵکی پارەدار ئاهەنگی مەستبوونی کۆزمۆپۆلیتیان دەگێڕا، بەدبەختی جەماوەر بە نمایشی ناشایستە دەرازێنرایەوە بۆ خۆشگوزەرانی سیحریو بەرەڵلاییو بێزراو. بەڵام دەسەڵاتی دەوڵەت، کە بەرواڵەت بەسەر کۆمەڵگادا دەخوولایەوە، لەیەککاتدا ریسوایی گەورەی ئەو کۆمەڵگایەو گەشەپێدەری سەرجەم گەندەبوونەکان بوو.[٦]

بەو شێوەیە مارکس پێیوابوو رێڕەوەی مێژوو راستی و دروستی ئەو خەیاڵو پێشبینیانەی سەلماندووە کە لە برۆمێری هەژدەمیندا، دەربارەی رۆڵی پۆناپارتیزم لە زیاتر بەرەوەپێشەوەبردنی سەرمایەدارییدا دایڕشتبوون، لە راستیشدا، پۆناپارت هەروەك

مارکس نزیکەی دوو دەیە پێشتر بوێرانە پێشبینیکردبوو، بە کردار سووربوونی لەسەر "دەسەڵاتی ماتەریالی" بۆ بۆرژوازییەت و سنووردانان بۆ "دەسەڵاتە سیاسیو میدیاییەکەی" بەیەکەوە کۆکردبووەوە.

پۆناپارت، بەوپێیەی ئەو دەسەڵاتە جێبەجێکارییەی بەدەستهێنابوو کە ببووە دەسەڵاتێکی سەربەخۆ، هەستی دەکرد ئەرکی بەرگریکردن لە "رژێمی بۆرژوازیی" لەئەستۆی ئەودایە. بەڵام هێزو توانای ئەو رژێمە بۆرژوازییە لەخودی بۆرژوازییەتدا خۆی دەبینێتەوە. لەبەرئەوەی پۆناپارت، خۆی وەك نوێنەری چینی بۆرژوازیی دەبینێت، بە گوێرەی ئەو لۆژیکە بڕیارەکانی دەردەکات. بەمەش، بایەخو گرنگیەکەی تەنها لە نابوودکردنی دەسەڵاتی سیاسی تایبەت بەم چینە بۆرژوازییەدا بوو، رۆژانە لە وێرانکردنو نابودکردنەکەدا بەردەوام بوو، سەرەنجام، خۆی وەك دژە دەسەڵاتی سیاسیو میدیایی دەبینییەوە. بەڵام، بە پارێزگاریکردن لە دەسەڵاتە ماتەریالییەکەی، سەرلەنوێ دەسەڵاتە سیاسییەکەی لەدایکدەبووەوە. بەو شێوەیە دەبوو هۆکارێکی زیندوو هەبێت، بەڵام سەرەنجام لەهەر کوێ دەرکەوتایە دەبوو خۆی لێ ڕزگار بکات (٧).

ئەگەر جیاوازی لە بارودۆخی مێژوویی‌و هاوکات سەرمایەداریی زۆر پێشکەوتوو لە نیوە گۆی زەوی رۆژئاوایی، لەگەڵ مۆدێلی دەوڵەتی ناسەرمایەداریی وەك یەکێتی سۆڤییەت بەهەند وەرگرین، ئەوا مۆدێلی پۆناپارتی کلیلێکی سەرەکی، بۆ شیکردنەوەی شێوازو نموونەی مێژوویی بەربڵاو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدەی بیستەمدا دەخاتەبەردەست. دەسەڵاتی دەوڵەت بە سەرکردایەتیەکی سەربازی دەستی بەسەر دەسەڵاتی سیاسی تایبەت بە چینی بۆرژوازی لاوازدا گرت، سەرەتا دەسەڵاتی خاوەن زەویوزارەکانی لەناوبرد، پاڵپشتی لە گەشەی سەرمایەداری پیشەسازیی کرد، هەروەها زیاتر خۆی بەسەر ئەو چینە کرێکارەدا سەپاند کە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ئەو دواییەدا گەشەیان کردبوو.

بە پەسندکردنی ئەو مۆدێلە لە فەزای عوسمانی پێشووی سەردەمی دوای جەنگی جیهانی یەکەم، مستەفا کەمال لە تورکیا سەرکردایەتی گۆڕانکاریی کۆماریی کردو لەگەڵ ئەو نوێبوونەوەیەی دواتریش روویدا، هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی، لە پۆناپارتییە فەرەنسییەکان و دەستکەوتەکانیان وەرگرتو لەگەڵ هەندێك ئیلهامی وەرگیراو لە یەکێتیی سۆڤیەت (بەتایبەت پلانی ئابووری پێنجساڵی) تێکەڵی کردن، بەوشێوەیە مستەفا کەمال بوو بە مۆدێلێکی ئیلهامبەخش بۆ ئەفسەرە گەنجە

میسـرییەکان- زۆر زیـاتر لـە لاسـایی کردنەوەکـەی رەزا شـای ئێـران بـۆ مـۆدێلی ئیمپڕاتۆرییەتی فەڕەنسی.

هەرچی کۆپی ناسرییە بۆ پۆناپارتیزمی خۆشگوزەران، کە لە دوای جـەنگی جیهـانی دووەمو جـەنگی سـاڵی ١٩٤٨ی نێـوان عـەرەب-ئیسـڕائیلەوە، لەلایـەن جـەمال عەبدولناسرەوە لە میسر سەرکردایەتی دەکرا، بوو بە مۆدێل بۆ ژمارەیەك وڵاتی ناوچەی مینا: سوریاو عێراقو یەمەنی باکوورو جەزائیرو سودانو لیبیا (لەگـەڵ کاریگەرییـەکی گرنگ بەسەر پێشکەوتنەکان لە هەردوو وڵاتی لوبنان و تونس). لەو ناوچەیەیدا مۆدێلی سۆڤییەتی زۆر سەنجڕاکێشتر بوو، لەچاو تورکیای کەمالیدا، تەنها لە یەمەنی بـاکووردا نەبێت کە نغرۆی جەنگی ناوخۆ ببوو، میسرو ئەو پێنج وڵاتەی کەوتنە ژێـر کاریگـەری ناسرییەت، بە تێکەڵەیەکی خۆماڵیکردنی سەراپاگیرو بونیادنانی دامەزراوەکانی دەوڵەت ئاشنابوون، کە بووە هۆی ئەوەی کەرتەکانی پیشەسازییو ئابووری گشتی تا رادەیـەکی زۆر بکەونە ژێر کۆنترۆڵی کەرتی گشتی. بەم شێوەیە کۆپییـە ناسـرییەکەی پۆناپـارتیزم گەیشتە پلەیەکی باڵـای دەسـەڵاتی دەوڵـەت، کـە شـوێنی فـەرمانڕەوایی راسـتەوخۆی بۆرژوازی گرتەوە، ئەم شوێنگرتنەوەیەش سنووری بواری سیاسی تێپەڕاندو بەرەو بـواری ئابووریش درێژبووەوە. مارکس لە گفتوگۆی "سۆسـیالیزمی ئیمپڕاتـۆری" تایبـەت بـە پۆناپارتیزمی دووەمدا، بۆ ماوەیەکی کورت رووداني ئەو ئەگەرەی وێناکردبوو.(٨)

## بۆرژوازییەتی بچووك و یۆتۆپیای دواکەوتوو

بەپێچەوانەی پۆناپارتیزمی مێژوویی، ئەزموونەکانی ناسریی پۆناپارتی لـە ناوچـەی مینادا سەریان هەڵدا، کە زۆربەی ئەفسەرەکانی، لە چینی بۆرژوازییەتی بچـووکی شـار یان لادێی بوون، لـەم سووچـەوە، ناوچـەی مینـا وێـڕای گرنگـیو بایـەخی مێـژوویيو شارستانی، لەگەڵ ئەو سنوورە پیشەسازییەی رابردووشی جیادەکردەوە کـە تایبەتمەنـدی هاوبەشی لەگەڵ فەڕەنساو ئەڵمانیادا لە قۆناغی سەرەتایی پیشەسازییاندا هەبوو، زیـاتر لەوەی لە سەرەتای سەدەی بیستەم لەگەڵ روسیادا هەیبوو، بەوەی کە شارەکان لـە رووی مێژوییەوە گەمارۆدرابوون، هەروەها پیشەسازییەکی بـەرفراوان بـە چـاودێریی دەوڵـەت دەستپێکردبوو، چینی کرێکاری پیشەسازیی بەسەر بۆرژوازییەتی شارسـتانی بچـووکدا زاڵ بوو، بەمەش، بەشێکی زۆری شیکردنەوەکانی مارکسو ئەنگلس دەربـارەی پرۆسـە شۆڕشگێڕییەکان لە فەڕەنسـاو ئـەڵمانیادا، بەتایبـەتی شـەپۆلی گـەورەی شۆڕشـگێڕی

ئەوروپی لە ساڵی ١٨٤٨، زۆر گونجاون بۆ شیکردنەوەی ئەو ئاڵۆزییــە سیاســییانەی لــە ماوەی سەدەی بیستەمدا لە ناوچەی مینا بەدیکران.

لە راستیدا، ئەو بزاڤە نەتەوەیی‌و بۆرژوازییە بچووکانەی کە لە سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەمدا لە ناوچەکە دەرکەوتن، ژمارەیەکی زۆریان لە شەستەکاندا بەوە ناسران کە رەگوڕیشی چەپیان هەیە، بەڵام لەهەندێك سیماو تایبەتمەندییەکانیاندا لەو دیموکراتە بۆرژوازییــە بچــووکە ئەڵمانییانــە دەچــوون کــە مــارکس‌و ئــەنگلس ســاڵی ١٨٥٠ هەڵویستێکی تاکتیکی بەناوبانگیان بۆ داڕشتبوون.[٩]، لەگەڵ ئەمەشدا گوتەی سیاســی "دیموکراتە بۆرژوازییە بچووکەکان"، کە ئاماژە بوو بۆ ئەو رەوتە بۆرژوازییە بچووکانەی لە پێناو گۆڕانی نەتەوەیی- دیموکراتییدا بۆ کۆمەڵگاکانیان تێدەکۆشان (هەڵوەشاندنەوەو رەتکردنــەوەی فیــودالیزم‌و فەرمانڕەوایــەتی پاشــایەتی‌و یــەکگرتووی نەتــەوەیی) لــە شۆڕشەکانی ئایاری ١٨٤٨-١٨٤٩دا زاڵ بوو. ئەو گوتەیەی خەریك بوو لەو مانیفیستۆ کۆمۆنیزمەدا نەبن، کە مــارکس‌و ئــەنگلس بــەر لــەو شۆڕشــانە نووســیبوویان[١٠]. لــە مانیفیستۆکەدا هەڵسەنگاندنێك، بۆ ئەو ململانێ سیاسییە دژیەکانــە بەدیدەکــەین کــە سەرجەم گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە بۆرژوازییەتی بچووکیان (چینی ناوەنــدی خوارەوە) پارچەپارچە دەکرد [١١]، بەم شێوەیە:

هەرچی ئەندامانی چینی ناوەندی خوارەوەو پیشەسازیی بچووك‌و بازرگــانی بچــوك، پیشەیی‌و جوتیارە، هەموویان لەگەڵ بوۆرژوازییەتدا تێکۆشان بۆ پاراستنی بوونی خۆیان وەك چینی ناوەند. ئــەوان شۆڕشــگێڕ نــین، بــەڵکو کۆنزەرڤــاتیڤن، بگــرە دواکــەوتوون، هەوڵدەدەن رەوڕەوەی مێژوو بۆ دواوە بگەڕێننەوە. ئەگەر وا رێکەوت شۆڕشگێڕ بن ئەوا تەنها لەبەرئەوەیە لە گۆڕان‌و گواستنەوەیان بــۆ پڕۆلیتاریــا نزیکبوونەتــەوە. لەوکاتــەدا بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی داهاتوویان دەکەن، نەك بەرژەوەندییەکانی ئێســتاییان، واز لە هەڵوێستەکانیان دەهێنن، بۆ ئەوەی بەرەوە پێگەی پڕۆلیتاری هەنگاوبنێن.[١٢]

لەگەڵ ئەمەشدا، ئەو سوسەیەی سەرەوە، دەروازەیەکی زۆر بەسوود بەردەست دەکات بۆ تێگەیشــتن لــەو جەمســەرگیرییە تونــدە سیاســییەی کــە بۆرژوازییــەتی بچــوك لــە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لــە ســەدەی بیســتەم پێــی ئاشــنابووە، لــە یــەکێك لــە هــەردوو جەمسەرەکەی دیدگای سیاسیدا، بەشــێك لــە بۆرژوازییــەتی بچــوك بــوون بــەو پارتــە کۆمۆنیستانەی کە خۆیان بە پارتی کرێکاریی ناســاندووەو لــە جەمســەری بەرامبــەردا

بوون، چوونە نـاو بزاڤـە ئیسـلامییە فەندەمێنتاڵیسـتە- سـەلەفییەکان، کـە مـۆدێلی یەکەمی بریتی بوو لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ئیخوانی موسلیمین لە ساڵی ١٩٢٨دا.

بەتایبەتی. ئەو مەزەندەیەی دەڵێت "چەند بەشێك لە بۆرژواییەتی بچووك لە پێنـاو رزگارکردنی "بوونی کۆمەڵایەتییانەی خۆیاندا" دژی بۆرژوازییەت دەبن، بەمەش، ئـەو هەڵوێستە کۆنزەرڤاتیڤەیان دەپارێزنو دەبن بە "دواکەوتوو، چونکە هەوڵدەدەن رەوڕەوەی مێژوو بکەن بە دواکەوتوویەکی چەوسێنەرانە". ئەم هزرە رێنماییکەرە، کلیلێکـی زۆر باشە بۆ تێگەیشتن لە فەندەمێنتاڵیزمی-سەلەفی ئیسـلامی، کـە پرۆگرامەکـەی لەسـەر بنەمای نۆژەنکردنەوەی دامەزراوەو شەریعەتی سەرەتایی ئیسلام داڕێژراوە. بانگەشـەی نوێنەرایەتیکردنی کامڵبوونی ئەزەلی دەکەن، پێویسـتیان بـە هـیچ نییـە، بێجگـە لـە کـەمترین گونجـاویی لەگـەڵ سـەردەمە نوێیـەکان، لەراستیشـدا، سـەرجەم گرووپـە فەندەمێنتالیستە- سەلەفییە ئیسلامییەکان لەم پابەندبوونەدا هاوبەشن، کە دەشـێ لـە بنچینەدا بە یۆتۆپیای دواکەتوویی سەدەکانی ناوەڕاست وەسفبکرێت، یان ئەگـەر زیـاتر وردبینەوە دەبێ بڵێین یوکرۆنیا (uchronia)ی دواکەوتووی سەدەکانی ناوەڕاسـت، واتـا پڕۆژەیەك نیازی خۆی بۆ زیندووکردنەوەی سیستمێکی کۆمەڵایەتیو سیاسی رابردوویەکی سەدەکانی ناوەڕاست رایگەیاندووە کە گۆڕاوەو کراوە بە ئەفسانە.

لە رێگەی جەختکردنە سەر مۆتیڤی کۆمەڵایەتی- ئابووری ئەو جۆرە نۆسـتالیژیایە، تێڕوانینو بۆچوونی مارکسیزم بوار بە راڤـەکردنی بەرزبوونـەوەی ئاسـتی سیاسـی خـۆی دەدات، راڤەکردنێکی ماتریالیستانە- وەك جۆرێك لە جۆرەکانی پاشەکشەی بۆمـاوەیی خاوەن رەگوڕیشی کەلتووریی نا، بەڵکو وەك بەرپەرچدانەوەیەکی سروشـتی بـۆ هەنـدێك کەرتی ئەو بۆرژوازییەتە بچـووکە بخاتـەڕوو کـە پێشـکەوتنی سـەرمایەداری بەسـەریدا زاڵدەبێت، بەتایبەت کە ئیمپریالیزمێکی چەسپاو لە فەزایـەکی جیـاوازی کـەلتووریی، لەیەککاتدا دەبێتە مۆتیڤی ئەو پێشکەوتنەو بەلاڕێیدا دەبات. بۆ ئەم تێڕوانینو بۆچوونە قورس نییە، لە گۆڕانی بۆرژوازیی (بە بۆرژوازیکردن) تێبگات، کە بەسەر بەشێکی ئـەم بزاڤانەدا هاتووە، هەروەها سەبارەت بە بەشی گەورەی ئیخوانەکانیش بەمشـێوەیە، لـە رێگەی هاوبەندیو بەستنەوەیان بە شێخەکانی کەنداوەوە. لە راستیدا، تەنها راڤەکردنی ماتریالیستانە لەتوانایدا هەیە راڤەکردنێکی کۆمەڵایەتییانە بـۆ جیاوازییـەکانی نێـوان گرووپە فەندەمێنتالیستە- سەلەفییە ئیسـلامییە جیاجیاکـان بکـات، راڤەکردنەکـەیان جیاوازییە ئایدیۆلۆژییە لەئاراکانیان تێدەپەڕێنێت، کە تا رادەیەکی زۆر لە راڤـەکردنی

ئــاو بــە ئــاو دەچــێت. لەســەرووی ئەمەشــەوە، بڵاوبوونــەوەی ئێســتای دیــاردەی فەندەمێنتالیزم-سەلەفی ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەوانەیە روونترین راڤــەکردن بێت بۆ جیــاوازیکردن لــە رۆڵــی ئیمپریــالیزمی رۆژئــاوایی، لەوکاتــەی پارێزگــاری لــە تایبەتمەندییە کۆنەکان دەکاتو لە روانگەی کــەلتووری خۆرئــاواوە، دواکــەتووە. تــەواو روونو ئاشکرایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لــەو هاوپەیمانێتییەیــدا لەگــەڵ شانشینی سعودییە بە درێژایی چەندین دەیە، بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ململانێکانیــدا لەگەڵ هێزە نەتەوەییو کۆمۆنیستە چەپەکان لــە ناوچــەکەدا، ســەلەفییەتی ئیســلامی بەکارهێناوە. ئەم بەکارهێنانە گەیشتە ئەوپەڕی ئاستی خــۆی، ئــەو کاتــەی واشــنتۆنو سعودییە، لەگەڵیشیدا دامــەزراوە ســەربازییەکانی پاکســتان، یارمــەتییان بــە گرووپــە ئیسلامییە سەلەفییەکان بەخشی، بۆ دژایەتیکردنی داگیرکاریی یەکێتیی ســۆڤیەت لــە ئەفغانستانو هەروەها ئەو رژێمەی کە شوێنی گرتەوە. ئەمڕۆکەش لای هــەمووان روونو ئاشکرایە، ئەم ئەزموونە بــواری بــۆ هــاتنو مەشــقپێکردنی توندوتیــژترین شــێوەکانی سەلەفیەتی ئیسلامی رەخساند، کە دیارترینیان رێکخراوی "قاعیدە" بوو.

راســتییەك هەیــە کــەمتر گرنگــی پێــدراوە، ئــەویش ئەوەیــە، کاتێــك ویلایەتــە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، عێراقی بۆ لەکارلادانی رژێم داگیرکــرد، هەرچــەندە رژێمەکــە وادادەنرا مۆدێرنەیەکی عەلمانی بێت، لەگەڵ خۆیدا کۆمــەڵێك هێــزی فەندەمێنتاڵیســتی رەنگاوڕەنگی هێنا، وەك "ئەنجومەنی باڵای شۆڕشــی ئیســلامی لــە عێــراق"و "حزبــی دەعوەی ئیســلامی"و "حزبــی ئیســلامی عێــراق". دەســەڵاتی کــاتیی هاوپــەیمانانیش بەسەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەم پارتە ئیسلامییانەی کــرد بــە بەشــێك لــەو ئەنجومەنە فەرمانڕەواییەی بەماوەیەکی کەم دوای داگیرکردنەکە دایمەزراندبوو. لە رێگەی تواناداركردنی هێزی ئایینی- تایەفەگەری لەو شــێوەیە، لەگــەڵ هەڵوەشــاندنەوەی ئــەو دامەزراوە سەرەکییە فیدرالییانەی کە رژێمی پێشوو دروستی کردبــوون، ئەمەشــیان بــە ئامانجی دەستەبەرکردنی لاپەڕەیەکی سپی بوو بۆ خەونە گەمژانەییەکــەی کۆنزەرڤاتیڤــە نوێیەکان لە چەسپاندنی "دیموکراسی"دا، کــەوا پێیــانوابوو دەیکــەن بــە مۆدێلێــك بــۆ تەواوی ناوچەکە. داگیرکاریی ئەمریکی رۆڵێکی ســەرەکی هــەبوو لــە رێگــەدان بــەوەی دینــامیکی سیاســی لــە عێراقــدا واڵــا بێــتو وایکــرد بــە خێرایــی تــەواوی لایەنــە فەندەمێنتالیستو سەلەفییە ئیسلامییەکان دەستی بەســەردابگرنو تێیــدا هێــزە هــەرە توندوتیژەکەشی گرتەوە کە "رێکخــراوی قاعیــدە"بــوو، پاشــانیش بــوو بــە "دەوڵــەتی

ئیسلامی لە عێراق"و دواتر گۆڕا بۆ "دەوڵـەتی ئیسـلامی لـە عێـراقو شـام" ئینجـا "دەوڵەتی ئیسلامی"، بێ هیچ ئیزافەیەکی شوێنیی بۆ ناوو باڵـەکانی کـە تائێسـتایش بەردەوامن. بەڵام گۆڕانی سیاسەتی ئەمریکا تا ئەو رادەیـە لـە عێراقـدا بـووە هـۆی ئەوەی رۆڵی گرنگ بە ئێران ببەخشێت، هەرچەندە سەرسەختترین دوژمنیشـیەتی، ئـەوا هیچ شتێك نییە بێجگە لە دیمەنێکی زۆر روونو ئاشکرای دەرەنجامی پـلان بۆدارێـژراو، بەمەبەستی دەستێوەردانی ئیقلیمی لەلایەن واشنتۆنەوە.

## رێڕەوی کرێخۆر (رەیعی)

شیکردنەوەی مارکسیانە بۆ رانتو مۆدێلی کرێخۆریی (رانتخۆریی)، وەك لە کتێبی سەرمایەدا دارێژراوە، ئامرازێکی دیکەی جێبـەجێکاری میحوەرییـە لـە شـیکردنەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا، ئەمـەش بـە تایبـەت لەبـەر گرنگـی یـەدەگی نـەوتو غـازی ناوچەکەو دواتر لەبەر گرنگیو بایەخی کرێخۆری نەوت و غـاز (کرێخـۆری کـانزایی) لـە پێکهێنـانی ئـابوریو سیاسـەتەکەیدا، هـەروەك مـارکس خـۆی دووپاتیکردۆتـەوە، شـیکردنەوەکەی بـۆ کرێخـۆری کشـوکاڵی (بەشـێوەیەکی گشـتی بەسـەر کرێخـۆریی کانزاییشدا جێبەجێدەبێت)"[١٣]، تەنانـەت لەگـەڵ بـوونی جیاوازییـەکی روون لـەنێوان کرێخۆری زەویو کرێخۆری کشتوکاڵیو کانزایی، مارکس لە بەرگی سێیەمی سەرمایەدا ئاماژەی پێداوە. بەمەش، شیکردنەوەی مارکس بـۆ رێـڕەوی کرێخـۆریی سـەرەتایەکی گرنگی بۆ تێگەیشتن لە رەفتارو رۆڵی ئەو ئابووریزانانە دەخاتـەڕوو کـەوا ئـەو گـروپو جۆرە کرێخۆرانە لەیەکتر جیادەکەنەوە کە لە ناوچـەی مینـا فەرمانڕەوایـەتی "وڵاتـانی کرێخۆر" دەکەن بۆ نموونـە: شـێخە دەوڵەمەنـدە نەوتییـەکانی ئەنجومـەنی هاریکـاریی کەنداو. بەشێك لە "زێدەبایی" رانتی ئەو نەوتو غازەی ئەم وڵاتانە هەیانـە، حەواڵـەی سەرمایەی نیمچە رانتی دەکرێت، لەرێگەی قەرزدان بە وڵاتە پیشەسـازییەکان بـەکڕینی قەواڵەی گشتی قەرز، کە دەبێتە هۆی زیاتربوونی قەرزی گشتی، ئـەوەی کـە- لـەدوای ئەوەی "یەکێك لە بەهێزترین جولێنەرەکانی کەڵەکەبوونی سەرەتایی بوو"[١٤]- خەریکە دەبێتە بەشێکی سەرەکی پرۆسەی مەزەندەکردنو هەژموونی ئەو سەرمایەدارابیەی خۆی لە جەرگەی سەرمایەداری نیولیبراڵیزمی هەنووکەدا دەبینێتەوە.[١٥]

شـێخەکانی نـەوت بـەکاردەهێنرێت[١٧]. لەگـەڵ ئەمەشـدا بـەهۆی کەمتەرخـەمی لـە دەنگدانــەوەو ئاشــکرایی دامــەزراوە سیاســییەکانو پێشــکەوتنە مێژووییەکانیانــەوە، کەلــەپوری مارکســی ئــامرازی گونجــاو بــۆ راڤــەی بــە تــاکڕەویکردنی وڵاتــانی "بۆماوەیی"پێشکەش ناکات، کە ئەو ناوچـەیەی پێدەناسـرێتەوە، بەهـەمان شـێوە بـۆ راڤەکردنی مەیلی زۆربەی ئەو سیسـتمانەی ئـەم جـۆرە پێکهاتـەیان بـەلاوە پەسـەندە. بەشدارییەکانی ماکس ڤیبـەر لـە سۆسـیۆلۆژیای سیاسـی، کـە مۆدێلـە دامەزراوەییـە دەوڵەمەندەکـەی قـەرەبووی ئـەم لاوازییــەی مارکسـیزمی کردووەتـەوە، لەمبارەیـەوە تەواوکارییەکی سوودبەخش پێشکەش دەکات- بەڵام، جارێکی تر، بەو مەرجەی پاساوو گوتەکانی لەگەڵ شیکاری چینایەتیدا بگونجێنو لە سۆراخو قووڵبوونەوەی بەرژەوەندییـە ماترياليیەکاندا بێت.

## شۆڕش و "بەهاری عەرەبی"

دواجار، ئـەو راپەڕینـە عەرەبییـە سەرنجڕاکێشـانەی کـە لـە ٢٠١١ سـەریانهەڵدا، وێنەیەکی نموونەیی بۆ تیۆرەکەی مارکس دەربارەی شۆڕش نیشـاندا، کـە لـەدەرەنجامی بەریەککەوتنی نێوان پێشکەوتنی هێزە بەرهەمهێنـەرەکان لەلایـەکو ئـەو پەیوەندییـە بەرهەمهێنانەی کە لەبەردەم ئەم پێشکەوتنەدا دەبنە بەربەسـت لەلایـەکی تـرو لەگـەڵ لایەنە سیاسیە پارێزەرەکانی سەرهەڵدەدەن. خستنەڕووەکەی مـارکس بـۆ ئـەم تیۆرییـە کورتترە لە پوختەی راڤەکردنە ماترياليیەکەی بۆ ئەو گۆڕانە مێژووییـەی سـاڵی ١٨٥٩ دایڕشتووە: "هێزە بەرهەمهێنەرە ماترياليیەکانی کۆمەڵگا، لە قۆناغێکی دیـاریکراوی پێشکەوتنیاندا، لەگەڵ پەیوەندی لەئارای بەرهەمهێناندا دەکەونە ناو دژیەکییەکو ئـەو پەیوەندییانە لە فۆرمی پێشکەوتنی هێزە بەرهەمهێنەرەکانەوە بـۆ کۆتوبەنـد لەبـەردەم بەرهەمهێنانی لەئارادا دەگۆڕێنو دەبنە بە بەربەست. لەو کاتەشدا سـەردەمی شۆڕشـی کۆمەڵایەتی دەستپێدەکات"[١٨].

راپەڕینەکە سـاڵی ٢٠١١ لـەو ناوچـانەدا سـەریهەڵدا،کە بەدرێـژایی چـەندین سـاڵ بەدەسـت دارمـانو پـەنگخواردنی گەشـەی ئابووریيـەوە دەیانناڵانـد، لەتـەك تێکـڕاو ژمارەیەکی گـەورەی بێکـاریی بەشـیو بێکـاریی تـەواودا ئامرازەکـانی شـیکردنەوەی مارکسیانە بوارمان پێدەدەن، هۆکاری بەربەستی ئەو گەشەکردنە دەستنیشانبکەینو بـە

وردی ناوئاخنەکەی لەو پەیوەندییە ناوازەیەی نێوان چینەکەو دەوڵەتدا دیاریبکەین، کە ناوچەکەی پێدەناسرێتەوە. لەم دۆخەدا، ناکرێ بە واتای مۆدێلی کۆمەڵایەتی- تەواو یاسایی بۆ رەتاندن- لە "پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان" تێبگەین، تەنانەت ئەگەر دڵنیاش بین لەوەی ئەم پەیوەندییانە سەرمایەدارین، بەو واتایەی، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نا- بگرە بە واتای کۆنتێکستی سەرمایەداریی کۆمەڵایەتی- یاسایی تایبەتی، کە تێیدا هێزە بەرهەمهێنەرەکان پێشدەکەون، یان لەجیاتی لەناوەوەیدا گەمارۆدەدرێن‌و گیر دەخۆن.[19] ئەم کۆنتێکستو ناوکۆیە لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، دەستەبژێرێکی دەسەڵات بەسەریدا زاڵە، بۆماوەیی‌و- بۆماوەیی نوێن، لە بارودۆخی کرێخۆریی یان نیو کرێخۆرییدان. ئەم فۆرمە تایبەتە سەرمایەدارییەکی تایبەتی "دیاریکراوی سیاسی" بەرهەمدەهێنێت- ئەگەر لێرەدا یەکێك لە وەسفەکانی ڤیبەر گریمانە بکەین[20]، ئەمەش بە دوو واتا، بەوەی کە بەندە بە پەیوەستبوون بە دەسەڵاتی سیاسیی (سەرمایەداریی مەحسوبییەت) هەروەك لە غیاب و نەبوونی سەروەری یاساو ناسەقامگیریی بارودۆخی سیاسیدا دیاریکراون، ئەوانەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەبەردەم پلاندانەکاندا دەبنە رێگرو سنوور بۆ ئەو سەرکێشییە دوورمەودایانە دادەنێن، کە تایبەتن بەو جۆرە وەبەرهێنانەی بۆ گەشەپێدان گونجاوترن.

لە ئەنجامی هاوبەندییەکەی لەگەڵ سنوورداربوونی رۆڵی گەشەپێدەری دەوڵەتدا- لە سەرەتای حەفتاکان لە هەندێك وڵات، لە نەوەدەکانیش لە زۆربەی وڵاتانی دیکەدا- نیولیبرالیزم دەیویست چالاکی کەرتی تایبەت سەرکەوێت‌و سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتیش سەپاندی. ئەو تایبەتمەندییانەی لە سەرەوەش ئاماژەیان پێدرا بوونە هۆی دابەزینی ئاستی کۆی وەبەرهێنان، پاشان بوونە هۆی دابەزین‌و کەمبوونەوەی گەشەی ئابووریی. سەرەنجام بێکاریی پەنهان‌و شاراوە لە کەرتی نافەرمیدا بەرێژەیەکی زۆر بەرزبووەوە، هەروەها- بەتایبەت- بووە هۆی بەرزبوونەوەیەکی گەورەی بێکاریی ئاشکرا، بەتایبەت لە نێو لاواندا، بەوەی کە ناوچەی مینا لەو بوارەدا لەسەر ئاستی جیهان لە ریزبەندی یەکەمدایە. ئەو خراپ بەکارهێنانەی سەرچاوەی مرۆیی- "هێزی کارە" کە بەگوێرەی پێناسەکەی مارکس لەگەڵ "ئامرازەکانی بەرهەمهێنان"دا "هێزی بەرهەمهێنان" پێکدەهێنن‌و بگرە دەرەنجامێکی سروشتییە، بەو پێیەی "پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان" وەك "کۆتوبەند" کار لەسەر "پێشکەوتنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان" دەکەن.[21] لە دیدی مارکسیزمدا، ئەمە هۆکارە شاراوەکەی پشت

ئەو رووداوە مەترسیدارانە بوو کە ساڵی ٢٠١١ لە "بەهاری عەرەبی"دا پایەی وڵاتانی عەرەبی هەژاند. وەك دەرەنجامێکی پێویستیش بۆ ئەم شیکردنەوەیە "بەهاری عەرەبی" قۆناغێکی کورتو ئاسان نەبوو لە گواستنەوەی ئەو دیموکراسیەتەی بە گۆڕانکاریی دەستووریو هەڵبژاردنی ئازاد دەچەسپێت، هەروەك لۆژیکی سیاسی زاڵی جیهانی پێیوایە، بگرە هیچ نەبوو بێجگە لە "سەردەمێکی شۆڕشی کۆمەڵایەتی"، بەدەربڕینێکی تر، "بەهاری عەرەبی" هیچ نەبوو بێجگە لە قۆناغی یەکەمی پرۆسەیەکی شۆڕشگێڕیی درێژمەودا، کە ناتوانێت بەبێ گۆڕانێکی ریشەیی-کۆمەڵایەتی- سیاسی سەقامگیر بێتو پێشکەوتنی هێزە بەرهەمهێنەرەکانی ناوچەکەو لەدەست ئەو کۆتوبەندانەدا ئازاد بکات، کە بەسەریدا سەپێنراون، ئەگەرنا، ناوچەکە روبەڕووی مەترسی قەیرانێکی درێژمەوداو دارِمان دەبێتەوە، لەگەڵ دووبارەبوونەوەی رووداوی توندوتیژیی چڕوپڕ. تەنها تێگەیشتنی مارکسی بۆ سروشتی گۆڕانکاریی پێویست لەپێناو ئازادکردنی گەشەپێدانی ناوچەکە لە کۆتوبەندەکانی، توانای درکپێکردنی هەیە، بەوپێیەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ئاڵۆزیو ئاژاوەی کۆمەڵایەتیو سیاسیدا، چووەتە نێو سەردەمێکی مێژوویی درێژمەودا.

**تەواوکەری پەراوێزەکانی بەشی یەکەم:**

١٩. بۆ خستنەڕووی قسەکردن دەربارەی ئەو مشتومڕانە و زیاتریش لەسەر پێشکەشکردنی بەشداریی رەسەن، بڕوانە:

Alexander Anievas and Kerem Nisancioglu،How West Came to Rule: The Geopolitical Origins if Capitalism،London: Pluto Press, 2015.

20-Karl Marx, Capital, Volume 1, trans. Ben Fowkes with an introduction by Ernest Mandel, Harmondsworth: Penguin Books, 1976, p. 874

21- I bid. P. 926

٢٢. دەربارەی ئەزموونی گەشەی لەباربراوی میسر لە سەدەی نۆزدەیەم، بڕوانە:

Afaf Lutfi Al-Sayyid Marsot, Egypt in the Reign of Muhammed Ali،Cambridge. Cambridge University Press, 1984.

هەروەها بڕوانە:

Peter Gran, Egypt, 1760-1840،Austin: University of Texas Press, 1979.

22-nd expanded edition: Syracuse: Syracuse University Press,1998(

هەروەها ئەو مشتومڕەی لێیکەوتەوە

23-Karl Marx. " Drafts of the letters to Vera Zasulich" and "Letter to Vera Zasulich"( March 1881), MECW, vol. 24,pp,346-371.

See Theodor Shanin, ed Late Marx and the Russian Rood:Marx and Peripheries of Capitalism, New York: Monthly Review Press, 1983.

24-Leon Trotsky, History of the Russian Revoultion, trans. Max Eastman.

Chicago: Haymarket, 2008, chapter 1,"peculiaeities of Rusias Development."

**-سەرچاوەکانی بەشی دووەم:**

1-Maximilien Rubel, Karl Marx devant le bonapartisme, The Hague: Mouton & Co, 1960, p. 150 – 151

2-Hal Draper, Karl Marxs Theory of Revolution, Vol. I: State and Bureaucracy, New York: Monthly Review Press, 1977.

. ا بەشەکانی ١٥ - ١٨ کە بۆ پرسی پۆناپارتیزم تەرخانکراون

3-Karl Marx, The Civil War in France, in MECW, vol. 22, p. 330

٤. هەمان سەرچاوە.

٥. هەمان سەرچاوە

٦. هەمان سەرچاوە.

7-Karl Marx, The Eighteenth Brumaire of Louis Bonaparte, MECW, vol. 11, p. 194.

8-Draper, Karl Marxs Theory of Revolution, pp. 444 – 451.

9-Karl Marx and Frederick Engels, «Address of the Central Authority to the League» (March 1850), MECW, vol. 10, pp. 277 – 287.

١٠.بێجگە لە هەردوو ئاماژە بۆ دیموکراتە کۆمەڵایەتییەکان لە بەشی کۆتایی مانیفێستۆکەدا.

١١. وەرگێڕانی ئینگلیزییە بۆ وشەیMittelstände ی ئەڵمانی، کە دەکرێ وەریبگێڕین بۆ«چینەکانی ناوەند» یان «بۆرژوازییەتی بچووک». ئەمەش بۆ ریزبەندی چینە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە لەبەر بایەخی ئەرستۆکراتی پشتپێبەستراو لەسەر زەویدا، بەوەی کە وشەی «middle» (ناوەڕاست) لە گوزارشتی«middle class» (چینی ناوەند) بە گشتی دەدرایە پاڵ بۆرژوازییەت. لێەوە وشەی "خوارەوە" وەك هاوتای وشەی "بچووك" هاتووە.

12-Marx and Engels, Manifesto of the Communist Party, p. 494. (ص ٩١ کۆپییە عەرەبییەکەی- و. العفیف الأخضر)

13-Karl Marx, Capital, Volume 3, trans. David Fernbach with an introduction by Ernest Mandel, Harmondsworth: Penguin Books, 1981, p. 787. (چاپی عەرەبی (و. فالح عبد الجبّار): ٣، ص ٧٦٠)

14-Karl Marx, Capital, Volume 1, p. 919. (چاپی عەرەبی: بەرگی ١، ص ٩٢٩)

١٥.لەپێناو شیکردنەوەیەکی کورت بۆ ئەو دیاردەیە، بڕوانە

Wolfgang Streeck, The Politics of Public Debt, Capitalist Development, and the Restructuring of the State, Cologne: Max Planck Institute for the Study of Societies, 2013 (pape«، وانظـر للمؤلّـف نفسـه).How Will Capitalism End?», New Left Review, 87, May - June 2014, pp. 35 – 64

16-Marx, Capital, Volume 1, p. 919. (چاپی عەرەبی: بەرگی ١، ص٩٢٩)

١٧.لە پێناو خستنەڕووی ئەو ئەدەبیاتە، بڕوانە

Matthew Gray, A Theory of «Late Rentierism» in the Arab States of the Gulf, Doha: Center for International and Regional Studies, Georgetown University School of Foreign Service in Qatar, 2011 (paper(

18-Marx, Preface to A Contribution to the Critique of Political Economy, p. 263

**-سەرچاوە: گۆڤاری بدایات- ژمارەکانی (٢٠-٢١-٢٢)- ٢٠١٩**

# له ماڵ خزاندن



**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئاوات ئەحمەد سوڵتان**

لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەدا، کاتێك لە شارێکدا تاعوون (ڕەشەگرانەتا) بڵاودەبۆوە، بەپێی یاسا، ئەم ڕێوشوێنانەی خوارەوە دەگیرانەبەر:

سەرەتا شوێنەکە گەمارۆ دەدرا: شارو دوروبەری بەتەواوەتی دادەخرا" هەرکەس لێی دەربچووایە سزای مەرگی بەسەردا دەسەپێنرا، هەموو گیانەوەرە بەرەڵاکان لەناودەبران" شار لەتوپەت دەکرا بۆ چەند گەڕەکێکی جیاو هەر گەڕەکێك دەکەوتە ژێر دەسەڵاتی سەرپەرشتیارێکەوە، هەر شەقامێك دەخرایە ژێر دەسەڵاتی کارگێڕێکەوە" خۆی چاودێریی دەکردو ئەگەر جێی بهێشتایە سزای مەرگی بەسەردا دەدرا.

ڕۆژێك دیاریی دەكرا، داوا لە هەمووان دەكرا دەرگـای ماڵـەكانیان بەسـەر خۆیانـدا دابخەن: هاتنە دەرەوە سزای مەرگی هـەبوو. كارگێڕەكـە دەهـاتو لـە دەرەوە دەرگـای هەموو ماڵێكی دادەخستو كلیلەكەی دەبردو ڕادەستی سەرپەرشتیاری گەڕەكی دەكرد“ ئەویش تا كۆتایی دەسبەسەركردنی چل ڕۆژە (كارانتینا) لای خۆی هەڵی دەگرت. ئێستا هەموو خێزانێك زەخیرەی خۆی ئامادە كردووە“ بۆ نانو شەرابیش، چەند كونێكی دارین هەبوون لێیەوە شت ڕەوانەی ژوورەوە دەكرا. بەشی هەر كەسێك لەو كونانەوە دەگەیشت، بێ ئەوەی هیچ بەركەوتنێك لەنێوان دابینكـەرانو دانیشـتوواندا هـەبێت“ بـۆ گۆشـتو ماسیو گژوگیاكانیش، هەموو دەخرانە ناو سەبەتەوەو بە تەختەو بەكرە بەرزدەكرانـەوەو دەخرانەناو ماڵەكانەوە.

ئەگەر هەر زۆریش پێویستی بكردایە لەماڵ دەربچن، ئەوە دەبوو بە نۆرە بێتو خـۆ لە هەموو یـەكتر بینینێـك دەپـارێزرا. كـەس لـە شـاردا پیاسـەی نـەدەكرد جگـە لـە سەرپەرشـتیارو كارگێڕەكـانو سـەربازە پاسـەوانەكان. "قەلـەڕەش"ەكان لای ماڵـە تووشـبووەكان دەسـوڕانەوەو بەسـەر لاشـەكاندا دەگـەڕان، گـوێ نەدەدرایـە مردنیـان. قەلەڕەشەكان خەڵكانی ڕیسواو تڕۆ بـوون، نەخۆشـەكانیان دەگواسـتەوەو مردووەكانیـان دەخستە چاڵ، شوێنەكانیان خاوێندەكردەوە، گەلێك كاری سووكو چرووكیان ئەنجام دەدا. فەزایەكی مەنگو چەقبەستوو بوو. هەر كەس وابەسـتەی جێگـای خـۆی بـوو. ئەگـەر بجووڵایە لەسەر ژیانی دەكەوت، بە تاعون یان سزا.

پشكنین بێ ڕاوەستانە. بەوریایی سەیری هـەموو شـوێنێك دەكرێـت: "جەسـتەیەكی زەبـەلاحی میلیشـیایی، لـەژێر فـەرمانی ئەفسـەری چـاكو خـەڵكانی سـەنگیندا"، سـەنتەرەكانی پاسـەوانیی لەبـەردەرگاكانو لای شـارەوانی شـار وەسـتاون، لەهـەموو گەڕەكەكانن بۆ سەپاندنی گوێڕایەڵی خێرا بەسەر هـەموو كەسـدا، ئاگایـان لـە هـەموو شتێكەو دەسەڵاتی ڕەهای سەرپەرشتیاران پیـادە دەبێـت "بـۆ چـاودێریكردنی هـەموو سەرپێچییەكو هەمو دزیو فزیو ڕاوەڕووتێك." لـە هـەر دەروازەیـەكی شـاردا تیمـی چاودێری هەیە“ لەكۆتایی هەر شەقامێكدا پاسەوان هەیە. هەموو ڕۆژێك سەرپەرشـتیار سەردانی ئەو گەڕەكە دەكات كە خۆی لێی بەرپرسە، لە ئەنجامدانی ئەركی كارگێڕەكـان دەپرسێتەوە، دەیەوێت بزانێت دانیشتوان سكاڵایان دژیان هەیە“ چونكە ئەوان چـاودێری كارەكانیانن.

هەموو ڕۆژێك، كارگێڕ بەو شەقامەدا دەڕوات كە بەرپرسیارێتی ئەوە، لەبەردەمی هەموو ماڵێكدا دەوەستێت" داوا لە خەڵكەكەی دەكات لە پشتی پەنجەرەوە بوەستن (ئەوانەی لە نهۆمی زەمینین پەنجەرەیەكیان لەسەر شەقامەكە بۆ تەرخان دەكرێت كە غەیری ئەوان كەسی تری لێ دەرناكەوێت)" یەكە یەكە هەموو كەسێك بەناوی خۆیەوە بانگ دەكات، یەك یەك لە حاڵی هەمووان دەپرسێتەوە، داوایان لێ دەكات هەقیقەت بڵێن، ئەگەرنا دەكوژرێن" ئەگەر كەسێك نەهاتە بەر پەنجەرەكە، كارگێڕ دەپرسێت هۆی چیە: بەوەش بە سانایی بۆی دەردەكەوێت ئەگەر ئەوانە مردوو یان نەخۆش بشارنەوە. هەر تاكێك لەناو قەفەزی خۆیدا زیندانییە، هەر تاكێك لەبەر پەنجەرەكەیدا كە ناوی دێت وەڵام دەداتەوە، ئەگەر داوای لێ بكرێت خۆی نمایش دەكات. ئەمەیە پێداچوونەوە مەزنەكەی زیندووەكانو مردووەكان.

ئەم سانسۆرە شانی لەسەر سیستمی تۆماركردنی بەردەوام دامەزراوە: ڕاپۆرتەكانی كارگێڕان بۆ سەرپەرشتیاران، ڕاپۆرتەكانی سەرپەرشتیاران بۆ بریكارانی پارێزگار یان بۆ پارێزگار. لە سەرەتای "كلۆمدان"دا، خشتەیەكی ئاماریی بۆ هەموو دانیشتوانی ئامادەی ناو شار، یەك بە یەك ئامادە دەكرێت. خشتەكە "ناو، تەمەن، ڕەگەز، بێ گوێدانە باری كۆمەڵایەتییان، دەگرێتەوە.": كۆپییەكی خشتەكە دەدرێتە دەستی سەرپەرشتیاری بەرپرس لە گەڕەك، كۆپییەكی دیكەی بۆ ئۆفیسی شارەوانیی شار، كۆپی سێهەمی بۆ كارگێڕ دەمێنێتەوە تا ڕۆژانە بەسەریان بكاتەوە. لەماوەی سەردانەكاندا، سەرنجی هەرچی شتێك بدرێت -مردوو، نەخۆش، داواكاریی، سەرپێچی- هەمووی تۆمار دەكرێتو دەگوێزرێتەوە بۆ سەرپەرشتیارانو فەرمانڕەوایان. ئەوانە بەتەواویی سەرپشكن لە مەسەلەی چارەسەری پزیشكیدا" پزیشكێكی بەرپرس دەستنیشان دەكرێتو بوار بە هیچ پزیشكێكی دیكە نادرێت چارەسەر بكات، هیچ دەرمانسازێك بۆی نیە دەرمان ئامادە بكات، هیچ كەس بێ مۆڵەتی پزیشكەكە، پسوڵەیەكی نوسراو، سەردانی نەخۆش ناكات "ئەمەش بۆ ڕێگرییكردن لە شاردنەوەو چارەسەركردنی ئەوانەی تاعونیان گرتووە، بەجۆرێك كە بەرپرسان لێی ئاگادار نەبن" هەروەها ئەوەش واجیبە لەسەریان كە بەردەوام و بەشێوەیەكی ناوەندیی هەموو شتێك لەبارەی نەخۆشییەكەوە تۆمار بكەن. پێویستە ڕاپۆرتەكان لەبارەی نەخۆشكەوتنو مردنی هەر كەسێكەوە بە ئاستەكانی دەسەڵاتدا تێبپەڕێت، هەروەها ئەو تۆمارەش كە لەمبارەیەوە ئامادەی دەكەن و ئەو بڕیارانەش كە دەیاندەن، ئەوانیش بە ئاستەكانی دەسەڵاتدا دەڕوات.

لقی لێ دەبێتەوە، تا بەتەواوەتی دەوری تاك دەگرێت، هەر نیشانەیەکی هەیە، هەرچی هەیە، هەرچی بەسەردێت. تاعون تێکەڵەیەکە لە (حاڵەتێکی پشێویی)و دیسپلین دەسەڵاتی خۆی بەسەردا دەسەپێنێت، شیتاڵ شیتاڵی دەکات.

تاعون وەهمێکی ئەدەبیی خۆی هەیە، وەك وەهمی جەژنکردن وایە: هەڵپەساردنی یاساکان، کردنی ئەوەی نابێت بکرێت، هەراو زەنا، تێکەڵبوونو تێکرژانی بێرێزانەی جەستەکان، تاکەکان کە دەمامکەکانیان لادەبەن، دەسبەردار شوناسو پلەوپایەکانیان دەبن، واز لەو وێنەیە دەهێنن کە پێی دەناسران. هەموو ئەمانە هەقیقەتێکی دیکەی تەواو جیاواز دەردەخەن. لەبەرئەوە، هەمیشە خەونێکی سیاسی لەبارەی تاعونەوە لەگۆڕێ بووە، کە وێنەیەکی تەواو جیاوازی پێ داوە: وێنەی جەژنی پێکەوەیی‌و دەستەجەمی نا، بەڵکو بەشدارییکردنە تەواو بەوردیی ڕێکخراوەکان" وێنەی یاسا پێشێلکراوەکان نا، بەڵکو دیسپلین‌و زەبتورەبت هەتا وردترین وردەکارییەکانی بوون، بەهۆی پلەبەندییەکی تۆکمەوە، کە زامنی ئەوە دەکات دەسەڵات وەك دەزولە شۆڕببێتەوەو کاری خۆی بکات. ئەو دەمامکانە نا کە دەپۆشرێن‌و لادەبرێن، بەڵکو دیاریکردنی هەر تاکێك بە ناوی "ڕاستەقینە"ی خۆی‌و بە شوێنی "ڕاستەقینە"ی خۆی‌و بە جەستەی "ڕاستەقینە"ی خۆی‌و بە "نەخۆشیی" ڕاستەقینە. تاعون بەوجۆرەی هەیە، شێوەیەکی هەم واقیعی‌و هەم خەیاڵیی پشێوییە لە یەك کاتدا، چونکە وابەستەی پێوەستێکی پزیشکی‌و سیاسییە، ئەویش دیسپلینە. لە پشتی هەموو ئامادەکارییە دیسپلینییەکانەوە، وەسواسی "درم" لە تاعونەوە دەردەکەوێت، وەسواسی ڕاپەڕین‌و تاوانکاریی، تەرەبوون‌و هەڵاتن، ئەو خەڵکانەی دەردەکەون‌و دیار نامێنن، لەناو پشێوییدا دەژین‌و دەمرن.

ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە گەریی بۆتە هۆی سەرهەڵدانی سروتەکانی دوورخستنەوە، کە تا ڕادەیەك نمونەو شێوەی تەواوی "بەندکردنی مەزن"ی پێشکەش کردووە، ئەوا تاعون، لای خۆیەوە، هۆی دروستکردنی چوارچێوە دیسپلینیەکانە. لەبری دابەشکردنی تۆکمەو دوانەیی، لەنێوان هەندێك‌و هەندێکی دیکەدا، پێویستی بە جیاکردنەوەی فرەلایەنە، دابەشکردنی تاکانەیە، ڕێکخستنی قووڵی سانسۆرەکان‌و شێوەکانی چاودێرییە، پێویستی بە شۆڕکردنەوەو لقلێکردنەوەی زۆری دەسەڵاتە.

لەتوێی ڕێوشوێنی توردان یان فرێدان یاخود دوورخستنەوە — دەسبەسەرکردندا مامەڵە لەگەڵ گەرو گولدا دەکرێت" لێی دەگەڕێن وێڵ ببێت وەك ئەوەی بوونی ئەو لە

بەهای کۆمەڵ دابـەزێنێت" گەڕەکان دەبڕێنە دەرەوە، بەڵام ئەوانـەی تاعـونیـان گرتـووە گـەمارۆ دەدرێـن‌و لـەناو فەزایـەکی دەورگـیراوی تاکتیکیـدا دەهێڵرێنـەوە، تێیـدا جیاکردنەوەی تاکەکان ئەنجامی زۆرەملێی دەسەڵاتێکە کە تابێت سەختتر دەبێت، زیـاتر دەبێت، بەدەوری خۆیدا پێچ دەخوات، لق‌وپۆپ و پەلهاویشتنی زیاتر دەبێت.

لەلایەکەوە "بەنـدکردنی گـەورە" هەیـە، لـە لایـەکی دیکەشـەوە هەڵسـەنگاندن‌و ڕێکخستنی بـاش هەیـە. گـەڕی دابـڕینی هەیـە، تـاعـوون‌و دابەشـکردنەکانی هەیـە. یەکەمیان مۆر لێدەدات (نیشان دەکات)، دووهەمیان شیتەڵ دەکات‌و دابـەش دەکـات. دوورخستنەوەی گەڕو ڕاگرتنی تاعون، لەگەڵ خۆیاندا هەمان خەونی سیاسی هـەڵناگرن" یەکەم خـەونی پێکهێنـانی کۆمـەڵێکی هاوچـوونە، کۆمـەڵێکی پوخـت، دووهـەمیش خەونبینینە بە کۆمەڵگایەکی دامرکێنراو. ئەمانە دوو شێوازن لە پیادەکردنی دەسەڵات بەسـەر خەڵکـدا، کـۆنترۆڵکردنی پەیوەندییـەکانیان، هەڵوەشـاندنی پێکهاتـە مەترسیدارەکانیان. ئەوشاری دووچاری تاعوون بـووە، هـەموو شـتێکی بـەپێی پلەیـە، چاودێریی، بینین‌و نوسینە (تۆمارکردن)، شارێکی سڕکراوە لە چوارچـێوەی وەزیفییانـەی دەسـەڵاتێکی فراوانخـوازدا، کـە دەگاتـە هـەموو تەنـە تاکانـەکان — ئەمـە یۆتۆپیـای حوکمڕانیکردنی شارە بە تەواوەتی. تاعون (لانیکەم ئەو تاعونەی ترس لە بڵاوبوونـەوەی هەیە)، تاقیکردنەوەیەکە دەتوانین بەهۆیـەوە، بەشـێوەیەکی زۆر نمونـەیی مومارەسـەی دەسەڵاتی دیسپلینکەر، دیاریی بکەین. یاسادانەرەکان بۆ ئـەوەی بەشـێوەیەکی ڕەهـاو پەتی هەڵسوکەوت بە یاساو مافـەکان بکـەن، ئـەوە بەشـێوەیەکی ئەندێشـەیی خۆیـان دەخەنە حاڵەتی سروشتییەوە" فـەرمانڕەواکانیش بـۆ ئـەوەی بەچـاوی خۆیـان چـۆنێتی کارکردنی زەبتوڕەبتەکان ببینن، خەون بە حاڵەتی تاعونەوە دەبینن. بەمجۆرە لە بناغـەی پێکهاتە دیسپلینییەکاندا، وێنەی تاعون بۆ هـەموو حاڵەتـە ناڕۆشـنەکان، بـۆ هـەموو پشێوییەکان دەبێت، ڕێـك وەك چـۆن وێنـەی گـەڕی کـاری خـۆی دەکـات لەسـەر ئـەو پەیوەندییەی کە دەبێت بپچڕێنرێت‌و بەکەڵکی ئەوە دێت بکرێتە بناغـە بـۆ شـێوەکانی چەوساندنەوە. کەواتە، ئەوانە شێوەی جیاوازن، بەڵام پەرتوبڵاو نین، بەڵکو دەیانبینین بـە هێمنی لێك نزیك دەبنەوە" یەکێك لە تایبەتمەندێتییەکانی سەدەی نۆزدە ئـەوە بـوو کـە ئەم شێوانەی بەسەر فەزای چەوساندنەوەدا پیادەکرد، کە خەڵکانی گەڕوگول دانیشتوانی هێماییانـەی بـوون (سـوڵکەرو بێلانـەو شـێتەکان، کەسـانی توندوتیـژ دانیشـتوانی ڕاستەقینەیان پێکـدەهێنا). لێـرەدا تـەکنیکی دابەشـکردن‌و جلـەوگرتن بـەکارهاتووە.

مامەڵەکردنی گەڕەکان وەك کەسانێکی تاعوناوی، ئەو دابەشکردنە چەندبارەیە بەسەر ئەو فەزا تەژمەدا پیادە دەکات کە خۆی هیچ نیە جگە لە بەندکردن، ئەوەش لەڕێگای دابەشکردنی شیکارییانەی دەسەڵاتەوە پەخش دەکات.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە، ئەمە بە ڕێکوپێکی ڕوویداوەو دەسەڵاتی دیسپلینکەر پیادەی کردووە: خانەی پزیشکیی -دەرونیی، لانەی چاکسازیی، ماڵی تەمبێکردن، دامەزراوەی گۆشکردنو چاودێریی، کە لە نەخۆشخانەکانیش برێك لەو کارانە دەکرا. بە شێوەیەکی گشتی، ناوەندەکانی سانسۆریی تاکانە بە شێوازێکی دووسەرە کاردەکەن: شێوازی دابەشکردنی جوتەکییانەو مۆرلێدان (شێت- ناشێت، مەترسیدار — بێ زیان، ئاسایی- نائاسایی)" هەروەها شێوازی تەرخانکردنی زۆرەملێ، دابەشکردنی تەواوکارییانە (کێیە، دەبێ لە کوێ بێت، بەچیدا جیای بکەینەوە، چۆن بیناسینەوە، چۆن وەك تاك، سانسۆرێکی بەردەوامی جێگیری بەسەردا بسەپێنین، هتد.).

لەلایەکی دیکەشەوە، وەها مامەڵە لەگەڵ گەڕەکاندا دەکرێت وەك ئەوەی تاعوناویی بن" تەکتیکی دیسپلینکردنی تاکانەیی بەسەر دوورخراوەکاندا دەسەپێنرێت" هەروەها گشتاندنی سانسۆرە دیسپلینییەکان بوار دەڕەخسێنێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەوەی کێ "گەڕە"و پاشان میکانیزمە دووسەرەکانی دوورخستنەوەی بەسەردا پیادە دەکرێن.

ئەم دابەشکردنە دەمانبات بۆ لای ئەوەی ئاساییەو ئەوەی ئاسایی نیە، هەموو تاکێکیش ملکەچی ئەمە دەبێت، بەسەر گەڕییو هەموو شتێکی دیکەدا پیادە دەکرێت تادەگاتە سەر خۆمان. بوونی کۆمەڵێك تەکنیكو دامەزراوەی کامڵ کە ئەرکی خەمڵاندنو چاودێریکردنو چاککردنی خەڵکە نائاساییەکان وەئەستۆ دەگرن، بۆتە هۆی جوڵاندنی هۆیەکانی دیسپلینکردن، کە ترسی تاعوون وەگەڕی خستوون. هەر بۆیەشە، هەتا ئیمڕۆش هەموو میکانیزمەکانی دەسەڵات کە لەدەوری نائاسایی (ناسروشتی) دەسوڕێنەوە، لە پێناوی دەستنیشانکردنیدا کاردەکەن، ئامانجیان گۆڕینێتی، ئەم دوو شکڵە پێکدەهێنن، کە لە بناغە دوورەکەیاندا هیچ نین جگە لە (دەستنیشانکردنو گۆڕین).

**سەرچاوە: میشیل فوکو، المراقبة و المعاقبة، ت: د.علي مقلد، مركز الانماء القومي، بيروت، لبنان، ١٩٩٠، ص٢٠٦-٢١٠.**

# گفتوگۆیەك لەگەڵ یۆرگن هابرماس
# دەربارەی لێكەوتەكانی ڤایرۆسی كۆرۆنا لە ئەوروپا*

**وەرگێڕانی: ئیسماعیل كوردە**



یۆرگن هابرماس كە لە"١٩٢٩" لەدایك بووە بەگرنگترین فەیلەسوفی ئەو سەردەمەمان دادەنرێت. نوێنەرایەتی نەوەی دووەمی قوتابخانەی فرانكفۆرت دەكاتو بەم دواییانە لە ئەڵمانیا ئەنسكلۆپیدیایەكی گەورەی بە دوو بەرگ لەبارەی مێژووی فەلسەفە بلاۆكردەوە، "Gallimard" لەساڵی ٢٠٢٢ لە جیهان بلاۆیدەكاتەوە. لە گرنگترین بەرهەمەكانیشی بەتایبەت دەستووری ئەوروپا Gallimar 2012، هەروەها ئایندەی سروشتی مرۆیی بەرەو یۆجینای لیبراڵی؟ Gallimar 2015، لەو چاوپێكەوتنەشدا بەشێوەیەكی بڕواهێنەرانە باس لەوەدەكات كە بۆچی پێویستە ئەوروپا هاوكاری ئەو وڵاتانەی ئەوروپا بكات كە كەوتونەتە ژێر قەرزی زۆرو خاوەن ژێرخانێكی

لـەرزۆكن‌و كەوتوونەتـەژێر كاریگـەری تونـدی كۆرۆنـا -Covid-19، لەوانـەش ئیتاڵیـاو ئیسپانیا.

***بەرای تۆ ئەو قەیرانـە تەندروسـتیە جیهانیـە لـەڕووی ئـەخلاقی‌و فەلسـەفی‌و سیاسیەوە چی دەوروژێنێت؟**

**هابرماس:** لەڕوانگەی فەلسەفیەوە، پێموایـە ئـەو پەتایـە ئـەمرۆ لەهـەمان كاتـدا ئاڵنگاری‌و چاڵنجێكی فیكری بەسەر هەمرواندا دەسەپێنێت، كە تائێستا تـەنها كـاری شارەزایان بوو: پێویستە وا هەڵوسكەوت بكـەین كـە سـنووورداری مەعریفـەیمان بخەینـە بەرچاوی خۆمانەوە. لەو رۆژانە هـەموو هاووڵاتیـان بۆیـان بەدەركـەوت كـە پێویسـتە حكومەتەكانیان چۆن بڕیاری روون بـدەن‌و بـارودۆخی سـنووورداری شـارەزایی ئـەو زانـا ڤایرۆسناسانە بخەینە بەرچاومان كە راوێژ بە حكومەتەكانیان دەدەن. بەدەگمـەن دیمـەنی كاری سیاسی وا روون‌و راڤەكراوە كە بەشێوەی یەكلاكەرەوە نوقمی گومان بووبێت. ئـەو ئەزموونە نائاساییەش لە كەمترین حاڵەتدا پێدەچێ كاریگەری بەسەر هۆشیاری گشتیدا هەبێت.

***بەلاّم ئەو ئالنگارییە ئەخلاقیانە چین كە لەو قەیرانە تەندروستییەدا روبەڕوومان دەبنەوە؟**

**هابرماس:** پێش هەموو شتێك، دوو بارودۆخ هەن لەوانەیە رەنگدانـەوەیان هـەبێت‌و زیان بەو شكۆ مرۆییە بگەینن، كە لە دەستووری ئەڵمانیا "یاسای بنەڕەتی"و لە مادەی یەكەم‌و لەسەرئاستی پەرگرافی (٢)دا بۆی دەسـتەبەر كـراوەو دەڵێت:"هـەموو كەسـێك مافی ژیان‌و سەلامەتی جەستەیی هەیە". بارودۆخەكە یەكەم پەیوەندی هەیە بەوەی كە پێی دەوترێت"جیاكردنەوە"و دووەمیش پەیوەندی بە دەستنیشانكردنی كـاتی گونجـاوی هەڵگرتنی كەرەنتینەكردنەوە هەیە. مەترسیەكە بەهۆی بێتوانـایی یەكـەكانی چـاودێری چڕەوە دروست بووە، نەخۆشخانەكانیش ناتوانن پێشـوازی لەژمارەیـەكی زۆری نـەخۆش بكەن‌و وەریانبگرن.- ئەوە ئەو مەترسییەیە كە ولاّتەكانمان لێی دەترسن‌و بە واقیعیش لە ئیتاڵیا روویدا-سیناریۆكانی بواری پزیشكی كارەساتەكان ئەو سیناریۆیانەن كە لـەكاتی جەنگـدا نـەبێت پـەنای بۆنابـەین، پێیوایـە كاتێـك ژمارەیـەكی زۆری نـەخۆش روو لەنەخۆشخانەكان دەكەن‌و یەكەكانی چارەسەر ناتوانن چارەسەری پێویستیان بـۆ بكـەن، پزیشك ناچار دەبێت بریاری كارەساتبار بـدات، كـە لـە هـەموو حاڵەتەكانـدا شـتێكی

نائەخلاقیــە. ئەمــەش بەتونـدی دەبێتــە هــۆی پێشــێلکردنی بنــەمای یەکســانی لــە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵیدا، بەبێ رەچاوکردنی بارومەرجی کۆمەڵایــەتی، یــان رەچــەڵەك یاخود تەمەنو شتی لەو جۆرە. وەك ئەوەی قوربانی بە پیرو بەتەمەنەکان بدەین لــەپێناو رزگارکردنی ژیانی گەنجەکان. تەنانەت ئەگەر بەتەمەنــەکانیش لەســەر ئــەوە رازی بــن، لەرووی ئەخلاقیەوە هەست بە رەتکردنەوەی خودی خۆیان دەکەن کە جێی سەرسوڕمانە، ئەو پزیشکە کێیە ڕێگا بەخۆی دەدات "بەراورد" لــەنێوان "بــەهای" ژیــانی کەســێكو "بەهای" ژیانی کەسێکی دیکە بکاتو بڕیار بــدات پێویســتە کــێ بــژیتو کــێ دەبــێ بمرێت؟ گوتەی "بەها" کە لە بواری ئابووری وەرگــیراوە، هــانی پێــوانی ئــەو چــەندێتیە دەدات کە لەڕوانگەی تێبینەرەوە روودەدات. بــەڵام نــاکرێ بــەو شــێوەیە هەڵســوکەوت لەگەڵ سەربەخۆیی کەسێکدا بکرێــت: چــونکە لەڕوانگــەی ئــەویترەوە نــەبێت نــاتوانرێ لەبەرچاو بگیرێت، بەتایبەت کاتێك روبەڕووی ئــەو کەســەین. لەلایــەکی دیکــەوە ئــەو رەوشتو ئاکارە پزیشکیانە وا دەردەکەون لەگەڵ دەستووردا یەکدەگرنەوەو ئەو بنەمایــە دەستەبەر دەکەن کە شتێك نییە ببێتە پاساو بۆ"هەڵبژاردنی" ژیانی مرۆڤێك لــەجیاتی ژیانی مرۆڤێکی دیکە. لەراستیدا دەستوور وا بە پزیشك دەڵێت تەنها لەو حاڵەتانە بۆی هەیە بڕیاری تراژیدیی بدات، کە بە تایبەت پشت بەو ئاماژە پزیشکییانە ببەستێت، کە تا رادەیەکی زۆر، پشتیوانی لە دەرفەتی چارەسەرکردن دەکات.

***ئایا هیچ بارودۆخێکی دیکە هەیە؟**

**هابرماس:** لەچاوەڕوانی بڕیاردان لەبارەی کــاتی گونجــاوی هــەڵگرتنی کەرەنتینــەدا، پاراستنی ژیان پرسێکی پێویستە، تەنها لەسەر ئاستی ئەخلاقی نا، بەڵکو لەسەر ئاستی یاساییش، کە لەوانەیــە خــۆی لەبــەردەم لــۆژیکی هــەژماری قــازانج ببینێتــەوە.کاتێك بابەتەکە لە لایەکەوە پەیوەندی بە داوەریی نێوان زیانی ئابووریی یــان کۆمەڵایەتییــەوە هەیە، لەلایەکی دیکەش سنووردانانە بۆ مردنەکانو پێویستە سیاسەتمەداران لەبەرامبەر "چڵێسی قازانج"دا خۆڕاگربنو بەرەنگاریی بکەن: ئایا پێویستە ئامادەبین خۆمان بخەینە مەترســیەوەو دان بــەوەدا بنــێین سیســتەمی تەندروســتی"توانای نییــە" چــاودێری ژمارەیەکی زۆری نەخۆش بکاتو لەپێناو بووژانەوەی ئابووریدا، رێژەی مردنەکان زیــاد بنو کارەساتە کۆمەڵایەتیــەکانی قــەیرانی ئــابووریش کەمتربکەینــەوە؟ لێــرەوە مافــە

بنەڕەتییەکانیش دەبنە ڕێگر لەبەردەم دامودەزگاکانی دەوڵەت لە دەرکردنی هەر بڕیارێك کە مردنی کەسە تەندروستو ئاساییەکانی بەلاوە گرنگ نەبێت.

***ئایا لەوە نەترسین ئەو دۆخە ئاورتەیە بۆ بنەمایەکی دیموکراتی بگۆڕێت؟**

**هابرماس:** هەڵبەتە، زۆر لەو مافە گرنگانەی کە پەیوەستن بە ئازادییەوە پێویستە لە ڕووی زەمەنییەوە زۆر سنووردارییان بکەین، بەڵام ئەو دۆخە ئاورتەیە پێویستە، هەروەك هەوڵمداوە ڕوونیبکەمەوە کە دەبێت دابینکردنی مافی بنەڕەتی لە ژیانو سەلامەتی جەستەیی لەپێشی هەموو شتێکەوە بێت. بۆ نموونە لە فەرەنساو ئەڵمانیا، هیچ کەسێك گومانی لە وابەستەیی سەرکردەکانیان بۆ دەستووری هەردوو وڵاتەکە نییە. ئەگەر سەرۆك وەزیرانی هەنگاریا ڤیکتۆر ئۆربان ئەو دەرفەتەی بۆ بێدەنگکردنی دژبەرەکانی بەشێوەیەکی کۆتایی قۆستبێتەوە، ئەوا پەیوەندی بە گەشەسەندنە دەسەڵاتخوازییەکەی ڕژێمی هەنگارياوە هەیە کە لەدێرزەمانەوە وابووە، ئەوەی کە ئەندامانی پەرلەمانی ئەورووپی، بەتایبەتی دیموکرات کریستانەکانی ئەورووپا تەنها لەروانگەی جوامێریانەوە ئامادەی بوون.

***بۆچی ئەورووپا بیرۆکەی دامەزراندنی "سندوقی کۆرونا" ڕەتدەکاتەوە کە ٢٧ دەوڵەت داهاتەکەی دابین دەکەنو لە توانایدا دەبێت بارگرانی دارایی قەیرانەکە بەکۆمەڵ لەئەستۆبگرێت؟**

**هابرماس:** تۆ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەو دۆزە لەئارایە دەوروژێنیت، کە گومان لەبارەی بوونی یەکێتیەکی نەختینەیی "دراو"ی دەکات. پێویستە وڵاتە ئەندامەکانی دیکە هاوکاری ئەو وڵاتە ئەندامانە بکەن کە کەوتوونەتەژێر باری قەرزارییەوەو ژێرخانێکی لەرزۆکیان هەیەو بەشێوەیەکی تایبەتی کەوتونەتەژێر کاریگەری قەیرانەکەوە بەبێ ئەوەی لێشی بەرپرسیاربن، لەوانەش وڵاتانی وەك ئیتاڵیاو ئیسپانیا. ئەمەو ئەگەر بمانەوێت "یۆرو"و بنەما پتەوەکانی یەکێتی ئەورووپا لە گوشاری هەڵاوسانەکانی بازاڕی دارایی ڕزگاربکەین. بێگومان پێشنیازی خستنەڕووی "قەواڵەکانی کۆرونا" کە فەرەنسا داوایکردووە، تاکە گرێنتیەکە بۆ سەپاندنی ڕێوشوێنی خۆپارێزیی چالاکانە لەو بارەیەوە. ئەو قەرزە گرێنتیکراوانەش بۆ ماوەیەکی درێژ لەلایەن هەموو ئەندامانی ناوچەی یۆرۆ، تەنها شتێکە بتوانێت وڵاتانی خوارووی ئەورووپا لە بازاڕەکانی سەرمایەدا بێڵێتەوە. بە

تێپەڕینی زەمەنیش چارەسەرێکی ئالتەرناتیڤی بەسوودتر لەو پێشنیازە نابینم، هەروەها ئەو هەولاَنەی وەزیری دارایی ئەڵمانیا بۆ تێپەڕاندنی ئەو قەیرانە گرتویەتەبەر -کە لە هەموو حاڵەتێکدا پێویست نییە وەزیری دارایی فەرەنسی لەسەری ڕەزامەندبێت- لەئاستی مەترسیەکانی ئەو دۆخەدا نییە.

*** "یەکێتی ئەوروپا چ سوودێکی دەبێت؟ ئەگەر لەم کاتانەدا پرسی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا تێنەپەڕێنێت، ئەگەر ئەوروپیەکان لەو کاتەدا نەیانەوێت بەیەکەوە لەپێناو ئایندەیەکی هاوبەش هەوڵبدەن" لێرەوە ئەو پرسیارە دێنمەوە بیر کە لەکۆڕپەندێکی گشتی خستبووتەڕوو، لە ٢ی ئەپریل لە لۆمۆندی فەرەنسی-Le Mondeو دی تزایت-Die Zeitی ئەڵمانی بڵاوکرایەوە.**

**هابرماس:** منو هاوڕێیانم ئەو پرسیارەمان ئاراستەی حکومەتو راوێژکارمان ئەنجێلا مێرکلو ئۆلاف شولتزی وەزیری دارایی کرد. بەڵام گرنگیان پێی نەداو تا ئەمرۆش وەك خۆیانو بەتوندی بەو سیاسەتی قەیرانەوە وابەستەن کە بەر لە دەساڵ دژ بە نارِەزایەتیەکانی ولاَتانی خواروو هەیان بووە، ئەمەش لەبەرژەوەندی ئەڵمانیاو ولاَتانی باکووردایە. بەشی زۆری کەسایەتیە سیاسیەکانی ئەڵمانیا لەوە دەترسن هەڵوێستێك بنوێنن زیاتر بەرەو ئاشتەوایی بێت، ئەمە نەوەکو ببێتە هۆی تورە بوونی دەنگدەرەکانیان. بەقەدەر ئەوەی خۆیان هەڵگیرسێنەری فتیلی ئەو مەیلی خود سەنتەرییەو پیاهەڵدانی قارەمانەکان بوون، ئەوانەی هەژموونیان بەسەر بازرگانی جیهانیەوە هەیەو قۆرغیانکردووە، بەهەمان پێوانەش بەشێوەیەکی گەورە میدیا پاڵپشتی لەو مەیلە ئابوورییە نەتەوەییە کردووە. لێرەوە چەند پێنوێنێکی ئەزموونی بەراوردکاریانە هەن ئەوە بەدەردەخەن کە حکومەتەکەمان بەهۆی ئەو مەیلە بازرگانییە نەتەوەییەوە، بەپێی پێوەرەکان بێت وەك پێویست ئەوەی بەسەر دانیشتوانەکەیدا نەسەپاندووە کە پێویستبوو بیسەپێنێت. هەروەك بۆتە کەمکردنەوەی هەستیاری ئەوروپی. ئەگەر ماکرۆن هەڵەیەکی لە پەیوەندی لەگەڵ ئەڵمانیا کردبێت، ئەوا ئەو هەنگاوەی هەر لەسەرەتاوە بۆ نەبوونی هەڵسەنگاندن دەگەڕێتەوە، ئەمەش بەهۆی

باوەڕبوونی سنووردارى ئەنجیلا میرکلە بە دەوڵەتی نەتەوەیی، کە لە بوارەکانی دیکەدا بەدەردەکەویت.

***چۆن کاتی خۆت لە کەرەنتینەدا بەسەردەبەیت؟**

**هابرماس:** ئەو چەند کاتژمێرانەی لەبەردەم کۆمپیوتەر بەسەریان دەبەمو بەدوای ئەو زانستانەدا دەگەڕێم کە گرنگی بە مێژووی فیکر دەدەن، قورسایی کەرەنتینەکەم لەسەر سوك دەکەن.

***لەوانەیە ئەو قەیرانو کریزە تەندروستیە جیهانیە، ببێتە هۆی بەهێزکردنی پۆپۆلیزمی نەتەوەیی کە بەکردەوە هەڕەشە لە ئەورووپا دەکات، کە وابێ چۆن بەرەنگاری ببینەوە؟**

**هابرماس:** ئەو پرسیارە لەدەرەوەی ئەو بارودۆخەی ئێستادایە-بەڵام وەڵامدانەوەی لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازدەبێت. بۆ نموونە لە ئەڵمانیا ئەزموونی سۆشیالیزمی نەتەوەیی لەئێستادا توانیویەتی بەهێزەوە لەبەرامبەر هەر دەرکەوتنێکی راستەوخۆی ئایدیۆلۆژیای راسیزم بمانپارێزێت. لەگەڵ ئەوەشدا، پارتو دەسەڵاتە سیاسیەکان بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لەژێرناوی دژایەتیکردنی هەژموونی شیوعیەتدا چاوی راستیان نوقاندبوو. لە فەرەنساشدا توندڕەوی راسترەو هێزێکی سیاسیی پێکهێنابوو، بەڵام رەگوڕیشەی ئایدیۆلۆژی دیکەی هەبوو زیاتر لەوەی لە ئەڵمانیادا هەبوو: ئەمەش مەیلێکی نەتەوەیی ئیتنی نییە، بەقەد ئەوەی قەوارەیەکی دامەزراوەییە لە نێو کرۆکی دەوڵەتدا. بەڵام ئەمڕۆ، چەپی فەرەنسی کە ناوبانگێکی گەورەی جیهانی هەیە، کەوتۆتە نێو دۆخی رقئەستووریی بەرامبەر بە یەکێتیی ئەورووپا. بە پێچەوانەی تۆماس بیکێتی، بۆنموونە، شتێکی روونە رەوتی چەپگەرا ئێستا بەشێوەیەکی هاوئاهەنگ بیر لە رووبەڕووبوونەوەی سەرمایەداری ناکاتەوە-وەك ئەوەی لەتواناماندا بوو بێت دژایەتی سەرمایەداری جیهانی بکەین، یان دەستپێك لەنێو ئەو بەلەمە لەرزۆكو ناسەقامگیرەی کە خۆی لە دەوڵەتی نەتەوەییدا دەبینێتەوە!

***چ گێڕانەوەیەك هەیە بتوانین داپڕێژین لە پێناو بڵاوکردنەوەی گیانێکی نوێ لەنێو یەکێتی ئەورووپای ناخۆشەویستو نا یەکگرتوودا؟**

**هابرماس:** پاساوو سنوورە دیاریکراوەکان سوودێکی گەورەیان لە رووبەڕووبوونەوەی هەستی نائومێدیدا نییە. تەنها بەشە پتەوو خۆڕاگرەکانی ئەورووپا توانای کردارو

پێشکەشکردنی چارەسەری بەرجەستەیان بۆ گیروگازەکانی ئێستا هەیەو دەشێت بەهایەکی گەورەیان هەبێت. بەتایبەت لەو قۆناغەدا پێویستە لەپێناو ڕەتکردنەوەی لیبراڵیزمی نوێدا تێبکۆشین.

***چۆن ڕادەی بڵاوبوونەوەی پۆپۆلیزمی نەتەوەیی لەبواری فیکریی و فەزای گشتی ئەوروپی لێك دەدەنەوە؟**

**هابرماس:** لەوانەیە پۆپۆلیزمی ڕاستڕەوی"فیکری"، بانگەشەو پروپاگەندەی فیکری هەبێت، لەوەش زیاتر تێناپەڕێت. مەسەلەکە بە سانایی پەیوەندی بە بیرکردنەوەی بێ بنەماوە هەیە. لەلایەکی دیکەوە پۆپۆلیزمی ڕاستڕەوی "ئاسایی" کە بۆ نێو چین و توێژە هەژارو پەراوێزخراوەکانی دانیشتوان درێژدەبێتەوە، ڕاستییەکە پێویستە بە ڕژدی وەربگیرێت. لەنێو کەلتوورە لاوەکیە لەرزۆکەکاندا زۆر فاکتەری هاندەر کاریگەریان دەبێت و دەبنە هۆی نیگەرانی بۆ ئەزموونی جیهانی هاوچەرخ، وەك: وەرچەرخانی تەکنەلۆژی، بە دیجیتاڵبوونی بواری کار، دیاردەی کۆچکردن، زیادبوونی بەردەوامی هەمەجۆری شێوازەکانی ژیان و ..تاد. ئەو مەترسیانە لەلایەك پەیوەندیان بەو ترسە واقیعەوە هەیە کە مرۆڤ بەهۆی لەبارچوونی بارودۆخی کۆمەڵایەتیەوە تووشی دەبێت، لەلایەکی دیکەش پەیوەندی بە بێ توانایی ئەزموونی سیاسیەوە هەیە. بەڵام شوێندەستی پۆپۆلیزمی نەتەوەیی کە لەهەموو لایەکی یەکێتی ئەوروپا دەیەوێ لەپشتی سنووری نەتەوەییەوە خۆی مەڵاس بدات، لەپلەی یەکەمدا ڕەنگدانەوەی بەسەر دوو شت دەبێت: یەکەمیان ئەو تووڕەییەی لەم ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتووە کە پێیوایە دەوڵەتی نەتەوەیی توانای کردەوەی سیاسیی لەدەستداوە، لەگەڵ جۆرێك لە بەرپەرچدانەوەی بەگریکارانەی سووسەیی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئالنگاری ڕاستەقینەی سیاسیدا.

ئەوەی لێرەشەوە سوودی بۆمان دەبێت ئەوەیە دان بەوەدا بنێین کە تێپەڕاندنی ئەو تەڵەزگە پۆست دیموکراتیە، تەنها خۆی لەوەدا دەبینێتەوە ئەوروپا یەکگرتوو بێت و دیموکراسیەتەکەی سەرکەوتوو بێت و بە تەواوی بوێرییەوە ئەم هەنگاوە بگرێتەبەر.

*سەرچاوە: لە ژمارە ٧٢٣٤٠ی گۆڤاری حیکمە لە ڕۆژی ١١-٤-٢٠٢٠، بڵاوکراوەتەوە.

* وەرگێڕانی لەئەڵمانیەوە بۆ فەرەنسی: فریدریك ژولی، وەرگێڕانی لەفەنسیەوە بۆ عەرەبی "نوفل حاجی لەتیف"

# یاخیبوونی کییرکیگارد



**پیتەر گۆردن***

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: ئالان عەتوف**

**بۆچی لای کییرکیگارد (ئایینو عەقڵی عەلمانی) یان (ئیمانداریی تایبەتیو فەزای گشتی) لە ململانداو بۆچی ئاشتبوونەوەی رەسەنی نێوانیان مەحاڵە. رقی کییرکیگارد لە هیگڵ لە چیەوە سەرچاوەی گرتووە؟ چۆن دیالێکتیکی (هیگڵ) دەبێتە بەردی بناغەی سەرهەڵدانی حکومەتی دەستووریی؟ چۆن رەخنەی هیگڵیانە لە ئایین توایەوەو بووە ئەنترۆپۆلۆژیا؟ لەگەڵ زۆر تەوەری تر لەسەر کییرکیگارد لە خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا بخوێنەوە.**

دەمووچـاوی، هـەروەك ئـەم پۆرترێتـە، بـە تـەواو نـەکراوی مایـەوە. هەرچـەندە کیێرکیگارد لەوێدا ٢٧ ساڵە، بـەڵام سـوێند ئـەخۆی هێشـتا لـە نـەوجوانێك ئەچـێت. روانینەکەی یـەکجار تونـدە، چـاوانی بـێ وەیو یـەکجار گـەورەن. خەنافسـی تـەنکی هێشتووەتەوە کە ئەمەش لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا بۆ پیـاوان مۆدێـل بـوو. بـەڵام دەمی، کە بە بڕوا بەخۆبوونەوە توند داخراوە، خیانەتی لێ ئـەکات: لێوەکـانی یـەکجار ناسكو ئارەزوو بزوێنو زیندوون.

ساڵێك دوای ئەمە، واز لە (ڕێگینە ئۆلسن)ی دەزگیرانی دەهێنێتو دەستدەکات بـە ژیـانی زوگـوردێتی. ئەمـەش دەبێتـە دەسـتپێکی پیشـە فەلسـەفیەکەی. جارێکیـان کیێرکیگارد دەنووسێت: "لەراستیدا دەستگیراندارییم لەگەڵ (ڕێگینـە)و وازهێنـان لێـی پەیوندی نێوان منو خودایە."

بە بەرفراوانی، کیێرکیگـارد بـە گـرنگترین بیرمەنـدی ئـایینی سـەردەمی مـۆدێرن دائەنرێت. ئەمەش بەهۆی ئـەوەی بـە چـڕوپڕیەکی تایبەتـەوە هەسـتا بەزەقکردنـەوەی ململانێی نێوان (ئایینو عەقڵی عەلمانی)، نێوان (ئیمانداریی تایبەتیو فەزای گشـتی)و تا ئەو رادەیە رۆیشت بەو بیرۆکەیـە سـەرگەرمان بکـات کـە ئاشـتبوونەوەی رەسـەنی نێوانیان مەحاڵە. لای کیێرکیگارد، کۆمەڵگە شوێنی تـەختکردنو بەیـەك ئاسـتکردنی نەریتەکانو پرەنسیپە ئاکاریەکانە کە پێکەوە گرێمان دەدەن بۆ پشتگوێ خستنی خـۆت (خود). ئەوە تەنها (ئیمان)ە کە پیس نەبووە بە تێگەیشتنی گشتیو تاکی رەسـەن جیـا دەکاتەوە. ئیمان شتێکە تەواو ناوەکیە، بازێکە بەرەو پێکناکۆکی (پارادۆکس).

لە سنوورێکدا، ئەم جۆرە ئارگیومێنتانـە پێشـنیاری رەهاگـەرایی ئـایینی دەکـەن" ستایشی ئیماندار ئەکەن، ئەگەرچی بیروباوڕەکانیشی دژی هەموو رێسا قبوڵکراوەکـانی مرۆڤایەتی بن. بە خوێندنەوەی ئیشەکانی کیێرکیگارد، ئەو ترسەت لا دروسـت دەبێـت کە ئەو کەسایەتیەی ئەم وەك "سوارچاکی ئیمـان" شـینی بـۆ ئـەکات زۆر نزیکـە لـەو کارەکتەرەی کە ئێمە لە ئێستادا دنیایەك دوودڵیمـان بەرامبـەری هەڵچـنیوە، ئـەویش کەسایەتی: توندڕەوی ئایینیە.

بەڵام بیری کیێرکیگارد لەمە وردترو زیرەکانـەتر بـوو. وەك عاشـقێکی مەسـخەرەو تەنز، ناوی خوازراوی لەسەر زۆربەی کارەکانی دادەنا لەوانـەش: ئێشکچـی کۆپنهـاگن، یۆهانس دو سیلنسو، دژە-کلایماکەسو لەوانەیـە باشـترینی هـەموویان (جزوبەندکـەری قۆشمە) بێت. هەموان لە کۆپنهاگن ئەیانزانی کیێرکیگارد دانـەری کارەکانیـەتی، بـەڵام

ئەمە نەیئەوەستان لە بەکارهێنانی ئەم نـاوە خوازراوانـە، هەنـدێ جـاریش تێبینیـەکی ئەکادیمیانەی بۆ پەڕەی ناوونیشانی یـەکێ لـە کتێبـەکانی ئیزافـە دەکـردو دەینووسـی "لەلایەن سورن کییرکیگاردەوە پێداچوونەوەی بۆ کراوە".

لە کاتی تردا کییرکیگارد یەکجار جیدی بوو، واعیزێکی ئـەخلاقی (لوسـەر)ی کـە سەرکۆنەی بەرپرسە باڵاکانی کڵێسای ریفۆرمکراوی دانیمارکی دەکـردو بـە دوورودرێـژی باسی لە تێماکانی ئیمانو گوناھ و قەلەق ئەکرد. لەنێو بەناوبانگترین کارەکانیدا تـەنزو مەسخەرەی بریندارکەر بـوو کـە بەرامبـەر خۆگونجـانو تەوفیقیـەتی بۆرژواکـان بـەدی دەکرێت. ئەم کارانەشی، هاوشێوەی رۆمانی (یادەوەریەکانی ژێرزەمین)ی دیستۆڤسـکی، پڕن لە زویربوونی تەقینەوەیی. ئەم رۆمانەی دیستۆڤسـکی کـەمتر لـە دەیەیـەك پـاش مردنی کییرکیگارد لە ۱۸۵۵دا بڵاوبووەوە.

کییرکیگارد تەنها تاکە رایەڵەیەکی میراتیی جێ نەهێشتووە کـە بـە ئەمڕۆمانـەوە ببەستێتەوە. هەرچەندە ئەگەریی کەمە، بەڵام عورفێکی فەلسەفی هەیـەو کـەلێنێك پـڕ دەکاتەوە، ئەویش لەرێگەی بەستنەوەی کییرکیگاردی ئیمانـدار بـە فریـدریك نیتشـەی مولحیدەوە. لە۱۹۲۰ و۱۹۳۰ یەکاندا، فەیلەسوفەکانی وەکو مارتن هایدگەر و ژان-پۆڵ سارتەر بیرۆکە ناوەندیەکانی فەلسەفەی بوونگەراییان لە نووسـینەکانی کییرکیگـاردەوە هێنـا. سـەرباری ئـەوەی لەگـەڵ (خوداباوەڕیەکەیـدا) نـەبوون، بـەڵام ئـەو وێنەیـەی کییرکیگاردیان وەرگرت کە دەڵێت مرۆڤ، بەشـێوەیەك کـە قـابیلی راسـتکردنەوە نیـە، لەنێوچووە و (فانی)یەو مەحکومە بە بوونێکی دونیایی کە بێ بەریە لە هەموو یەقینـە عەقڵانیەکان. فەیلەسوفی فەرەنسی، ژان وال، بەشێکی سەرەکی کتێبەکەی (مێژوویـەکی کورتی بوونگەرایی-۱۹٤۷) بۆ کییرکیگارد تەرخان دەکاتو دەڵێت: "وشەی 'بوون' بـە مانـا فەلسـەفیەکەی کـە ئـەمڕۆ بـەکار دێـت لـە ئەسـڵدا لەلایـەن کییرکیگـاردەوە دۆزراوەتەوە."

لە بابەتەکانی مێژووی فەلسەفەدا، هێشتا ناوهێنانی کییرکیگارد وەك دامەزرێنەری بوونگەرایی شتێکی عادەتیە. بەڵام میراتێکی تریشی ئەیبەستێتەوە بە بزووتنەوەیـەکی یاخییەوە کە ناسراوە بە "لاهوتناسیی قەیران" کە بەشێوەیەکی سـەرەکی پەیوسـتە بـە کارل بـارس، قەشـەی چاکسـازبووی سویسـریەوە، کـە لـە کتێبەکەیـدا (ئیپسـتڵ بـۆ رۆمانەکان) گۆڕانکاری بەسەر دیمەنی فیکری ئایینی سەدەی بیستەمدا هێنـا. ئەسـتەم نیـە ببینیـت بۆچـی بـارس رێنـوێنیو ئیرشـادی لـە کییرکیگـارددا دۆزیوەتـەوە کـە

نووسینەکانی تا پلەی واسواسی لەسەر درزی ڕەهای نێوان خوداو مرۆڤایەتی رائـەمێنن. بـەلای کییێرکیگـارد، هـەروەها بـەلای بارسیشـەوە، خـودا "بەتـەواوەتی ئـەوی تـر" دەمێنێتەوەو ناکرێت بۆ مەسەلە دنیاییەکان بئاخنرێتە نوێژ و نزاوە.

بەڵام کییێرکیگارد موحافزکارێکی شێلگیرو بیرنەگۆڕیش بووەو ئاکامە سیاسـیەکانی موتڵەقگەراییە ئاینیەکەی بە یەکلانەبوویی دەمێننەوە. بۆ نموونە قینی لە (ئاپۆرە یـان جەماوەر) گومانێکی تەندروستە بەرامبـەر خۆگونجانـدنو تـەوفیقیبوون بـە مەبەسـتی سیاسی، بەڵام سووکایەتیەکیشە کە لایەنی چاکەی گشتی پەك دەخات.

رایەڵەیەکی جیـاوازتری کاریگەریەکـەی کییێرکیگـارد بـە رەخنـەگرە نالیبراڵـەکانی دیموکراسیی مۆدێرنەوە دەبەستێتەوە لەوانەش تیۆرناسی نازی بواری یاسا "کارل شمیت" کە کەسایەتی بە نـەژاد دانیمـارکی وەك دەسـەڵاتێك سـەیر دەکـات ئەمـە لەکاتێکـدا بانگەشەی ئـەوە ئـەکات کـە کێشـە سیاسـیەکان لەوپەڕیانـدا پێویسـتیان بـە بڕیـاری رادیکاڵانەیە نەك گفتوگۆی عەقڵانی.

دنیای لێکۆڵینەوە ئەکادیمیەکان لەسەر کییێرکیگارد پڕە لـەو گلەییانـەی کـە دەڵـێن لێکدانەوەی هەڵە بۆ کییێرکیگارد دەکرێت. لە راستیدا کییێرکیگارد نـە موحافزکـارێکی توندڕەو، نە "نـا عـەقڵانیش" بـووە (کـە ئەمـەیان تۆمـەتێکی سـتانداردە ئاراسـتەی دەکرێت). بەڵام راستیەکەی ئەوەیە کە کاریگەریی کییێرکیگـارد بەسـەر هـەموو جـۆرە ئایدیۆلۆژیاکانەوە بەدی دەکرێتو میراتەکەشـی نـاکۆکیی لەسـەرە تـەنها لەبەرئـەوەی ماناکانی دەڕژێن بەسەر لێواری هەموو سنوورەکانی عەقیدەو ئارگیومێنتدا.

دووسەدەمین ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی کییێرکیگارد لە ١٨١٣داو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ژیاننامەیەکی مەزنی لە نووسینی یواکیم گارف (یەکەمجار بـە دانیمـارکی لـە٢٠٠٠داو پاشان بڵاوبوونەوەی وەرگێڕانە ئینگلیزیەکـەی لـە ٢٠٠٥دا)و ڕێبەرنامـەی ئۆکسـفۆرد لەسەر کییێرکیگارد لەگەڵ کتێبی دووەمی گارف بـە زمـانی دانیمـارکی بـەناوی (رازی ڕێگینـــە: چـــیرۆکی دەزگیرانەکـــەی کییێرکیگـــاردو 'شـــلیگڵ'ی هاوســـەری ٢٠١٣) کییێرکیگاردیان هێنایەوە بەر دیدەمان.

ناشتوانین کتێبی (ژیانێکی کورتی کییێرکیگارد)ی واڵتەر لۆوری پشتگوێ بخەین (کە بە بۆنەی دووسەدەمین ساڵوەگەڕی لەدایکبوونیەوە لەلایەن چاپخانەی زانکـۆی پرینسـتن دووبارە لە چاپدراوەتەوە). یەکەمجار لە ١٩٣٨دا بڵاودەبێتەوە، ڤیرژنـە دوورودرێژەکـەی ئەم ژیاننامەیەی لۆوری هێشتا شـایانی خوێندنەوەیـە. لـۆوری، کـە خـۆی قەشـەیەکی

کاتێ ماڵئاوایی لە ئەرکی شیکردنەوە دەکات، دەنگی ڕەخنەگرانەی بیرمەندانەیەو سنووربەند نیە بە نەریتیبوون (ئۆرسۆدۆکسی). بە دڵنیاییەوە هۆکاری بەشێکی ئەمەش پەیوەندی بەو راستیەوە هەیە کە هامسن هاوڕا نیە لەگەڵ بیروباوەڕەکانی کییێرکیگارددا. هەرچەندە خۆی جۆرێك لە "ڕۆحانیەت"ی لا پەسەندە، بەڵام دژی یەك—خوداباوەڕیی تەقلیدیە بە تایبەتی لە بابەتەکانی پەیوەست بە پیاوسالاریەوە. ئەو چەمکەی کە دەڵێت "خودا"یەك کە لە "دەرەوە"ی جیهان نیشتەجێیە لای ئەو پاشماوەی میتافیزیکێکی مردووە. لە پێشەکی کتێبەکەیدا، پاش پێشکەشکردنی سوپاس و پێزانین بۆ مامۆستاو هاوکارەکانی، لە ئاماژەیەکی نائاساییدا ڕێ بەخۆی دەدات سوپاسی خودی کییێرکیگارد بکات:

"ژیانم کەمێ جیاواز ئەبوو ئەگەر تووشی کییێرکیگارد نەبوومایە. بەهۆی تێڕوانینەکانی و ژیریەکەیەوە، بووە سەرچاوەی خۆشی و ڕووناکبیریی بۆم. خرۆشاوم بە عیشقی ئەو بۆ خودا، بە هەستیاریەکەی بۆ ئەوانی دی، بە شۆخیە بە کەیفەکەی."

بەڵام، زیاتری دەخاتە سەرو دەڵێت، کە کییێرکیگارد یارمەتیشی داوە "بە ڕۆشنیەکی گەورەترەوە تێبگەم بۆچی هیوا نەخوازم مەسیحی بم."

هامسن، وەك زۆربەی ئەو لێکۆڵەرە ئەکادیمیە عەلمانیانەی خوێندنەوە بۆ کییێرکیگارد دەکەن، مەبەستیەتی ئەوەندەی مومکین بێت و بە پەرۆشەوە ئەو لایەنە ڕوونبکاتەوە کە کییێرکیگارد مەبەستی بووە بیڵێت. بەڵام لەسەر ئەو مەسەلانەی کە بەشێکی زیندوو بوون بۆ بیروباوەڕی کییێرکیگارد، هامسن بە ڕوونی دژیان دەوەستێتەوەو ئامادەیە بەو جۆرە بیرۆکانە سەرگەرممان بکات کە لای کییێرکیگارد خۆی مایەی قبوڵکردن نەبوون.

خۆشەویستی کییێرکیگارد خۆی بۆ بیروباوەڕەکەی بێ مەرجە. لەگەڵ ئەوەی کە هاتە دنیاوە، خێزانەکەی لەرووی داراییەوە بێ کێشە بوون، بەڵام باوکی تا ڕادەیەك وەك گەنجێکی نەدار هاتبووە شاری کۆپنهاگن و لەگەڵ خۆشیدا نۆستالژیایەکی درێژخایەنی بۆ تەقوای مۆراڤی (مۆراڤیا شارێکە لە چیك) هێنابوو کە لە ناوچەی گوندنشینی نیمچەدوورگەی (جەتلاند)ی دانیمارك نەشونمای کردبوو. کییێرکیگارد خۆی لە کڵێسای لوسەریی ئینجیلیی دانیمارك خوێندوویەتی، بەڵام گومانێك ئازاریدا کە ئایا وانەو تەعالیمە پیرۆزەکانی ئەم کڵێسایە بە ڕاستی مەسیحیانە بوون یان نا. لەماوەی سەردەمی بەناو زێڕینی دانیماركدا (ئەو سەردەمەی کە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە دەگرێتەوە لەو کاتەدا کە وڵات لە جەنگە ناپلیۆنیەکاندا دەدۆڕێ تاکو شۆڕشە

دیموكراتیەكانی ١٨٤٨)، وڵات لە رووی كلتوورییەوە دابەش ببوو بەسەر نەریتە كشتوكاڵیە هەمیشەییەكانیو ئەریستۆكراسیە تا رادەیەك بچووك، بەڵام بەهێزەكەیدا كە لە پایتەخت خڕ ببوەوە. زەوقی جەماوەریی باوەشی كردبوو بە رۆخەكانی نەریتداو داستانەكانی (هانز كریستیان ئاندرسن) دڵسۆزیی وڵاتەكەیان بۆ چاكەكانی ناوچەی گوندنشین كردبووە نموونە.

پرستیژی كڵێسای فەرمیی لەلایەن جاكۆب پیتەر مینستەر بەرجەستە ببوو، مینستەر كە لاهوتناسێكی دیار بوو، لە ١٨٣٤دا پلەی بڵندی (بیشپ)ی زیلاندو پریموسی بۆ خۆی مسۆگەر كردبوو. وەك لاوێك كییرکیگارد موریدی مینستەر بوو — لە راستیدا مینستەر بوو كە مەراسیمی وەرگرتنی كییرکیگاردی لە كڵێسا ئەنجامدا — بەڵام باوكی ناوبەناو دەیبرد بۆ گردبوونەوەكانی برایانی ئاییبی مۆراڤی. ئەم كەلێنە قووڵە لە كەسایەتی كییرکیگارددا هێشتا بە پۆرترێتەكەی ١٨٤٠یەوە دیارە كە ئامۆزازاكەی وێنەی كێشاوە: دەتوانیت داكۆكیكارێكی بەپەرۆشی سادەیی مەسیحیەت لە چاوانی پیاوێكی گەنجدا ببینیت، بەڵام لە رووی دەرەوە، كوڕێكی راقی بۆرژوازیی كۆپنهاگنە.

هەر لە هەمان ساڵدا، لە تەمەنی ٢٧ ساڵیدا، كییرکیگارد رێگینە ئۆڵسن بە دەزگیران دەگرێت. گراف، لە ژیاننامەكەیدا، پێمان دەڵێت كە رۆژی دواتر كییرکیگارد زانی هەڵەی كردووە. بەڵام تا هاوینی داهاتووی پێچوو بوو بۆ هەڵوەشانەوەی دەزگیرانداریەكەی. كاتێ ئەڵقەكەی گەڕاندبووەوە، ئەو پاساوە درۆیینەیەی هێنابوەوە كە هێشتا لاوەو پێویستی بە "كچێكی گەنجی شەهوانی" هەیە. كییرکیگارد بەخۆشی دەڵێت كە ئەوە "ستەمێكی پێویست" بوو چونكە دڵنیایی لەوە كردەوە كە رێگینە بەهۆیەوە ئیتر ئاواتەخواز نابێت پەیوەندی لەگەڵ دروستبكاتەوە، هەرچەندە ئەمە واشی كرد كییرکیگارد چەندین شەو بە تەنیا لە فرمێسك رشتندا بەسەر ببات. رێگینە شوو بە یۆهان فرێدریك شلێگڵ دەكات، كە بەپرسێكی باڵای ناوچەی وێس ئینندیز دەبێت لە دانیمارك" لە ١٨٦٠ بۆ سەرپەرشتیاریكردنی كەلەپوری كییرکیگاردی كۆنە دەزگیرانی دەگەڕێتەوە كۆپنهاگنو هەموو میراتی خۆی بۆ ئەو جێ دەهێڵێت.

خوێندنەوەی ئەم چیرۆكە خەمناكەی خۆشەویستی سەرنجراكێشە، كە نیشانەیەكی فەلسەفەی پێگەییوی كییرکیگاردەو لە شوێنێكدا دەبچرێت. رووداوە سەرەكیەكانی — كە تیایدا خیانەت لە نەریتی بۆرژوازیی دەكات لەپێناو بەدیهێنانی تەنیایی پڕ تەقوادا

— بەنزیکەیی لە هەموو کارەکانی دواتریدا دەزرنگێنەوە، بەڵام سەدایان لە کتێبی (یان ئەم یان ئەو)دا بەرزترینە کە رامانێکە لەسەر ململانێی نێوان عیشقو ئاکار (ئیتیك)، کە پاش جیابوونەوەی لە ڕێگینە بە خێراییەکی پڕ دڵەراوکێ لە زستانێکی درێژی بەرلیندا نووسیویەتی. هەروەها لە بەرلین ماوەیەك ئامادەی موحازەرەکانی فریدریك شێلینگ دەبێت، کە شان بە شانی هیگڵ یەکێکە لە ئەستێرە درەوشاوەکانی ئایدیالیزمی ئەڵمانی (بەڵام کییرکیگارد پێی وابوو بە کاتی لەو موحازەرانەدا بازیداوە). بە دەسنوسی تەواوبووی کتێبەکەیەوە دەگەڕێتەوە کۆپنهاگن و بە بڵاوبوونەوەی لە بەهاری ١٨٤٣دا ئابڕووی کۆمەڵگەی دانیمارکی دەباتو پێگەی خۆی دروستدەکات سەرباری ئەو راستیەی کە بە نازناوی موحەریرێکەوە بڵاوی دەکاتەوە بە ناوی "گۆشەگیری سەرکەوتوو"ەوە.

جێی داخە کە هامسن بەشێك بۆ ئەم کتێبە تەرخان ناکات. تیۆرناسی مارکسی جۆرج لوکاش دەڵێت: دەتوانیت تەواوی فەلسەفەی کییرکیگارد لە جیابوونەوەی لەگەڵ ڕێگینەدا بدۆزرێتەوە. کتێبی (یان ئەم یان ئەو) لە راستیدا رامانێکە لە جەنگی نێوان دوو چەشنی بوون: بوونێکی لەززەتپەرستانە/موڵحیدانە (وەك لە کتێبی "بیرەوەریەکانی تەفرەدەرێك" دا باسی دەکات) لەگەڵ بوونێکی ئاکاریانە (کە تێیدا لەپێناو پەشیمانیو "پیرۆزبوون"دا بەخەبەر دێیت). وەك کییرکیگارد دەڵێت، بۆ ئەو کەسەی کە دەبێت یان ئەم ژیانە هەڵبژێرێت یان ئەوەی تر، عەقڵ هیچ رێبەریەك پێشکەش ناکات. بەڵام لە دەرەنجامی کتێبەکەدا تێدەگەین کە هیچ رێگایەکیان راست نیە، چونکە تەنها لە نزادا حەقیقەت دەدۆزینەوە: "خۆشبەختانە دانی پێدا دەنێین کە بە نیسبەت (خودا)وە، ئێمە هەمیشە لە هەڵەداین."

لە هەمان ساڵدا کییرکیگارد بەناوبانگترین کاری بڵاودەکاتەوە بەناوی (ترسو لەرزین: هەڵبەستە شیعرێکی دیالێکتیکی)ە. لێرەدایە، لە پشت نازناوی "یۆهانس دو سیلسو"ە خۆی حەشار داوە، کە کییرکیگارد پێداگیری دەکات لەسەر ناتەبابوونی سەختی نێوان بەرپرسیارێتی گشتیو ئیمانی تایبەتیدا. ئەم کتێبە تێڕامانێکە لەسەر "ئاکێدا" کە بەشێکی ئینجیلەو تێیدا ئیبراهیم ئامادەیە لەپێناو پیشاندانی ملکەچیدا بۆ فەرمانی خودا کوڕە ئازیزەکەی، ئیسحاق، بکاتە قوربانیو تەنها بەهۆی دەستێوەردانی ئیلاهیەوە ڕێگەی لێ دەگیرێت ئەو کارە ئەنجام بدات. گەر ئەم کتێبە ئەمڕۆ بووبێتە مایەی وروژاندنی کێشمەکێشم، ئەوا بەشێکی لەبەر ئەوەیە کە

نووسەرەکەی خۆی نادزێتەوە لە بەهێندوەرگرتنی توندەڕەوانەترین واتا ناراستەوخۆکانی حیکایەتی ئینجیلیی.

کییرکیگارد هاوڕایە هەرکەسێکی عاقڵ کە دەیەوێت شوێن نۆرمە کۆمەڵایەتیەکان بکەوێت ئەوا دەبێت ئیبراهیم وەك بکوژێکی گریمانەیی سەرکۆنە بکات. بەڵام داوامان لێدەکرێت رەچاوی ئەو ئەگەرە بەدیلەش بکەین کە ملکەچبوونی ئیبراهیم نیشانەی "پێکناکۆکی" رەسەنی ئیمانی تاکەکەسە کە بەبێ ئەوە بوونی ئایین مەحاڵە. لە دیدگای چاودێرەوە، ئەم جۆرە ئیمانە دەبێت ناماقوڵ بنوێنێت، ئێمەش راست دەکەین کە بگەین بەو دەرەنجامەی کە خۆشەویستی ئیبراهیم بۆ خودا لەگەڵ تەواوی واقیعدا "لەپێوان نەهاتووە."

بەڵام بەلای کییرکیگاردەوە، بە دەقیقی ئەمە مەبەستەکەیە: ئیمان پێکناکۆکیەك لەخۆدەگرێت لە رێیەوە تاکەکەس ناتوانێت وا لەخۆی بکات تێی بگەنو دواجار "بەش، باڵاترە لە کۆ." ئیبراهیم ئەو گوزارە مەحاڵە لەئامێز دەگرێت کە لەرێی قوربانیەوە کوڕەکەی بە زیندوویی بەدەست دێنێتەوە: کییرکیگارد دەنووسێت، "تەنها ئەو کەسەی کە چەقۆکەی پێیە ئیسحاق بەدەست دێنێتەوە." دیارە ئەو پاپەندبوونە قارەمانانەیە، بەڵام ناعەقڵانیە، ئیبراهیم وەك "سوارچاکی ئیمان" جیا دەکاتەوە.

لە نێو ئەو هەموو تاووتوێکردنەی لەسەر رووداوی "ئاکێدا" هەیە، هەندێك مشتومڕی ئەوە دەکەن کە خودا هەرگیز مەبەستی نەبووە ئیبراهیم قوربانیەکە ئەنجام بدات. (مەیمۆندیز)ی لێکدەرەوەی جولەکەی سەدەکانی ناوەڕاست نیگەرانە بەو پێشنیازەی کە خودا ئیبراهیمی "تاقیکردوەتەوە" چونکە ئەمە واتای ئەوەیە کە خودا ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوەیەی نەزانیوە — کە ئەمەش پێشێلکردنی مەبدەئی عیلمی غەیبە. بە لای مەسیحیەکانەوە، بەقوربانکردنی بەدینەهاتووی ئیسحاق بەشێکی گرنگی پێشبینیی ناو تەوراتە چونکە وای لێکدەدەنەوە کە تەورات لەوەوپێش قوربانیی راستەقینەی (عیسای مەسیح)ی زانیوە. بە لای موسڵمانەکانەوە، ئیمانی ئیبراهیم جێی ستاییشکردنە، بەڵام خێرا دەچنە سەر ئەوەی کە ئەوە ئیسحاق نەبووە کە ئامادەی قوربانیەکە بووە، بەڵکو ئیسماعیل بووە، کە بە ئەژدادی هەموو ئەوانە دادەنرێت کە (اللە) دەپەرستن.

جیاوازی خوێندنەوە مۆدێرنەکانی ئەم بەشەی ئینجیل لەوانەی پێشوو کەمتر نین. زۆرێك لەوەدا شوێن کییرکیگارد کەوتوون کە ستایشی بەهێزیی ئیمانی ئیبراهیم

دەکات، هەرچەندە تەنها کەمێك هەن خوێندنەوەکانیان لە چرۆپڕی شرۆڤەدا شان لە شانی خوێندنەوەکانی کیێرکیگارد دەدەن. بەڵام هامسن نیگەرانە (کە پێم وایە لەسەر حەقە) بە خواستێکی ئایینی کە پێشێلی تێگەیشتنی هاوبەشمان دەکات سەبارەت بە مرۆڤایەتی. بە پەنابردن بۆ رەخنەی فێمینیستی، هامسن ئاشکرا نموونەیەکی پیاوسالارانەی دەسەڵاتێکی تووڕەو (تەنانەت توندوتیژ) لەخودای کیرکیگارددا بەدیدەکات.

ئەم تۆمەتە بەربڵاوە، بەڵام لە هەمان کاتدا گوزارشتیشە لە تەرەفگیری کلتووریی خۆمان بەرامبەر هەڵسوکەوتی نێرو مێ. لە راستیدا، ئەو چەمکەی کە دەپرسێت ئایا خودا رەگەزی هەیە سەهویەکی بێ پاساو لەخۆدەگرێت لەوەدا کە خودا دەچوێنێت بە مرۆڤ (مرۆڤاندنی خودا). (خودایەتیی) پوختو رووتو ئەبستراکت لە خورائاوای پرۆتستانتدا بەشێوەیەکی عادەتی بە "خودای باوك" بانگ دەکرێت.

ئەوەی مایەی نیگەرانی زیاترە، بە رای من، سەهوکردنی کیێرکیگارد نیە بۆ بە مرۆڤاندنی خودا، بەڵکو پێچەوانەکەیەتی: ئامادەبوونیەتی بۆ گەورەکردنی عەقیدەی پوختو ئەبستراکتی پرۆتستانتی تا سنوورێك کە خوداوەند هەموو تێگەیشتنێك تێدەپەڕێنێت. خودای کیێرکیگارد لە دابڕانێکی هێند مەزندایە کە پێشێلی بنەڕەتیترینو درێژخایەنترین نۆرمەکانی ئەخلاق دەکات. کاتێ دایکێك یان باوکێك پێی وایە دەنگێك دەبیستێت کە فەرمانی پێدەکات چەقۆیەك هەڵگرێت بۆ منداڵەکەی خۆی، وەڵامی گونجاومان، نابێت ئەوە بێت ستایشی ئیمانی ئەو دایكو باوکە بکەین، بەڵکو وەڵاممان دەبێت ترس بێت لەو شێتیە زەقە. بە دڵنیاییەوە کیێرکیگارد ئەزانێت کە باوەڕی عادەتیی ئێمە ئاوایە. بەڵام لە هەڵسوکەوتی ئیبراهیمدا، کیێرکیگارد "هەڵپەساردنێکی مەبەستگەرایانەی ئاکار" دەبینێت، ئەمەش واتە سەرگەرم کردنمان بەو بیرۆکەیەی کە ئایین مەبەستێکی باڵاتر بەسەرماندا ئەسەپێنێت لەچاو ئەوەی بەڵگەهێنانەوەی ئەخلاقی داوای دەکات.

لێرەدا، هامسن بیرمان دەهێنێتەوە کە کیێرکیگارد سەربە عورفێکی فەلسەفیە بەناوی "تیۆری فەرمانی ئیلاهی." واتە خودا فەرمان ناکات بە کردارێك لە بەرئەوەی چاکە" بەڵکو، کردارێك چاکە تەنها لەبەرئەوەی خودا فەرمانی پێدەکات. دەشێت سەرسام بیت بەو راشکاویەی کیێرکیگارد کە لەرێیەوە عەودالی ئەم پرەنسیپەیە تا رادەی دەرنجامە خراپەکەی. بەڵام تاموبۆی دەسەڵاتخوازیشی هەیە. ئەگەر دایکێك یان

هەمووان، ئەو بیرۆکەیە پەرەپێدەدات کە ویژدانی تاك ناتوانێت ببێتە ئاراوە بەو شێوازەی کییێرکیگارد گریمانەی دەکات. لەماوەی ژیانی کییێرکیگارددا، فەلسەفەی هیگڵ لە دانیمارك پرستیژ بەدەست دەهێنێت، سوپاس بۆ هەوڵە بانگەشەئامێزەکانی هانز لاسن مارتنسن، کە نەسیحەتخوانی کۆشك بووە و وەك قەشە بە پلەی (بیشپ) جێگەی مینستەری گرتەوە دوای ئەوەی لە ١٨٥٤دا گیانی سپارد. کییێرکیگاردیش وەك بەرجەستەبوونی هەموو شتێکی بۆگەن لە دانیمارکدا سەیری (مارتنسن)ی دەکرد. لە ١٨٤٦دا، کییێرکیگارد پێداگیرترین هێرشی خۆی بۆ سەر هیگڵ بڵاوکردەوە لە کتێبێکدا بەناوی (دوایین پاشنووسی نازانستی بۆ چەند پارچەیەکی فەلسەفی)، ناوونیشانێك، کە وەك زۆربەی ئەوانەی تر، بەشێوەیەکی قووڵ مەسخەرەئامێز بوو. چونکە لەم حاڵەتەدا "پاشنووس" بە رادەدەیەکی زۆر دوورودرێژترە لە "پارچە"، کە کییێرکیگارد پێشتر بڵاوی کردبووەوە. ڤینی کییێرکیگارد لە هیگڵ بە شێوەیەکی سەرەکی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەم فەیلەسوفە ئەڵمانیە متمانەی هەیە بە عەقڵ وەك ناوەندێك بۆ ئاشتبوونەوەی گەردوونی. هەردوو فەیلسوف دان بەوەدا دەنێن کە ژیانی مۆدێرن بە تەنگژە دەورە دراوە — تەنگژە لەنێوان تاكو کۆمەڵگەدا، تەنگژە لەنێوان ئازادیو زەروورەتدا، تەنگژە لەنێوان زانستو ئیماندا. بەڵام لەکوێدا کییێرکیگارد هاودژیی دەبینی، هیگڵ لەوێدا ئەگەری گەشەی عەقڵانی دەبینی. هیگڵ دەڵێت، عەقڵ ئەو جۆرە دەسەڵاتە یان "رۆح"ەیە کە کۆشش ئەکات بۆ مانیفێست کردنی خۆی لە جیهاندا.

تاقیکردنەوەی تەحقیقی-خود (لای هیگڵ) نەخشەیەکی دیالێکتیکی هەیە: عەقڵ سەردەکەوێت بەسەر ناکاملیی خۆیدا، زیاتر لە قوتابییەك دەچێت کە پێویستە لەسەری لە پرۆسەی فێربووندا رووبەڕووی سەختیی ناوبەناو ببێتەوە، بەڵام دواجار لەرێی کۆششەوە کاملیی و تێگەیشتن بەدەست دەهێنێت.

لەرووی سیاسیەوە، دیالێکتیکی (هیگڵ) واتە سەرهەڵدانی حکومەتی دەستووریی و کاملبوونی کۆمەڵگەیەك کە هیچ تاکێك تیایدا بێ ئازادی نابێت. لەبەرئەوە بەلای هیگڵەوە کۆمەڵگەیەکی تەواو مۆدێرن کۆمەڵگەیەکی تەواو عەقڵانیەو — ئەمەش خاڵێکی جەوهەریە - لەبەرئەوە عەقڵانیەت سیفەتێکی هاوبەشە لەلایەن هەموو تاکەکانەوە. لە جیهانێکی عەقڵانیدا چی دیکە تاك لەنێوانی بەرژەوەندی خودو چاکەی گشتیدا هەست بە هاودژیی ناکات. لێکۆڵەری بواری هیگڵ، تێری پینکارد، ئەم بیرۆکەیە ناودەنێت "کۆمەڵایەتیبوونی عەقڵ".

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا زۆرێك لە قوتابیانی لاهوتناسی هانایان بۆ هیگڵ بـرد وەك ڕێبـەرێك بـۆ تێگەیشـتن لـە خاسـیەتی کۆمەڵایـەتیو سیاسـی ئـایین. لەوانـەش رادیکاڵەکانی وەك دەیڤد فریـدریك شـتراوسو لـودڤیگ فیوربـاخ، کـە گەیشـتنە ئـەو دەرەنجامەی ئایین دروستکراوی مرۆڤەو بەتاڵە لە واقعی میتافیزیکی. رەخنەی هیگڵیانە لە ئـایین توایـەوەو بـووە ئـەنترپۆلۆژیا: واتـە بـەڕێوەبردن یـا دیراسـەکردنی مـۆدێرنی سیفاتەکانی مـرۆڤ. بـەڵام هەنـدێك لـە قوتابیـانی دیالـەکتیك هەسـتیان جیـاواز بـوو لەمبارەیـەوە. بـەبێ دژایـەتیکردنی حەقیقەتـە میتافیزیکـەی، هەسـتیانکرد ئـایینی مەسیحی دەبێت خودو کۆمەڵگەش بگۆڕێت، تـاکی ئیمانـدار ببەسـتێتەوە بـە عـەقڵی گشتیەوە لەپێناو باشـکردنی شارسـتانیەتی مۆدێرنـدا. ئەمـە ئـەو پرۆژەیـە بـوو کـە (مارتنسن) بە لایەوە سەرنج راکێش بوو، کیێرکیگاردیش لەلای خراپ بوو. کیێرکیگارد ترسی لەوەبوو کە "ڕۆیشتن بۆ ئەودیو" ئیمانی مەسیحی، واقیعـی مەسـیحیەت بـەهێز ناکات، تەنها حەقیقەتـە ناوەکیەکـەی ئەکاتـە قوربـانی لـەپێناو دیکـۆری دەرەکیـدا. حەقیقەتی مەسیحی لەناو دەچێتو بە تەنها دەبێتە مەسیحیەت. وەك هامسـن روونـی دەکاتەوە، "ئایینی هیگڵی بە تامی مارتنسن زۆر بێ سەرئێشەیە لەم جیهانەدا."

لە سیستمەکەی خۆیدا، لە دیالێکتیکدا، هیگڵ ئـارەزووی مانـەوە "لـە دەرەوەی" کۆمەڵگە دەخاتە قۆناغێکی نزمترەوەو ناوی دەنێت "هۆشیاری خەمناك." بەڵام بـەلای کیێرکیگـاردەوە، کۆمەڵایـەتیبوونی عـەقڵ جۆرێکـە لـە تۆتالیتاریـەت" واتـە (کۆمەڵایەتیبوونی عەقڵ) لێبوردەیی نابێت بەرامبەر هەر جۆرە جیاوازیەك لە ناوچـەی خۆیدا. (ئەم تۆمەتەی کـە عـەقڵ خـۆی لـە دەرەنجامـدا "نالێبوردەیـە" ئیلـهامی بـە بوژاندنەوەیەکی کەمی حەزێك بۆ کیێرکیگارد لەنێو پۆست–بونیادگەراکانـدا بەخشـی، لەوانـەش ژاك دێریـدا، کـە زۆرکـات لـە هێـزی ئـەو سـادەییەیان کەمـدەکردەوە کـە کیێرکیگارد بەهۆیەوە دژایەتی دەسەڵاتی عەقڵی پێ دەکـات لـە کاتێکـدا نـەبێت کـە عەقڵ ملکەچـی دەسـەڵاتێکی زۆر موتڵـەقتر بێـت.) هێشـتا دەتـوانی ئـەو هۆکارانـە بنرخێنیت بۆچی لە سەرانسەری سـەردەمەکاندا خوێنـەران رەخنـەی کیێرکیگاردیـان لا دڵسۆزانەیە. نارەزایەتیەکەی بەرامبەر دەسەڵاتی دنیـایی کڵێسـای ئینجیلـی دانیمـارك کیێرکیگاردی لە ریزی درێژی ریفۆرمخوازەکانی ئەم هەزارەیەدا داناوە هەر لـە لوسـەرەوە تا دەگەڕێتەوە بەرەو عیسای مەسیح (کە ئەمـەش لێدانـە لـە دەسـەڵاتی قەشـەکان)و پێغەمبەرە هیبرۆییـەکانی وەك ئـامۆسو ئایزایـا. بـەراوردەکانیش تـەنها لـە خـەڵکی

ئایینیدا قەتیس نەماوە. کییرکیگارد زۆرکات لەبارەی سوکراتەوە دەنوسێتو دەڵێت سوکرات تانەلێدەرو حەشەرەی رەخنەگرتنە کە "لەسەروی هەموو پەیوەندیەکەوە" خۆی تەریك خستووە.

فاکتەرێکی ئالۆزکەر ئەوەیە کە کییرکیگارد زۆر دەگمەن رەخنەگری دەسەڵات بووە. لەگەڵ هاتنی شۆرش لە ١٨٤٨دا، سیستمی دەرەبەگایەتی لە دانیمارك تێك دەشکێتو لەبری ئەوان لیبراڵە نیشتمانیەکان بەردی بناغەی سیستمێکی دەستووریی دادەنێن کە تەمەنی لەهەر شۆرشێکی تری ناوەراستی سەدە زیاتر بڕ دەکات لە خۆرئاوای ئەوروپادا. ئەم مافە دەستووریە گەردوونی نەبوو (واتە هەمووانی نەگرتەوە)و پادشایەتیش بە تەواوەتی هەڵنەوەشایەوە" بەڵام بۆ یەکەمجار زۆربەی کرێکاران بۆیان هەبوو دەنگ بدەن. بەڵام کییرکیگارد شۆرشەکەی بەلاوە "کارەسات" بوو. ئەوەی کە لە هەموو شتێك زیاتر رقی لێیبوو ئەو راستیە بوو کە کڵێسای دانیمارکی بۆ ئاشتکردنەوەی خۆی و خۆگونجانی لەگەل دۆخە تازەکەدا ئامادەیی تیابوو. بە گوزارشتی هامسن "(کڵێسا) هەستا بە تەعمیدکردنی جیهان"و ئەوانەی تریشی بە نەگۆری جێ هێشت. کییرکیگارد دەنووسێت، بەدرەوشتیی قەحبەخانەکان وەك خۆی مایەوە، "ئەوەندە نەبێت بوونە قەحبەخانەی 'مەسیحی'." هامسن، بێ سەرکۆنەکردنێکی زیادەرەو، بەشوێن ئەم چەشنە رەخنەیەدا دەچێت. دەنووسێت، ئەوەی لە مەترسیدایە پرسیارێکی بنەرەتیە سەبارەت بە جێگەی ئایین لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا:

"ئایا دەبێت کڵێسایەکی گشتی سەربە دەوڵەت بوونی هەبێت، ماڵێکی رۆحی بۆ خەڵکی دانیمارك کە لە کاتی قەیرانو شادومانیدا دەتوانێت ببێتە ناوەندێك بۆ وڵاتو بشتوانێت رێبەریو مورتاحیی بۆ ئەو تاکانە دابین بکات کە عادەتەن لە مەراسیمە ئایینیەکاندا ئامادە دەبن یاخود نابن ، شوێنێك کە لەوانەیە دانوستانی گۆرانکاریەکانی ژیانی تیا بکەن؟ یان بە پێچەوانەوە ئایا دەبێت "کڵێسایەکی دانپێدانان" بوونی هەبێت کە هێمای باوەرە مەسیحیە پێناسەکراوو سەختەکانە، لەسەر بنەمای راددەیەك لە خوێندنەوەی ئینجیلی پەیمانی نوێ، کە ئەندامەکانی واپێدەچێت ئامادە بن بۆ "شەهادەت"؟

ئەم پرسیارە ئەمرۆش لەگەڵمانە، نەك تەنها بۆ مەسیحیەت، بەڵکو بۆ هەموو ئەو باوەرانەی کە رووبەرووی بژاردەیەك دەبنەوە لەنێوان تەنیاییو کۆمەڵگەدا، لەنێوان پاکژی تاكو مورتاحیی پێکەوەبووندا. بەڵام موفارەقەیەکی قووڵ هەیە لە یاخیبوونی

کییرکیگارددا. هەرچەندە خۆی وەك رەخنەگرێکی عورفی مـۆدێرن وێنـا دەکـرد، بـەڵام هەوڵەکانی بۆ تاکگەرایی لەپێناو خـۆ دەربـازکردن لـە سـنووربەندیەکانی کۆمەڵگـەدا بیرۆکەیەکی یەکجار مۆدێرن بوو. وەك چارلز تەیلەری فەیلەسوف روونـی دەکاتـەوە: لـە سەردەمی عەلمانیدا تەنانەت ئەوانەی کە پەیڕەویی لە ئیمانێکی تەقلیدی دەکـەن وا بـیر لە ئایینەکەیان دەکەنەوە کە یەك ئیختیارە لەنێو ژمارەیـەکی زۆردا: شـتێکە کـە تـاك دەبێت ویستی هەبێت بۆ هەبوونی، چی دی شتێك نیە کە تەنهاو تەنها وەك پارچەیەکی دێرینی مێژوویەکی جەماعی دەبەخشـرێت بـە کەسـێك. سـەردەمی ریفـۆرمی ئـایینی قۆناغێك بوو لەو پرۆسە مێژوویەدا کە تایلەر پێی دەڵێت "پەیوەندیە لاوازەکان"ی خود لەگەڵ عورفە هاوبەشەکانی مانادا. ئەوەی جێـی موفارەقەیـە، ئـارەزووی وەسـتان وەك تاکێکی رەسەن لەدەرەوەی هەموو نەریتەکان گەورەترین بیرۆکەی سەردەمی بۆرژوازیـەو لەم رووەوە کییرکیگارد زۆر خۆگونجێنەرترو سەرکەوتووتر بوو لەچـاو ئـەوەی کـە دانـی پیابنێت. بەڵام کەسمان نایەوێت بە تەواوەتی ئـەم ئـارەزووەی رەسـەنبوون بـە دەسـتەوە بدات، چونکە ئەمە خۆی نیشانەی مومکین بوونە، ئـەو ئومێدەیـە کـە لەوانەیـە ژیـان پێچەوانەی ئەوەبێت کە هەیە. دەسـتهەڵگرتن لـەم ئومێـدە واتـە دەسـتبەرداربوون لـە مومکین بوون هەمووی. لە دژی هەمـوو ئـەو هێزانـەی کـە رێنـوێنی دەسـتەبەرداربوون دەکەن، کییرکیگارد نەك تەنها وەك سوارچاکی ئیمان دەمێنێتەوە بەڵکو شتێکی لەوەش زیاترە: منداڵێکی هەتاهەتایە زیندووە.

*خوێندنەوەیەکی (پیتەر گۆردن)ە بۆ کتێبی: (کییرکیگارد: تـاووتوێکردنو رەخنـە) لـە نووسـینی ژنـە لاهوتناسی بەریتانی دافنی هامسن.

سەرچاوە: The New York Review of Books

## شیعر، خشاندنی نیگایە بەسەر جیهاندا بە یاریدەی زمان

شاعیر، سواڵەتدەری بوونی هەڵوەدایانەی ئێمەیـە، دەرخـەری گـەورەیی‌و بچـووکیی هاوکاتمانە. تەنیا شاعیرو شیعر دەتوانن زمان لە قەفەزی لۆژیك ئازاد بکـەن‌و جـارێکی دیکە ڕەهەندە قووڵـە ئەفسـانەیی‌و ئوسـتوورەییەکەی مرۆڤـی سـەرەتایی لـە مرۆڤـی هاوچـەرخدا بـەزەقی نیشـان بـدەن. شـیعر، وەبـەرهێنی ڕاسـتییەکی فەرامۆشـکراوە. ڕاستییەك کە ئێمە بەئەنقەست لەپێناو ژیانی زەمینیدا، پشتگوێمان خسـتووە. ترسـێك کە هەر لە مرۆڤی سەرەتاییەوە لەگەڵمانەو جاروبار لە دووتوێی زمانی شیعردا وارسکەو ئـاوەز بـەرەنگاری یەکـدی دەکاتـەوە. یـەکێك لـە جیاوازییـەکانی نێـوان "شـیعر"و "فەلسەفە" لەوەدایە کە شیعر پێماندەڵێ ئێمە هەر لە بنەڕەتەوە خەڵکی هیچ شـوێنێك نین‌و بە زەبری مێژوو نیشتەجێی زەوی کراوین.

هەموو هەوڵی "فەلسەفە"ش ئەوەیە کە نیشتمانێك لەنێو بووندا بۆ مـرۆڤ پێکـەوە بنێت‌و بەبێ قەفەزی لۆژیك ناتوانێ ئەم نیشتمانە دروست بکـات. شـیعر لـە سروشـتی ڕۆژژمێریی ژیان تێدەپەڕێ‌و سرکیی زمانی شیعر دەرخەری ئەم ڕاستیەیە.

بەپێچەوانەی شیعر، فەلسەفە پێویستیی بە مێژووە بۆ ئـەوەی بتـوانێ "مـرۆڤ" لـە جیهاندا نیشتەجێ بکات. ڕاوی کات لە قەفەزی لۆژیکدا بـۆ دروسـتکردنی یادگەیـەکی ژیارمەند کاری فەلسەفەیە، **شیعر، چرکەساتی هەناسەدانی زمانە لە دەرەوەی قەفەزی لۆژیکدا.**

### ڕەهەندی بینین:

نیگای شاعیر، عەوداڵی جوانییە" ئەوە بەو مانایـە نیـە کـە دزێـوی لـە چـەقی ڕوانگەی شاعیردا هەنتەشی نیە، بەڵکو بەو مانایەیە هاوڕێژەیی (تناسب) تایبەتمەنـدیی پەیبردن بە جوانییە. ڕوانگەی دوالیستیی (چـاکە/ خراپـە، جـوانی/ دزێـوی، ئـەهوورا/ ئەهریمەن) لـە ڕوانگـەی فەلسـەفییەوە دەرخـەری دیـدی لۆژیکییـەو مەبەسـت ئەوەیـە مانایەکی بوونەکی یـان میتـافیزیکی بـە هـەبوونی ئێمـە بـدرێت" بـەڵام هاوڕێـژەیی، پلەبەندیی بینینی ڕێژەکان‌و دەرخستنی پێوەندییەکانـە. شـیعر، نیشـاندانی جۆرەکـانی بیبینە" بەپێچەوانەوە فەلسەفە ڕێکخستن‌و شیرازەدان بە بوونی ئێمە لە جیهاندا دەخاتـە ئەستۆی خۆی.

## ئایا شیعر خۆدارنین له هەموو جۆرەکانی دەروەستبوونە؟

له ڕاڤەکردنی مانای دەروەستبووندا گەلێ جار بیرمان بۆ پڕکردنەوەی نێوەرۆکی "باوەڕنامە" یان "سوێندنامە"یەك دەچێ کە جیهانبینیو ڕوانگەی ئێمە له چوارچێوە دەگرێت. دیارە ماناو نێوەرۆکی ڕەوشتیی "دەروەستبوون" لە " باوەڕنامە"و "سوێندنامە" واوەتر دەچێت. ڕەوشتییانە ڕاڤەکردنی جیهان لەتەك خۆیدا " ڕەنگە "باوەڕنامە"و "سوێندنامە"شمان پێ واژوو بکات" هەر چۆنێك بێت، "دەروەستبوون" پابەندبوونێکی ڕەوشتییە کە تا ڕادەی دەمارگیریو کردەی دوور لە ئاوەزیش هەڵدەکشێ.

مرۆڤ ناتوانێ بە بێ ڕاڤە بڕوانێت" چونکە ناتوانێ خۆی لە هەڵسەنگاندنو داوەری ببوێرێو گیرۆدەی "پێشداوەری"ی سەپێنراوە. "بڕواهێنان"، لەتەك خۆیدا دەرەوەستبوون دەهێنێتو لەم سۆنگەشەوە پێناسە ڕەوشتییەکانمان دەبنە مایەی دەستنیشانکردنی هەڵسوکەوتەکانمان. کاتێك لە "ڕوانینی ڕاڤەیی" دەدوێین، ئاستەمە بتوانین لافی "ڕوانینی ئازادانە بۆ جیهان" لێبدەین" بەو مانایەی ئێمە ئازادین چۆن ڕاڤە بکەین" بەڵام ڕاڤە ڕوانینێکی ئازادانە نیە! دەتوانین بە نموونەیەك بابەتەکە زیاتر شی بکەینەوە" "هەڵبژاردن" پێشمەرجی ئازادی نیە" بەڵکو ئەمە "ئازادی"یە کە مانا بە "هەڵبژاردن" چەشنی "ویست" — نەك ناچاری — دەدات. ئێستە ئەگەر بڵێین "مرۆڤ ناچارە هەڵبژێرێت"و هەروەها "ناچارە هەڵنەبژێرێت" ئایا دیسان ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئاخۆ مرۆڤ لە هەڵبژاردنی دوو "ناچاری"دا ئازادە یەکێکیان هەڵبژێرێت؟ هەرچەند لە یەکەم ڕاماندا ئەم بۆچوونە، لەبەرئەوەی ئازادیی بە سەرپشکبوون لە هەڵبژاردن لەنێوان دوو "ناچاری" لەقەڵەم داوە، وەك هەڵپەتەگەری (سەفسەتە) دێتە بەرچاو. بەڵام ئەگەر پەسند بکەین چەمکی "ئازادی" بەرەنجامی ڕاڤەیەو ڕاڤەش بە بێ پێشداوەری نەلواوە، بەرەو ڕووی تەڵەزگە دەبینەوە نەك هەڵپەتەگەری! چونکە ناکرێ لە دەرەوەی "دەروەستبوون" چەشنی چەمکێکی "ڕەوشتی" -بەگوێرەی جیهانبینیو باوەڕێکی دیاریکراو — "ئازادی" پێناسە بکەین. پێناسەش ڕاوچیی"مانا سرکەکانە"و "ئازادی" چەشنی چەمكو مانایەکی سرك هەمیشە لە چێوەی مانایەکی ڕەوشتیدا بەرزەفت دەکرێو ڕەوشتیش بە بێ دەروەستبوونو دەروەستکردن خاوەنی چێوە نیە.

دەخوازم سەرنجی خوێنەر بۆ کایەیەکی زمانەوانی ڕابکێشم کە تێیدا ئامانجی کایەکە دەستنیشانکردنی جیاوازیی "شیعر"و "فەلسەفە"، "شاعیر"و "فەیلەسووف"ە:

مەبەستی بەندە لە هێنانەگۆڕی ڕەهەندی "بینین" ئەوە بوو کە کەمێك لە پێناسە سواوەکانی شیعر کە گوایە بریتییە لە خەیاڵو هەستو سۆزو کلێپەی دەروون ... هتد دوور بکەوینەوە. جۆرەکانی "ڕوانین" ڕەنگە بتوانن نیشاندەری جیاوازییەك بن کە زمان لە "شیعر"و "فەلسەفە"دا دەینوێنێ، لێرەدا لە کۆمەڵە وشەیەکی پێوەندیدار دەدوێمو هێڵە ماناییەکەیان بەگوێرەی توانا شەنوکەو دەکەم:

**بەرجەوەن:** دیمەنێکی درێژکراوە تا ئاسۆ کە بەرینایی سروشت وەك هێڵێکی پانی پڕ لە ڕەنگ پەڕانپەڕی چاو لە نیگایەکدا دادەتەنێو دەبێتە مایەی سەرسامییەکی چێژبەخش کە پێموایە وشەی شیعریی "بەرجەوەن" لە پێشگری "بەر"دا مانای "بەرینایی" لە خۆدا هەڵگرتووە. "شیعر"، لەم دەستەوەستانییەی نیگای ڕاڤەنەکراودا، هەمان دەستەوەسانیی مرۆڤی سەرەتاییە کە هەستەکانی ئەوەندە ئازادن کە تەنیا وێنەیەکی دێوجامەیی لە مێشکدا دەنەخشێننو هەروەك دەزانین "دێوجامە" سەرنجمان ڕادەکێشێ، بەڵام هیچ چەقێکی سەرنج لە "دێوجامە"دا نارەخسێ.

**"ڕامان":** ڕوانین لە شتێك یان دیاردەیەك بەقووڵی بە مەبەستی ناسین یان دۆزینەوەی پێوەندیو ڕایەڵەکانی کە لە ئەنجامدا چەقێکی سەرنج دەڕەخسێنرێو ئێمە وێنای بەرینایی سروشت لە هێڵێکی پانی درێژکراوەی پڕ لە وێنەی بەدوایەکداهاتوو ناکەین" بەڵکو دەتوانین "هەندەك" لە "هەمەك"ێك هەڵاوێرینو چەشنی بابەتی هزرین لێی بدوێین. ئاشکرایە هەم دەتوانین لە ڕامانی شیعریو هەم لە ڕامانی فەلسەفی بدوێین. چونکە چەقی سەرنج لە ڕاماندا هەیە.

**"تێڕامان"**" لە تێڕامانیشدا چەشنی ڕامان چەقی سەرنج خاڵی هاوبەشە" بەڵام "دید"مان ستوونییەو پلەیەك لە "ڕامان سەرترە. "ڕامان"و "تێڕامان" بێ بژیوان"و "ڕاساوبەخۆ"(قائم بالذات)نو لەگەڵ ئەوەی چەقی سەرنج هەوێنی "هزرین"و "تێهزرین"ە، بەڵام لەبەرئەوەی بەتەواوەتی "دەرهەستەکی"(ذهني)و "تێخوێندەیی"(استقرائي)ن، بەدەر لە "فاکتۆلۆژی"ن. هەربۆیە دەتوانین لە ڕامانو تێڕامانی شیعریو فەلسەفیو عیرفانی بدوێینو تا ئێرە ئێمە سەروکارمان لەتەك چەندین

ڕایەڵی تێکتەنراو یان تانوپۆدا هەیەو "دیناو"(مکاشفة)، (ونبینیی عیرفانی-شهود عرفانی)و "تێخوێندنەوە" (استقراء) بەرەنجامی "ڕامان"و "تێڕامان"نو "شیعر"و "فەلسەفە"و "عیرفان" لەمبارەوە هاوپشکییان هەیە. تەنیا بەگوێرەی کارکردو مەیدانی بەکارهێنانی زمانی، سەروکارمان لەتەك دەربڕینی "شیعری"، "فەلسەفی"و "عیرفانی"دا هەیە" ئەگینا نەبوونی"فاکتۆلۆژی" خاڵی هاوبەشی "ڕامانو تێڕامان"ەو ئێمە دەتوانین بە ڕوانگەی بێ بڕیوان ناودێری بکەین. چونکە نەبوونی فاکتۆلۆژی، بریتییە لە "دەرهەستێتی" (Objectivity، ذهنیت) بە بێ لەبەرچاوگرتنی"بەرهەستێتی (Subjectivity، عینیت). کەواتە لێرەدا ئێمە ناتوانین لە ڕاستیو ناڕاستیی بەرەنجامەکان بدوێین" چونکە کاتێك لە ئەزموونێکی کەسیی ناخەکیو بەڵگەهێنانەوەیەکی تێخوێندەیی دەدوێین، فاکتی "بەرهەستەکی" یارمەتیی سەلماندن یان ڕەتکردنەوەمان نادات. "تێخوێندنەوە" لە فەلسەفەدا دەکرێ خاوەنی ڕێڕەوێکی لۆژیکیی داوندەرییانە "ڕیتۆریکی" بێت، بەڵام لەبەرئەوەی "بەرهەستەکی" نیە، ناشکرێ "ئەزموونی" بێتو بەبێ فاکتۆلۆژی ناکرێ لە "زانستیبوون" بدوێین.

تێڕامان لە شیعردا "جوانی"و "جیهانێکی تەریب لەتەك جیهانی کەتوارەکی (واقعی) بەرهەم دەهێنێ.

تێڕامان لە فەلسەفەدا - بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرهەستێتی/ یان فاکت — تەنانەت ئەگەر لەباری لۆژیکیشەوە بەگوێرەی گوتەزاگەلی دەرهەستەکی (ذهني) چنرابێت، نەسەلمێنراوو لە بڕواکردن بەدەرە. وەك بەڵگەهێنانەوەی یەزداناناسانە لەبارەی جیهانی گریمانکراوی فریشتانو گارۆتمان (عرش اعلى). بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، مەبەستمە بڵێم، بڕواهێنان بە وەها بەڵگەهێنانەوەیەك پێویستیی بە پەسندکردنی پێشمەرجێکەوە هەیە کە ئەویش بریتییە لە "ئیمان" بە هەبوونی وەها جیهانێك کە جیهانێکی دینییە. خۆ ئەگەر کەسێك پێشمەرجەکە پەسند نەکات، بەڵگەهێنانەوەکەش خۆبەخۆ دادەڕمێ.

لەو باوەڕەدام تێڕامانی فەلسەفی تا ئەو کاتەی لە فاکتۆلوژیو پەیکاڵی "بەرهەست"(عین)و "دەرهەست"(ذهن) نزیك نەکرێتەوە، ناتوانێ خۆی لە تێڕامانی شیعری جیا بکاتەوە. چونکە تێڕامانی شیعری، تێڕامانێکی بێ بڕیوانە کە لە ڕێگەی ئەفسانەو ئوستوورەوە لە جێی ناسینی کەتواری جیهان، جیهانسازی دەکات.

**"تێــــڕوانین" :** "تێڕامــــان"، پرۆســــەیە" بــــەڵام "تێــــڕوانین" بەرەنجامــــە. تێڕوانین،گیرسانەوەی نیگایە، قووڵایی لێکهەڵاوێردنی شتێکە کە لە ئاکامی گەیشتن بــە داوەرییەك، سەرەتایەکە بۆ بیچمگرتنی باوەڕێك یان سیستمێك لە باوەڕەکان. تێــڕوانین، ڕەخسێنەری"گۆشەنیگا"یەو گۆشەنیگا شوێندەسپێکی دەستنیشانکردنی پێگەی نیگایە کە لە مانای" ڕوانگە"دا زەق دەبێتەوە.

**"ڕوانگە"،** لە ئەنجامی گیرسانەوەی نیگا لــە ڕێگــەی گۆشــەنیگاوە - کــە ئــەویش بەندە بە "چەقی سەرنج"ەوە، دەگات بە "هێڵی ڕاڤەیی". "هێڵی ڕاڤــەیی"، چەشــنی زنجیرەیەکی بەدوایەکداهاتووی شێوەی بینینی جیهان، بیچــم بــە تێگەیشــتنمان دەداتو "باوەڕ" بەگوێرەی ڕەوتی تووناوتوونی ڕاڤەو بەرەنجام لە دایك دەبێــتو لێــرەوە شــەقڵو ڕێبازەکان بەرەنگاری یەکدی دەبنەوە. دوایــین وێســتگەش ڕەخســانی جیهانبینییــە کــە ڕێکخستنەوەیەکی گەورەی ژیانی هزریی مرۆڤە.

***

سروشتی ململانێی نێوان شیعرو فەلسەفە پێوەندیی به کەتوار(واقع)و بان کەتوارەوە هەیە" بەڵام چۆن لەوپەڕی هوشیارییەوە شاعیرو فەیلەسوف دەتوانن هــەردووك کێڵگــەی کەتوارو بان کەتوار بناسنو بە شێوازی خۆیان دوو جیهانی جیاواز بخوڵقێنن، پێویســتیی بە کەندوکۆڵی زیاتر هەیە.

## کەندوکۆڵ لە کام کێڵگەدا

هەمووان دەزانن نیگای فەیلەسووف نیگایەکی ڕاڤەکارانەیە، بەڵام ڕەنگە لەمبارەوە کە ئایا شاعیر لە هەمبەر جیهان ڕاڤەکارانە دەڕوانێ، کۆدەنگییەك لــە ئــارادا نــەبێت. "بوون" وەك بابەتێکی هاوبەشی نێوان" شــیعر"و "فەلســەفە" یــان بابــەتی هاوبەشــی "شاعیر"و "فەیلەسووف"، دەسمایەی تێهزرینە.

لام وایە بــۆ دەستنیشــانکردنی خــاڵی جیابوونــەوەی تێڕامــانی شــیعریو ڕوانگــەی فەلسەفی، بە بێ یارمەتی وەرگرتن لــە هایدگــەر بنبەســتی ڕاڤــە ناشــکێنرێ. "بــوون" چەشنی بابەتێکی گەورەی تێهزرینو تێڕامانی فەلســەفی، تــەنیا بابــەتی جێــی بایــەخی فەلسەفە نیە، بەڵکو بابەتێکی هەرەسەرەکی دیدی شیعرییە. تەنانــەت دەتــوانین بڵــێین، "بوون" کەڵکەڵەی هاوبەشی "شیعر"و "فەلسەفە"یە.

چەمکی هەمەکیی "بوون" لە ئەلەندی فەلسەفەوە جێی بایەخی فەلسەفەی یۆنانی بووەو بە بۆچوونی هایدگەر چەقی سەرنجی فەلسەفە پێش ئەوەی وڵامی پرسیاری "بوون" بداتەوە، بە سەرهەڵدانی سوکرات، یەکسەر لەسەر"هەبوون"و "هەبووەکان" گیرسایەوەو بە شێوەیەك لە شێوەکان فەلسەفە خۆی بە دەرکەوتەکانی"بوون"ەوە خەریك کردو جووڵەی تێهزرین لە "هەمەك"ەوە گۆڕا بۆ "هەندەك" واتە لە "بوون"ەوە بۆ "هەبوون".

ڕەوایە بپرسین ئایا بۆ بەرهەمهێنانی "ناسین لەمەڕ جیهان" فەلسەفە دەیتوانی بە بێ ئاوەڕدانەوە لە "دۆخی دازاین لە بووندا"(یان لە جیهاندا) ببێت بە خاوەنی ڕێڕەوێکی دیالکتیکیو لۆژیکی؟ یان بەڕاستی ڕەنگە فەلسەفە بێجگە لە گۆڕینی چەقی سەرنجی خۆی چارەیەکی دیکەی نەبووبێ؟ ئایا فەلسەفە بەبێ باڵی "لۆژیك" دەیتوانی بفڕێت؟ "لۆژیك" بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەرامەی کەتوار یان"فاکت"و بەگشتی "فاکتۆلۆژی" دەیتوانی ئیپیستیمۆلۆژیا - کە لەتەك مێژوودا هاوپێناوە -بەرهەم بهێنێت؟ ئایا بوون چەشنی "هەرامەی هەمەکی" بەبێ لەبەرچاوگرتنی "هەرامەی هەندەکی" بەبێ پاژبەندی دەناسرێت؟ هەرچۆنێك بێت" لە فەلسەفەدا، ژیانی مرۆڤ لە جیهانو لە قۆناخەکانی ژیار گرنگی زیاتری پەیدا کردو ئەو شتەی کە هایدگەر چەشنی پرسیاری ڕەسەنو بوونی ڕەسەن یان ڕەسەنایەتی بوونی مرۆڤ لە جیهاندا لە فەلسەفەی دەخواست، هەر ئەو شتە بوو کە "شیعر" لە مێژووی خۆیدا هەردەم بەگوێرەی سروشتی بەدەرکاتیی خۆی پابەندی بووە. بە بۆچوونی بەندە، گرنگیدانی هایدگەر بە "شیعر" بۆ ڕەنگدانەوەی" ڕەهەندی بوونەکیی دازاین" لە شیعردا دەگەڕێتەوە!

چ شتێك دەبێتە هۆی ئەوەی فۆرمی دەربڕین لەنێوان "شیعر"و "فەلسەفە"دا بگۆڕێت؟ هەوڵدان بۆ دەربڕینی شتێك بەو چەشنەی کە هەیە یان بەو چەشنەی کە دەمانەوێ دەری ببڕین، جیاوازییەك دەهێنێتە کایەوە کە ڕەنگدانەوەی دۆخی مرۆییمانە" بە دوو شێوەی جیاواز.

**شێوەی یەکەم:** بینینی کەتواری جیهانە کە تێیدا بە کاتو شوێنو ڕووداوی بەرهەستەکی دەورە دراوین. دەربڕینی وەها کەتوارێك بە لۆژیکی ساردو ڕەق، یان بە چەکوشی فەلسەفە یان فیزیك یان ماتماتیك... ڕایی دەکرێت" مەبەستم لە چەکوشی فەلسەفە، لۆژیکە. زمان، بەگوێرەی نیازو مەبەست لە دەربڕینی دیاردە نزیك دەبێتەوە، بەڵام هیچکات مەودای نێوان دیاردەو دەربڕین پڕناکرێتەوە. پەنابردن بۆ سیستمی

چەمکی و چەمکسازی هەوڵێکە بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر لە سروشتی کەتواری بەرهەستەکی جیهان نزیك ببینەوە. نزیکبوونەوە لە وەها جیهانێك دەلوێ، بەڵام پەیکاڵی "کەتوار"و "دەربڕین" نەلواوە. بە بۆچوونی بەندە، هەر لەبەر نەلواوبوونی پەیکاڵی "کەتوار"و "دەربڕین"ە کە پێویستیمان بە بەرهەمهێنانی "بان کەتوار" هەیە" "بان کەتوار" تێپەڕاندنی دۆخی چەقینی مرۆڤە لە مەودایەکی پڕنەکراوەی نێوان "دەربڕین"و "کەتوار" کە دەبێتە مایەی پەنابردن بۆ میتافیزیك، لەم سۆنگەوەیە کە مێژووی شیعر لە مێژووی "دین"و "فەلسەفە"ش کۆنترە!

دیارە نامەوێ لە ڕێگەی کەونینەیی مێژووەوە بکەومە تەڵەزگەی نرخاندنی زێدەڕۆییانەوەو پلەو پێگەی شیعر لە "فەلسەفە"و "دین"، بەرزتر بنرخێنم. بەڵام خاڵێکی گرنگ کە لە پێوەندیی "بوون"و "شیعر"دا هەیە، بریتییە لەوەی کە شیعر لەبارەی "بوون"ەوە داوەری ناکات، خۆی پێدەسپێرێت، وەسفی دەکات، بەڵام ڕوونی ناکاتەوە!

**شێوەی دووەم:** خۆسپاردنو داوەرینەکردن لەبارەی "بوون"ەوە واتە، مەودانەگرتن لەگەڵ "بوون"" یان بە دەربڕینێکی باشتر "خۆنووساندن بە بوونەوە"" چونکە لە "وەسفکردندا" خۆجیاکردنەوە نیە، بەڵام لە "ڕوونکردنەوە"دا خۆجیاکردنەوەو مەوداگرتن هەیەو بە بێ ئەم دووانە **"داوەری" سەر ناگرێت، چونکە "داوەری" دەسکەلای "زاڵبوون"ە.**

توانایی زمان لە هەردووك ئاستی وەسفیو ڕوونکاریدا چەشنی جیاوازی دەربڕین دەهێنێتە کایەوە، نیازی "ناسین" وا دەخوازێ دیاردە وەها ڕاڤە بکەین کە لە پۆلێنکردنی زانینو زانیاری لە هەمبەر جیهان پەی بە ڕێسا یان یاسایەکی هەمەکی یان هەندەکی بەرینو شێوەی ژیانمان بەگوێرەی پێوەرەکانی بگۆڕین یان ڕێك بخەین. هەر بۆ نموونە" پەیبردن بە یاسای "هۆبەندێتی" کە "کارلێکی بەدوایەکداهاتووی"هۆ"(علت)و بەرهۆ (معلول)، ئوستوورەی ئافراندن بۆ دیدێکی ئاوەزمەندانە یان یەزداننناسانە وەردەچەرخێنێ، دیدێکی فەلسەفی یان دینییە کە بە شێوەیەکی پاژەکی لە هەندێ وێستگەدا زانستیشە! ئەمە دیدێکی ڕوونکارییە.

"وێژە" بەگشتیو "شیعر" بەتایبەتی پەیڕەوی لە ڕێبازی وەسفی دەکات" دیارە ئەوە بەو مانایە نیە کە لە ژانرەکانی دیکەی دەرەوەی ئەدەب ڕێبازی وەسفی وەلا دەنرێت، چونکە بمانەوێ یان نا، ناتوانین هەموو کاتێك خۆمان لە دۆخی دواندەرییانە (ڕیتۆریکی)

قوتار بکەین‌و دیاره‌ دواندەری هەم لە ڕامیاری‌و هەم لە ئەدەبدا جێگەو پێگـەی دیـاری خۆی هەیەو دەوری "دواندەری" لە تەیارکردنی کۆمەڵانی خەڵك لە هەموو سەردەمێکدا گرنگە.

"ڕاڤە" بریتییە لە ڕوونکردنەوەی پێوەندییەکان بەگوێرەی ڕایەڵی نێوان پاژەکان کـە دەبـێ سـەرەداوی نیشانەناسـانە بـە ڕادەسـتکردن یـان گرێدانـەوەی نیشـانەیەك بـە نیشانەیەکی دیکە لە سایەی بەڵگەهێنانەوەی لۆژیکییەوە، بگرێتە بـەر" واتـە بـە بـێ نیشانە وەك"فاکت"، ڕاڤە — چەشنی ڕوونکردنەوە — خـۆی نـانوێنێ. خـۆ ئەگـەر لـە چەمکی "ڕاڤەی شیعری" بدوێین، دەبێ مانایەکی دیکە بۆ ڕاڤە پەیدا بکەین کە ئەوەش دەبێتە مایەی "لێڵیی مانایی" چەمکی ڕاڤە". باشتر وایە لـەجێی "ڕاڤـەی شـیعری"، "تێڕامانی شیعری" بەکار بهێنین کە تێیدا سەرسامی لەمـەڕ "بـوون"، "گۆشـەنیگای شـاعیرانە" دەرەخسـێنێ‌و ئـەم گۆشـەنیگایە، "بـوون" لـە کـاتێکی هەڵپەسـێردراودا دەردەبڕێت. "کاتی هەڵپەسێردراو" چـەمکێکە کـە مـن بـۆ نیشـاندانی "بـەدەرکاتیی شیعر" بەکاری دەهێنم. مەبەستیشم ئەوەیە کە "بـان کـەتوار" چەشـنی دەرچـوون لـە "کەتوار"و ئافراندنی کەتوارێکی "بان جیهان" لەجێی جیهان، بخولقێت. ئەمە هەوڵێکی ئوستوورەخولقێنە کە شیعر تێیدا دەیـەوێت ڕووبـەرێکی دیکـەی نیشـتەجێبوون — لـە زەیندا — بۆ مرۆڤ دابین بکات" ئاشکراو دیارە ئـەم نیشـتەجێکردنە سـرك‌و سـاتەکییەو مرۆڤ لە چرکەساتی خوێندنـەوە یـان گـوێگرتن لـە شـیعر لـەو سـەرزەمینە نامۆیـەدا دەگیرسێتەوەو پاشان دیسان بۆ کەتواری زەمینی خۆی دەگەڕێتـەوە. بـەم پێیـە، شـیعر ڕەنگدانەوەی هەڵوەدایی نوایی(ازلی)ی مرۆڤە کە جاروبـار وەك "گرێـی چـارەنووس"ی ئادەمیزاد پەنای بۆ دەبەین. وێنای تاهەتایی لە وێنای نوایی (ازلی) ئاستەمترە. واتـە مرۆڤ ئەوەندەی کە بیر لە "نـوا" (ازل) دەکاتـەوە، ئەوەنـدە بـیر لـە "تاهەتایی"(ابـد) ناکاتەوە. ئەوەندەی ئێمە پەرۆشی زانینی "نوا"ین، ئەوەندە بـە تـەمای تێگەیشـتن لـە "تاهەتایی"نین! چونکە بە لای مرۆڤەوە وڵامی پرسیاری "لەکوێوە هاتووم؟" لە وڵـامی پرسیاری "بۆ کوێ دەچم؟" گرنگترە. دەرفەتی بەرەو پێشەوەچوون زیـاترە تـا دەرفـەتی گەڕانەوە! چونکە هەمیشە لە ڕابردوو دوورتر دەکەوینەوەو داهاتوو هەمیشە لێی نزیـك دەبینەوە. هەربۆیە نۆستالیژیا لە خەونی داهاتوو بەهێزترە. مەتەڵی مانەوەی شـیعر تـا ئەم سەردەمی ئاوەزمەندییەی ئێمەمانان، ڕەنگە هەمان ڕابردووی ئوستوورەیی بێت کـە لە "دین" دا وڵامێکی بۆ دانراوەو لە شیعردا کەڵکەڵەی گەڕانەوە یـان نۆژەنکردنـەوەی

ڕابردوو چەشنی "چێژی ئەدەبی"و چێژی هونەری" ختووکەی ڕۆحی گیرۆدەی کەتواری زەمینی مرۆڤ دەدات. "دین"یش بە بێ بەڵگەهێنانەوەو سەلماندنی ڕۆژی نوا، ناتوانێ بڕیار لەسەر تاهەتایی یان خاڵی کۆتایی بدات. بۆ نموونە دەرکران لە بەهەشتو گەڕانەوە بۆ بەهەشت!

لێرەوە بە هەڵپەساردنی کات لە شیعردا، ئیدی شیعر خۆی لە دەروەستبوون بە مێژوو قوتار دەکاتو بەم پێیەش هەڵپەساردنی کات دەبێتە مایەی هەڵپەساردنی "شوێن"" چەشنی بەهەشت: هەڵپەسێراو لە کاتو شوێنێکی نواییو بەو پێیەش هەڵگیراو بۆ کاتێکی تاهەتایی کە تەنیا لە ئانو ساتی کاتی بان کەتواردا، کاتو شوێنی هەڵپەسێراو بە ڕووماندا دەکرێنەوەو ئەوەش لە کاتێکدا دێتە دی کە لۆژیکی ئەم دنیایی "کات"و "شوێن" تێکەوە بپێچرێو ڕەهەندێکی دیکەی بوون بێتە کایەوە کە بەڕاستی ناتوانین بێژین خاوەنی چ فیزیکێکە! من بەمە دەڵێم شیعرێتی دین یان "سرووشتی دینییانەی شیعر" کە تێیدا بژیوانیی فرەڕەهەندیی زمان بە گژ "لۆژیك"و پاشان فەلسەفە دەچێتەوە یان فەلسەفە ناچار دەکات لەم ڕووەوە بدوێتو کراسی ئاوەڵدامانی دین بپۆشێو ئاوەزی ئەم دنیایی بۆ تێگەیشتن لەجیهانی "ئەودنیایی" بخاتە گەڕ. بەڵام هەمیشە بنبەستی ڕاڤەی فەلسەفی لەم مەیدانەدا دەبێتە مایەی وەدەرنانی فەلسەفە لە "داوەریی دینی"داو تەنیا وەك دەسکەلای کاتێگۆریسازی بە کار دەهێنرێتو ئەمە ململانێیەکە کە هەمیشە هەیەو دەمێنێتەوەو زمان بەگوێرەی تایبەتمەندیی فرەڕەهەندی خۆی، بۆ جیهانسازیی فرەچەشنە ئامادەیە. ئەو پرسیارەی کە سەرەی هێنانەگۆڕی هاتووە، ئەمەیە:

## زمان چۆن دەتوانێ ئەم جیهانە تەرییە ئاراستە جیاوازانە بئافرێنێ؟

مرۆڤ هاوکات ناتوانێ لە چەندین فەزای جیاوازدا بژیو هەر بەو چەشنەش لە باری زەینییەوە، تاکڕەهەندە. هۆی تاکڕەهەندیی هزری مرۆیی لەوەدایە کە گیرۆدەی"پەڕژان"ە کە وامان لێدەکات خاوەنی "ژیانی هاوکاتیی کەتوارو بان کەتوار" نەبین" چونکە ئێمە خاوەنی "چەقی سەرنج"ین. ئەگەر ئێمەی مرۆڤ بتوانین هاوکات بیر لە دوو مژار بکەینەوە، دەشتوانین هاوکات لە دوو کەشی جیاوازیشدا بژینو ئیدی ئەودەم شتێك بە ناوی جووتۆکەی ناتەبای کەتوارو بان کەتوار لە ئارادا نەدەبوو!

جیهانگۆڕکێی زەینی مرۆڤ بەرهەمی "شوێنگۆڕکێ" یان "کاتگۆڕکێ" ی فیزیکی نیە، تەنیا بەرهەمی "هەڵپەساردن"ی کاتە کە دەبێتە مایەی "شوێن"و "ڕووداو"ی گۆڕاو. بەم چەشنە نۆژەنکردنەوەی "کەتوار" دەبێتە هۆی ڕەخساندنی "بان کەتوار" کە بەتەواوەتی زەینییە. هیچکات "بان کەتوار" ناکەوێتە پێش "کەتوار"ەوە. "بان کەتوار" ڕووبەری خۆزیاو بریایە. واتە ئەو شتەی کە "نەدەبوو وا بێت"، نۆژەن دەکرێتەوەو لە زەیندا دەبێت بەو شتەی کە "دەبوو وا بێت". بان کەتوار گێڕانەوەی چیرۆکێکە کە هاوتەریبی "مێژوو"ە. دەسکاریی ئەو شتەیە کە "دەبوو" یان "نەدەبوو" ڕوو بدات. دەکرا "هێکتۆر" بە دەستی "ئەخیلیۆس" نەکوژرێت تا بەشکم "ئەخیلیۆس" بەدەستی " ئالیس"ی ترسنۆك نەکوژرێت. لەم دەربڕینەدا خۆشەویستی "ئەخیلیۆس" لە چیرۆکێکدا دەشێ بێگوناهیی منداڵانە"ی شاعیر" بەرەو پێشێلی ڕێسای تراژێدیا ڕابنێ‌و "کەتواری ڕاستەقینە"ی دۆخی مرۆیی، "ئەخیلیۆس" چەشنی سەربازێك کە بەرێکەوت لە بارودۆخێکدا گیری کردووەو بەرێکەوت لە ترسی گیانی خۆی شەڕی کردووەو بووەتە قارەمان‌و... هتد، کەسایەتیی قارەمانی تراژێدی بۆ کەسیەتیی کۆمیکی ئەدەبی مودێرن دابلەنگێنێ!

بەم کارە، ئێمە نەمانتوانیوە ژانری ئوستوورەیی تراژێدیا بخولقێنین، چونکە "مەرگی قارەمان"مان دواخستووە، کاتی ئوستوورەیی‌و تراژیکمان لەنێو بردووەو "پاڵاوتن" (کاتارسیس)مان لەکار خستووەو ئیدی پرسیاری"بۆ ڕووی دا؟"مان کوشتووە. ئاواتی "شاعیر" بۆ ڕزگارکردنی ئەخیلیۆس لە گێڕانەوەکەدا سەرلەبەری بەستێنی تێك داوەو بەم چەشنە "بان کەتوار"ی بۆ "کەتواری ڕاستەقینە"ی مرۆڤ کە "کۆمیك"ە، نەك "تراژیك"، دالەنگاندووە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی ڕاستەقینەو کەتوارەکییە، بەڵام هیچ نرخێکی ئوستوورەیی نیەو لەبەرئەوەی "ئەخیلیۆس" لە "چارەنووسی قارەمانانە"وە بۆ "چارەنووسی مرۆڤی بوودەڵەی ناچار بە بوودەڵەیی" دالەنگێنراوە، بووەتە کەسایەتییەکی کەتوارەکیی "کافکایی" نەك "هۆمیرۆسی"!.

مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم" مەرج نیە هەمیشە "شاعیر" لە هەوڵی هەڵکشاندندا بێت، بەڵکو دەتوانێ "هەڵکشاوەکان"یش دابکشێنێ، بەڵام بەم کارە ناتوانێ "ژانر" بپارێزێ! چونکە "ئاست" دەستنیشانی "ژانر" دەکات نەك "ژانر" دەستنیشانی "ئاست"! "ژانر" دەخولقێ، بەڵام "ئاست" هەیە.

"ئاست" هەمیشە بەشێوەیەکی"پەنگراو"هەیە“ هەمیشە دەتوانین بە شێوەی جیاواز هێڵێك لە ژێرو هێڵێك لە ژوورو دابنێین. هەمیشە هەڵکشانو داکشان هەیە“ هەمیشە مەودایەکی نەبینراو هەیە کە تەنیا پێویستە بیدۆزینەوە، واتە ئێمە هەرگیز ناتوانین "ئاست" بخولقێنین. ڕەنگە "هاوئاستی" هەبێت، بەڵام بەندە بڕوام بە ئاستی هاوشێوە نیە.

گوتەی" ژانر، ئاست دەستنیشان دەکات"، گوتەیەکی ڕاست و بەجێیە، بەڵام "ژانر" هەروەك گوتم دەخولقێ، چەشن یان بوار (ژانر) لە بەرەنجامی پەیبردنو دۆزینەوەی "ئاست"ێکدا دێتە کایەوە. هەموو ئەو ژانرە ئەدەبییانەی داهێنراون، بە دۆزینەوەی "ئاست"ەکان داهێنراونو پۆلێن کراونو لەو ڕووەوە داوای ئاستێکی دیاریکراومان لێدەکەن. مەبەستم ئەوەیە کە ئاستە دۆزراوەکانی دەربڕین ژانرێکیان سەقامگیر کردووە کە ئێمە بە باسکردنی ژانرەکە شێوەی دەربڕینەکەی کە پابەندی "ئاست"ە، دەدۆزینەوە کە دواجار "زمان" ڕێکخەری سەرەکیی تێکڕای پرۆسەکەیە. ئاست لە هەموو ژانرێکدا هەیە“ پلەبەندیی ئاستەکانیش لەنێو "ژانر"ێکدا دەکرێ بەدی بکرێتو نووسەرانێك کە لە ژانرێکی دیاریکراودا کار دەکەن دەشێ "هاوئاست" بن“ بەڵام "هاوشێوە" نین، چونکە پێکهاتەی زەینیو زمانییان "هاوچەشن" نیە، ئەمە دەبێتە هۆی هاتنە کایەی جیهانی ئەدەبیی جۆربەجۆر کە بە بۆچوونی بەندە پێوەندیی بە بینینی ئاستەکانەوە هەیەو "زمان" هەمیشە دەتوانێ بەگوێرەی ئاستەکان، بەشێوەیەکی بێسنوور "شێوازی دەربڕین"ی هەمەچەشنە بێنێتە کایەوە! ڕێکۆر گوتەنی: "هیچ شتێك نەماوەتەوە بۆ گوتن“ تەنیا شێوەی گوتن هەیە!"

هێشتا پرسیاری زمان چۆن دەتوانێ ئەم جیهانە تەریبە ئاراستە جیاوازە بئافرێنێ؟، بەتەواوەتی وڵام نەدراوەتەوە:

١) هیچ وڵامێکی یەکلاییکەرەوە بۆ ئەم پرسیارە کە هەمووان ڕازی بکات لەمبارەوە نیە“ ئێمە لەنێو تۆڕێکی تێکتەنراوی (وشە-ڕستە)دا بیر دەکەینەوەو لەکاتی ئاخاوتنی ئاساییدا بەشی "خودئاگایی زمانی"مان هەمیشە کەرستەی ئامادەکراوی لەبەردەستدایە کە زیاتر بۆ ئاستی پێوەندیی ژیانی ڕۆژانە بەکار دەهێنرێنو هەندە سواون کە بەبێ بیرکردنەوە بەکار دەهێنرێن. (کاروباری بازاڕو پێوەندیی کۆمەڵایەتی).

٢) کۆمەڵە کەرستەیەکی کاردانەوەی هەستەکیش هەن کە بەگوێرەی لۆژیکی کارتێکەریو کاریگەری چەشنی دوو جوولەی پێچەوانە لە دەرەوە بۆ ناوەوەو لە ناوەوە

بۆ دەرەوە بەگوێرەی پلەکانی کارو کاردانەوە لـە ژیـانی ڕۆژانەمانـدا هـەن‌و ئـەوانیش چەندین‌و چەندان جار بەگوێرەی هەڵوێستەکان دەردەبڕدرێن“ وشەکانی ئاخ، ئوف، چـش، دەك، ئەهێو، تەح، فڵت، جرت،... لە ئەنجامی هەڵچوون‌و داچوونی دەروونـی‌و سـۆزەکی دەردەبـــڕدرێن بـــەبێ ئـــەوەی دەراوی دیاردەناســـانەی ئیپســـتیمۆلۆژیکیان هـــەبێت، خۆنەویســـتانە دێنــە دەربــڕین کــە لــە کێڵگــەی دەروونــی‌و ناخەکیـدا وەك ڕووکـاری بەرهۆیی(معلولی) سەیر دەکرێن. ژیانی دەروونی‌و سۆزەکیی تاك لە کۆمەڵگـە کـە لـە ئاخاوتن دەشێ ڕوو بدات یان لە دیالۆگی نێو دەقێکدا کە گێڕانەوەییـە، دەکـرێ ڕەنـگ بداتەوە.

٣). گوێزرانەوەی بەستێن: بۆ نموونە - لە شیعردا - (هۆ!) وەك ئامرازی (بانگکردن) - **هۆ ڕەنگاڵە تەریوەکەی خنکـاو بـە شـەونمی خـەیاڵ!** (نۆسـتالیژیك). "هـۆ" وەك ئامرازێکی بانگکردن لە ڕێزماندا، "بەربێژ"ی خۆی لەنێو مرۆڤاندا بەجێ دەهێڵێ‌و ڕوو لە گریمانکراوێك دەکات کە "خودی ونبوو" یا "جێهێڵـدراو"ە. دەمـەوێ سـەرنجتان بـۆ کارکردی ڕێزمانیی (هۆ) ڕابکێشم کە بریتییە لە "ئامرازی بانگکردن"و ئینجـا سـەرنج لەوە بدەن هەر ئەم "ئامرازی بانگکردن"ە، چلۆن هەرکـە لـە بەسـتێنی کـەتوارەوە بـۆ بەستێنی هەڵپەسێراوی کات (بان کەتوار) دەگوازرێتەوە، چ ڕەهەندێکی بوونەکی لە خۆ دەگرێ و لەوەش سەیرتر"بانگ"و"بانگکردن" چ مانایەکی میتافیزیکی لە خۆ دەگـرن! من ئەمە بە "ئاست" لە "زەین"و لە "زمان"دا پێناسە دەکەم کـە بـەگوێرەی شـێوەی تێهزرین لە "بوون"، دەبێتە هۆی ترازاندنی بەستێنی مانایی کە پێموایە "مـرۆڤ" هـەر لە بنەڕەتەوە پێویستیی بەمە هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ لە بوونی تاکڕەهەندیی خۆی ڕزگـار ببێ‌و بە شێوەیەك بارگرانیی "ئاوارەیی لـە جیهانـدا" یـان هـەمان "کـەتوار" سـووك بکات‌و "بان کەتوار" بەرهەم بهێنێت.

"شیعر" کە لەنێو زماندا ڕوو دەدات“ بریتییە لە تێکشکانی ڕێزمـان‌و تێکشـکانی ڕێزمان واتە تێکشکانی لۆژیکی کەتواری ژیان لەجیهانی ماددیدا کە مرۆڤ هەست بەوە دەکات لە شوێنێکەوە هەڵداشتراوەتە نێوییەوە. تێکشکانی ڕێزمـان تـەنیا گەمەیـەکی ڕووت نیە، بەڵکو تێکشکانی لۆژیکی سێگۆشەیی کەتوارە کە لە "کـات"و "شـوێن"و "ڕووداو" پێکهاتووەو "فیزیك" لە ڕێساکانی دەکۆڵێتەوە. بەڵام هەستی "هەڵداشتران" وا لە مرۆڤ دەکات لەو هەڵدێرە بڕوانێت کە لێوەی هەڵدێراوەو دەخـوازێ لـە نزمایییـەوە جارێکی دی بەرەو بەرزایی هەڵبکشێ‌و حەزی ئێمە بۆ بڵیندهەڵکشـان (ترانسـێندێنس)

لــەوەوە سەرچــاوە دەگرێــت کــە جاروبــار لەبــەر"بانگێکی میتــافیزیکی" "بــوونی زەمینی"(ڕێزمان / کەتوار)ی خۆمان جێدەهێڵینو بۆ بەرگەگرتنی جیهــانی ڕاســتەقینە، لە بان کەتوار(دین و شیعر) وێنای جیهانێکی تەریب دەهێنینە کایەوە.

نەچوونە ژێرباری مەرگی ڕەهاو کەڵکەڵەی ژیانی پــاش مــەرگ، ڕەنگــە یــەکێك لــە هۆکارە سەرەکییەکانی بەیەزدانیکردنی سەرچاوەی "بوون" بێــت کــە فەلسەفەشــی بــۆ ڕووبەری یەزدانناسانەی "بوون" پەلکێش کردووە! هەستی "نامۆیی"ی مرۆڤ بــە زەویو ئاسمانو گەردوونی بێ بنەتا لە لایەك و سەرچــاوەی فیزیکییانــەی زمــان کــە گــیرۆدەی لۆژیکی دیاردەییــە، بووەتــە هــۆی ڕەخســانی دوو دیــوی "بــوونی زەمــینی/ ئاســمانی (ناسووتی/ لاهوتی)ی لە تێهزرینی مرۆڤدا. جەستەو ڕۆح وەك جمکی ناتەبا وێنا کراونو ئەمە لە قووڵایی زەینی مرۆڤــدا هــەوێنی "دیــن"ەو لــە زمانیشــدا چەشــنی "شــیعر" دەرکەوتووە. بەڵام خۆتــەرخانکردنی مــرۆڤ بــۆ تێگەیشــتن لــە دەوروبــەر بەشــێوەیەکی دیاردەناسانە، بووە مایەی گرنگیدان بە "فاکــت"و "بەڵگەهێنانــەوە" لــە چوارچــێوەی یاسای "هۆبەندێتی بە دووفلیقانــەی "هــۆ"و "بەرهۆ"کــە لــە بەرەنجامــدا "بیرۆکــە"ی لێکەوتەوە کە بیرۆکە، ڕێکخەری سیستمی بیرکردنەوەیە. چونکە بیرۆکە، تــوانیی مــرۆڤ بکات بە "پارسەنگی هەموو شتێك"و چەشنی "ناسکار"و "بکەری پەیــدۆز"، جیهــان وەك "بەرناس" کەوتە چەنبەرو مرۆڤیش بوو بە "چەق"و فەلسەفە بەم چەشنە مرۆڤی لە ئاسمانەوە داگرتە سەر زەوی و لە سای "دیالکتیك"ەوە باوەڕەکان لەوە بەدواوە ناچار بــە بەڵگەهێنانەوەو "فاکتۆلۆژی" کرانو بەم چەشنە مرۆڤی ئاوەزگەرا بە گومان خستنەسەر قەڵەمڕەوی ئوستوورەیی، هەوڵیدا پەی بە یاساو ڕێسای چۆنیەتیی شــیرازەمەندیی زەوی وەك چەقی "بوون" ببات. کاتێك زەوی بۆ "چــەق" وەرگــۆڕدرا، پێگــەی ئوســتوورەیی جیهان چەشنی هەمەك لــەق بــوو، چــونکە ئــەمجارەیان "مــرۆڤ" لــە "چــەقی زەوی"دا ڕاوەستابوو، ئیدی هەموو شتان بــەدەوری ئــەودا دەســووڕانەوەو ئــەم فێــری پاژبەنــدیو جیاکردنــەوەی "هەنــدەك" لــە "هەمــەك" ببــوو، دیاردەناســانەو "ئەزموونگەرایانــە" جیهانی چەشنی سەرچاوەی بابەتی ناسینو دانــایی لەقەڵەمــداو فەلســەفە بــەم چەشــنە توانیی پاشەکشە بە دیدی ئوستوورەیی بۆ جیهان بکاتو بەسەر"ترس"و "سەرسامی"دا زاڵ بێت، بەڵام لەگەڵ خۆیشیدا "نیگەرانی"و "پەرۆشی" بە دوای خۆیدا هێناو ئەمەش "ناڕەزامەنــدی لــە بــوونی زەمینیــی مــرۆڤ"ی لێکەوتــەوەو ئــەمجارەیان "ڕەهەنــدی یەزدانناسانە" بــوو بــە یــەکێك لــە کەڵکەڵــەکانی مــرۆڤ. چــونکە بەهــەرحاڵ ڕێســای

سێکوچکەیی هۆبەندێتی بووە مایەی هەوڵدان لەپێناو دەستنیشانکردنی "هۆی یەکەمین"و ئەو هۆی یەکەمینە" خودا" بوو. بەم چەشنە"خودا" وەك وەدیهێنی "بوون"، بوو بە دەسمایەی "دین"و "شیعر"و ئەم "دەسمایە"یەش دیاریی فەلسەفە بوو، چونکە جارێکی دیکە زمان دەیتوانی "خودا" وەك خاوەنی "بوون"و هۆکاری سەرەکیی "ئاوارەیی لە جیهاندا" لە "ڕێزمان بچەقێنێ"و بەم چەشنە میتافیزیکی زمان ڕووبەری بان کەتواری خۆی پاراست کە دەیتوانی "بوونی کاتمەند"ی کەتواری فیزیکیی جیهان ببەزێنێ کە مەبەستی بەندە لە "هەڵپەسێرانی کات" ئەمەیە کە هەم لە "شیعر"و هەم لە "دەقی سپەنتا (مقدس)دا بەزەقی وەبەرچاو دەکەوێت.

## ڕەهەندی هەستەکی:

هەستەکان زیندووترین پێدراوی ژیانی جەستەییو ڕۆحیی ئێمەن. "چێژ"و "ئازار"و "خەم"و "سەرسامی"... کاردانەوەی ژیانی هەستەکین. مرۆڤ، وەك گیانەوەرێکی ئاوەزمەند، لە باری دەروونییەوە ناهاوسەنگە" ناهاوسەنگیی دەروونیی مرۆڤ لەبەر ئەوەیە کە هەموو کاردانەوە دەروونییەکانی دەرهاویشتەی"وارسکە" (غریزە) نین، بەڵکو بەرەنجامی دەڵاندنی هزرو تێرامانن" "مەرگئایی" مرۆڤ، "ژیان" چەشنی جادوویەك دەنوێنێو "مەرگ"یش وەك پرسیارێکی بێ وەڵام.

گوتەیەکی نیچە، لە ویستی ڕوو لەهێز -ویستی هێز-دا، لە بارەی "چێژ"و "ژان" جێی سەرنجە. "ژان"و "چێژ" دژی یەکدی نین، هەردووکیان هەستکردن بە هێزن"، لەگەڵ ئەوەی دەرخەری دوو جەمسەری دژن، بەڵام هەردووکیان پێداویستیی ژیانی تراژیکی مرۆڤنو لەم سۆنگەشەوە دەتوانین "تێرامانی شیعری"و "ڕاڤەی فەلسەفی" بە ڕۆحی تراژیکی مرۆڤەوە گرێ بدەینو "دانایی" بە مانای وشیارییە لەمەڕ دۆخی هەبوونمان لە جیهاندا بەرانبەر بە "بوون". ئەمە کە بوونەوەرێکی ئاوەزمەند واتە "هەبوو" وەك چرکەساتێك لە "بوون"، لە "بوون" ڕادەمێنێو تێی دەهزرێو وەبەر "داوەری"ی دەخاتو لەپاڵ ئەوەی" چێژی ناسین" لە مەڵاشووی دەگێڕێت، جاروبار بێ ئاکامی جیهان تا ئەوپەڕی "نیهیلیزم" ڕای دەنێ. ڕاستیی سامناکی "بوونبەیێتی" (صیرورت)، ڕەخسێنەری ڕوانینی شیعریو فەلسەفییەو چارەنووسی هەڵداشتراویی مرۆڤو گەوهەری بوونەکیی مرۆڤ مایەی "سەرسامی"، "چێژ"و "ژان"ە. فەلسەفە بە دوای

"هۆ"(علە) یەکاندا دەگەڕێ‌و شیعر لە"بەرهۆ" (معلول)کان دەدوێ‌و ڕایەڵێك بۆ "هاوسۆزی"و "خۆسپاردن" بە ڕەهەندی جوانیناسانەی "بوون" دەدۆزێتەوەو زمان بە دەرچوون لە "لۆژیکی ژیانی ڕۆژانەی ڕۆژژمێری" دەخزێتە نێو "بەدەرکاتی"ی شیعرەوەو بەم چەشنە ئەو شتەی کە "ڕەوانبێژی"ی پێدەگوترێ دێتە کایەوە. "خوازە" (مجاز)، "خواستن" (میتافۆر)و لێکچواندنو...هتد، بەرەنجامی خۆڕاهێنانی زمانن کە لەنێو کەتواردا، یان کەتوار بەرهەم دەهێنێ‌و لە فەلسەفەشدا بۆ شیکردنەوەی "کەتوار"، "چەمکسازی دەکات. واتە، مرۆڤ دەتوانێ بەشێوەیەك لە شێوەکان لە چەندین ڕەهەندەوە هەبوونی خۆی لە جیهاندا نیشان بداتو وای بۆ دەچم فرەچەشنیی شێوازەکانی دەربڕین، دەرخەری توانایی خۆپێشاندانی مرۆڤە لە ڕەهەندە جیاوازە بوونەکییەکانیدا. هەوڵدانی مرۆڤ بۆ ئافراندنی ژانرەکان سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە.

## میتافۆر"و "چەمك": تەنینەوەی مانایی، سەقامگیریی مانایی

"زمان"، لە دەربڕینی ماناکاندا لە لایەکەوە پابەندی "نیازی دانەر"ە، لە لایەکەوە لەگەڵ ئەوەی ئەم پابەندییە لە چوارچێوەی "وشە- ڕستە)دا دەگوازرێتەوە، لە ڕەوتی خوێندنەوەدا، خوێنەر بە ئاقاری تێگەیشتن لە نیازی دانەر هەنگاو نانێتو ئێمە ناتوانین دەستەبەری ئەمەکداریی "نیازی دانەر" بین. چونکە هەر لە سەرەتاوە هیچ دەستەبەرییەك بۆ پەیبردن بە "نیازی دانەر" لە ئارادا نیە! وشەکان سرکو فرەڕەهەندنو "ڕاڤە"ش گادامێر گوتەنی ڕادەستی ئاسۆکان دەکرێت" بەڵام ئەم لێکدانەوەیە پێمان دەڵێ دوایین تێگەیشتن لە ئارادا نیەو ئەمە لە دەستنیشانکردنی "ڕاستی"دا کۆسپێکی گەورەیەو بەرەو "ڕێژەییگەرایی ڕادیکاڵ" ڕامان دەنێ‌و "دوایین مانا" دەبێتە مەحاڵ، ئەمە ڕەخنەیەکە کە لە هێرمێنۆتیکی گادامێر گیراوە.

"تەنینەوەی مانا لە "شیعر" دا کۆسپی سەرەکیی گەیشتن بە "دوایین مانا"یەو زمانی وێنەیی لە شیعردا لێکچواندنێکی زنجیرەیی‌و تێکئاڵاو دەئافرێنێ‌و ناکۆکی‌و دژیەکەکان لەسەر خوانێك کۆ دەکاتەوەو بەم چەشنە شیرازەی فیزیکیی جیهان سەروبن دەکاتەوە" بەراوەژووکردنەوەی کەتوار یەکێك لە ئەرکەکانی شیعرەو هونەری شیعر لەوەدایە بە "تەنینەوەی مانا" بازنەی فرەمانایی بەرینتر بکاتەوەو "میتافۆر" دەتوانێ هەموو سنوورە دەستڕانەگەیشتووەکان ببەزێنێ‌و هەروەك پێشتر باسم کرد لە ڕێگەی

"هەڵپەسێرانی کات"ەوە ئەم کارە ڕایی بکات، ئیدی هەڵکڕاندنی "دوایین مانا" لە شیعردا نەلواوەو کارێکی نەکردەیە! دیارە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە "دوایین مانا" لە "موزیك"یشدا بێمانایە، چونکە هەر لە سەرەتاوە "تەنینەوەی مانا" ئامانجەکەیە نەك " دوایین مانا"، بەڵام سروشتی زمان لە فەلسەفەدا — هەروەها زانست - چەمکسازییەو کاتێك لە چەمك دەدوێین، مەبەستمانە پێش بە "تەنینەوەی مانا" بگرین. باشاری زمانی فەلسەفەو زمانی شیعر لێرەوە دەست پێدەکات!

"میتافۆرسازی"و "چەمکسازی" دوو پرۆسەی دژ بە یەکن، "میتافۆر" ڕاگواستنی مانایە لە بەستێنێکەوە بۆ بەستێنێکی دیکە. "ڕاگواستنی مانا" هەر لە بنەڕەتەوە مانا سرکتر دەکاتو بەبێ "میتافۆر" بان کەتوار بەرهەم نایەتو لەم سۆنگەوە کاتێك دەڵێین "دەستی خودا" یان "ئەسپی باڵدار" سەرزەمینێکی دیکە دەخولقێنین کە بەرەنجامی ئوستوورەسازییەو بەهەرحاڵ هیچکات ناتوانین لە مەیدانی "وێژە"و "ڕامیاری"دا خۆمان لە پریشکەکەی بپارێزین.

"میتافۆر"، خواستنەوەو جێگۆڕکێی ئاماژەیە، لەقکردنی پێگەی مانای سەقامگرتووەو بەخشینی مانایەکە بە کەڵکی داتاشینی ئوستوورەی زەینی دێت" هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نیە کە ئێمە ناتوانین لە دەقی فەلسەفیدا پەنا بۆ "میتافۆر" بەرین. "نەزیلەی فەلسەفی"و پۆلێنی "ئوستوورە" لە بابەتە فیکریو فەلسەفییەکاندا بۆ ڕاگواستنی بەستێنێکە لەپێناو چنینی بەڵگەهێنانەوەو بەم شێوەیە بەبێ "میتافۆر" ئەم کارە ڕایی ناکرێت.

چەمك داڕشتەیەکی هزرییە کە بۆ سنووردارکردنی ماناو کێڵگەی مانایی وەگەڕ دەکەوێو ئامانجەکەیشی سەقامگیرکردنی مانایە. گەرچی چەمکسازی بە مەبەستی پێشگرتن لە "تەنینەوەی مانا"یەو بەشێوەك لە شێوەکان "بنجبەستکردنی" ئاماژە لە بەستێندا ئامانجی "چەمکسازی"یە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبەرئەوەی ئێمە ناتوانین پێش بە ڕەوتی "ماناکێشەکێ" (تداعی معانی) بگرین" پێداویستییەکانی تێهزرینی فەلسەفیو زانستیو مەیدانی ئاکادیمیك پێویستیی بە پەستاوتنی مانا لە چێوەیەکدا هەیە و ئێمەش پێویستیمان بە پێڕەوبەندکردن (سیستماتیزە)ی ماناکان هەیە کە جۆرێك لە پۆلێنبەندیی واتاییەو یارمەتیی ڕاڤە دەدات تا خولگە یان ڕێچکەی ڕاڤەیی ڕەمزپەڕژاو بکاتو هەتا بۆی دەکرێت لە داڕشتەی وەسفیو پەسنەکی دوور بکەوێتەوە. بەڵام مەخابن ئەم ئامانجە بەتەواوەتی سەر ناگرێت لەبەر هۆیەکی گەلێ گرنگ:

چەمکسازی لە چاوگەیەکی هزریی نێوەکییەوە هەڵدەقوڵێو پێویستە زمان لەم پێناوەدا لە دەربڕینی فرەماناییانە کە هەوێنی تەمومژی واتاییە دوور بکەوێتەوەو خۆی لە چێوەو چەنبەرو چەقێکدا بگونجێنێو بە زنجیرەپلەیەکی ماناییەوە دەروەست ببێتو لەو هەڵوەدایی‌و یاخیبوونە سروشتییە دابماڵرێو "هزر" لە پاڵاوگەی خۆیدا بپاڵێوێ. "بیرمەند" ناچارە بەشێوەیەکی تەکنیکی لە زمانو مانا بڕوانێتو توانستەکانی لەکەستەکدانی مانا لە وشەیەکی داڕێژراودا هەڵبسەنگێنێو لە پەنای زمانی سروشتیدا، زمانی خۆی دابهێنێتو لە دەقادەقی مانایی نزیك ببێتەوە. دیارو ئاشکرایە لۆژیکی ڕەق‌و ساردی ڕێزمانو مۆرفۆلۆژی‌و مۆرفۆسینتاکس کارگەی ئەم چەمکسازییەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە بەشێوەیەکی کردەکی بەتەواوەتی نایەتەدی "بیرمەند" سەرەڕای بانگەشەکردن بۆ دیلکردنی زمان لە لۆژیکی ئاوەزگەرییەکی پەتیدا، ناتوانێ بەتەواوی پێش بە "تەنینەوەی مانا" بگرێت، چونکە هیچکات ناتوانین زمان لە "ئەدەبیبوون"ی دابماڵین‌و لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە بەبێ "تەنینەوەی مانا"ش "ڕاڤە" نایەتە کایەوەو ئەمە مەودای نێوان "کەتوار"و "دەربڕین"ە کە وامان لێدەکات هەمیشە هەست بە لێڵییەکی مانایی لەنێو دەقدا بکەین، لەبەرئەوەی "ماناکێشەکێ" یەکێك لە سروشتە بنەڕەتییەکانی ڕاڤەیە. بۆیە سەرەڕای جیاوازییەکان، "فەلسەفە"و ئەدەبیات" هەمیشە خۆراك بۆ یەکدی دابین دەکەن. مرۆڤ و چارەنووسەکەی‌و ڕەهەندەکانی بوونی مرۆیی مژاری هەمیشە زیندووی باسوخواسی ئەدەبی‌و فەلسەفییەو کەڵکەڵەی "دەقاودەقی مانایی‌و چەمکی" هیچکات نایەتە دی، لەبەرئەوەی سیستمی نیشانەناسانەی زمان هەمیشە خەریکی ڕادەستکردنی نیشانەییەو ڕەنگە بتوانم بێژم کە خاڵی هاوبەشی "چەمك"و "میتافۆر" ڕاگواستنی ماناییە! بەڵام جیاوازییەکەیان لەوە دایە کە "چەمك لە بەستێن کێڵگەی کەتواری بەرهەستەکی‌و دەرهەستەکی‌و سیستمێکی ئیپیستیمۆلۆژیکدا دەگیرسێتەوەو ئامانجەکەی "پۆلێنکردنی دانایی"ەو هەتا بۆی بلوێت ئەگەرەکانی "ماناکێشەکێ" کەمتر دەکاتەوەو دیاردەناسانە وەگەڕ دەکەوێ.

بە بۆچوونی بەندە تەنیا جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان چەمك‌و میتافۆر بریتییە لەوەی کە میتافۆر، ئوستوورەساز"ەو چەمك، "ئوستوورەسڕ"ەوەیە" چونکە ڕاگواستنی ماناییش یەکێك لە خاڵە هاوبەشە کارکردەییەکانی "چەمك"و "میتافۆر"ەو هەردووکیشیان دەراوێکی چەمکسازانەیان هەیە!

له پێوەندی لەتەك "دواپین مانا"دا، دیارە چەمك خوازیارە بە کەستەکدانی مانا لـە سیستمێکی ئیپستیمۆلۆژیکدا فرەڕاڤەیی بنبڕ یان لانیکـەم کـەم بکاتـەوە، ڕەنگـە لـە "چەمك" چەشنی "تاك وشە" یان "دەسـتەواژە" یـان دەرکـەوتنی چەشـنی "زاراوە"، بتوانین ئەم کارە تەنیا گرێدراو بە خۆی ڕاپەڕێنین" بەڵام "ڕسـتە" وەك دوایـین بەسـتێنی دەربڕین، خۆبەخۆ "تەنینەوەی مانـایی"ی لێدەکەوێتـەوەو فرەڕاڤـەیی بەناچـاری دێتـە کایەوە و تەنانەت بەدحاڵێبوون"یش بەرەنجامی ڕاڤەکردنێکە کـە تێیـدا نیشـانەکان بـە لەنگییـەوە ڕادەسـت کـراون. هـەر بۆیـە لـە دەقـی ئـەدەبیو فەلسـەفیو زانستیشـدا بانگەشەکردن بۆ "دواپین مانا" بێمانایە.

ئەوەی لەم بابەتەدا سەرنج ڕادەکێشێ، ئەوەیە کە هێڵێکی باریکی جیـاوازیی نێـوان شیعرو فەلسەفە هەیە" ئەم هێڵە، شێوەی "وێنەسـازی"یە. خسـتنەڕووی وێنەیـەك لـە جوانی یان دزێوی یان دۆخێکی مرۆیی بەوەوە گرێدراوە کە ئێمـە بـە چ ئامانجێـك ئـەو وێنەیە دەخەینە بەرچاوو بەڕاستی "نیازی دانەر" لەم بابەتەدا گرنگە" هەرچەند خوێنەر لە خوێندنەوەی نیازی دانەردا بـە ئاقارێکـدا دەچـێت کـە نـاتوانین پێشـبینی بکـەینو هەمیشە پێشداوەریی ئەو —گادامێرگوتەنی- تێکەڵ بە پەیبردن بە نیازی دانەر دەبێتو ئیدی "دەق" خاوەنەکەی لە دەست دەدات. بەڵام ئەمە بـەو مانایـە نیـە کـە "دانـەر" بەتەواوەتی پشتگوێ دەخرێت، بەڵکو بەو مانایەیە کە "دانەر" لە دیاریکردنی ڕێچکەی ڕاڤەدا کاریگەریی هەیـەو یـەکێك لـە هەوێنـەکانی ڕاڤەگـەلی هەمەچەشـنە، "نیـازی دانەر"ە.

من بۆ جیاکردنەوەی ئەم "وێنەسازی"یە لە نێوان "شـیعر"و "فەلسـەفە"دا، ناچـار بووم پەنا بۆ "نیازی دانەر" ببەمو پاشان بەگوێرەی "پەنەوازی" (استلزام)ی بابەتەکە لە "میتافۆرسازی"و "چەمکسازی" بدوێم کە هەردووکیان یەك دەراویان هەیـەو هەڵبـەت ئامانجەکەیان گەلێ جیاوازە" هەروەك پێشتر باسـم کـرد، "میتافۆرسـازی" ڕاگواسـتنی مانایەو کێڵگەی مانایی باو دەشێوێنێو ئێمە تەنیا بە "تەرازنیشانە" (قرینـة)دەتـوانین لێی تێبگەینو ئامانجی شاعیریش ئەوەیە کە لە ڕێگەی "تەرازنیشـانە"وە جیهانسـازی بکات.

چەمك، ئەمەکی بۆ "کێڵگەی واتایی"هەیەو پابەندی لۆژیکی جیهانی کەتوارەکییەو هەوڵ دەدات لە ڕێگەی شوێندۆزیی نیشانەناسانەوە "تێگەیشتن" بەرهـەم بهـێنێ، لـەم پێناوەدا چەمك لە ڕێگـەی "وێناسـازی"یەوە، واز لـە نواندنـەوەی بـەردەوامی وێنـەی

بەدوایەکداهاتوو دەهێنێت" چونکە "نواندنـەوەی بـەردەوامی وێنـەیی" سـەقامگیریی مانایی تێك دەدات لەگەڵ هەر نواندنەوەیەکدا هاوکات لێکچواندن یارمەتیی ڕاگواستنی مانا دەداتو بەم چەشنە کێڵگە ماناییەکان سنووری یەکدی دەبەزێننو ئیـدی جیهـانی کەتوارەکی لەپێناو جیهانێکی بان کەتوارەکی دەسکاری دەکرێت. بەڵام چەمك هەمیشە دەیەوێت "مانا" بنجبەست بکات، هیچکات سـنووری کێڵگـە ماناییـەکان نابـەزێنێ، هۆیەکەش ئەوەیە کە چەمك پابەندی "فاکت"ەو فـاکتیش کێڵگـەی کـەتوارەکی خـۆی هەیەو لە زمانیشدا دەستنیشان کراوەو "چـەمك"یش بـە بـێ لـەئارادابوونی "فاکـت" ناتوانێ مانـا سـەقامگیر بکـات. دیـارە "تەرازنیشـانە" (قرینـة) لـە چەمکسازیشـدا لەبەرچاو دەگیرێت، بەڵام نەك بۆ "لێکچواندن" بەڵکو بۆ دۆزینـەوەی پێوەنـدیی نێـوان "کێڵگە ماناییەکان" بۆ نیشانەدارکردن لەپێناو سەقامگیرکردنی مانا کـە ئامانجەکـەی ئەوەیە ئێمە بتوانین لە ڕێگەی چەمکەوە تێبهزرین.

بەکورتی جیاوازیی نێوان "شیعر"و "فەلسەفە" لە سەرێکەوە پێوەندیی بە جیاوازیی نێوان "شـاعیر"و "فەیلەسـووف"ەوە هەیـە کـە خولیـاو ڕوانگـەیان ناچـاریان دەکـات "ژانری" خۆیان بەرهەم بهێنن. بەڵام لە وڵامی ئەم پرسیارە کە ئایا شیعر مەعریفەیـە، یان تەنیا ڕوانینێکی نوستالیژیك، یان هەر شتێکی دیکە؟ من بێدەنگی هەڵدەبژێرم!

# کەژاڵ*

## ژنــە شــاعیرە بوێرەکــە



**د. ئەرسەلان باییز**

لە چێشتەنگاوی ڕۆژێکی سەرەتای بەهاری نیوە هەورو نیوە سامالٚ بە دلٚێکی پــڕ لە ئومێد کراس‌و کەوایەکی نوێی گولٚداری لەبەرکردبوو. لەبەردەمی ئاوێنە بچــوکەکەی قەد دیواری ژووری خەوتنەکەی خۆی، قژە خاوەکانی شانە شانە کردو دوو گوڵی ســوورو سپی لەملاو ئەولای لا جانگەکانی خۆیدا. لەچاوەڕوانی بانگی عەسر بوو، تــاکو لەگــەڵ

ژمارەیەك لە دەستە خوشکەکانی قوتابخانەو گەڕەك بچنە مێرگەکانی دەوروبــەری شــارو هەندێ هەوای دوای نمە بارانی ژێر پەلکە زێڕینە هەڵمژن.

دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ بە شەوقو زەوقەوە مەسینەو دەستشــۆرەکەی هێنــا. یەك یەك ئاوی بە دەستی میوانەکانــدا کــرد. یــەکێ لــە میوانــەکان لەســەری ســەرەوە دانیشتبوو، پیاوێکی بالاّ بەرزی چوار شانەی کــەواو ســەڵتە لەبــەر، مێزەرێکــی ســپی لەسەر بوو. ئەگەرچی هەموو قۆناغە پێویستیەکانی خوێندنی مەلایەتی تەواو نەکردبوو. بەلاّم بە هۆی زیرەکــیو زمــان تیــژی خــۆی چــوو بــووە ڕیــزی مــەلاو پیــاو مــاقولاّنی دەڤەرەکەیان. لەکاتی ئاو بە دەستدا کردنەکەیدا مەلا سەری بەرز کردەوەو لێی پرسی:-

-کچە جوان ناوت چیە...؟

ئەو تازە هەڵدەچوو، هێشتا تەمەنی لە چوار دە پانزە سالاّنێك تێپەڕی نەدەکرد. بەلاّم گورجو گۆڵو وریا بوو، بڕوا بەخۆ، بە پێی تەمەنو ئەزمون زمان پاراو بــوو، دڵــی زۆر بە دنیا خۆش بوو... ئەویش یەکسەر بێ وەستان چاوی لە چاوی کرد:

**-کەژاڵ.**

-مەلا چاوی ئەبڵەق بوو، بە حەپەساوی سەیری کرد. بێ ئیرادەی خۆی ســابوونەکە لە دەستی هەڵەکە سەمای بوو. دیار بوو ڕاچوو بووە فکران، لە خەیاڵدانی خۆی بە دوای شتێکدا دەگەڕا. ئەمجارەیان بە دەنگێکــی بــەرزو سەرســوڕهێنەر پرســیارەکەی دووبــارە کردەوە:

ناوت... چی بوو......؟!

کچەکە وای زانی مەلا گــوێی گرانــەو وەلاّمەکــەی ئــەوی نەبیســتووە، بۆیــە بــە دەنگێکی بەرزو زولاڵتر لە پێشوو وتی:

**- کەژاڵ**

- بۆچی ناوەکەم ناخۆشە...؟!!

نەخێر من هەقم بەســەر خۆشــیو ناخۆشــی ناوەکەتــەوە نیە..بــەلاّم ئــەوە تــۆی لــە ڕۆژنامــەو گۆڤارەکــان شــیعرو چــیڕۆك بلاّودەکەیتــەوە...؟!! لــە کــۆڕو کۆبوونــەوەو ئاهەنگەکاندا سەرچۆپی دەگریو مایکرۆفۆنەکە دەستت بەرنادات... هەشت هەشت قسە دەکەیتو شیعران دەخوێنیتەوە..؟!!

-مامۆستاکە هێشتا بەشێك لە قسەکانی لە زاریدا مابوون لــە پــڕ ڕوویکــردە مــام برایم:

-حاجی برایم..!!

مام برایم، لەگەڵ میوانەکانی تر قسەی دەکرد. بۆیە ئەمجارەیان مامۆستا بە دەنگێکی بەرزتر دووبارەی کردەوە:-

حاجی برایم...! جەنابت ئاگاداری ئەوەی ئەم کچە شیعر دەنووسێ‌و لە کۆڕو ئاهەنگەکاندا زۆر چالاکە. لەگەڵ کوڕو کچەکانی هاو تەمەنی خۆی هەر خەریکی فیستیڤاڵ‌و چالاکی ئەدەبین...؟ ئەو کۆڕو چالاکیانە لەگەڵ نەریتی سەدان ساڵەی باوو باپیران‌و ڕێساکانی ئاینەکەی ئێمە ناگونجێ، بۆیە هەقە ئامۆژگاری بکەیت. لەو جۆرە چالاکیانە دوور بکەوێتەوە.

"کەژاڵ" تووشی هێدمە بوو، هەرگیز چاوەڕوانی ساتێکی وای نەدەکرد. پیاوێکی وا بەتەمەن بێ باکانە لەبەر چاوی کۆمەڵێك خەڵك بە ناڕەوا شەتڵی تەمەنی کچێکی وەك ئەو تازە هەڵچوو بشکێنێتەوە. بۆیە هاتە سەری مەسینەو دەستشۆرەکە جێبهێڵێ‌و چیتر ئاو بەدەستی مامۆستاکەدا نەکات. بەلاّم هەر چۆنێ بێ هێزی دایەوە بەر خۆی‌و خۆی ڕاگرت، هەرکە پێی نایە کۆسپی ئەو دیوی ژوورەکە لەپڕمەی گریانی داو سەری خستە کۆشی دایکی، ئاگری توڕەیی وەکو گڕکانێکی هەڵچوو لەچاوو کونە لووتی دەهاتنە دەرەوە. هەموویان حەپەسان. سەیری یەکتریان کرد.

-چی بووە...کچم...چی بووە... چیان پێ وتی...؟ ماوەیەك بێدەنگی ئاسمانی ژوورەکەی داپۆشی. لە پڕ سەری بەرزکردەوە دڵۆپە فرمێسکەکانی وەکو زەنگیانە بەسەر کوڵمەکانیدا ڕیزیان گرتبوو:-

-ئەو پیاوە.... بە چ مافێك دەست دەخاتە ڕێساکانی ماڵی ئێمە... لە برادەری باوکم‌و میوانێك بەولاوە چی ئێمەیە...؟!!

دایکی بە شێنەیی‌و کەسایەتیە مەندەکەی خۆی لێی پرسی:- کێ..؟! کێ قسەی پێوتویت..؟

ئەو مەلایە...ئەو مەلا مێزەر بەسەرە... دەیەوێ یەك یەك خونچە گوڵەکانی باخچەی خەیاڵم هەڵوەرێنێ..ئەو دەیەوێ بەچەند وتەیەکی نێو پێچی مێزەرەکەی بم ترسێنێ. ئاخر من دەمەوێ لە پشتی هەورەکان بفڕم.. لەگەڵ باڵندەکان گەشتی ئەودیوی کێشوەرو زەریاکان بکەم. کەچی ئەو دەیەوێ نووکی قەڵەمەکەم بشکێنێ... دەنگم لە قوڕگم بخنکێنێ...لەو سەرو بەندەدا "کەژاڵ" قسەو ئامۆژگاری‌و هەڕەشەکانی دایکی بیر کەوتەوە دەیوت:-

**بیرمە ئێستاش کە منداڵ بووم**
**دایکم پەنجەی شایەتمانی ڕادەوشاند**
**بە دەنگی بەرز پێی دەووتم**
**ئەتو کچی**
**مەچۆ بۆ ئەوێ شەرمە**
**بۆ ئەو لایەش شوورەییە**
**نەکەی بچی**[1]

نا... نا من وەکو بولبولەکان لەسەر لقە زەیتونی خەیاڵم لە چریکەی خۆم ناکەوم. وەکو شەپۆلی ڕووبارو زەریاکان هەر دەڕۆمو ناگەڕێمەوە.

من وەکو دار بەڕووەکانی کوردستان ڕەگی بڕواو ئیرادەی خۆم لە ناخی خاك گیرکردووە. باو بۆرانو زریانی سەختی زستان، بە سوتماك کردنی خاك نامجولێنێ. نامبەزێنێ. هەر بە پێوە دەوەستمو هەموو سەرەتای بەهارێك لە ڕەگەوە دەژییێمەوە.

**ببین بەدار بەڕوویەکی جوان**
**کام ڕەشەبا زۆر بەهێزە**
**ڕەگەکانمان هەڵنەکەنێ**
**کام تەور دەمی تیژە**
**لاقەکانمان نەبڕێتەوە**[2]

"کەژاڵ" لەسەر بڕیارو بەڵێنەکانی خۆی سوور بوو. هەموو ئەو بەر بەستانەی تێکشکاند کە دەیانویست ڕێگەی بگرنو بیچەمێننەوە.

## کەژاڵی شاعیرم چۆن ناسی؟

لە هاوینی ساڵی ١٩٩٦دا. لەسەردانێکی ئاسایی فەرمیم بۆ کۆمیتەی ڕێکخستنی قەڵادزێ، نامەیەکی داخراویان خستە سەر مێزەکەم دوای هەڵپچڕینی لێی نووسرابوو:-

**من ژنێکی ئەم شارۆچکەیەم، دۆستی شیعرو هونەرو ئەدەبی کوردیم. ماوەیەك بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانی خێزانم لەوێ کارم دەکرد. بەڵام نازانم بۆچی پێش ماوەیەك بێ**

دیارییەوە هەلتروشکابوو. چەند بەتانی و بەڕەیەك، هەندێ قاپو قاچاغیش لـەو گـۆڕە پەرش‌و بلاۆبوون. لەناخی خۆمدا قیژم لە ژیان‌و ڕەفتاری بێ بەزەییانەی مـرۆڤ کـردەوە. ئاخر ژنێکی عاشقی شیعرو هونەرو دوو منالی پەپوولە، بۆچـی وا بێنـاز لـەو کێوانـە، سێبەری دار بەڕوویکی نیوە سێبەرو نیوە هەتاویان کردۆتە مەنزلگاو جێی حەوانەوە.

## چۆن ژنە شاعیرە بوێرەکە بەدەرکەوت؟

"کەژاڵ" ژن‌و کەس‌و کاری لێپرسراوە حیزبی‌و حکومیەکانی هەرێم نەبوو، کچـی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندیش نـەبوو تـاکو بـە هـۆی ئەوانـەوە دەربکـەوێت. بـەڵکو لـە خێزانێکی مام ناوەندی شارۆچکەیەکی دوورە دەستی سەر سنوور (قەلادزێ) بوو. پلـەی خوێندەواریشی تا قۆناغی دواناوەندی بوو. بەلام هەر لەسەرەتای تەمـەن‌و هەڵچـوونیدا خاوەن بەهرەیەکی خۆرسکی خوایی بوو. عاشق بوو، عاشقی ژیـان‌و شـیعر بـوو. بۆیـە پەپوولەی خەیالی هەمیشە لەنێو گولزاری دیوانە شیعرو چیرۆکەکاندا لە باڵە فڕەدابوو.

ڕۆژە سەختەکانی منـالی‌و هـەرزەکاری. کـۆت‌و بەنـدی بـاوی نێـو کۆمـەڵگای داخراوی کوردەواری، بازنە توند داخراوەکانی ئایین. ڕووداوە نـەخوازراوەکانی سـەردەم‌و ڕۆژگار (سوارە)[*]ی پاشخانی هزرو مرواری نووکی خامەکەی ئەو کچە بوون.

ڕاستە بڕوانامەکانی بەندە لە بواری ئەدەب‌و شیعری کوردیدان، بەلام دوور بـە دوور نەبێ کارم لەسەریان نەکردووە. چونکە بارودۆخی نا لەباری گەلەکەم زیـاتر بـەلای کاری ڕۆژنامەگەری‌و کاری تـر ڕایـان کێشـاوم. بۆیـە دەمـەوێ لـەم دەرفەتـەدا وەکـو دۆستێکی ئەدەب چەند کۆپلە شیعرێکی ئەو خانمە کە لەبواری شـیعری ژنـانی کوردیـدا گەیشتۆتە لوتکە شی بکەمەوە.

## ئاوێزان‌و دژبوون لەدەقی شیعری "کەژاڵ"دا

دنیا لەسەر دوو بنەمای دژ بەیەکتر دامەزراوە، هاو تەریب بەڕێوە دەڕۆن، هیچیان بەبێ ئەویتریان بوونی نیە. بەیەکەوە جووت‌و بەیەکەوەش دژن. جار جارە ئاشتی‌و خەنـدە بۆ یەکتر هەڵدەدەن، جار جارەش بەرق لەیەکتر دەگرن. ئەو دووانە چ لەنێو کۆمـەڵگاو چ لە نێو خودی مرۆڤیش هەمان شێوەو هەمان ڕەفتار دەکەن. لە سروشـت تاریـك‌و ڕوون، بـەرزو نـزم، سـەرماو گـەرما، تـاڵ‌و شـیرین...هتد، لـە نێـو کۆمـەڵگاش چەوسـاوەو

چەوسێنەر، هەق‌و ناهەق، دەوڵەمەندو هەژار...هتد. لەنێو خودی هەر یەکێك لە مرۆڤەکانیش ڕاست‌و چەپ. عەقڵ‌و دڵ، خۆشەویستی‌و ڕق، چاکەو خراپە...هتد. شەڕو ئاشتی ئەو دووانە سەرباری ئەوەی گەلێ جار نەهامەتی بەدوای خۆیاندا دێنن. لە هەمان کاتدا چێژیشیان بە سروشت‌و کۆمەڵگاو مرۆڤ بەخشیوە. ئەگەر مرۆڤ تاریکی شەو نەبینێ هێندە بایەخ بە ڕووناکی نادات. ئەگەر تاڵی تام نەکەین، چێژ لە شیرینی وەرناگرین، کاتێ خراپەی مرۆڤێك دەبینین، نرخی کاری چاك دەزانین.

ئەو دووانە لەنێو بواری فەلسەفی‌و سیاسیدا هەرمێنی زۆریان هەیەو بایەخ پێدراون. چەندەها وتارو کتێبیان لەسەر نووسراوە. چونکە ژیانی مرۆڤ و بوونی کۆمەڵگای پێوە بەستراوە. شەڕو ئاشتی ئەو دووانە بە شێوەیەکی خۆڕسك‌و سادە، بەڵام ناوەڕۆك قووڵ لە شیعرەکانی ئەو ڕەنگیان داوەتەوە.

**پەنجەی دەستی چەپم**
**گەلێ جاران وەکو دوژمن**
**بەگژ دەستی ڕاستما دەچن**
**دەزانی بۆ؟ بەغیلی و ئیرەیی پێدەبەن**
**چونکە پەنجەی دەستی ڕاستم**
**تەوقە لەگەڵ دەستت دەکەن.**(٣)

ئەم کۆپلە شیعرە باس لە (وحدە و صراح) یەکێتی‌و دژەکانی سروشت‌و کۆمەڵگاو مرۆڤ دەکات. هەموو مرۆڤێکی ئاسایی دوو دەستی هەیە. هەر دەستێکی پێنج پەنجەی هەیە. ئەو دوو دەستە کاتێ بەیەکەوە ئاشت‌و بەیەکەوە کار دەکەن هێزو توانایان زیاتر دەبێت. گەلێ جاریش بێ هاوکاری یەکتر نیوە فلج دەبن. بۆ نموونە چەپڵە بەیەك دەست لێنادرێ. هەڵگرتنی بارێکی قورس بەیەك دەست ئەنجام نادرێت. بەهەمان شێوەش یارییەکانی تۆپی دەست بالەو باسکە... هتد. بەڵام ئەو دوو دەستە، یان پەنجەکان، لە ئاشتی‌و شەڕدا، تایبەتمەندی خۆیان هەیە. ئەوەتا پەنجەی دەستی چەپی "کەژاڵ" گلەیی توند، بگرە شەڕ لەگەڵ پەنجەکانی دەستی ڕاستی دەکەن. چونکە پەنجەکانی دەستی ڕاست ڕۆژانە ئاوێزانی پەنجەکانی دەستی ڕاستی بەرامبەر دەبێ‌و پەنجەکانی دەستی چەپ ناتوانن ئەوە بکەن.

حاڵەتی مانگرتنو خۆپیشاندان. دواتر بەیەکدادانی چەکداریو شۆڕش. زۆر جار لە مێژوودا وابووە کرێکارەکان سەرکەوتوون. گەلێ جاریش خاوەن کارگە توانیویەتی سەرکوتی کرێکارەکان بکات.

## ژنبوون لەشیعری "کەژاڵ"دا

"کەژاڵ"یش وەکو ئێمەمانان فەیلەسوف نەبوو. کەمتریش بە لای خوێندنەوەی کتێبە فەلسەفیەکاندا دەچوو. کابانی ماڵو بەخێوکەری سێ منداڵو ماندووی کارو پەیداکردنی بژێوی ژیانی بوو. بەلاّم پاشخانی هزرو هەستی ژنانەی دەریایەکی قووڵ بوو. چاوەکانی لە ئاستی ڕووداوەکان تیژبوو. عەشقو خۆشەویستی مرۆڤ و ژیان چەقی خەیاڵو بیرکردنەوەی بوو. شیعرەکانی بە زمانێکی سادەبوو، بەلاّم خەیاڵو ناوەڕۆك دەوڵەمەندو پڕ مانا بوو. لەگەڵ خودو ناخی خۆی ڕاستگۆ بوو. چاو نەترسو ئازاتر لە هەموو ژنە شاعیرەکانی سەردەمی خۆی. ئەو وەکو ژنێك ڕاشکاوانەو بێ پەروا سیپارەی دڵی خۆیو کچو ژنانی دەخوێندەوە. ئەو عاشق بوو. عاشقێکی سۆفیانە. وەکو دەروێشێکی گەڕۆك لەگەڵ مەعشوقو خوای خەیاڵی خۆی ئاوێزانی ڕۆحی یەکتر بوون، بۆیە ئیلهامی شیعرەکانی زۆر بە ئاسایی لە نووکی قەڵەمەکەی دەڕژان. من بە هەموو بڕوایەکەوە دەڵێم: فریشتەی شیعر پەیامی بۆ دەهێنا یان هەر وەکو چۆن (ئۆرهان پامۆك) دەڵێ (شاعیر کەسێکە لە ڕێگای خودایەکەوە قسە ئەکات).[٤]

**باڵای هەموو چیاکانت بۆ دەتاشم**
**پەیکەرێکت لە ڕۆحی خۆم**
**بۆ دروست دەکەم**
**کەجێ شوێنی ماچی من و، گوڵی من و**
**لێوی من بێ.**[٥]

کام ژنە شاعیر بەو جورئەتە گوزارشتی لە ناخی خۆشەویستی ژنانەی خۆی کردووە..؟

سۆفیەك هەستی وا بێت کە بوو بێت بە بەشێك لە خودا. عاشقێك پێی وابێت ڕۆحی لەگەڵ پەیکەری خەیاڵی مەعشوقەکەی تێکەلاّو بوو بێت. چ باکی بە چەواشەکارییە...؟ با (لەیلا) هێندە جوانیش نەبووبێتو (هارون الرشید) پێی بڵێ تۆ

(ئافرەتێکی خوا ئاساییت). (بەڵێ، من لەیلام، بەڵام تۆ مەجنون نیت، جا بۆ ئەوەی ئەم مەتەڵە هەڵبێت کە ناوی عەشقە، دەبێ بە چاوەکانی مەجنون تەماشام بکەیت).[٦]

**تنۆك تنۆك لەزەتی ماچەکانت**
**ڕژانە سەر لێوەکانم.[٧]**

ئەم شیعرە لێوان لێوە لە ناسکی، لە غەمو ناڵەی عەشقێك لە هەستو سۆزی ڕاستەقینەی ژن. تینوێتی پەڕەی گوڵی مێرگو باخچەکانە بۆ چریکەی خەم ڕەوێنی بولبولو شەونمی بەیانیان. کەسانێکیش بەگڕی خۆشەویستیەوە نەسوتابن، تێی ناگەن.

شیعرەکانی "کەژاڵ" لە ناخی شاعیرێکی ژن هەڵقولاوەو بێ پەردەو ڕتوش قۆناغێکی نوێیان هێناوەتە نێو شیعری ژنانی کوردستان کە پێشتر بەمجۆرە نەبینراوە. لە بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی باس لە عەشقو خۆشەویستیو چێژی ژیان دەکات:

**پێم ناڵێی چۆن**
**قەرزەکانی ئەو هەموو ماچانەم ئەدەیتەوە.[٨]**

❊ ❊ ❊

**خۆشم دەوێیت**
**لێوت کوانوی سەمای منە[٩]**

❊❊❊

**دڵۆپ دڵۆپ**
**دەڕژێمە تاڤگەی چاوتەوە**
**دەبم بە تیشکی هەتاو**
**دەبم بە ماچی ئێواران**
**دەمم کانیاوێکی سازگار بوو**
**لێوەکانت کاروانچیەکی تینوو[١٠]**

ئەمانە چەند نموونەیەکی سەرجەم دیوانەکانی شاعیرن کە لێوان لێون لە هەستو نەستی ناسکی ژنانە. ڕەنگدانەوەی خۆشەویستیو سۆزی ڕاستەقینەی شاعیرە.

"کەژاڵ" لەپێناوی عەشقێکی خوا ئاسایی وەکو مۆم بۆ پەپوولەی خوازیاری ناخی خۆی سوتاو، بوو بە قەقنەس. هەر وەکو چۆن تەوارەکان لە لووتکە نەبێ نامرن، کەژاڵێش لە لووتکەی شیعری ژنانی کورد لەسەر لوتکەی (قوتەی مامەندە) ماڵئاوایی لێکردین‌و بۆ دواجار پێلوی چاوەکانی خستەسەر یەك.


سەرچاوەو پەراوێز:

١)دیوانی کەژاڵ ، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٢، ساڵی چاپ ٢٠١٥.

٢) دیوانی کەژاڵ، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٨٨، ساڵی چاپ ٢٠١٥.

٣) دیوانی کەژاڵ، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٢٠-٢١، ساڵی چاپ ٢٠١٥.

٤) ڕەنگەکانی تر، ئۆرهان پامۆك، وەرگێڕانی: هیوا قادر، لاپەرە-٣٥٨، ساڵی چاپ ٢٠١٥.

٥) دیوانی کەژاڵ، بەرگی دووەم، لاپەڕە ٣، ساڵی چاپ ٢٠١٥.

٦) چل ڕێساکەی عەشق، ن:ئەلیف شەفەق، وەرگێڕانی جەلیل کاکەوەیس، لاپەڕە-٢٦٢، ساڵی چاپ ٢٠١٧، دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم.

٧) دیوانی کەژاڵ، بەرگی دووەم، لاپەڕە ١٢٩، ساڵی چاپ ٢٠١٥.

٨) دیوانی کەژاڵ، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٣٠، ساڵی چاپ ٢٠١٥.

٩) دیوانی کەژاڵ، بەرگی دووەم، لاپەڕە ٢٩٥، ساڵی چاپ ٢٠١٥.

١٠) دیوانی کەژاڵ، بەرگی سێیەم، لاپەڕە ٦٣، ساڵی چاپ ٢٠١٥.


***مەبەست لە ژنە شاعیر "کەژاڵ ئیراهیم خدر"ە.**

***سوارە: بڕە قرشەی سەپان لەکاتی دروێنەدا کەدواتر تیلەکێش کۆی دەکاتەوە.**

چۆن دڵنیایان بکەمەوە، دوورکەوتنەوە زۆر ناخایەنێ
تەمەنێکی ترمان ماوە پێکەوە؟

٢

ساڵێك، نایێتەوە یادم چ ساڵ؟
کۆمپانیایەکی بیانی شەمشەمەکوێرەی دەکڕی.
کەس نەیدەزانی بۆ چییە؟
ئێستا دەرکەوت دەیانبرد بۆ ووهان!

٣

هیچ شتێك ڕوون نییە لەدەرەوە
هەور و باران و هەتاویش
بێ کات و هەموو کات
کۆترە شینکە وەکو من لێیان دەروانێ و تێ ناگا
کەس چاوەڕێی بەهارێکی خۆش ناکا!

٤

لەحەوشەوە چاودێری هەورەکان دەکەم
دەچنە باکوور، چەند برادەرم لەباکوورە؟
دەچنە ڕۆژهەڵات، چەند دۆستم لەڕۆژهەڵاتە؟
دەچنە ڕۆژئاوا، چەند کەس دەناسم لەڕۆژئاوا؟
هەورەکان بەسەرسەرمەوە
چەند حەزدەکەم بمبەن لەگەڵ خۆیان
بۆ کوێ؟ ناتوانم کەس ببینم لە دۆستو ناسیاوو برادەر
ئەوانیش وەکو من لەماڵەکانیان ناتوانن بێنەدەرەوە.
بەهەورەکاندا سڵاویان بۆ دەنێرم لەدڵەوە
دەخوازم نەبارن تا دەگەنە جێ.

٥

سەعات دوازدەی شەو قەدەغەی هاتوچۆ تەواودەبێ
هەژدە سەعاتم لە پێشە
بۆ کڕینی هەندێك پێداویستی، وەکو
خۆراك و دەرمان و پاککەرەوە.
بەدەستەوانەو ماسکەوە دەچمە سوپەرمارکێتی کۆڵان
دوکانەکان داخراون
بیر لەکڕینی جلی تازە، پێڵاوی مارکە ناکەمەوە
مانەوە لەماڵ دوو دەستە بیجامەی پێویستە
لەگەڵ کەمێك نائومێدیی.

٦

گومان لەدەستەکان دەکەن!
هەرگیز بیرم لەخیانەتی دەستەکان نەدەکردەوە
گومان لەهەناسە دەکەن!
لە پێش چاومە چۆن دەست دەنێتە قورگەوە!
سوپاس بۆ سییەکان کەکاری خۆیان دەکەن
ئەو کابووسە دووردەخەنەوە.

٧

لەتێك ئاسمان و دەرگای ماڵێکی داخراو
کۆڵان و شەقام دوور دوور
خزم و برادەر دوور
ترسم هەیە نەیانبینمەوە
مردن لەوە زیاتر؟!

٨

**خەریکە گوێ کەردەبێ**
**هێندەی گوێ لەبێدەنگی بگرم و دەنگی کەسێکم نێتە گوێ.**
**خەریکە پەنجەکان لەگۆدەچن لەناو کەفی سابوون و دیتۆڵ.**

٩

**"لەماڵ دەمێنینەوە"**
**ئەوەی ماڵی نییە لەجیهان دەمێنێتەوە**
**تا دەڕمێ بەسەریاندا!**

١٠

**لەدەرگاوە سڵاو لەهاوسێیەکەم دەکەم**
**ئەویش دەستی بەرزدەکاتەوە و زەردەخەنەیەك بۆ یەکتر دەکەین**
**دڵم لێدەدا بۆ ئەو ڕۆژانەی نەماندەزانی هێندە دڵگیرە،**
**وەستان لەگەڵ یەکتری و باسوخواسی ئەو هاوسێ و ئەمەی تریان**
**کەتازە هاتۆتە گەڕەك.**
**فەرموو فەرموو لەیەکتر و هەندێك گلەیی لەدۆخی گشتی..**
**من کەسێکی کەمێك دووره پەرێزیشم، ئەوجا**
**خەریکە گریان دەپەڕێتە قوڕگم بۆ ئەو ڕۆژانە.**

چاخی ببین، ژ دەرڤەی دەمێ گشتی دلّشادی هەلبەستڤان دەمێ خۆ یێ نەمازەیی چێکریە. د گاڤا هەنێ هەلبەستڤانێ نێرینو سۆزو هەستێن خۆ بەرانبەر هەبوونێو سرۆشتیو گەردونیو چێبوویاو ئەوێن دی د رستەو وێنەیان دا حەلاندی نە، ئازادی دایە ئاشۆپا خۆ ژبۆی کو ب تەنیایێ جیهانەکا بەرفرەە و رەها چێبکەت.

دلّشاد عەبدوللا یێ شاعر د هەلبەستا خۆ یا ژێر تایتلێ ( کەرەنتینە)دا، دبێژیت:

**" لە حەوشەوە چاودێری هەورەکان دەکەم**
**دەچنە باکوور، چەند برادەرم**
**لە باکوورە؟**
**دەچنە رۆژهەلات، چەند دۆستم**
**لە رۆژهەلاتە؟**
**دەچنە رۆژئاوا، چەند کەس دەناسم**
**لە رۆژئاوا؟**
**هەورەکان بەسەرسەرمەوە**
**چەند حەزدەکەم بمبەن لەگەلّ خۆیان**
**بۆ کوێ؟ ناتوانم کەس ببینم لە دۆستو**
**ناسیاو و برادەر**
**ئەوانیش وەکو من لە مالّەکانیان ناتوانن**
**بێنەدەرەوە،**
**بە هەورەکاندا سلّاویان بۆ دەنێرم**
**لە دلّەوە دەخوازم دانەکەنە باران تا**
**دەگەنەجێ".**

